
KURDISTAN


لە "ڕۆژنامەی کوردستان"
و"کوردستان میدیا"وە
ڕەزبەری ٢٧٢٤
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- پرسی کورد و پۆپۆلیزمی پزشکیان.............................................. مەنسوور مروەتی ..... ٤

٢- د. لەیلا مرەوتی: بزووتنەوەی ژینا هاوسەنگیی هێزی تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان گۆڕی........

............................................................................... دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٧

٢- کوردایەتی لە ناخی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی.................................. ئەلبورز ڕووبین‌تەن ..... ١٣

٣- بزووتنەوەی بەردەوام............................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٧

٥- ئەو لە نیشتماندا سەوز دەبێ و دەڕوێتەوە (شەهید تۆفیقەڕەش)................................. برایم چووکەڵی ..... ٢٠

٦- پشەکە، نانت دەدەم، چات دەدەم، قەندت دەدەم تەق لێت دەدەم...................................... دارسمە ..... ٢٣

٧- دوای دوو ساڵ!................................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ٢٦

٨- پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا............................................ سارۆ خوسرەوی ..... ٣١

٩- ٦ی ڕەزبەر لە جەنگەی بزووتنەوەی ژینادا............................................ سمایل شەرەفی ..... ٣٧

١٠- خودایەیل درو................................................................. پژمان شەریعەتی ..... ٤٠

١١- کوردەکان، بێدەوڵەتی و هاوڵاتیبوونی مەحاڵ........................................ د. ئەحمەد محەممەدپوور ..... ٤٣

١٢- پەیامی پزشکیان بۆ ڕۆژئاوا........................................................ هەردی سەلیمی ..... ٤٩

١٣- لە ٧ی ئۆکتۆبرەوە تا خۆشاردنەوەی خامنەیی........................................ گوڵاڵە محەممەدی ..... ٥٢

١٤- بۆچی خەڵکی ئێران بە کوژرانی نەسروڵڵا خوشحاڵن؟.................................... مەنسوور مروەتی ..... ٥٥

١٥- بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی....................................... سمایل شەرەفی ..... ٥٨

١٦- پاسپاسێنی ئێران - ئیسرائیل و مەرامی هاوبەشیان........................................ سمایل شەرەفی ..... ٦٤

١٧- هەڵسەنگاندنێک بۆ شۆڕشی ژینا و ڕووداوە پەیوەندیدارەکانی........................ سەیران مەنووچێهری ..... ٦٨

١٨- قسەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینیی تاران و چەند قسەیەک............................... هەردی سەلیمی ..... ٩٩

١٩- ئێران هەموو ڕیسەکەی لێ بووەتەوە خوری........................................... مەجید حەقی ..... ١٠٢

٢٠- ساڵێک دوای ٧ی ئۆکتۆبر......................................................... مەنسوور مروەتی ..... ١٠٩

٢١- قرتاندنی باسکەکانی ئۆختاپووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێشگرتن بە ملهووڕییەکانی.... پێشەوا عەلیپوور ..... ١١٢

٣٢- لێکدانەوەی داهات و بەخشین لە کاری "ڕەزمەندەگان"دا.............................................. دارسمە ..... ١١٥

٢٣- کۆماری ئیسلامی و ئاشتەوایی، مەحاڵە مەحاڵ........................................ عومەر باڵەکی ..... ١١٨



سەرچاوە
Serchawe

٢٤- دیکتاتۆر، تەنیا، داماو و کڵۆڵ!................................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٢٣
٢٥- دیپلۆماسی، شێوازێکی خەبات بۆ ماف و ئازادی.......................................... ناسر ساڵحی ئەسڵ ..... ١٢٧
٢٦- حەبیبوڵڵا بەلووچ: کۆماری ئیسلامیی بۆ سەرکوتی نەتەوەکان خەریکی پەرەپێدانی فاشیزمە..........................................
........................................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٣٣
٢٧- ڕاگەیەندراو لەبارەی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران............ کوردستان میدیا ..... ١٣٨
٢٨- دکتورینی سەپاندن و ئاژاوەگێڕیی ڕێژیمی ئێران.................................... ئازاد مستۆفی ..... ١٤١
٢٩- کێ ئامادە بێ ئەو دەیباتەوە.......................................................... ئەلبورز ڕووینتەن ..... ١٤٦
٣٠- بەخشینی شوناس!............................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٤٨
٣١- بەرەو کوێ؟..................................................................................... کەریم پەرویزی ..... ١٥١
٣٢- پارێزەرانی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان............................................. حەسەن قارەمانی ..... ١٥٥
٣٣- شاهۆ حوسێنی: کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێ بنیادنەر، هەڵگر و پەرەپێدەری دیسکۆرسی ئازادیخوازانە بێت...........
..................................................................................................... کوردستان میدیا ..... ١٦٠
٣٤- "قووڵاییی ستراتێژیک" یا قووڵاییی شکست؟.............................................. هەردی سەلیمی ..... ١٦٥
٣٥- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید سالار ئیبراهیمی)........................................ برایم چووکەڵی ...... ١٦٨
٣٦- "هەزار ئەشکەوت" و سەرنجەکانی منی خوێنەر............................................. هەنار سەقزی ..... ١٧١
٣٧- ڕۆژهەڵات و نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەت................................................ د. ئەحمەد محەممەدپوور ..... ١٧٥
٣٨- خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠٢٤، هیوایەک بۆ ئاشتی و داهاتووی مرۆڤایەتی........... حەسەن قارەمانی ..... ١٨١
٣٩- کارکرد و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی............................................. سمایل شەرەفی ..... ١٨٥
٤٠- نێعمەتی شەڕ لای فاشیزمی مەزهەبیی ئێران................................................ عەلی بداغی ..... ١٩١
٤١- مەیل و مەرامە شەڕاشۆبییەکان، کۆماری ئیسلامی وەک ماکەی سەرەکی......................... سمایل شەرەفی ..... ١٩٤
٤٢- هەنار لە ئەدەبیاتی باوەڕیی کوردانی زاگرۆسدا................................................ سارۆ خوسرەوی ..... ١٩٧
٤٣- کۆماری ئیسلامی فرچکی بە شەڕ و ئاژاوە گرتوە.............................................. هەردی سەلیمی ..... ٢٠٢
٤٤- بن بەڕەی بەرەی مقاومەت..................................................................... عەلی بداغی ..... ٢٠٥
٤٥- پشکە لە چوارپەلان گوێی ساغن............................................................. دارسمە..... ٢٠٨
٤٦- گەڵاڵە گەڵاڵە شکست.............................................................................. ئاسۆ مینبەری ..... ٢١١
٤٧- مستەفا مەولوودی: زۆر پرس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن، یەک لەوان مافی
نەتەوایەتیی گەلە بندەستەکانە............................................................. دیمانە: سابیر فەتاحی ..... ٢١٤



سەرچاوە
Serchawe

# پرسی کورد و پۆپۆلیزمی پزشکیان




**مەنسوور مروەتی**

ماوەیەک لەوە پێش و مەسعوودی پزشکیان لە سەفەری خۆی بۆ عێراق و هەرێمی باشووری کوردستان بە زمانی کوردی وڵامی پرسیاری هەواڵنێرێکی دایەوە، دواتر تویتێکی بە زمانی کوردی کرد و هەر ئەم کوردی قسەکردن و نووسینەی ناوبراو کاردانەوەی بەشێک لە چالاکانی مەدەنی و بەتایبەت تێکۆشەرانی بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردیی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەوان پرسیاریان ئەوە بوو، ئەگەر سەرکۆماری ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەی لە پێگەی سەرکۆمارییەوە بە زمانی کوردی قسە دەکا و گرینگیی پێ دەدا، ئەی چۆنە ناپرسێ لە وڵاتەکەی خۆیدا بۆچی پاشی ٤٥ ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا زمانی کوردی و ڕێگەدان بە پەروەردە بە زمانی کوردی بۆ دەسەڵاتی ئێران هەر بڤەیە و لە خانەی ئەمنیەتیدا چاوی لێدەکرێ.

زۆر ناگەڕێینەوە بۆ دواوە و لانیکەم لە دەورانی دەسەڵاتی پەهلەویدا باسی زمانی کوردی و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی قەدەغە و تاوان بوو، بەڵام خۆ لە پاش شۆڕشی ٥٧ی ئێران ئەسڵێک لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا بەناو بۆ دانانان و بایەخدان بە زمان و ئەدەبیاتی نەتەوە غەیرەفارسەکان دانرا، ئەی بۆ دوای نزیک بە پێنج دەیە هیچکات ئاوڕێک لەو

ئەسڵەی یاسای بنەڕەتی نەدراوەتەوە و تەنانەت دڵسۆزان و تێکۆشەرانی بواری زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەرجارە و بە بیانوویەک دەسبەسەر دەکرێن و تووشی زیندان و گێرەوکێشە دەبنەوە؟ کەواتە ئەگەر سەرکۆمار لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات یا تەنانەت لە نێوخۆی وڵات چەند ڕستەییک بە زمانی کوردی قسەی کرد و لە هەندێ جێگاش هەندێ کەسان بەوە شاگەشکە بوون، ئەی بۆ ڕێگە بە میلیونان مرۆڤی خاوەن زمانەکە نادرێ بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن؟

هەر ئەم ڕۆژانە ساڵێکی دیکەی خوێندن لە قوتابخانەکانی ئێراندا دەستی پێکردووە و دیسان هەر وەکوو پێشوو قوتابییە غەیرەفارسەکان لە پەروەردە و خوێندن و نووسینی بە زمانی دایکییان بێبەشن. ئەوە لە حاڵێکدایە پەروەردە بە زمانی دایک بە هەموو پێوەرێکی ئایینی و یاسایی بە مافێکی سەرەتایی و بنەڕەتیی هەموو مرۆڤێکی سەرگۆی زەوی دادەنرێت. ئەی ئەگەر وایە ئەو ئیسلامەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چ ئیسلامێکە وا هیچ زمانێکی جگە لە زمانی دەسەڵات بەلاوە گرینگ نییە و باسکردن لەو مافە سەرەتاییەی میلیونان مرۆڤی پێ تاوانە و بەرەورووی دەبێتەوە. لە لایەکی دیکەوە خۆ هەر لە قانوونەکەی خۆیاندا ئەوە وەک مافێکی زمانەکانی غەیرە فارسی دانی پێدانراوە و خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارس بە ڕەوا دانراوە، ئەی بۆ دوای ٤٥ ساڵ و تا ئێستا ڕێگا بە هیچ خزمەتێک بە زمانی کوردی نەدراوە. کەواتە ئایا لەوەها حاڵەتێکدا گوتنی چەند ڕستە بە زمانی کوردی جگە لە فریودان و بەلاڕێدابردنێکی کاتی دەتوانێ چ مەبەستێکی دیکەی تێدا بێت؟

بابەتێکی دی هەر لەو پێوەندییەدا دوای ئەو هەموو وادە و بەڵێنییانەی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکی کوردستانی دابوو و وەڕێخستنی کەشێکی تەبلیغاتی بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵک لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، لە کاتی دەستەبژێری کابینەکەیدا تەنانەت یەک کوردیشی لە کابینەکەیدا جێ نەکردەوە و لە جوابی نوێنەرێکیشدا کە گوتبووی بۆچی کوردت دانەناوە، پزشکیان زۆر بە ڕوونی گوتبووی جا خۆ خەڵکی کوردستان دەنگیان نەدا، واتا بەشیان لە کابینە ناکەوێ. خۆ ئەگەرچی لە ئاستی ئێرانیشدا بەشدارییەکان نزمترین ئاستی مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییان لە ئێراندا تۆمار کرد، بەڵام پێوەندیدار بە کورد وەڵامەکە ڕوونە: ئەوان کورد بە خۆیی نازانن و تەواو و بڕایەوە. ئێستاش هاتوون دوای ئەو هەموو ناڕەزایەتییە کەسێکی کوردیان بۆ ئوستانداریی سنە دیاری کردوە و ڕەنگە مانۆڕیشی پێوە بدەن کە ئەوەها کەسێکی کوردمان بۆ پارێزگای سنە داناوە.

بە کورتی و پوختی هەموو ئەم کارانە کە زۆریش نین، لە دوای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەی نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن حقووقی سیاسی و نەتەوەیی، ئایا هەر ئەوەندەیە کە کەسێکی کوردزمان بە پارێزگا دابنرێ؟ بێگومان ئەمە و ڕەنگە جموجۆڵی لەوشێوەیە زیاتر دەچێتە خانەی پوپۆلیستی و فریودانی خەڵکەوە. بەڵام دەبێ هەر لە سەرکۆمار و

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی پرسیار بكرێ، ئایا خەڵكی كوردستان دوای چەندین و چەندین دەیە خەباتی شكۆمەندانە و كۆڵنەدەرانە بۆ وەدەستهێنانی مافەكانی خۆیان وەكوو نەتەوە و مرۆڤی وشیاری ئیمڕۆیی، ئایا تازە فریوی ئەم جۆرە كارە پوپۆلیستانەیەی پزشكیان و دەسەڵاتدارانی كۆماری ئیسلامی دەخۆن؟ وڵامەكەی نەک هەر لە چەندین دەیەی خەباتی نەپساوەی گەلی كورددا دیارە، بەڵكوو هەر لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا و لانیكەم لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا بەڕوونی وڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# د. لەیلا مرەوتی: بزووتنەوەی ژینا هاوسەنگیی هێزی تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندیی کوردستان گۆڕی



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**خەباتی مەدەنی لە سیستمە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکاندا هەمیشە جێی مشتومڕ بووە و پێوەندیدار بە پرسی کورد و خەباتی نەتەوایەتیی ئەم گەلە دژی کۆماری ئیسلامی لە زۆر ڕەهەندەوە باسهەڵگر بووە. دوای نیزیک بە سەدەیەک خەباتی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کلیلەکانی سەرکەوتنی ئەم خەباتە چین؟ ئایا خەباتی پێشمەرگانەیە، یان خەباتی مەدەنی و جەماوەری، خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی؟ ئەم باسە تەوەری سەرەکیی دیمانەیەکی "کوردستان"ە لەگەڵ د. لەیلا مروەتی، شرۆڤەکاری سیاسی.**

**شەهرام سوبحانی: د. لەیلا با هەر لەو پێشەکییەوە بچینە نێو باسەکە کە ئێوە کلیلەکانی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لەچیدا دەبینن؟ لە کام ڕەهەندی خەباتدا؟**

**د. لەیلا مرەوتی**: لەپێشدا پێویستە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان هەتا ئێستا سەرکوتوو بووە؟ یا شکستی خواردووە؟ یا نە، بەردەوام ئەو خەباتە لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا درێژەی هەیە؟ من پێم وایە کە ئەو خەباتە بەردەوام درێژەی هەیە، بەڵام بە نیسبەتی ئەوەیکە ئێمە لەو خەباتە هەم خەباتی چەکداریی پێشمەرگە ئەبینین، هەم جموجۆڵی مەدەنیی خەڵکی کوردستان ئەبینین بە شێوەی گشتی و هەم مێژوویەک دەبینین کە لە کۆتاییدا بەو ئاکامە ئەگەین ئەم خەباتە بەشێک لەو خەباتانە بووە کە ساڵیانێکی ساڵ بەسەردا تێپەڕ بووە بەڵام لە واقعیەتا بە نیسبەتی ئەو مێژووە ئەو شەڕەی کە پێشمەرگە ئەنجامی داوە، بە نیسبەتی ئەوەیکە خەڵکی کوردستان زۆر کات پاڵپشتی حیزبەکان بوون، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بە بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی بگات. ئەوە بەو مانایە نییە کە شکستی خواردووە بەو مانایەیە کە هێشتا ئەو بەربەرەکانێی بەینی حکوومەت و ئەو شەڕ و فشارەی حکوومەت بەسەر خەڵکی کوردستان بە سەر پێشمەرگە و ئەو خەباتەی ئەهێنێ زۆرە، یانێ بەشێک لە کێشەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو خەباتە و ئەوەیکە حکوومەت لە تەواوی هێزی خۆی کەڵک وەردەگرێت کە ئەو خەباتە سەرکوت بکات. ئەڵبەتە ئەمە تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە. ئەوینین کە لە مێژوویەکی هەشتا ساڵەدا چ لە دەورەی پەهلەوییەکان و چ لە دەورەی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام ئەو دوو ڕێژیمە خەباتی کوردستانیان سەرکوت کردوە، بەڵام نەیانتوانیوە لە بەینی بەرن و لە هەمان کاتتدا خۆدی کوردیش نەیتوانیوە بە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی بگات. بۆ نموونە: ئایا دوای ٨٠ ساڵ کورد توانیویەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بێت؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە فێدراڵیزم بگات؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە خودمۆختاری بگات؟ نە، ئایا کورد توانیویەتی بە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بگات؟ نە، ئایا ڕێژیم توانیویەتی هەموو خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان لە زمانی خەڵک لە دڵی خەڵک و کە لەگەڵ پێشمەرگە هاوڕا بوونە لەبەینی ببا؟ نە، و ئەو خەباتە بەردەوام درێژەی هەیە یانێ ئێمە لێرە لەگەڵ دوو مەسەلە ڕووبەڕووین. یەکەم فشاری کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتایی هاتنە سەرکارییەوە بە سەر خەڵکی کوردستانی هێنا ئێوە دەزانن هەر لەو کاتا کە خۆمەینی هاتنەسەرکاریەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە تەحریمی ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی کە وەکوو نێوەڕۆکی مەشروعییەتی خۆی دەیناسی نیشانیان دا کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نین و ئێمە دەشبینین کە سپای خۆمەینی هێرشیان کردە سەر خاکی کوردستان و ئەو شەڕەیان بە سەر خەڵکی کوردستانا داسەپاند. خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە وەکوو دوو هێزی بنەڕەتی لە کوردستان ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی مانەوە و لە گەڵیا شەڕیان کرد بەردەوام ئەوە درێژەی هەبوو بەڵام ئەوە لە عەینی حاڵدا کە ئەو مێژووە لێی دەکۆڵینەوە دەگەینە ئەم دەورە ئەوینین کە نە کۆماری ئیسلامی لە کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی کورد سەرکەوتوو بوو، نە بزووتنەوەی کورد توانیویەتی بە مانای واقعی بە ئامانجەکانی بگات. یانێ ئێمە لە جۆرێک هاوسەنگی هێز لە بەینی ئەو دوو تەرەفەین و لەو هاوسەنگییەدا هیچکام نەیتوانیوە ئەوەی دیکە لە بەین ببات و لە عینی حاڵیشدا خۆشی نەیتوانیوە سەرکەتوو بێ.

بابەتێكی گرینگ ئەوەیە لە دوای بزووتنەوەی ژینا ئەو بالانس و هاوسەنگی هێزە لە بەینی كۆماری ئیسلامی و كورد بەگشتی تا ڕادەیەكی زۆر گۆڕانی پەیدا كردوە، بە تایبەت لایەنی كۆمەڵگەی مەدەنی كوردستان و قورسایەتی قسە و كرداری زۆرتر بوو هەرچەند سەركوت لە كوردستانا زۆرتر بووە. بەتایبەت لە دوای بزووتنەوەی ژینا بزووتنەوەیەكی ڕادیكاڵ و هێزێكی ڕادیكاڵ هاتە نێو مەیدان كە هاوسەنگیی هێزی تا حەدێك بە نەفعی خەڵكی كوردستان گۆڕی.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن چاو لە دۆخی بزووتنەوەی مەدنی چ لە كوردستان یان لە ئاستی ئێرانیشدا لە دوای سەركوتی بزووتنەوەی ژینا دەكەن؟

**د. لەیلا مرەوتی**: بێگومان بزووتنەوەی ژینا ئەزموونێكی تایبەت بوو بۆ خەڵكی ئێران بەگشتی و كوردستان بە تایبەتی چونكێ بۆ یەكەمجار كوردستان كە خۆی وەک حاشیە وابوو و پەراوێز خرابوو بۆ خۆی ئەبێ بە ناوەندی جموجۆڵێكی ڕادیكاڵی ئینقلابی یا بزووتنەوەیەكی ئینقلابی كە لە نێوخۆیدا پۆتانسییەلی ئینقلابی بوونی هەیە یانێ لە هەلومەرجی پیشا ئینقلاببوون قەراری گرتووە و ئەوە شتێكی تایبەتە لە بزووتنەوەی كورددا. بەڵام ئەوەیكە ئەو بزووتنەوە كە سەركوت كرا، ئایا خەباتی مەدەنی گۆڕانی پەیا كرد لە كوردستان یا بەگشتی لە ئێران دیارە خەباتی مەدەنی لە كوردستان هەرواكە لە پرسیاری یەكەمدا ئاماژەم پێ كرد لەبەین نەچوو، بەڵكوو خەباتی مەدەنی شكڵی جیاوازی بە خۆی گرت.

**بۆ نموونە:** ئێمە ئەزانین مەراسمێک وەكوو نەورۆز هەمیشە بۆ كورد نەورۆز جۆرێک هێمای سیاسی و نیشتمانی و لەنێو خەڵكی كوردستاندا ئەرزش و بایەخێكی زۆری هەبووە و هەیە. بەڵام لە دوای بزووتنەوەی ژینا بینیمان كە لە كوردستان هەڵپەركێ نەورۆز ئەو جوغرافیاییە گەورەتر بووە و هەر لە خۆی و ماكۆ هەتا ئابدانان و ئیلام و خوارەوەتر كە ئێمە شتێک بەناوی مەراسمی نەورۆز دەبینین هەڵپەركێ نەورۆز و ئاگر و لیباس و ڕەنگی جۆراوجۆر دەبینین هێما گەلی كوردی دەبینین ئیعترازێكی زۆر تایبەت دەبینین كە یەكدەنگە، یەكڕەنگە بە هەڵپەركێ كوردی كە بۆ خۆیی نەمادێک لە یەكڕەنگی و یەكدەنگی لە كوردستانە. ئەوە بەشێک لەو خەباتی مەدەنییەیە كە لە دوای بزووتنەوەی ژینا بەهێزتر ئەوێ، چ لە باری جوغرافیایی و چ لە باری حەشیمەتەوە. مەسەلەیەكی تریش لە بەحسی خەباتی مەدەنیدا ئەوەیە كە ڕێكخراوە مەدەنی لەناو كوردستانا بەهێزتر و بەهێزتر ئەبن هەرچەند حكوومەت گەرەكیەتی هەموویان پەراوێز بخات، بە تایبەت فشارێكی زۆر دەخاتە سەریان كە زۆریان مەحدوود بكاتەوە و زۆریان كۆنترۆڵ بكات و كەسانێک كە لەو ڕێكخراوانەدا هەن دەستبەسەر دەكرێن، بە تایبەت ژینگەپارێزان. بەڵام ئەوانیش نە تەنیا لاواز نەبوون بەڵكوو بەهێزتر و بەهێزتر ئەبن.

**شەهرام سوبحانی**: بە سەرنجدان بە ئاماری گرتن و بەندكردن و حوكمدانەكان، ڕێژیم ئەو هەمووە تێچووە قورسە بۆ بەسەر

**بزووتنەوەی مەدەنی و جەماوەریدا دەسە پێنێت؟**

**د. لەیلا مرەوتی**: ڕێژیم بە چەند هۆکار ئەو کۆمەڵگەیە سەرکوت دەکات. هۆکارێکی ئەوەیە گەرەکیە نەهێڵێت دووبارە شتێکی وەک بزووتنەوەی ژینا شکڵ بگرێت. بەشی دووهەمیشی ترسی ڕێژیمە کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە سەرکوتکردنەکان زۆرتر بکات بۆ ئەوەی کە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و پیشگیرییەک بکات لە دۆخی ئینقلابی لە ئێران بە تایبەت لە کوردستانا. ئەڵبەت دەتوانم بڵێم هۆکاری دیکەشی هەیە ئەویش ئەوەیە هەروا کە پێشتر باسم کرد کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران زۆر لاواز عەمەل دەکات و هەرچەند لە وەختێکا لە شەرایەتێکدا ئەو کۆمەڵگە ئەیتوانی ئاڵوگۆڕێکی ئینقلابی لە پێوەندی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ حکوومەت دروست بکات. بەڵام ئەنجامی نەدا بە هۆی ترس بە هۆی ئەوە بوو کە ڕێکخراو نەبوو و حکوومەت بۆ ئەوەی کە دووبارە شۆڕشێکی دیکە بزووتنەوەی ژینایەکی تر لەدایک نەبێت. بۆیە حکوومەت ئاماری گرتن، کوشتن، و ئێعدامەکان دەباتە سەرێ و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش. هەرچەندێک کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران و نێوخۆیی ئێران ڕادیکاڵتر عەمەل بکات لە دەرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەوتیش بە نیسبەتی ڕێکخراوە و دۆخی نێوخۆیی ئێران ڕادیکاڵتر ئەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: **لە تەنیشت بایەخدان بە خەبات و بزووتنەوەی مەدەنی، ئەو پرسیارەش هەمیشە دەکرێ کە ڕێژیمە دیکتاتۆڕەکان بە زەبری زۆر دەڕووخێن. پێتان وایە لە سەردەمی ئێستادا و بەپێی ئەزموونەکان لە ناوچە و دەوروبەرمان خەباتی مەدەنی سەرکەوتووترە یان خەباتی چەکداری؟**

**د. لەیلا مرەوتی**: ئەم پرسیارە زۆر گرینگە چونکە ئێمە ئەباتە سەر دوو پرسی ئەساسی و تایبەتی، یەک ئایا ڕووخانی ڕێژیمەکان بە تایبەت ئەگەر باس لە ئینقلاب بکەین ئایا ئینقلابەکان دەبێ لەگەڵ شێوەیەک لە توندوتیژیی سیاسی تێکەڵ بن یا ئینقلابەکان بە ئارامی ئەتوانن ڕوو بدەن؟ وەکوو ئەو شتەی کە بە ناوی ئینقلابی مەخمەڵی لە وڵاتەکانی ئورووپای شەرقی ئەیناسین، دوو، ئایا بۆ ڕێژیمێکی تۆتالیتر وەکوو کۆماری ئیسلامی شەڕی چەکداری ئەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی ئەم حکوومەتە؟ یا خەباتی مەدەنی ئەتوانێ لە کۆتاییدا حکوومەتێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ؟ وڵات گەلێک کە ئینقلابی مەخمەڵی و ڕەنگینیان ئەزموون کردوە کە لە ئورووپای شەرقی بوون لە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت زۆر جیاواز بوو و ئەساسەن بۆ وڵاتێکی وەکوو ئێران ئەوەیکە ئایا ئینقلابێکی مەخمەڵی یا ڕەنگی وەڵام بداتەوە زۆر باس و قسەی هەیە کە ئێستا باسی ئێمە نییە، چون ئەوە بابەتی خاسی خۆی گەرەکە، بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی بە نەرمی و بە ئارامی دەڕووخێ یا شەڕی چەکداری؟ یەک مەسەلە گرینگە، کۆماری ئیسلامی بۆ خۆی لە زاتی خۆی لەو ڕێژیمگەلەیە کە دەتوانین پێی بڵێن ڕێژیمهایەکی خۆدنابوودساز، ڕێژیم گەلێک کە خۆیان لە نێو خۆیاندا خۆیان دەڕووخێنن و هەڵدەتەکن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەڵبەتە ئەمە بەو واتا نییە کە کۆماری ئیسلامی خۆی خۆی دەڕووخێنێ و ئیتر هیچ کارێک نابێ بکرێت. نا، مەبەست ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پۆتانسییەلی تایبەتی بۆ ڕووخان هەیە. بە نیسبەت شەڕی چەکداری دەتوانم بڵێم ئیمڕۆ شەڕی چەکداری، شەڕی دەورەی ١٩٥٠ -١٩٧٠ نییە. دەورەی شەڕگەلێ چریکی نییە، لە قەرنی ٢١دا شێوازوجۆری شەڕەکان زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. چۆن ئەساسەن تەسلیحاتی نیزامی ئیتر ئەو تەسیلحاتەی پێشوو نین ئێمە دەبینین شەڕ زۆرتر لەوەی کە شەڕێکی کلاسیک بێت ئێستا زیاتر شەڕی دنیای ئێلکترۆنیکە. شەڕی نوێیە. بەپێی ئەو پێشکەوتنانەی کە ئیمڕۆ لە حەوزەی تەسلیحاتا لە دنیا هەیە هەموو جۆرە شەڕێکمان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت شەڕی سایبێری ئەبینین، توانایی ئینسانی ئەبینین و زاڵبوونی ئینسان لە ڕێگەی ژیریی دەستکرد بە سەر ئەو شتانە ئەبینین. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەشێک لەو توانا نیزامییەی هەیە و لێرەدا ئەو پرسیارە بۆ ئێمە پێش دێ، ئایا بە نسیبەتی ئەو هێز و توانا سەربازییەی کۆماری ئیسلامی هەیەتی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەگشتی ئۆپۆزیسیۆنەکان توانایی ئەوەیان هەیە لەبەرانبەر ئەو نیزامە کە ئەو هەموو ئیمکاناتەی لە ئێختیار دایە بەرنگاری ببنەوە؟ ئایا لە باری جوغرافیایی و دۆخی ژئۆپۆلۆتیک ئەو ئیمکانەیان هەیە کە بتوانن شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن؟ ئایا هاوکات لە شەڕی چەکداری بە مەفهوومی مۆدێڕن ئەتوانن کەڵک وەربگرن؟ ئایا ئەوندەیان هێز و قابلییەت هەیە کە هاوکات شەڕی چەکداریان دژ بە کۆماری ئیسلامی بێت؟ ئەمە لە ئەسڵدا کێ دەبێ وڵامدەر بێت؟ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە شەڕی چەکداری هەیە و هێزی چەکداریان هەیە یانێ لە بەراوەردی هێزی خۆیان و کۆماری ئیسلامی پێیان وایە کە ئەو هێزە چەکدارییەیان هەیە و ئەو هێزەی ئەوان ئەتوانێ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بێت. کە ئەگەر ئەو هێزە بوونی بێت بەپێی بەراوەردێکە لە بەحسی شەڕهای چریکی بەپێی ئەو بەراوەردێکی کەن بۆ خۆیان ئەتوانن وڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە و ئەوەی کە ئایا بەو هێزە ئەتوانن کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن یا نە؟ جابۆیە هەر وەک پیشتر ئاماژەم پێ کرد بە نیسبەتی دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە زەمینەی ڕووخانی هەیە بە هۆی ئەو دۆخە ئێقلیمی و جوغرافیایی و گەندەڵییەی کە هەیەتی هەروەها هێزی مەدەنیش بۆ خۆی ئەتوانێ بە شێوەیەک ئەو حکوومەتە بڕووخێنێ.

**شەهرام سوبحانی**: دوورەدیمەنی خەبات و نارەزایەتییەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی چۆن دەبینن؟

**د. لەیلا مرەوتی**: دیارە لە عیلمی سیاسەتدا پێشبینییەک بە نیسبەتی دۆخی داهاتووی وڵاتەکان ناکرێت یانێ ئەوەی کە بڵێن داهاتووی وڵاتێکی غەیرە دێموکراتیک چۆن دەبینین ئەبێ بە دەوڵەتێکی دێموکراتیک یا بە پێچەوانەوە ئایا دەوڵەتێکی دێموکراتیک ئیمکانی هەیە بڕووخێت و ببێتە دەوڵەتێکی بێ سۆباتی غیرە دێموکراتیک؟ لە واقعیەتی دنیای سیاسەتدا هەر ئاڵوگۆڕێک دەتوانێ ڕوو بدات بەڵام بەپێی دۆخی کۆماری ئیسلامی هەروا کە گوتم زۆرتر ساختاری لە ڕێژیمێکی خۆدنابوودسازە وەک ئەو ڕێژیمانەی کە خۆیان لەناو خۆیاندا یەکتری لەبەین دەبەن مەگەر ئەوەیکە ئەوە ڕێژیمە

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

بێت ئاڵوگۆڕێکی کامڵ و بنەڕەتی لەنێو خۆیدا، لە حاکمیەت و یاسای بنەڕەتی، لە شێوازی پێوەندی لەگەڵ خۆی و خەڵک، لە سیاسەتی نێوخۆیدا ئاڵوگۆڕێکی تایبەت لە پێوەندی خۆی لەگەڵ دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە باسکەکانی ئیجرایی و سیاسەتەکانی دەرەکی وەکوو ئەوانەی کە بەناو گروپە نیابەتییەکانی ناسیاون، ئەبێت ئاڵوگۆڕێکی زۆر تایبەت پێک بێنێت و هەرچی شتە لە نویێ دروست بکاتەوە، ئەو شتەی کە زۆرێک پێی دەڵێن ئیسلاح و ڕیفۆرم. بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئەو ئەسلاح و ڕیفۆرمە لە ساختاری کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو شەرایەتەی کە هەیەتی و هەروا هەر ئەو واقعیەتی ساختاری ئیدئۆلۆژیکەی باوەڕێکە بۆ خۆی لە چوارچێوەی فکری ئیسلامی سیاسی هەیەتی و ئەو ئابووریی ڕانتی نەوتییە ناکرێت. ئەوەی کە بەناوی ئیسڵاحات لە ماوەیساڵیانی ساڵ تەحوێڵی خەڵکیان دا بێجگە لە درۆ هیچ شتێک نەبوو و ئەساسەن لە ساختارێک وەکوو کۆماری ئیسلامی شتێک بە ناوی ئیسڵاحات هەڵەیەکی گەورەیە و درۆ و فریوێکی گەورە بوو کە هەر لە ئەوەڵەوە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتی خۆی کردویەتە سەری خەڵک و بەو درۆانە زۆر کەسی فریو دا و ئەو ئیسڵاحاتە یانی ڕووخان یانی ئاڵوگۆڕ و تەنیا لە ڕووخاندا دەستەبەر دەبێت. یانێ کۆماری ئیسلامی ناتوانێ یاسای بنەڕەتی بگۆڕێ و نەڕووخێ. لە نەهایەتدا من پێم وایە بەو دۆخەی کە کۆماری ئیسلامی دەچێتە پێشەوە ئەگەری ڕووخانی هەیە بەڵام ناتوانین کات و زەمانی بۆ دیاری بکەین.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# کوردایەتی لە ناخی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی



ئەلبورز ڕوویین‌تەن

بەر لە پرژانە سەر بابەتەکەم پێویستە باس لەوە بکەم کە بە کارهێنانی "شۆڕش" بۆ بزووتنەوە یا ڕاسانەوە یا هەر ناوێکی دیکە کە بۆ ڕووداوەکانی دو ساڵ بەر لە ئێستا کە دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی لە کوردستان و ئێران ڕووی دا، لە لایەن بیرمەندان جێگای مشتومڕە، چونکە هەر یەک لە گۆشە نیگایەکی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەیری ڕووداوەکان دەکات و بە هەبوونی هەندێک هۆکاری زانستییش دەیهەوێ ڕاستبوونی پێناسە و ناوزەدکردنی خۆی بسەلمێنێ.

لە ڕووی زمانەوانیشەوە وشەی شۆڕش تا چەند کوردی کراوەی "revolution" یا "انقلاب" فارسی کە بۆ عەرەبی دەگەڕێتەوە و بەکارهێنانی لە کوردی چۆنە باسێکی دیکەیە، بەڵام شۆڕش لە بەکارهێنانی کوردیدا بە هەموو ئەو هەستانەوانەی بەرانبەر بە ڕێژیمی ناوەندی دەهێنرێتەوە، ئەگەر ئەو شۆڕشە سەرکەوتنیشی بە دەست نەهێنابێ، واتە ئاکامی خۆی کە گۆڕانکاری جیدیە دروستی نەکردبێتیش، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەو داوایەی هەبووە و خەباتی بۆ کردووە بە شۆڕش دەناسرێت. هەندێک لەوان دەکرێ کورتماوە بن هەندێکیشیان ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە. لەو سۆنگەیەوە ناوزەدکردنی ڕووداوەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بەجێ دەزانم چونکە لەو شۆڕشەدا ئەگەر بە ئاکامیش نەگەیشتبێ و

گۆڕانکارییەکی تەواوی لە دۆخی ئێستادا دروست نەکردبێ، بەڵام بە خاڵێکی وەرچەرخان لە چالاکی دژی کۆماری ئیسلامی هەژمار دەکرێ کە ئەسڵی بەجەماوەرکردنی خەباتی بە بەرزترین ئاستی لانی کەم چل و پێنج ساڵی ڕابردوو لە دژی کۆماری ئیسلامی گەیشت. چالاکییەکان گۆڕانکاریەکی جیدیان تێدا کرا و خاوەن دروشمێکی تایبەت و پێناسەیەکی تایبەتیش بوو. تەنانەت دەستپێکردنی لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی بۆ سەرتاسەری ئێران لە قوناغێکدا و تەنانەت کەمبوونەوەی چالاکییەکان لە قوناغێکی دیکە هەر هەموویان لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شۆڕشەوە سەرچاوەیان گرتبوو کە جێگای سەرنج بوون.

یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندیەکانی ئەو شۆڕشە هەبوونی گەوهەری کوردایەتی لە نێو شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە تایبەتی لە جوغرافیای کوردستان و جیاوازیی لەگەڵ دەرەوەی کوردستانە، ئەو تایبەتمەندییە جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە. چونە بە ناسینی گرینگترین تایبەتمەندیی ئەو شۆڕشە دەتوانین باشتر لە دۆخی ئێستا و داهاتووی ئەو شۆڕشە قوڵ ببینەوە، هەروەها پێداویستیی سەرکەوتن لە داهاتوو ناسینی ڕابردوو و نێوەڕۆک و تایبەتمەندییەکانیەتی بە تایبەتی کە ناسینە پەیوەندی بە کۆمەڵگەی زیندووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبێت. بێگومان بۆ پرژانە سەر تایبەتمەندی کوردایەتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی پێویست بە وردبوونەوە لە کوردایەتی هەیە، چونکە ئەو چەمکەش یا بەبێ پێناسە ماوەتەوە یا لە چوارچێوەی ڕوانگەی فیکری لایەنی سیاسی یا بە گوێرەی بەرژەوەندی لایەنەکان شی کراوەتەو.، واتە بۆ ڕەوایی بەخشین بە کاری سیاسی داپۆشینی بە چەمکی کوردایەتی زۆر جار دەبینین. ئەوەی ئێمە کە باس لە کوردایەتی دەکەین ئەو ئێلێمێنتانە دەگرێتەوە کە لە پرسی کورد وەک پرسی نەتەوە سەرچاوەیان گرتووە، واتە چوارچێوەی پرسی نەتەوەی کورد کە خۆی لە ئازادی نەتەوەی کورد ورزگاری کوردستان دەبینێتەوەوە دیاریکەری هەر کردەوەیەکە کە بمانهەوێ لە ژێر چەتری کوردایەتی کۆ بکەینەوە. لە هەمان کاتدا ئەو کردەوانە کە دەبنە هۆی درزخستن لەنێو کورد و لایەنە سیاسیەکان یا لە ئاراستەی سیاسەتی دوژمن نەیارانی کوردن بە حوکمی ئەوەی کە زیان لە پرسی کورد دەدەن ناتوانن وەک کوردایەتی سەیر بکرین تەنانەت ئەگەر لە ژێر بانگەشەی کوردایەتی بکرێن.

یەکەمین تایبەتمەندیی کوردایەتیی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی هەڵقوڵانی لە کوردستان بوو. ئەوە زۆر ڕاستە ڕاپەڕینەکە سەرەتا بە نارەزایەتی دەربرین لە بەرانبەر ئەو جینایەتە بوو کە دەرحەق بە کچێکی کورد کرا بوو، بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەوە نارەزایەتییە لە بێدادی بەرانبەر ژینا بە بێدادی بەرانبەر کورد گورا، ئەو گۆڕینە ئۆرگانیکە کە ناخی کۆمەڵگەی کوردستان و جوغرافیای کوردستان هەر وا بە هەڵکەوت نییە، بەڵکوو سەلمێنەری ڕاستیەکانی ئەو دروشمەیە کە کوردستان سەنگەری ئازادیخوازیە کە سەرچاوەی لە خەبات بۆ ئازادی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان هەڵقوڵاوە. بە پێچەوانەی ئەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە شارە گەورەکان باشتر دەتوانن دەست پێ بکەن و بڵاو ببنەوە، بەڵام

ئەوجار کوردستان بوو کە بزوتنەوەی بەرەو شارە گەورەکان بردو ئەوەی لە شارە بچووکەکانی کوردستان دەکرا لە شارە ملیونیەکانی دەرەوەی کوردستان مومکین نەبوو. هەر بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەوێنی کوردایەتی چووە نێوئاخنی شۆڕشەوە، جیا لەو بابەتە ئەگەر بەراوردێک بکەین کە چۆن کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری لە دژایەتیی ئازادییەکان مافی مرۆڤ هەیەتی، بە تایبەتی ئەوەی لە چوارچێوەی پۆلیسی ئەخلاق و ئەو دەزگایەی کە بۆ ئەو کارەیان دامەزراندوە دەیکەن، لە شارە گەورەکانی وەکو تاران دەبا دەستپێکی دژایەتی گشتگیر با لانی کەم بە دژی نەهێستنی ئەو گوشارەی ڕیژیم، بەڵام دیتمان ئەوە کوردستان بوو کە دەستپێشخەری کرد. ئەو بەراوردە پێوویستە جێگای پرسیار بێت بۆچی دەبێ سەقز وەپێش تاران بکەوێ، ئایا هەبوونی ئازادیخوازی کە لە پرسی کورد و داخوازی کوردایەتی کە هەبووە دەتوانێ کاریگەریی لە سەر ئەوە نەبێ کە سەقز دەستپێشخەر بێت.

**دووەمین فاکتەری** سەلمێنەری هەبوونی توخمەکانی کوردایەتی دروشمی سەرەکی و دروشمەکانی دیکەی شۆڕش بوو. لە کاتێکدا لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان لابردنی حیجابی داسەپاو بوو، لە کوردستان لەژێر چەتری ژن، ژیان ئازادی کۆ بوونەوە. دەرکەوتنی ئەو دروشمەش بە هەڵکەوت نەبوو بەڵکوو لەو خەباتە یەکسانیخوازیەی بزوتنەوەی سیاسی کوردستان سەرچاوەی گرتبوو کە هیچ کات پرسی یەکسانی لە بیر نەکردوە. لانی کەم هەر لە بڵاوکراوەی نیشتمانی کۆمەڵە ژێکافەوە دەبینن کە چۆن پرسی نەتەوەی کوردایەتی و یەکسانیخوازی بە یەکەوە بەستراونەتەوە، تەنانەت یەکسانیخوازی بەشداری ژنان لە پرسی خەبات بە ڕەمزی سەرکەوتن لە پرسی نەتەوەیش زانراوە. کە واتە کوردایەتیمان تەنیا بۆ ئازادبوونی نەتەوەیی نییە بەڵکوو بۆ بەختیاری کۆمەڵگەیە کە لە ڕێگەی یەکسانیەوە مومکینە. ئەو تێڕوانینە کە وەک بەشێک لە ژیانی سیاسی کورد داڕێژراوە دەکرێ لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیی کوردستاندا کورت کراوەتەوە، ئەوە تەنیا دروشمیش نەبوو بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری دروشمەکانی دیکە لە کوردستان جیاواز دەربڕی ئەو ڕاستییە بوون کە شۆڕش لە کوردستان تەنیا بۆ لابردنی حیجاب یا ئازادییە تاکەکەسیەکان نین بەڵکو بۆ ئازادییەکی بەرفراوان گشتیگیرتر و بەڵکوو دەربری کوردایەتی لە کوردستان بوو.

**بابەتی سێیەم** پرسی پەلاماربردن بۆ سەر بنکەکانی سەرکوت و ئازادکردنی شارەکان بوو، لە نێوان ئازادکردنی شارەکان و لابردنی حیجاب جیاوازییەکی زۆر هەیە. چونکە لە گەرمەی چالاکییەکان لە کاتێکدا لە شارە گەورەکان لابردنی حیجاب ئەو پەڕی گۆڕینی ڕیژیم مەبەست بوو، بەڵام لە کوردستان هەوڵی ئازادکردنی شارەکانیان دەدا. چەمکی ئازادکردنی شارەکان زۆر جیاوازە لە داخوازی دیکە، چونکە ئەگەر پرسی نەتەوەیی نەبێ نارەزایەتی لە بەرانبەر جینایەت و بێدادی یا داواکاری بۆ لابردنی حیجابی بە زۆرە ملێ ناتوانێ بگۆڕێ بۆ پرسی ئازادکردنی شارەکان، هەر بۆیە کە لاوانی خروشاو داوای هێزی پێشمەرگەیان دەکرد وەڵامە کە بۆچی کوردستان وایە و دیسان ئەو پرسە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەوێ لە

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

شۆڕشدا کوردایەتی هەیە و داوای ڕزگاریی کوردستان دەکات.

ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەک لە دەیان نمونەی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بە نێوئاخنی کوردایەتی توانی ئاوا دەست پێبکات و بڵاو ببێتەوە و بەردەوام بێ، بەڵام تاکە یەک ڕستەی باوکی شەهید محەممەد حوسێنزادە کە دەیگوت ئەمن شەهیدم بۆ ئازادیی کورد و کوردستان داوە دەتوانێ بەڵگەیەکی ئەوەندە بەهێزی هەبوونی کوردایەتی لە ناخی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بێت کە پێویست بە هێنانەوەی نمونەی دیکە نەکات.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

---

# بزووتنەوەی بەردەوام



ئاسۆ مینبەری

لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا و هاوکات لەگەڵ دووهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکردنی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان لە کوردستان و ئێران، بۆ جارێکی دیکە پرسی ژنان و پێشێلکارییەکانی مافی ئەم توێژە لە کۆمەڵگە کەوتەوە بەر باس.

لە درێژەی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەدا کە بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی کۆمەڵگەی تەنی و هاواری خۆی گەیاندە دەرەوەی سنوورەکان، ژنان ڕۆڵێکی ئێجگار دیار و بەرچاویان گێڕا کە ئەم ڕۆڵە ئێستاشی لەگەڵ بێت، پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ، نەک هەر کاڵ نەبووەتەوە بەڵکوو ژنان بە هەست بە بەرپرسایەتییەکی زۆرترەوە و لە پێگەی جیاوازەوە، لەمبارەوە و بە مەبەستی درێژەدان بەم شۆڕشە، ئەرکوەخۆگرانە و بوێرانە، لە مەیدانی کردەوەدا چالاکن.

ژنان لە شۆڕشی ژینادا، بە یەکەم ئەکتی مەدەنی و هاوکات سیاسی واتە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و گوتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، بوون بە دەسپێشخەر بۆ شۆڕشەکە، بەڵام لە بڕگەکانی دواتردا ڕۆڵیان پڕڕەنگتر بووەوە و دەکرێ بە سەدان

نموونەی بۆ بهێنرێتەوە.

ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرچی بە کوژرانی ژینا لەسەر ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێی دڵخوازی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کرد، بەڵام لە ڕاستیدا وێستگەی بەریەککەوتنی داخوازییەکانی ژنان و باقی توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران بوو. هەر ئەمەش بووە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم نارەزایەتییە بە پێچەوانەی نارەزایەتییەکانی پێشوو، زیاتر پەرە بستێنێ و پاڵپشتی لە دەرەوەی سنوورەکانیش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

لەم چوارچێوەیەدا و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بەریەککەوتنەکە توانی چین و توێژەکانی دیکەش بۆ داواکردنی مافەکانیان و پێداگری لەسەر داخوازییەکانیان بێنێتە سەر شەقام، بەڵام لە چوارچێوەی مافەکانی ژنان و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەوساندنەوەی ژنان بە درێژایی زیاتر لە ٤ دەیە، مەیدانێکی ئاوەڵاتری درووست کردبوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ژنان بە مەبەستی مەحکوومکردنی پێشێلکردنی مافی ژیان لە ژینا هاتنە سەر شەقام و دروشم و نارەزایەتییەکانیان ڕەنگدانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزیی تێدا بەدی دەکرا و هاوکات لەگەڵ دژایەتیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵات، دژایەتی بیری چەقبەستووی پیاوسالارانەی سەرچاوەگرتوو لەو دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەیان کرد و ژن، ژیان، ئازادییان کردە مانیفێستێک بۆ خەباتەکەیان.

لەم پێناوەدا، ژنان دەسبەسەر کران، شەهید کران، ئازار و ئەشکەنجە دران و هەر ئێستاش پاش دوو ساڵ لە دەسپێکی ئەم شۆڕشە لانیکەم ٢٥ کەسیان بە هۆی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و پەیوەستبوونیان بە نارەزایەتییە سەرتاسەرییەکان و پاڵپشتی لەم بزووتنەوەیە لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدان و ژمارەیەکیان دادگایی کراون.

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا، تەنانەت بە دەسبەسەرکردنی ژنان نەیتوانی تووڕەیییان دامرکێنێت و پێش بە بەردەوامبوونیان بگرێت، ژنان بەندیخانەکانیشیان کردە سەنگەر بۆ بەرخودان و لەوێش جیا لە داواکاردنی مافە پێشێلکراوەکانی خۆیان، بوون بە دەنگ بۆ ئەو ژنانەی کە ساڵانێک بوو لە خراپترین و نامرۆڤانەترین دۆخدا، لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. ئەوان دۆخی ژنانی بەندکراویان بە گوێی دەرەوە گەیاند و لەو سەنگەرەشدا، درێژەیان بە شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامی دا.

ئێستا کە دوو ساڵ لە دەسپێکی شۆڕشی ژینا تێدەپەڕێت، جگە لە شانۆگەریی ڕێژیم سەبارەت بە پرسی حیجاب و فرتوفێڵەکانی پزشکیانی پۆپۆلیست بۆ کەڵکوەرگرتن لە ژنان لە پۆستە حکوومەتییەکاندا و ئەویش بە مەبەستی

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

سەرپۆشدانان بەسەر باقی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ژنان بەتایبەت لە کوردستان بەدی ناکرێت.

هەر ئەم نەبوونی ڕووناکاییە سەبارەت بە پرسەکانی ژنان و بەردەوامیی پێشێلکارییەکانی مافی ژنان وای کرد کە لە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ١٢ ڕێکخراوی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک داوا لە ڕێژیم بکەن کۆتایی بە سیاسەتی هەڵاواردن دژی ژنان و توندوتیژیی سیستماتیک دژی ئەوان لە شەقامەکاندا بێنێ و مافی هەڵبژاردن و ئازادیی ژنان بۆ جەستەیان بە فەرمی بناسێت و یاسای حیجابی زۆرەملێ کە زیاتر لە ٤ دەیە ژیانی ڕۆژانەی ژنانی ئێرانی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، هەڵوەشێنێتەوە. ئەم ڕێکخراوانە جیا لەوەی کە داوای هەڵوەشانەوەی سزای نامرۆڤانەی لەسێدارەدانیان کردووە ڕایانگەیاندوە: "داوا لە ڕێکخراوە مافی مرۆییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان دەکەین کە بەدواداچوون بۆ هەواڵی دۆخی دەسبەسەرکراوان بکەن و بۆ ئازادیی ئەوان گوشار بخەنە سەر بەرپرسانی ئێرانی. ئێمە گرووپ و ڕێکخراوە فێمێنیستییەکانیش بانگهێشت دەکەین تاکوو بە شێوەی جیاواز لە دەرکردنی بەیاننامەوە هەتا بەڕێوەبردنی گردبوونەوە، درێژە بە پشتیوانی لە مافی ژنانی ئێران و داواکارییەکانیان بۆ ئازادیی پۆشش و خودموختاری جەستەییان بدەن".

هەرچەند دامرکانەوە و کەمڕەنگبوونەوەی بزووتنەوەکە لە ئێستادا وای کردوە کە دۆخی نالەباری ژنان لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەبیر بچێتەوە، هەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوە مافی مرۆییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی ئەم ژنانە بە جیهان و هەوڵەکانی چالاکانی مافی مرۆڤ لەمبارەوە جێگای پێزانینە، بەڵام ئەمە هیچ لە ئەرک و بەرپرسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرانبەر بە توێژە ستەملێکراوەکان و داهاتووی خۆیان و وڵاتەکەیان کەم ناکاتەوە و پێویستە وزە و تواناکان بخرێنە سەر یەک تاکوو بە درێژەدان بەم بزووتنەوەیە، کۆتایی بە مەلوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بهێنرێت.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## ئەو لە نیشتماندا سەوز دەبێ و دەڕوێتەوە (شەهید تۆفیقەڕەش)




**برایم چووکەڵی**

ئەوانەی لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەیەکەیان ڕاپەڕیون بیریان لەوەش کردۆتەوە لەوانەیە خۆیان هیچ کات بەرووبوومی ئەم دارە پیرۆزەیان پێ نەبڕێت، کەچی دیسانیش بە تینوگوڕتر لە جاران ئەو ڕێگە سەخت و پڕ کەندولەند و هەڵدێر و گەوەیان بڕیوە؛ چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە ڕانەپەڕیوون خۆیان وەک تاکەکەس ئازاد بکەن، بەڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازادکردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەبات و بەر خۆدانیان گرتۆتە پێش.

ناوچەی هەورامان مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆڵەکانی ئەو مەڵبەندە وێرای ناوچە جۆربەجۆرەکانی دیکەی کوردستان لە سەنگەری حیزبی دێموکراتدا قۆڵیان لە دیفاع لە خاک و نیشتمان لە بەرانبەر دوژمن هەڵماڵیوە و زۆر ئازایانە داکۆکییان لە ئاو و خاکی نیشتمان کردوە و زۆر ڕۆڵەی ئازا و قارەمانیان لەو پێناوەدا گیانی خۆیان بەخت کردوە کە بە داخەوە هێشتا ئەو دەرفەتە بۆ زۆربەی زۆریان نەڕەخساوە، تا ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان بەو جۆرە پێویستە، بیانناسن. شەهید تۆفیق کامکار ناسراو بە "تۆفیقە ڕەش" یەک لەو قارەمانانەیە.

شەهید تۆفیق ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی لە ئاوایی "نودشە"ی هەورامان لەدایک بوو. تەمەنی منداڵیی وەک هەموو منداڵانی سەردەمی خۆی تێپەڕ کرد. ئەویش وەک زۆر لە هاوتەمەنەکانی لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە بەهرەی خوێندن بێبەش بوو. قۆناغەکانی مێرمنداڵی و لاوەتیی بە یاریدەدانی بنەماڵەکەی لە کاری وەرزێری و باخەوانیدا تێپەڕ کرد. ژیانی سەخت و زۆری دەربەگایەتی، لەو سەردەمدا تۆفیقی تازە پێگەیشتووی لەگەڵ ڕوحی خەبات و بەربەرەکانی دژی ستەم و زۆرداری ئاشنا کرد؛ ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران هەموو دەنگێکی ئازادیخوازیی لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی کپ کردبوو.

ژیانی لاوەتیی تۆفیق لەو قۆناغە ناخۆشەدا هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی کە ڕووناکیی خستە نێو دڵ و دەروونی تۆفیقەڕەش و  پێوەندیی بە کادرەکانی ئەوکاتی حیزب گرت. هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا قۆڵی هیمەت و هاوکاریی لەگەڵ ئەو خەباتکارانە هەڵماڵی و بەڕەسمی بووە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان. تۆفیقەڕەش بۆ بەڕێوەبردن و ڕاپەراندنی ئەرکەکانی، بە ئیمان بە ڕزگاریی نەتەوەکەی لەژێر ستەم و چەوسانەوەی ڕێژیمی پاشایەتی و نۆکەرانی ئەو ڕێژیمە لە هیچ فیداکاری و ئەرکوەخۆگرییەک سڵی نەکرد.

پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ ناوبراو هەروا بە ئیمانی قایم بە شێوەی نەهێنی درێژەی بەکاری سیاسیی خۆی دا. بەڵام ساواک و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمی شا لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاویدا گرتیان و بەندیخانەی کرماشانیان پەستاوت. سەرەڕای ئەشکەنجەی زۆر، لە ئاست جەللادەکانی ساواکدا بەچۆک دانەهات و حازر نەبوو نهێنییەکانی حیزب بدرکێنێ. ئەو ماوەی ٤ ساڵ بەند کرا و پاش ئازاد بوونی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی دەستی پێ کرد، بەڵام وازی لە حیزبەکەی و بیروباوەڕەکانی نەهێنا و پێوەندی بەتەشکیلاتی حیزب گرتەوە.

لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران هیوا و هۆمیدی زۆر کەوتە دڵی تۆفیقی کامکار و چالاکانە بەشداریی لە ڕێپێوانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا کرد. پاش سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە دامەزرانی بنکە و ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی هەوراماندا ڕۆڵی گرینگی گێڕا و وەک فەرماندەری لک لە هێزی شاهۆ دیاری کرا. ئەو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وەک فەرماندەرێکی ئازا و خاوەن بەرنامە و تاکتیک تواناکانی خۆی سەلماند و لە گرتنی بنکە و پێگە نیزامییەکانی ڕێژیم، لە دانانەوەی کەمین و لە هێرشبردن بۆ سەر هێزی پەلاماردەر، و لە بەرنگاربوونەوەی هێرشەکانی ڕێژیم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکاندا ڕۆڵی کارامەی خۆی گێڕا. تۆفیق لەو ماوەیەدا چەند جار بریندار بوو و تەنانەت جارێک لەلایەن خۆفرۆشانەوە پیلان بۆ تێرۆرکردنی دانرا، بەڵام بەهۆی ئازایەتی و وشیاری بە برینداری ڕزگاری بوو. تۆفیقەڕەش هەموو جاری پاش سارێژبوونەوەی برینەکانی بەگوڕتر لە پێشوو دەگەڕایەوە




سەرچاوە
Serchawe

سەنگەری بەرگری. بە فەرماندەهی تۆفیق کامکار زۆر لە پەلامارەکانی دوژمن تێک شکا و چەندین کەمین لێک بڵاو بوون و دوژمن زەبری گورچکبڕی لێ کەوت. بەڵام بەداخەوە زۆر نەژیا تا خزمەتی زیاتر بە گەل و نیشتمان بکا.

ڕۆژی ٢٠ی پووشپەری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزی پیشمەرگە دا. تۆفیقە ڕەشی قارەمان کە چەندین جار لەگەڵ دوژمن دەستوپەنجەی نەرم کردبوو، ئەمجارەش لە نێوان نەوسود و پاوە لە تۆنێلی دووئاو سێ ڕۆژ بەربەرەکانیی لەگەڵ هێزی زۆر و پۆشتە و پەرداخی دوژمن کرد و جارێکی دیکە بە هەڵمەت و فیداکاریی خۆی دەرسێکی لەبیرنەکراویان بە دوژمن دا. پاش سێ ڕۆژ بەربەرەکانی و خۆڕاگری بەداخەوە تۆفیق کامکار لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەردا کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و گیانی بە نیشتمان بەخشی.

٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# پشەکە، نانت دەدەم، چات دەدەم، قەندت دەدەم تەق لێت دەدەم




دارسمە

ئەم جوغرافیای ئێرانە زۆر نالەبار هەڵکەوتوە. ئەو ئیمپراتۆرییەی مێژوویەکی سەدان و بگرە هەزاران ساڵان بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت و ڕووبەرەکەی لە ماوەی ئەم سەدان و هەزاران ساڵەدا بیچم و شێوەی لەسەر ئەم ڕووبەری ئاسیایەدا گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە، ئێستا خاوەنی بیچم و ڕووبەرێکی سەیر و سەمەرەیە.

ئەم ئێرانەی ئێستا پاشماوەی ئیمپراتۆرانی ماد و ساسانییە و لەم چەند سەدەیەی کۆتاییدا دوو ڕووداوی چارنووسسازی بە سەردا هاتوون. یەکەمیان ئەمەیە نەخشەکەی دوای گۆڕان و بچووکبوونەوەیەکی زۆر، بیچم و شێوازی پشیلەی بە خۆیەوە گرتوە و دووهەمیش ئەمەیە ناوانی ماد و ساسانی گۆڕاون و "ئێران" وەک ناوێکی نوێ جێگەیانی گرتووەتەوە. ئێستا ئێران پشیلەیە و پشیلەش ئێرانە. ئێستا ئەوەی لە دڵی هەموو ئێرانییەکی ئەمەگداری نەخشەی پشیلەکە گرانە، ئەمەیە دەڵێن پشیلە ئاەڵێکی سپڵەیە و هەرچەند خزمەتی بکەی لە دەرفەتێکدا هەر نەبێت چڕنۆکێکت دەهاوێتێ و دەتڕنێت. ئەم پیشلەیەی ئێمەش سەلماندوویەتی لەوانی هەرە سپڵەیە و لە هەر هەلومەرجێکدا بە دوای ئەمەدایە چڕنۆکێک باوێت.

کوردانی دابەشکراوی سەر بەشە دەستکردەکانی جوغرافیای ناوچەکەش ئەوانی دەکەونە سەر جوغرافیای پشیلەئاسای ئێران، زۆربەیان کەوتوونەتە لای سینگ و بەرۆک و هەردوو پێشوو و دەمولووتی ئەم پشیلە سپڵەیە وهەر لەبەر ئەمەشە بەردەوام دەمولەوس و سنگ و دەستانی بەخوێنن.

ئەم پشیلەیە کەوتووەتە شوێنێکی وا بۆ سەری خۆیشی هەر بەڵا و نەهامەتیە. یەکێک لەم نەهامەتیانەشی ئەمەیە بەم قەڵافەتە بچووککراوەیەوە کەوتووەتە باشوور و داوێنی یەکێک لە وڵاتانی بەربەرینی جیهان و ئەم وڵاتە لەبەرزاییەکانی سەرووی دەریای قەزوێنەوە وەک کەونە جیران بەسەریدا دەڕوانێت.

ڕووسیە لە سەردەمان و قۆناخە جوداکانیدا بەردەوام سپڵەبوونی خۆی سەلماندوە. ئەوکاتەی سەردەمی قەیسەر و پاشایەتی بوو و دراوسێی باشووری خۆی ئەوەندە بچووک کردەوە لە ئاکامدا کردی بە پشیلە و پیاوێکی چەکداری ڕەزاگرانیش لە سەر ڕووبەری پیشلەکە خۆی کرد بە پاشا و ناوی "ئێران"یشی بەسەر ئەم پشیلە نوێیەدا سەپاند.

ڕووسیەی قەیسەری بەشێکی بەرچاوی پشیلەکەی داگیر کرد و دوای کوشتار و خۆێنڕشتنێکی زۆر گەڕایەوە خاکی خۆی و دواتریش زۆر بە سپەڵەیی دەگەڵ خەڵکی سەر ئەم جوغرافیا شێوەپشیلەیە هەڵسوکەوتی کرد.

منداڵانی کورد ساڵانی ڕابردوو، ئەوکاتەی گیرۆدەی موبایل و ئایپاد و تۆڕی کۆمەڵایەتی نەببوون، بە یەکەوە گەمە و کایەی جوانیان دەکرد. لە یەکێک لە گەمەکانیاندا منداڵێکی بچووکیان بە پشیلە دەشوبهاند و بە سەبری دەستیان بەسەریدا دەهێنا و دەیانگوت: "پشەکە نانت دەدەم، قەندت دەدەم، چات دەدەم، تەق لێتدەدەم" و لەکۆتایشدا تەق لێیان دەدا.

ڕووسیە دوای ئەوەی لەسەر پشتی پشیلەکە لە بەحری قەزوێن، تەڕاییەکی کەمی بە ئێرانەوە هێشت و بەشی ئێرانی لەم گۆلە گەورەیە ئەوەندە کەم کردەوە، لایەنگرانی ڕووبەری پیرۆزی پشیلەی سەرزەوی بە ئۆپۆزسیۆن و مۆپۆزسیۆنەوە کەوتنە هەرا و هوریا و هاواریان کرد ڕووسیە لە دەریای قەزوێنەوە دەستی ناوەتە بینەقاقامان و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش بێدەنگەی لێکردوە.

دیارە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش شەرمی بەخۆیەتی و لەبەر ئەوەی ڕووسیە دراوسێی باکووریەتی، هەر لە نزیکەی چل ساڵ لەمەوبەرەوە لە دروشمی "نە شەرقی-نە غەربی" پاشگەز بووتەوە و هەر بەیەکجاری وازی لێی هیناوە.



سەرچاوە
Serchawe

**مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

**ئێستا لە سەردەمێکی نوێتردا ڕووسیەی دۆست و دراوسێی باکوورمان پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ و گەرەکیەتی لە لای داوینی بەحری قەزوێنەوە ڕێک لەو شوێنەی پێشتریش پیر و پێشینیانی باوکی ئێرانی هەنووکەی لەوێ ڕەپێناوە، هێڵێک بە باکووری ئێراندا دروست بکات و ڕێگەیەک لە بەشی خۆیەوە بە ئازەربایجان و سەر مل و گوێچکەی پشەکەدا بەرەو تورکیە دروست بکات و بۆ ئەمەش ناچارە لەناوچەی "زەنگەزۆر" ئەو شوێنەی دەکەوێتە باشووری ئەرمەنستان پێ بخاتە سەر ملی پشیلە.**

**دالان یان کۆلانی زەنگزۆر لە باشووری وڵاتی ئازەربایجانەوە بە دامێنی خوارووی ئەرمەنستاندا ئازەربایجان و کۆماری نیمچەسەربەخۆی "نەخجەوان" دەگرێتەوە و لە ڕاستیدا تورکیە بە دەریای قەزوێن و ڕووسیە دەبەستێتەوە.**

**بەمجۆرە ڕووسیە جارێکی دیکە دەڵێتەوە: پشەکە، نانت دەدەم، چات دەدەم، قەندت دەدەم، تەق لێت دەدەم.**

**پشەکەش ترسێکی قووڵ دایگرتوە، دەترسێت ئەو مامەیەی نانی دەدات و چای دەدات و قەندی دەدات و تەق لێی دەدات، لە زەبەرە لێدانێکی دیکەدا شان و پیل و سەر و ملی لێ بکاتەوە و ئەوەدەم کۆلانی "زەنگەزۆر" دەکەوێتە نێوان وەک ئازەریەکان دەڵێن "ئازەربایجانی شومالی و جنووبی و پیشلەکەش بۆ هەمیشە دەتۆپێت و ئەوکات کۆلانی "زەنگەزۆر" ئەوەندە بەرین دەبێتەوە، گۆرانیی "لە کۆلانی تەنگەبەر شان مەدە لە شانم" لەم ناوچەیە تۆزقاڵێک بایەخی نامێنێت.**

**٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# دوای دوو ساڵ!



**ڕەزا دانشجوو**

سەرەتای ئەم باسە چیرۆکی سەفەرکردنی کیژۆڵەیەکە. کیژۆڵەیەکی جوان، پاک و بێتاوان، کە بە پێوشوێنی جوانییەکاندا نەخوازراو دەبێتە ڕێبواری ڕێگەی بەهەشت! ژینا سەبارەت بە شوێنێک بە ناوی پایتەخت و دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی زۆری بیستبوو. دەیەویست هەر شتێک کە بە ناوی جوانی لەم پایتەختە نەفرەتییەدا هەیە، ببینێت. بێئاگا لەوەی تارانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر "بە دەم کەسەوە پێ ناکەنێ، بەدەم مەرگەوە نەبێ"!

ژینا کە پێش سەفەرەکەی هەمیشە وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و دڵخۆشکەری خەیاڵیی لە تاران هەبوو، لەناکاو بوو بە ئەسیری بەکرێگیراوانی ڕەشایی، ئەوانەی جگە لە بنبەستی مردن و تاریکی هیچ ڕێگایەکی تر ناناسن! لەشکری وێرانکاری و چەوساندنەوە! دڵخۆش بە بەهەشتی خەیاڵیی بەڵێندراو لەلایەن ئەربابەکانیانەوە، هەموو کات ئامادەی خوڵقاندنی هەر کارەسات و جینایەتێکن! تێچووی پێوشوێنکەوتنی ئەم بەهەشتە خەیاڵییە، مردن، خاپورکردن و ناشتنی خەون و ئارەزووەکانی ژینا و ژیناکانە!



سەرچاوە
Serchawe

سەربازەکانی ڕەشایی، سەرخۆش لە مردنی جوانی و دڵخۆش بە تێکدانی کۆشکی ئاوات و ئارەزووەکانی کیژۆڵە جوان و ڕووحسووکەی چیرۆکەکە، ترسنۆکانە ئینکاری حەقیقەتیان کرد، درۆیان کرد و خۆیان بێتاوان نیشان دا، کاتێک لە ناخی دەروونیاندا ئاهەنگی شایی و خۆشییان دەگێڕا! ئەمە یەکەمجار نەبوو کە سەربازانی ڕەشایی لە پرسەی جوانیدا سەمایان دەکرد و ئاهەنگیان دەگێڕا! لە ڕوانگەی ئەم جەماعەتە تاریکپەرستەوە، ڕووناکی و جوانیی گەورەترین دوژمنن!

لای تاقمێک مێشکی بچووکی ژەنگاوی، بۆ بیرۆکەی کۆنەپەرست، وشک و دەمارگرژ، لای کۆیلەکانی پارە و پۆست، بێگومان دەبێت ڕووناکی و جوانی بێزارکەر بێت! دوژمنانی هەمیشەیی خوێندن و نووسین بە دڵنیاییەوە حەزیان لە ڕۆشنگەریی، تێگەیشتن و تێگەیاندن نییە! لە سێبەری ڕووناکی و نووردا، دەتوانیت تێبگەیت و خەڵک تێبگەیەنیت! بێگومان ئەمە گەورەترین دوژمنی دیکتاتۆری تاریکی ویلایەتی فەقێیە. ئاشکرایە کاتێک کە باس لە مشتومڕ، گفتوگۆ و دیالۆگ دەکرێت، عەقڵی بەتاڵی تاقمێک تاریکپەرست هیچ شتێکی نییە بۆ پێشکەشکردن!

تاریکی، تاریکی و تاریکی! ئەمە تاکە دڵخۆشیی ئەم جەماعەتە سووک و بێ تایبەتمەندییەیە! لەژێر ڕووناکیدا ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن و حەقیقەت دیار دەکەوێت! ئەوکات ئیتر نە ئابڕوو دەمێنێت، نە شەرەف بۆ جەماعەتی هەڵپەرست!

چەند کاتژمێرێک لە خۆشی، سەما و ئاهەنگگێڕانی بەکرێگیراوانی دیکتاتۆری پیر هێشتا تێنەپەڕیبوو کە هاوارێکی ناوازە زێدی ژینای پڕ کرد، هاوارێک بە بەرزایی کێوەکانی کوردستان، پڕ بە گەرووی دایکانی شەهید، هاوارێک لە قین و تووڕەیی ساڵانێک لە قوڕگداماویی کۆمەڵگەیەکی چەوساوە و سەرکوتکراو! ئەمە سەرەتای شۆڕشێک بوو! شۆڕشێک بە پانتای جوغرافیای ئێران. خاڵی ئاشکرابوونی ململانێی نێوان خراپە و چاکە! خاڵی وەرچەرخان لە دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی دووانەی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ و میللەتێکی زوڵملێکراو!

ژینا بوو بە ڕەمزێک، بوو بە ڕەمزی ژن، ژین و ژیانەوە، خوێنێک تا هەمیشە ڕەوان و نەوەستاو لە دەمارەکانی شۆڕشدا! سەقز هەستا، سنە هاواری کرد، مەهاباد، بوکان، جەوانڕۆ، شنۆ، ئاودانان، سەرابلە ... ڕابوونی ڕۆژهەڵات، ئاخێزی کوردستان دەستی پێکرد! ڕووناکیی کوردستان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە چەند ڕۆژدا هەموو ئێرانی داگرت! ئێستا، ئیتر هیچ شوێنێک بۆ بەکرێگیراوانی ڕەشایی بێ تەرس و ئەرخەیان نەبوو! دوژمنانی نوور، ڕووناکی و تێگەیشتن لە ترسی ئاشکرابوونی ڕاستییەکان دیسان لەژێر ڕیش، دەمامک و کڵاودا خۆیان شاردەوە!



سەرچاوە
Serchawe

ئاشکرایە! مروڤ تەنها لە سێبەری تاریکیدا دەتوانێت تەقە لە ڕووناکی و نوور بکات! ئەمە سروشتی ڕووناکی و هۆکاری دوژمنایەتی هەمیشەیی تاریکییە! دیکتاتۆری تاریکییەکان، داماو و کلۆڵ لە تێگەیشتن و شیکردنەوەی بارودۆخ و هۆکاری ئەم بەئاگاهاتنەوەیە، جارێکی تر ترسنۆکانە فەرمانی تەقە و کوشتنی دا، نامرۆڤانەتر لە جاران، فەرمانی لە سێدارەدان و زیندانیکردنی دەرکرد!

ڕەشایی و تاریکیی هەموو وڵاتی داگرت، بۆنی خوێن، بۆنی ئاگر و باڕووت، تەرمی ماوی شەهید لەسەر کۆڵان و شەقامەکان، ترس و دڵەڕاوکێی بێسنوور بە سەر هەر شار و گوندێکدا سێبەری خست! لە هەر گۆشە و پەناوپەسوێکدا جێ‌پێی شەهیدێک دیارە! لە هەر شوێنێک یادگاری شۆڕشگێڕێکی قارەمان ماوە! دایکێک هیوادار بە هاتنەوەی ڕۆڵە نەبەزەکەی چەند ڕۆژە چاو لە سەر دەرگای ماڵەکەیان هەڵناگرێت! چاوەکانی "باوان" لە دووریی "فریشتە" ئێستاش هەر تەڕن! دایکێک دەسماڵی چۆپی لە دەست شینگێڕی شەهیدبوونی کوڕەکەیەتی! لەنێو شەقام و لە قەرەباڵغێکی دڵتەزێنی شەهید و بریندارەکاندا ژنێک بەدوای هاوسەرەکەیدا دەگەڕێت، باوکێک بەدوای کوڕەکەیدا، کوڕێک بەدوای باوکیدا... چاوچنۆکی و ڕژدیی بێکۆتایی دیکتاتۆری خوێنمژ بۆ کوشتن و ڕووخاندن، بۆ بینینی خوێن، پەت و سێدارە!

خەم، پەژارە، حەسرەت و فرمێسک چیرۆکی تاڵی ئەم ڕۆژانەن. کوشتن، گرتن و زیندان، تێچووی بەرخۆدانێکی پیرۆز و بەردی بناغەی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"ن!

لە نێو ئەو هەموو دەرد و خەمە کەڵەکەبووە و لە نێوڕاست سەرلێشێواوی کۆمەڵگەیەکی ماتەمین و تازیەبار، ئەوەی گیانی دەبەخشی بە شۆڕش، ڕۆحی خۆڕاگری و ڕاوەستاویی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بوو! ئەم گەورە باب و گەورە دایکانەی کە واتایەکی تریان بە بەرخۆدان و وازنەهێنان بەخشی. لە باوکی "کومار"ەوە، کە بێ دوودڵی لە شەهیدبوونی کوڕەکەی باسی خۆشەویستی پێشەوا و ٢٥ی گەلاوێژ و کۆماری کوردستان دەکات. یان باوکی "فەرەیدون" دروست کاتێک کە ڕۆڵە قارەمانەکەی بە دەستی خۆی تەسلیمی خاک دەکات بە ورەیەکی بەرز و بێوێنە، خەڵک بۆ درێژەی خەبات تا ڕوخانی دەسەڵاتی تاریکیی و نەمانی کۆنەپەرەستی هان دەدات. یان باوکی "سید محەممەد" کە بە ئیرادەی پتەو و قایم بێوێنەی، ژیان و ژنان بۆ بەرخۆدان و راوەستان هان دەدات.

لە تەنیشت باوک و دایکە خۆڕاگرەکان کە بوونە سیمبولی شۆڕش، ئەوە لاوان و گەنجانی بوێر و نەترس بوون کە ڕۆح و گیانێکی تریان بە شەقامەکان بەخشی. گەنجانێک کە بوێرانە و چاونەترسانە لە ڕۆتینەکانی کۆمەڵگەیەکی ساڵیان تۆقیو و زراوچوو لە زەبروزەنگی دیکتاتۆر، بە ئاشکرا هاواریان بۆ ئازادی کرد و چوونە شەڕی هەموو ئەو نۆرم و ڕێسایانە کە

ساڵانێکە دیکتاتۆری وەلایەتی فەقیە خۆی لە پشت ئەم نۆرمە دستووریانە حەشارداوە. ژن و جوانی فاکتەرێکی سەرەکیتری شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"ن، ژن دوور لە هەموو چەشنە چەقبەستووەکانی بیری کۆنەپەرستی و بە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی دووبارە خۆی لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بوو بە پێشەنگ، بزوێنەر و فاکتەرێکی دینامیک لەنێو شۆڕشدا. هەرچەند ئەم ڕۆڵە کاریگەر و بزوێنەرەی ژنان لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا، چ لەلایەن ڕوانگەی کۆنەپەرست و سەرکوتگەری دیکتاتۆریەتی وەلایەتی فەقیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی پیاوسالار و بیری پاشکەوتووی بەناو سەڵتەنەتتەڵەبەوە ناڕاستەوخۆ پشتگوێ خرا و تەنانەت بەربەرەکانی دەگەڵ کرا، بەڵام لە گرنگیی ئەم بابەتە هەر ئەوندە بەس کە چۆن سنوورەکانی ئێرانیشی تێپەڕاند و بوو بە بەشێک لە تایبەتمەندەکانی ناوازەی شۆڕشی ژینا.

دروشمی پێشکەوتنخوازانە و هۆشیارانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بەشێکی دیکەی تایبەتمەندییە ناوازەکانی شۆڕشی ژینا بوو. ئەو سێیانەیەی کە لە ژن وەک هێمای ئافراندن و خوڵقاندن دەست پێدەکات و بە پشتکردن بە هەموو نۆرم و ڕێساکانی کۆنەپەرەستانە، بەرەو ڕزگاری و گەشەکردن دەڕوات و مانایەکی نوێ بە ژیان دەبەخشێت و دواجار دەگاتە لوتکەی ئازادی! دروشمێک کە لە دوای دەسپێکی شورشی ژینا هەر جارەو لە بەشێکی جیهاندا دووبارە دەبێتەوە، جارێک لە دەستی هاندەرانی یانەیەک لە یاریگایەکی تۆپی پێ، جارێک لەنێو خۆپیشاندانی ژنان دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی، یان لە نارەزایەتییەکی مەدەنیی گشتگیردا.

شۆڕشی ژینا بەپێچەوانەی هەموو بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی پێشوو لەدژی دیکتاتۆری پیر و ڕێژیمی وەلایەتی فەقیە نە سەر بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەیە، نە دەرئەنجامی داواکارییەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتیی تایبەتە، نە هی ناوچەیەکی جوغرافیایی تایبەتە، نە لە لایەن ڕەوتی سیاسیی دیاریکراو ڕێبەری دەکرێت. شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" شۆڕشێکی گشتگیری هەمەلایەنە، بێ سەر، بەڵام خاوەن قەوارەی تایبەت، ئامانجدار و ڕادیکاڵ لەسەر بنەمای خەبات بۆ نەمان و ڕووخانی دیکتاتۆری وەلایەتی فەقێیە.

دوو ساڵ دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا سەرەڕای ئەو هەموو کوشتار، لە سێدارەدان، گرتن و زینندانیکردنی لاوان و خەڵکان ئازادیخواز دەبێ بگوترێت نە فیشەک، نە زیندان، نە پەت و سێدارە هیچ شتێکی نەگۆڕیوە و ناتوانێت هیچیش بگۆڕێت و هیچ ویژدانێکی بەئاگاش تاوانەکانی دیکتاتۆری وەلایەتی فەقیە دژی خەڵکی بێتاوان لە بیر ناکات. بزووتنەوەی ژینا زیندووە و لەسەرڕێیە. شورشی "ژن، ژیان، ئازادی" گرکانێکە لە ڕق و تورەییەکی پیرۆز کە کاتی خۆی دیسان ئەهاژێت و ئاسمانی وڵات ڕووناک و خەونی دیکتاتۆر و بەکرێگیراوانی شپرزە و پەرێشان دەکات، ئاگرێکە لەژێر خۆڵەمێش، هەموو کات ئامادەی گەشانەوە و بڵێسەدان، چاوەڕێی هاتنی شنەبایەک، بڵووزەدان و داگیرسان، بەرزتر و گەرمتر لە ڕابردوو بۆ

**مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

**سووتاندنی ڕەشایی و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی تاریکی! تا نەمانی تاریکی تەنها چەند هەنگاو ماوە! هیچ شتێک بۆ پێش دەسپێکی شۆڕشی ژینا ناگەڕێتەوە!**

**ژینای کوردستان زیندووە، ژینا ناوی ڕەمزێکە، ڕەمزی خەباتێکی پیرۆز بۆ لەنێوبردنی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ، ژینا ناوی ڕەمزێکە، ڕەمزێک بۆ کۆتاییهێنان بە کابووسێکی چڵ و چەند ساڵە، چڵ و چەند ساڵ ژیانی شەرمەزارانەی کۆماری ئیسلامی!**

**٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

# پێگەی ژن لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا



**سارۆ خوسرەوی**

بە پێی بەڵگەی مێژووییەکان، لە سەردەمی شۆڕشی وەرزێری و ئاژەڵداریدا لە زاگرۆس، کۆمەڵگەی دایک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و هەوڵی ئاوەدانیدا، ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە و ژیار و شارستانیەت لەسەردەستی ژنان بونیاد نراوە. بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی دانەوێڵە و هارینی، ماڵیکردنی ئاژەڵ و شوێنی حەوانەوە، چنین و تەونکردن، داهێنانی گڵکاری، ناڵبوون و بەخێوکردنی لە کۆمەڵگەی دایکدا، بە هێز و وزەی ژن ڕاپەڕیوە.

بۆ تێگەیشتن لە هێز و وزەی ژن لە سیستمی ژیانی هەرەوەزی و وەرزێڕیدا، پەیکەرەکانی خوداوەندی دایک لە ئاسەواری کولتووری سەرەتاییەکاندا جێگای سەرنج و بایەخی تایبەتن، بەجۆرێک کە وشەی ئافرەت لە هێما کۆنەکاندا، وەک مرۆڤێکی خولقێنەر و داهێنەر، واتا پەیدا دەکات. ئێستاش پەیکەر و نەخش و وێنە بەجێماوەکانی ژنان لەسەر بەردەنووس، لەوحە و کەتیبەکان، نیشانە و هێمای هەرە زیندوون بۆ نیشاندانی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی زگرۆس، کە بە کۆمەڵگەی دایک بەناوبانگن.

لە ڕابردوودا و لە سەردەمی مادەکاندا، پێگەی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینیدا دیار و بەرچاو بووە. لە ساڵی ٦١٢ پ.ز، کاتێک (هوەخشتەر)ی ماد شاری موسڵ داگیر دەکات، ئافرەتێکی میدی دەکا بە پارێزگاری ئەو شارە.

لە ڕووی ئایینیشەوە لە زاگرۆس، ئافرەت خاوەن پێگەی ئایینی و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بووە. (ئاناهیتا) نموونەیەکی بەرچاوە لە سیمبولی ژنان لە ئایینی میترادا کە ئێستاش شوێنەواری لە شاری ( کەنگاوەر)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوە.
ئایینی یاری لەگەڵ سەرهەڵدانی لە کوردستان، وەک میراتگری ئایینی میتراییزم، بە کەڵام و کردەوە، باوەڕی بە یەکسانیی ژن و پیاو هێناوە و هەردووک ڕەگەزەکەی لە ڕووی ئەرک و مافەوە لە یەک چوارچێوەدا پێناسە دەکات، وەک ئەوەی لە (سەرنجام)دا هاتووە:

"سکەی سابتی موهرەی نێروما
شەهادەت ڕموز ڕاستگۆ و ڕاهنوما"

واتە شیاوبوونی ژن و پیاو لەو هێما و نیشانانەدا خۆیان دەبیننەوە کە وەک گەوهەر گرانبەهان، لەبۆ ڕاستبێژی و ڕێنمایی.

جیاواز لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و ئایینی، لە بواری ئەدەبییشەوە، ئایینی یاری گرینگییەکی زۆری بە ئەدەبی ژنان داوە و لە دیرزەمانەوە ژنان لە ژێر کاریگەریی زمان و ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا، هەڵبەستی بەرز و پرواتایان بە شێوازی گۆرانی نووسیوە کە بە خۆشییەوە هەتا ئێستا هەڵبەستی بەشێک لەو ژنەشاعیرانە ماون و لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پارێزراون. لە ژنانی شاعیر و پێشەنگی یارسانی دەتوانین ئاماژە بکەین بە ناوی کەسانێک لە وێنەی: دایە تەورێز، جەلالە خانمی لوڕستانی، ڕێحان خانمی لوڕستانی، فاتمە لوڕەی گۆران، لزا خانمی جاف ، مەی زەرد، دایە خەزانی سەرگەتی، خاتو ڕەزبار، حەبیبەی شارەزووری، خاتوو نازداری شیرازی، نێرگس خانمی شارەزووری، زەربانوی دەرزیانی، سەمەنی دەودانی، خاتوون زەینەب ، خاتوون گوڵی و دادا سیمە و ... . جێگای باسە، مێژووی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی ئەم ژنانە لە سەدەی چوارەمی هیجری دەستی پێ کردووە و تا سەدەی یازدە درێژەی کێشاوە.

لە بواری هونەرییشەوە، شوێندەستی ژنان لە مێژووی یارساندا دیارە. هەر لە زەمانی شاخوشینەوە تا دەگاتە دەورانی پردیوەر، ژنان لە ژەندنی ئامێری تەمبووردا دەوری باڵایان هەبووە. دایە تەورێزی هەورامی، لەگەڵ ئەوەدا هەڵبەستوانێکی خامەڕەنگین و وشەناسک بووە، تەموورە ژەنێکی لێهاتووش بووە و لەگەڵ زایەڵەی (تەموورە)دا (کەلامی) خوێندووە.

تەمبوورژەنین بەشێکە لە فەرهەنگی یارسان و تا ئێستا ئەم هونەرە وەک میراتێکی گرینگ و جێگای بایەخ، لە کۆمەڵگەی یارساندا پارێزراوە و ژنانی یارسانی پتر لە هەر سەردەمێک هۆگرییان بەم ئامێرە پەیدا کردووە و بە ئەوینەوە دەیژەنن و خۆیان فێری مەقامەکانی تەمبووری یارسان دەکەن.

لە سەدەی شانزدەهەمی زایینیدا، ژنی کورد لە زۆر شت بێبەش بوو، بە هۆکاری ئەوەی سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری، لە ڕێگەی گۆڕینی سیستەمی سیاسی، پەروەردەیی و ئابووری، بەپشتبەستن بە نەریتی ئایینی، بوون بە هۆی لاوازیی پێگەی ژنان لە مافی بڕیاردان و مەیدانیان بۆ نایەکسانیی کۆمەڵایەتی ئاوەڵا کرد. ئێستاش مێژووی پڕ لە تێکۆشانی ژنان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە ژنان لە هەر سەردەمێدا بە تێگەیشتن و زانایی و بوێری خۆیان دەتوانن کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دابنێن.

پێناسەی پێگەی ژن لە کولتوور و ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا، هەڵگری شوناسێکی بەرز و واتادارە. لە یەکەم دەستپێکی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئایینی یاری لە کوردستان، وەک بزاوتێکی هزری و کۆمەڵایەتی، دایراک خاتوون "ڕەمزبار| وەک ژنێکی مەرجدار لە نێو یارانی زانا و چاوداری هەفتەن، شوێنی شیاوی خۆی دیاری دەکات و بڕیار لەسەر شەرت و شوونی یاری دەدات. بە واتایەیەکی دیکە، لە نیزامی (پیر و پادشایی) یاریدا لە پردیوەر، ئافرەت دەبێتە خاوەن مافی بڕیاردان و ڕۆڵی جەوهەری خۆی دەگێڕێت.

دایراک لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یاریدا، هێمای جەوهەریی و بنەوایی دایکێکە لە پێگەیشتن و پەرەسەندنی دیاردەی یەکسانی لە دەورانێک کە ژن لە مافی ئازایی ڕادەربڕین بێبەش بووە و وەک کاڵا مامەڵەی لەگەڵ کراوە. لە ڕوانگەی یارییەوە، نەک هەر ژن سەرچاوەی گوناح نییە، بەڵکوو وەک مرۆڤێکی خاوەن شکۆ لەسەر بنەمای ئازادی پێناسەی بۆ کراوە. بە پێی بەڵگەی کەلامی کەس بۆی نییە مافی یەکسانی، ڕادەربڕین و بڕیاردان لە ژنان زەوت بکات. کەسایەتیی سەربەخۆی ژن لە یاریدا، خاڵێکی گرینگ و واتادارە، بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی خاوەن پێگە ڕێزی لێ بگیرێت و مافی پێشێل نەکرێت.

لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یاریدا، ژن و پیاو وەک دوو مرۆڤی خاوەن بەها و کەرامەت، مافی وەک یەکیان هەیە. لە کەلامەکانی دەورەی پردیوەر، بە ڕوونی یەکسانیی ماف لە نێوان ژن و پیاو پارێزراوە. لە ڕوانگەی سوڵتان سەهاکەوە ژن و مێرد بەش و مافی وەک یەکە.

**سوڵتان دەڵێ:**

کناچە و کوڕی، کناچە و کوڕی
تەفیرشان نییەن، کناچە و کوڕی
بەش باتنەن، ئەزەڵ هەورێ
خاتوونە دایراک ئەی بەشەش خڕی
پوشاک یاری ئەو باڵاش بەری
بیاودایان پوران حوری
هەرکەس بواچۆ کناچە و کوڕی
موزیش وەدەم مەودای کەی بری

واتە کچ و کوڕ یەکسانن. ئەم بەشە نهێنییە کە لە نواوە بوەتە بەشی خانەکان. خاتوونە دایراک (دایکی سوڵتان)، ئەم بەشەی کرد و بوو بە یەکێک لە یارەکان. هەرکەس جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا دابنێ، سزبار دەبێت.

هەروەها فرەژنی لەم ئایینی یاری ڕێگاپێدراو نییە و یارانی یارانی تەنیا بۆیان هەیە یەک هاوسەریان هەبیت. سوڵتان دەڵێ: هیچ یارییەک خاوەن ئەو مافە نییە، دوو ژنی هەبێت، هەرکەس وا نەکا، ئەندامێکی بێشەرتە و لە جەم وەدەر دەنرێ:

نمەوۆ دوو هاوسەر کەرۆ نیکایی
هەر یار دوو هاوسەر جە یانەی یایی
جە ئایر دۆزەخ نییەنش ڕەهایی
دۆزەخ خاستەرەن جە یانەی بیایی

واتە بۆ یار مارەبڕینی دوو هاوسەر ڕەوا نییە، چونکە لە ئاگری دۆزەخدا ڕزگاری نابێ، ئەو ماڵەی کە پیاوەکەی خاوەنی دوو ژن بێ، لە دۆزەخ خراپترە.

بە پێی کەلامی یاری، لە نێوان ژن و پیاودا وابەستەیی ڕەگەزی یان موڵکداری نییە و هەردووک ڕەگەز خاوەن کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیانن و ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەر و هەروەها لە ئەگەر ناکۆکی و نەسازاندا، ئازادن لە بڕیاری جیابوونەوەدا.

ژن و مێرد لە ئەدەبیاتی باوەڕی یارسان، لەسەر بنەوای ئەوین و خۆشەویستی لەگەڵ یەک مامەمەڵە دەکەن. ئەوینی



سەرچاوە Serchawe

نێوانیان پەیوەندی بە هێلی بیرکردنەوەیان هەیە، لە ئەگەر ڕەچاونەکردنی خۆشەویستیی نێوانیان، لادانی فیکری دروست دەبێت و دەبێ خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

پەردەی حەیا و شەرم لە یاریدا، بە واتای ڕووسەری یان بالاپووشی نییە، بەو جۆرەی لە ئایینەکانی دیکەدا باسی لێوە دەکرێت، بەڵکوو بە واتای پرنسیپی ئەخلاقییە بۆ ڕەچاوکردن و بەردەوامیی پەیوەندیی خۆشەویستیی لە نێوان ژن و مێردا، بۆ ئەوەی دیاردەی خەیانەت لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا ڕوو نەکات و شیرازەی ژیانی هاوبەش هەڵنەوەشێتەوە.

وەک ئەوەی لە کەلامی مارەبڕینی یاریدا هاتووە کە دەڵێ:

ئەو لوی حەیا و شەرم وێشان بپیچا
وە هەرزەکاری مەکەردی نگا
بپیچا نە وەر پەردەی سیانەت
ئەو یەکتر نەوان هەرگز خیانەت

واتە خۆت بە پەردەی حەیا و شەرم داپۆشە، بە چاوێک مەڕوانە کە نییەتی خراپی لێ بکەوێتە و ببێتە هۆی خیانەت. لەڕاستدا ڕووپووش لە فەلسەفەی باوەڕی یاریدا، زۆرتر پەیوەندی بە لایەنی واتایی "مەعنەوی" و ماریفەتەوە هەیە تا لایەنی ڕواڵەتی و ئەم پەیامە تەنیا تایبەت بە ژیان نییە، بەڵکوو پیاوانیش دەگرێتەوە.

## ئەنجام:

بە پێی باوەڕ و فەلسەفەی یاری، هەموو بوونەوەرێک لە جەوهەردا یەکن و هیچ شتێک نابێت بێتە هۆی جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا. واتە مرۆڤ بە گشتی لە گەوهەردا هەر یەک شتە.

یارسان، بە پێیی زانستی فیزیۆلۆژی و دەروونناسی پێکهاتەی گشتیی دەروونی و جیسمیی ژن و پیاو یەکسان دەبینێت و باوەڕی وایە کە ئەم دوو ڕەگەزە دەبێ خاوەن مافی وەک یەکیان هەبێت.

لە ڕوانگەی یارسانەوە، مرۆڤەکان دەکرێ لە ڕووی بایۆلۆژی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە وەک تاک جیاواز بن، لەبەر ئەوەی

ئەرکی تاک بەسراوەتەوە بە پێکەی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام لە ڕووی مافی مرۆییەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە.

***

## سەرچەوەکان:


- سەرنجام، تەیب تاهیری
- یار وریا، سەید محەممەد حوسەینی و سەید حشمەت ئەرژەنگ
- شەرەفنامە، شەرەفخانی بدلیسی
- ژنۆلۆژی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، (٢٠١٢)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی
- پێگە و قەڵەمی ژن لە ئایینی یارسان و مادەکاندا، نامیق هەورامی


٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# ٦ی ڕەزبەر لە جەنگەی بزووتنەوەی ژینادا



**سمایل شەرەفی**

کوردستان و زۆرێک لە شار و ناوچەکانی ئێران چەند ڕۆژێک بوو لە شێوازێکی نوێ و مودێرن و مەدەنیدا ئەزموونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و گشتگیریان دژبە دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی دەکرد. چەخماخەکە لە کوردستانەوە لێ درابوو، ناوی ژینا، ئەو کچە بێتاوانەی کوردستان کە لە تاران و بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کوژرابوو لە سەرر بزووتنەوەکە نرابوو: بزووتنەوەی ژینا. کوردستان پێشەنگایەتیی بزووتنەوەیەکی ئەمڕۆیی و مودێرنی دەکرد، کوردستان کەوتبووە سەر زار و زمانان و کورد ڕەمزی ئەم بزووتنەوەیە بوو. لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە خەڵک پشتیوانییان لە کوردستان دەکرد و دەیانگوت؛ "ئەگەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گولستان". درووشمی سەرەکیی بزووتنەوەکە "ژن، ژیان، ئازدی" بوو کە لە شەقاماکانی کوردستانەوە پەلی هاویشتە شوێنەکانی دیکەی ئێران و دوای چەند ڕۆژ گشت وڵاتان و کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی گرتەوە.

کورد و کوردستان چەقی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بوون؛ بەپێچەوانەی سیاسەت و ئیستراتیژی و عەقڵییەتی ڕێژیمی

دژگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زیاتر لە چوار دەیە بوو کاری لەسەر خەوشدارکردنی ڕوخسار و نێوەرۆکی پرسی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکانی دەکرد، خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بە ئەرێنی لە کورد و کوردستانی دەڕوانی، کە ئەمیان بۆ کۆماری ئیسلامی قابیلی قبووڵ نەبوو.

لەلایەکی دیکەوە حیزبەکانی کوردستان یەکگرتووانە و هاودەنگ و هاوهەڵوێست لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا، هاندەر و پشتیوانی شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکانی کوردستان بوون. بزووتنەوەی ژینا بە شێوەیەکی تەواو شارستانیانە دەچووە پێش و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەربەرینتر دەبۆوە و پشتیوانیی زیاتری لێ دەکرا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێگەی بەرزی کوردستان و حیزبەکانی لە بزووتنەوەی ژینادا، شێت و هاری کردبوون، پەنای بردەوە بەر ژوورە ڕەشە ئەمنیەتییەکانی و هەمدیسان بە ڕێکاریی هەمیشەیی ئەزموونکراو کە خەوشدارکردنی بزووتنەوەی کوردستانە، پیلانی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران لەسەر کوردستان داڕشت. ڕێژیم بە کۆدڕەمزی "تجزیه طلبی" هێرشی تەبلیغیی دژبە بزووتنەوەی ژینا دەست پێ کرد و بەردەوام دەیگوتەوە کە "ئەم ئاژاوەیە بە پیلانی ئیستکباری جیهانی و هاندانی حیزبە جیاییخوازەکانی کوردستان" سەریهەڵداوە! ئەم سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک ئاشنا بوون و خەڵکی ئێران نەتەنیا گوێیان نەدانێ، بەڵکوو زیاتر لە ڕۆژانی سەرەتایی بزووتنەوەکە پشتیوانیی خۆیان لە کوردستان دەربڕی.

حیزبەکانی کوردستان هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو بزووتنەوەکە بە ڕەوتێکی مەدەنیانەی بە دوور لە توندوتیژیدا هەنگاو بنێت و هیچ بیانوویەک نەدرێتە دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم. لەم پێوەندییەدا کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکی تایبەتدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد خۆ لەهەر توندوتیژییەک بپارێزن و بەبێ ئەوەی بیانوو بدەنە دەست دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، بە شێوەیەکی شارستانیانە درێژە بە نارەزایەتییەکانیان بدەن. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە چاوی بەرایی دیتنی پێگەی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی لەم بزووتنەوەیەدا نەدەدا، پلان و پیلانی ئەوە بوو ڕێرەوی بزووتنەوەکە بە ئاقارێکی دیکەدا ببات و بیکاتە بیانوو بۆ سەرکوت و پەلاماردانی بزووتنەوەکە. ئەوە بوو کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی و لە کاتێکدا ١٢ ڕۆژ بەسەر دەسپێکی بزووتنەوەی ژینادا تێدەپەڕی، هێرشێکی هەمەلایەنەی مووشەکیی کردە سەر بنکە و بارەگانی حیزبەکان لە باشووری کوردستان. لە ئاکامی ئەم هێرشە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیدا کە کەمپە مەدەنییەکان و قوتابخانەی منداڵانیشی گرتەوە، وێڕای شەهید و برینداربوونی دەیان پێشمەرگە و تێکۆشەر سیاسی، قوتابخانە بەسەر منداڵاندا وێران بوون و ژنی دووگیان بە کۆرپەڵەوە گیانیان لێ ئەستێندرا.

**مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

ڕێژیمی کۆماری لە ڕێگای ئەم هێرشە جینایەتکارانەی خۆیەوە بۆ سەر حیزبەکان و بەتایبەت بۆسەر حیزبی دێموکرات کە لە مانگی دواتردا چەند جاری دیکەشی بەدوادا هات، ئەگەر لەلایەک دەیهەویست بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران لەسەر بزووتنەوەکە بەلاڕێدا ببات و بە جۆرێکی دیکەی پێناسە بکات، لەلایەکی دیکەوە ڕاست ئامانجی ئەوە بوو مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆی کە نێوخۆی وڵات و شەقامەکانی ئێران و کوردستان بوون، بگۆڕێ بۆ جۆرێکی دیکە لە ڕووبەڕووبوونەوە کە لەودا باشتر دەستی بۆ سەرکوت و بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەکە ئاوەڵا بێت. بەڵام بە خۆشییەوە هەم خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات و لەسەر شەقامەکان و هەم حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە ژیری و وریایی و وشیاریی سیاسیی خۆیان، ئەم پیلانەی ڕێژیمیان پووچەڵ کردەوە و نەچوونە مەیدانێکەوە کە دوژمن بۆی دیاری کردبوون.
ئامانجێکی دیکەی ڕێژیم لە هێرشی مووشەکیی بۆسەر حیزبەکان ئەوە بوو کە لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەوان لە سەربزووتنەوەکە و هەڵوێستی خەڵک لەسەر شەقامەکان کەم بکاتەوە. ڕێژیم وای دانابوو حیزبەکان لە ئاکامی ئەم هێرشانەدا بە جۆرێک تووشی دابڕان لە خەڵک و بەخۆوەخەریکبوون دەبن. بەڵام وەک دیتمان لەگەڵ ئەوەی ئەم هێرشانە وێرانی و شەهید و برینداربوونی دەیان کەسی تێکۆشەر و لێکەوتەی دیکەی بەدوودا هات، بەڵام هاوکات هێرشانە گیانێکی دیکەی بە بزووتنەوەکە بەخشی و ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکراتی ڕوونتر لەسەر شەقامەکانی کوردستان پێشان دایەوە.
دوای هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی خەڵک لە شاقامەکانی کوردستان درووشمەکانی؛ "قاسملوو قاسملوو، ڕیگات درێژەی هەیە"، "ئەی ڕێژیمی دیکتاتۆر، مووشەک نامانترسێنێ" و "کۆیە بەتەنیا نییە" و "قەڵا بەتەنیا نییە، کوردستان پشتیوانییە"یان گوتەوە.


لە ساڵڕۆژی دووهەمین هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر حیزبەکانی کوردستان، واتە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ٦ی ڕەزەر و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان بەرز و بەڕێز بێت. ڕیسوایی و سەرشۆڕییش بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# خودایەیل درو




**پژمان شەریعەتی**

پزشکیان سەرۆککۆمار ڕێژیم جومهوری ئسلامی لە خڕبوین گشتی سازمان ملەل، توومارییگ لە درو و دەلەسە پێشکەش وە کۆمەڵگای جەهانی کرد.

قسەگانێ پزشکیان کوڵترین قسەیل بین لەبەین سوخەنرانییەگانێ سەرۆککۆمارەیل ڕێژیم و هەوڵدا کەمترین هەواشی ئەڕای ڕێژیم دروس بکەید و وە گشتی فرە موحافخزەکارانە بی و توینیم بویشیمن ک هیچ قسەییگ ئەڕای وەتن نیاشت.

بەش فرەییگ لە قسەیل پزشکیان تەنیا مەسرەف میدیایی داشت و لە ڕویو سیاسی هیچ دەروەچییگ ئەڕای چارەسەری و گەپ و گوفت واز نەکرد.

لە دەسوەپێکردنێ قسەگانی باس لەوە کرد ک مردوم ئێران، لە ڕاسات وفاق ملی وە من دەنگ دانە و یەیشە دەستوور خوداس!

لێرە پرسیار ئەوەسە، کام وفاق ملی؟

ئی وفاقە، سەرچەوە لە دو نوورین فاشیستی و ئیدئولوژیک گرێدن،یەکەم وە مانای یەکدەس کردن و لەوەرچەو نەگردنێ مافێ ملیەتەیل ناو موازنەی سیاسی ئێرانە، کە سەرچەوە لە عەقڵیەتییگ فاشیستی درێد و یەکیگ لە ستوونەیل ئەسڵی ساختار ڕێژیم جومهوری ئسلامییە.

نووڕین ترەک، وە پەی ئیدئولوژی مەزهەبییە، ک خوەیان وە نەمایەندەی خودا لە ڕیو زەیو دوینن و هەر کارییگ ک کەن ئویشن وە دەستوور خودا بییە.

لە دریژە، باس لەوە کەی ک ئمام عەلی وە یەکیگ لە فەرماندەگانی وەتێە ک بیلا مهرد گشت مەردوم بگرێد و وە خاسی وەگەردێ مەردوم بەرخورد بکە!

وەختییگ نووڕیمنە، هەڵسوکەفتێ ڕێژیم لە نزیک وەی پەنجا ساڵە، وە خاسی ئەڕامان دەرکەفێد ک مەنزووری: کوشتن و بڕین، ئعدام، شکەنجە، ژینوساید، ئاسمیلاسیون، شەڕ و ترۆر و هزاران دەرد ترەکە ک کردنەسە تویش ملەتەیل ئێران. یە لە حاڵێیگە ک پزشکیان باس لە عداڵەت و ئاشتی و ئارامش لە جەهان کەی.

لە دریژەی باسەگانی، بەش فرەیگی چوودەسەر ئسرائیل و ئامریکا و جوور هەمیشە و لە نزیک وە چواردە دەقە سوخەنڕانی، دوکوتی لەبارەی ئی دو وڵاتەسە وە تایبەت ئسرائیل، یە لە حاڵێگە ک ئەو تریبونە دریەیدەی وڵاتەیل ک باس لە پیشنیار و گیر و گرفتەگان وڵات خوەیان بکەن و پاڵپشتی و یاری جەهانی ئەڕای پێشکەفتن وڵاتەگەیان وەدەس بارن و دەروەچییگ ئەڕای هاوکاری و گەپ و گوفت بکەنەو.

وە گشتی وەختی سەر و بنێ قسەگانی دەیمنەو یەک، تووماریگ بی پڕ لە درو و دەلەسە و مەزلووم نەمایی و وە خاس نیشاندان خوەیان و لاپووشانییگ بی ئەڕای کارەسات و قەیرانەیلییگ ک لە ئێران و ناوچەگە و جەهان دروس کردنە.

هەرچەن وە خاسی دیار بی مەتنییگ ک ئەڕای نویسانە، چەندین جار دەسکاری بییە و ئەو هەمکە توپوقە ک لە قسەگانی بی دیار بی ک خوەی وە خاسی نەخوەنیەسەی و زانێد ک هیچییگ جیا لە درو نییە.



سەرچاوە
Serchawe

**مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

له لای تریش سایتەیل سەر وه سپای ترۆریست پاسداران ڕێژیم، دەسوەجی هاتنه دەنگ و بەش فرەیگ له قسەگانی ڕەد کردن و عەباس عەراقچی و زەریف ک لەی هەیئەته بەشدارن، وسەگانی ڕاسەو کردن.

هەیئەت سەد نەفەرەی پزشکیان، ئەڕای بەشداری لەی دانیشتنه دیار بی هەوڵیان ئەوسە، پەیوەندی وەگەردێ ئامریکا بگرن و خویان وه وڵاته نزیک بکەنەو، ک دیاره ئەوەیش هیچ دەسکەفتییگ نیاشت.چوونکه کوشک چەرمگ و دەوڵەت بایدن گەپ و گوفت ڕەسمی ڕێکەفتن ڕەد کردنه و ئەوەیش هەڵەوگەردێدە سەر یه ک ئامریکا وەرەو هەڵوژانن سەرۆککۆمار چوود ، دەوڵەت ئێرنگه نیەتوینێد وه هیچ دانیشتن و قەرارداد ڕسمییگ بەشداری بکەیدن.

دیاره چەندین سەردان داشتنه و درن له ئامریکا و وەگەردێ وڵاتەیل فرەییگ نیشن، ئەمانێگ دیپلوماسی ڕێژیم جومهوری ئسلامی وه شێوازییگه ک هیچ دەسکەفتییگ ئەڕای مەردوم ئێران نەیرێد و بگر گیچەڵ ترەکییگ وه قەیرانەگان مەردوم زیای کەیدن.

وه گشتی، مەسعود پزشکیان ک کەمترین دەنگ هاوردێه ئەڕای سەرۆککۆماری و له میدیاگانێ ڕێژیم باس لەوه کردیاد ک هیچ بەرنامەییگ نەیرێد و تەنیا وه قسەی خامنەیی کەی، له لای تریش له سەفەرگەی وەرەو عەراق وەرجه یه ک بچوودە ئەو وڵاته، باس لەوه کردن ناچارم کەن وه دیپلوماسی، کاریگ ک هیچ وەلێ نیەزانم و سەرم نیەود، ئێرنگه هاتێه وەرەو کۆمەڵگای جەهانی باس له ئێران کەید و ئشاره وه ئەوه کەی ک گرش بوین ئابووری و سوڵح و ئاشتی بایس بەرقەرار بوود!

گشتمان وه خاسی زانیمن، ک نان ئی ڕێژیمه ها ناو شەڕ و ترۆر و شێوانن نەزم ناوچەگه و جەهان و تەنیا ڕێ ڕەسین وه پێشکەفتن و ئارامی له ئێران و ناوچەگه نەمەنن ئی دەسەڵات دیکتاتوریەسە.

**٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

# کوردەکان، بێدەوڵەتی و هاوڵاتیبوونی مەحاڵ (٥ - ٢)



## خوێن لەبری نان: کار- مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات

د. ئەحمەد محەممەدپوور

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی

### ئاماژە:

خوێن لەبری نان: کار - مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات توێژینەوەیەکی د. ئەحمەد محەممەدپووره پێوەندیدار بە پرسێکی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی ڕۆژەڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەک لە بەشی بەرایی توێژینەوەکەدا هاتووە، ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی سەروەری و توندوتیژی، بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان دۆخی ناسەقامگیریی و شوێنگیری و سیاسەتی مەرگ دەکات کە لە پراکتیکی کاری سنووربەزاندنی کورد،

یان کۆڵبەریدا بەرجەستە بووە. توێژەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی ئێران گوتاری سنووری ئەمنییەتی وەک چەکێک بۆ سەپاندنی دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا جێگیردەکات، کورد بە پێگەی مەمرە و مەژی لەڕێگەی سەپاندنی پراکتیکی ناجێگیری کاری مەرگ مەحکوم دەکات. جگە لەوەش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوور وەک ئەرشیفێک دەخاتە ڕوو کە تۆمارەکانی سیاسەتی مەرگی دەوڵەت تێیدا دانراون و دەپارێزرێن و ئاشکرادەکرێن لەژیانی کۆڵبەرەکاندا.

"کوردستان" بەشە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشدا بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە و لە کۆتاییدا هەموو توێژینەوەکە بەیەکەوە لە "کوردستانمیدیا" دادەنرێت.

## کوردەکان، بێ دەوڵەتی و هاوڵاتیبوونی مەحاڵ

یەکتربڕی سەروەریی و سیاسەتی مەرگ بڕبڕەی پشتی گوتارەکەم پێکدەهێنن. کوردانی ڕۆژهەڵات خۆیان وەک کۆمەڵگەیەکی ناسەروەر و ئامانجی سەرەکی دامودەزگای سەرکوتکار و توێنەری دەوڵەتی مۆدێرن دەبینن. هەروەک محمود مەمدانی (١٩٩٦) دەڵێت، سیاسەت و کەلەپووری کۆلۆنیالیزم دەتوانن هاووڵاتی ناسەروەر بەرهەم بهێنن، واتە ڕەعیەتەکان لە دەسەڵاتی سیاسی دوور دەخرێنەوە و کەم دەکرێنەوە بۆ میوانی هەمیشەیی. دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحاڵبوونی هاووڵاتیبوونی بۆ پێکهاتە نافارسە شیعەکانی وەک کورد، عەرەب، بەلوچ و تورک و ئەوانی دیکە سەلماندوە. لەبەر ئەوەی کوردەکان بە زمانی دروست قسە ناکەن و هیچ ئایینێکی دروستیان نییە، بەئاسانی بە دوژمنی دەوڵەت دادەنرێن و بەم شێوەیە دەبنە دیارترین و بەئامانجترین بابەتی ئایدۆلۆژیای یاسایی - بایۆ - نیکرۆ - سیاسی دەوڵەت.

لەئێراندا، کۆمەڵگەی سەروەر، فارسەکان، لە ڕێگەی ساختەکردن و پێکهێنانی شوناسێکی نەتەوەیی تاک و تایبەتەوە لەسەر بنەمای زمانی فارسی و ئایینی شیعە بنیات ناوە، ئەوی دیکەی ئێتنیکی خۆی پەراوێزخستووە. هەروەک مرۆڤناس ستانلی تانگاراج (٢٠٢٢) نیشانی داوە، کرداری بە ئەویترکردنی ئێتنۆزمانەوانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا فۆرمێکی ڕەگەزپەرستی هێناوەتە بوون هاوشێوەی ئەوەی ئەمریکییە ئەفریقییەکان و کۆمەڵگە ڕەسەنەکان لەژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمدا ئەزموونیان کردوە. هەروەها، فاتمە گۆچەک (٢٠١٥)، مەحسوق کورت (٢٠٢١) و محەمەد سالح (٢٠٢١) لێکۆڵینەوەیان لەوە کردوە کە چۆن کارلێکی نەتەوەیی، زمان و نەژادی لە تورکیە جۆرێک لە ئیمپریالیزمی کولتووری نێوخۆیی دروست کردوە لەسەر بنەمای باڵادەستی تورکەکان و بە ئەویترکردنی ناتوورکەکان.

ئەم تێگەیشتنە درێژخایەنە بۆ گەل بە باشترین شێوە لە دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا (١٩٧٩) ڕەنگی داوەتەوە. کە



سەرچاوە Serchawe

بەشێوەیەک دارێژراوە زەمینەیەکی یاسایی و دادوەری بۆ کۆمەڵگەی سەروەر دابین بکات تا بەشێوەیەکی سیستماتیک کورد لە دەسەڵاتی سیاسی و خۆشگوزەرانی ئابووریی دوور بخاتەوە (بڕوانە ماددەکانی ١٥، ١٩، ١١٢). دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیمتیاز بە شیعە وەک ئایینی فەرمی و زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی نەتەوە دەدات. لەکاتێکدا ماددەی ١٩دیاری دەکات کە خەڵکی ئێران بێ گوێدانە هۆز و نەتەوە، لە مافی یەکسانی بەهرەمەند دەبن... ڕەگەز و زمان و ڕەچاوکردنی دیکەی لەو جۆرە نابنە زەمینە بۆ ئیمتیازاتی تایبەت، لە هەمانکاتدا لە ماددەی ١٥دا ڕایدەگەیەنێت زمان و ڕێنووسی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران زمانی فارسییە. لێرەوە، دەستوور سنووری نەژاد و نەتەوە و ئایین کاڵ دەکاتەوە، سەروەری فارس-شیعە بە یاسایی دەکات و ئیمتیازاتی حوکمڕانی فارسی-شیعە ئاسایی دەکاتەوە و بەم کارەش سیستەمێکی پلەبەندی باڵادەستی فارس دروست دەکات.

کوردی ڕۆژهەڵات وەک پێکهاتەیەکی پەراوێزخراوی ئیتنۆئایینی و خاوەن مێژوویەکی سەد ساڵەی خەباتی سیاسی بۆ مافەکانی، بەردەوام ڕووبەڕووی سیاسەتی تواندنەوەی زۆرەملێ و سزادانی بەکۆمەڵ بووەتەوە؛ لەکاتێکدا نە ڕۆشنبیرانی فارس و نە توێژەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا (MENA) گرنگییان پێ نەداوە. دەستووری کۆماری ئیسلامیی دەسەڵاتی تەواو بە حکومەت دەدات بۆ قەدەغەکردن و سزادان یان لەنێوبردنی ئەوەی کە وەک کردەوەی دژە شۆڕش و دژە سیستم (ضد نظام) پێناسەی دەکات و هەڕەشە لە یەکیەتی نەتەوەیی و خاکی دەکات. بە ئاساییکردنەوە و سەپاندنی فارسبوون وەک هاووڵاتای سەروەریی کۆمەڵگە و توانای مێژوویی بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات و حکومەت، حکوومەتی ئێران شەرعییەت دەدات بە توندوتیژی لەدەرەوەی یاسا لەدژی نەژادو ئایینی دیکە. بەم شێوەیە، چوارچێوەی دەستووری خۆی ڕێگاخۆشکەرە بۆ توندوتیژیی دۆخی ئێستا و دەسەڵاتی دیسپلین لە ڕۆژهەڵات. هەرچەندە یاساکە وادەرناکەوێت جیاکاری لە دژی کورد کرابێت کە پلەیەکی نزمتریان داگیرکردبێت، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار دووریان دەخاتەوە لە پلە و دامەزراوەی بەرزتر بەناچارکردنیان بەوەی لەگەڵ هێمای فەرمی شوناسی ئێرانیدا بگونجێن.

دەستوور ڕێگە بە مامەڵەی هەڕەمەکی دەدات لەگەڵ هاوڵاتیان لەسەر بنەمای پرەنسیپی تەقەکردن بە ئارەزوو، چەمکێکی سیاسی کە لە وتارێکی ساڵی ٢٠١٩ی ڕابەری باڵاوە وەرگیراوە کە تێیدا داوای لە هێزە ئەمنییەکان کرد هەر هێزێکی پێویست بۆ تێکشکاندنی نەیارانی سیستەمی پیرۆز بەکاربهێنن. ئەم لێکدانەوە هەڕەمەکییە سەبارەت بە یاسا و بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئەویتری ئیتنی هەمان هەستی هاوبەشی گرامشی دروست کردوە کە شەرعییەت بە کوشتن دەدات و بە وتەی هنتۆن (٢٠٠٢) ڕێگە بە دەوڵەت دەدات ستراتیژی نەهێشتنی جیاوازییەکان بپارێزێت. لێرەدا زاراوەی دامودەزگای دەوڵەت گرنگە، لە باڵاترین دەسەڵاتی سەربازی/ئەمنییەوە تا دەگاتە نزمترین پلە وەک سەرباز. ئەمە لە وتەی کۆڵبەرێکەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە ڕۆژهەڵات هەر سەربازێک وەک ژەنەراڵێک وایە، ژیانمان بەندە بە قسەی

سەربازێکەوە.

کورد بەهۆی سەروەرنەبوونی لە هەر چوار وڵاتدا ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی بوونەتەوە، لە دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زارەکانیانەوە تا دەگاتە پیشەی مەترسیدار و توندوتیژی جەستەیی پەیوەست بەوەوە. کورد کە بە کەڵکوەرگرتن لە زاراوەی نیشتمان بۆ ئاماژەدان بە زێدەکەی، لە مێژوودا بەرەنگاری سنوورە نێودەوڵەتییەکان بووەتەوە وەک سەپاندنی کۆلۆنیالیزم کە بە زۆر وڵاتی دایکیان دابەش کراوە و شوناسیان وەک بیانی ئیتنی نیشانەکراوە. تواندنەوەی زۆرەملێ و سەرکوتی دامەزراوەیی دوو ڕێوشوێنی دیسپلینی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیین کە دەوڵەتی ئێران دایڕشتووە و جێگیری کردووە لە ڕۆژهەڵات. ئاماژە کولتوورییەکانی کورد، لەوانە زمان و ئایین و نەریت، وادیارە هەڕەشەیەکی بنەڕەتین بۆسەر ڕژێمی ئێران، بەمەش کوردەکان دەبنە گومانلێکراو و ڕۆژهەڵاتیش دەبێتە ناوچەیەکی ئەمنی کە دەتوانرێت یاسا پشتگوێ بخرێت یان هەڵپەسێردرێت یان ڕێوشوێنی دەرەوەی دادگا جێگەی بگرێتەوە. بۆ نموونە دەوڵەت لە نزیکەوە چاودێری ئاهەنگەکانی سەری ساڵ، فێستیڤاڵە کولتوورییەکان، بۆنە ئایینییەکان و نوێژی هەینی لە ڕۆژهەڵات دەکات. ناوچەی ئەمنی ڕۆژهەڵات بیانوویەکە بۆ زیادکردنی چاودێری و توندوتیژی. ئەزموونی ڕۆژانەی کۆڵبەران لەگەڵ توندوتیژی تەنها یەکێکە لە دەرکەوتەکانی گوتاری جیاکاری سیستماتیکی دەوڵەت و نیشانی دەدات کە دەوڵەتی سەروەری ئێران چۆن سنوورەکانی گەل بوون و هاوڵاتیبوون و مافەکانی مرۆڤ لە سنوورە ئیتنیکییەکانی خۆیدا پێناسە و سنووردار دەکات. ئەمە بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو لە وتەکانی کۆڵبەرێکدا دەردەکەوێت:

دەوڵەت ئێمە ناکوژێت؛ بەڵکوو لە ڕۆژی ڕووناکدا لە سێدارەمان دەدات. ئەوەی لێرەدا دەیبینیت کۆمەڵکوژییە؛ ئەوان ئەوەندە دڕندەن کە کوڵ نادەن لە کوشتنی ئەسپەکانیشمان. چ گوناهێکمان کردووە جگە لە دابینکردنی بژێوی خێزانەکانمان؟ ئێمە تەنها هەندێک برنج یان تایە هەڵدەگرین. ئەگەر ئەمانە نایاسایین بۆچی دەستگیرمان ناکەن و دادگاییمان ناکەن؟ بۆچی دەستبەسەر بارەکانماندا ناگرن و وەک مرۆڤ سزامان نادەن؟ بۆ کوشتن؟ بۆچی سوپای پاسدارانی شۆڕش هەموو شتێک قاچاخ دەکات؟ ئەم سنوورە بووە بە زەویی ڕاوکردن. کوشتنی کوردێک زۆر ئاسانترە لە کوشتنی ئاژەڵێک. نازانم بۆچی هەموومان ناکوژن.

ئەم وتەیە، کۆڵبەری وەک کارێکی نامرۆڤانە نیشان دەدات و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوتاری ناسیۆنالیستی ئێرانی لەسەر پاکتاوکردنی نەتەوە تا ئەو ڕاددەیە ڕۆیشتوە کە خەڵک دابەش بکات بەسەر مرۆڤی فارس و ئاژەڵی نافارسدا.

سیاسەتی دژە کورد کە ڕێژیمی پێشوو، خێزانی پەهلەوی (١٩٤١ - ١٩٧٩) دایمەزراندبوو، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی کۆماری



سەرچاوە
Serchawe

ئیسلامیی خراپتر بوو. دەوڵەتی پەهلەوەی بە کەڵکوەرگرتن لە مەعریفەی شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتگەرایی، هەوڵی دا ئێرانێکی پاکنەژاد دروست بکات و نەتەوە، زمان، کولتوور و گەلبوون و هەموو نەتەوەکانی یەکسان کرد بە ڕەگەزی ئاریا/فارس. هەردوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی و پەهلەوی بە سیاسیکردنی جیاوازییە کولتوورییەکانیان لە دڵی ئایدۆلۆژیاکەیان داناوە و پرۆژەیەکی دەوڵەتسازییان پێش خستوە کە سەنتەری سەپاندنی سیاسەتی یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان بووە. هەروەک مرۆڤناس جۆناسان ڕۆزا (٢٠١٩) لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەربارەی کەلەپوری کۆلۆنیالی کولتووورە لاتینییەکان، نیشانی داوە، ئەو ئایدۆلۆژیا زمانەوانییە نەژادییانەی کە پڕن لە ئارەزووی داگیرکاری، لە کۆتاییدا زمان وەردگێڕن و ئاسایی دەکەنەوە بۆ پۆلێنێکی نەژادی. لە دۆخی ئێراندا، ئەم ئایدۆلۆژیایە لە یەک کاتدا فارسی کردووە بە ئیمتیازێکی نەژادی و زمانەوانی.

سەرهەڵدانی شەڕی ئێران-عێراق (١٩٨٠ - ١٩٨٨) وەرچەرخانێکی دیکەی لە مێژووی دوور و درێژی توونـدوتیژی و دژەپەرەسەندنی لەلایەن دەوڵەتەوە دژی ڕۆژهەڵات بەدی هێنا. لە گووتاری دەوڵەتدا بە بەرگریی پیرۆزی هەشت ساڵە وەسف دەکرێت. بەشێکی گەورەی ئەم شەڕە لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتدا ڕووی دا و ئەم ناوچەیەی کردە بەرەی سەربازیی و ناوچەی ئەمنی. لە ماوەی شەڕدا ئابووریی نەریتی ڕۆژهەڵات زیانێکی زۆری بەرکەوت بەهۆی بۆردومانی بەردەوام و چاندنی ملیۆنان مینی چێندراو و دروستکردنی ڕێگای سەربازی لە سەرانسەری کێڵگە و ناوچە نیشتەجێبووەکاندا. لە هەمان کاتدا، دامەزراندنی هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەکە لە ڕێکخراوە نیمچە سەربازییەکان بە ناوی بەسیجی مەرزبان (یەکەکانی پاراستنی سنووری نیمچە سەربازیی) تۆوی ناکۆکی ناوخۆیی لەنێو گوندنشینەکان چاند و سەرچاوە سرووشتییەکان و ئابووری وێران کرد و هێزی کاری نێوخۆیی بەرەو دامودەزگای سەربازی و ئەمنی برد. ئەمەش لەبەرامبەردا وای لە کوردەکان کرد لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە زیاتر پشت بە حکومەت و دامەزراوەکانی ببەستن.

پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق، کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ڕۆژهەڵات زیانێکی زۆری بەرکەوت و دەرفەتی کار لە دەرەوەی دامەزراوەکانی حکومەت کەمی کرد. ئەمە بۆ کوردەکان بژاردەیەکی نیگەرانکەر بوو. هێزەکانی ئێران لەڕووی تەکنیکییەوە شەڕەکەیان بردەوە، بەڵام نیگەرانیە ئەمنییەکانی دەوڵەت بەردەوام بوون و بووە هۆی زیاتربوونی دەزگاکانی چاودێری و بە ئەمنیکردن، کە کوردیان بە پاساوی دڵسۆز نەبوون بۆ ئایدۆلۆژیای سیاسی دەوڵەت لەناوچەکەدا یان ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیای سیاسی دەوڵەت دوور دەخستەوە یان لە هەندێ حاڵەتدا لەنێو دەبرد. ئەم سیاسەتانە بوونە هۆی هەژاری و پەراوێزخستنی زیاتری ڕۆژهەڵات، کە دانیشتووانەکەی ناچارکرد کۆچ بکەن بۆ شارە ناکوردەکان یان خەریکی کاری سنووری بن. پاش شەڕی ئێران و عێراق، زۆرێک لەو هێزە نیمچە سەربازییە کوردانەی کە جووڵێنرابوون یان خانەنشین کران یان لە کارەکانیان دوورخرانەوە. ئابووری ناوچەکە هەرگیز نەبووژایەوە چونکە زۆربەی زەوییەکان یان گۆڕدران بۆ



سەرچاوە
Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

کێڵگەی مین یان بۆ مەبەستی سەربازی داگیرکران. پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ١٩٨٩، ئایەتوڵڵا خامنەیی لە شوێنی ئەو وەک ڕابەری باڵا ناسێنرا و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی بوو بە سەرۆککۆماری ئێران، بەم شێوەیە قۆناغی دووەمی کۆماری ئیسلامیی دەستی پێکرد. لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا، کە بە ئاوەدانکردنەوە و پراگماتیزم ناسراوە، ڕەفسەنجانی سەرنجی لەسەر گەشەسەندنی ئابووری نەژادی ئایینی و نۆژەنکردنەوەی پاش جەنگ بوو. لەژێر چاودێری ئەودا کۆمەڵگەی مەدەنی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی-سیاسی بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو چوون. دوو هێزی سەرکوتکەری دەوڵەت، سوپای پاسدارانی شۆڕش و بەسیج، یان ڕێکخراوی کۆمەکی ستەملێکراوان کە لقێکی نیمچە سەربازی هەیە، بوونە بریکاری جێبەجێکاری بنیاتنانەوەی ئابووری و زاڵبوون بەسەر کەرتی ئابووری گشتی و تایبەتدا، و لەو کارەدا دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵات پتەوکرد، بەڵام سیاسەتی ڕێژیم بەرامبەر کورد وەک خۆی مایەوە. سوپای پاسداران و بەسیج بوونە هێزی فەرمانڕەوای ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا.

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## پەیامی پزشکیان بۆ ڕۆژئاوا



پاش چەند مانگ لە مشتومڕەکانی "سەعید جەلیلی" و "مەسعوود پزشکیان" لە بانگەشەکانی دەنگدان بۆ سەرۆککۆماریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە دوایین ڕۆژەکانی حەوتووی ڕابردوودا ئەو دەرفەتە بۆ پزشکیان ڕەخسا قسەی خۆی بۆ بەردەنگێکی زیاتر و جیهانی بکات. ئەم ڕەوتە کە "بەرجام"یان بە دەرفەتێک دەزانی و لەدەسچوونەکەیان بە خەسارێک لە قەڵەم دەدا، بە بەڵێنی بووژاندنەوەی بەرجام هاتبوونە مەیدان.

هەمووان بەباشی لەوە ئاگادارین کەوا سیاسەتی گشتیی ڕێژیم، دەبێ بە فیلتەری کەسی یەکەمدا تێپەڕێ، بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، لەوەش زیاتر ئەوەی کە پزشکیان هەر لە سەرەتاوە بەو گیانە هاتووەتە پێش کە جێبەجێکەری ڕێنوێنییەکانی "عەلی خامنەیی"یە و "خامنەیی نەبا ئەویش نەدەبوویە"؛ کەواتە ئەمە لە لێکدانەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات پەیامی پزشکیان سەرەڕای گلەیی و گازندەی ڕواڵەتیی ڕەوتی توندئاژۆی ئەو وڵاتە، پەیامی خودی خامنەیی و بەدوای ئەودا کۆماری ئیسلامییشە لە گشتیەتی خۆیدا. چون ئێمە ئەو وەهمەمان نییە پێمانوابێ خامنەیی بەهەڵەدا چووە و هێشتوویەتی کەسێکی دژبە سیاسەتەکانی خۆی ببێتە سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەم ڕۆژانەدا کە کۆماری ئیسلامی ترسی ئەوەی لێ نیشتووە، دەوڵەتی ئیسرائیل هەروا بێلەمپەر لە هێرشەکانیدا بەردەوام بێ و تەنانەت خۆیان لە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا بەڕاشکاوی "تاران" وەک یەکێکی تر لە ئامانجە داهاتووەکانی ئیسرائیل دەسنیشان دەکەن، سەیر نییە دەنگێکی وا بە شێوەیەکی گوماناوی لە کۆبوونەوەیەکی لێژنەی دەوڵەت لە "نیویۆرک" بڵاو بێتەوە، بەتایبەت بەدوای کوشتنی "هەنیە" لە تاران و زۆر نموونەی دیکەش لە سووریە و لوبنان و شوێنەکانی تر لە هێزی وڵاتی دوژمنیان ئاگاداران، هەروەها لە هێزی فڕوفیشاڵیی خۆیشیان؛ بۆیە لەو فایلە دەنگییەشدا شتێک نەوتراوە کە ئیسرائیلی پێ بڕەنجێ، بەڵکوو زیاتر لایەنگرانی خۆیانن کەوتوونەتە گلەیی و ڕەخنەگرتن، کە وردەوردە مێشکی ئەوانیش بۆ ئەو دۆخە و ئەم ناهاوسەنگییە ڕادێنن.

پزشکیان بەم پێشەکییەوە چووە نێو دەقی قسەکانی، واتە پێشەکییەکەی لە دانیشتنێکی بەناو و بەڕواڵەت نهێنیدا بە گوێی بەردەنگەکانی گەیاند و دواتریش لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قسەکانی تەواو کرد. بەکورتی یەک پەیامی پێبوو: "ئێمە لاشەڕین." بەڵام کێیە نەزانێ لە بێدەسەڵاتیدا لاشەڕن، نەک بەباوەڕ. کۆماری ئیسلامی زۆر جار لە مێژوودا دروشمی ناهەڵسەنگێندراوی هەڵگرتووە و دواتر بۆی جێبەجێ نەبووە و لێی کشاوەتەوە، بۆ وێنە: "بە کەربەلادا دەچینە قودس" کە دواتر بووە ژەهری هەژدیهای حەوسەر و ئەو سەفەرە هەر نەکرا.

لە کۆی قسەکانیدا خۆی خزاندبووە سەنگەری دێموکراسی و مافی مرۆڤەوە، وەهاش قووڵ ڕۆچووبوو ئەنەهوو هەر سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامییش نییە! ئەم "دوکتور"ە بۆ چارەسەری کێشەی "فەلەستین" نوسخەی ڕێفراندۆم و دیاریکردنی مافی چارەنووس دەپێچێتەوە -لەو بابەتەش دەگەڕێین کە ئەم نوسخەیە خۆی دانپێدانان بە دەوڵەتی ئیسرائیلیشی تێدایە و ئەمەش پاشەکشێیەکی ترە لە سڕینەوەی ئەو وڵاتە، بەڵام سەرەتای خزمەتی بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە سەرکوتی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خوازیاری هەمان دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان بوون، دەست پێکرد و ئێستاش لەو سەرکوتەیدا بەردەوامە و یەکەم گەشتی دەرەوەی وڵاتی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوو.

لە بەشێکی تر لە قسەکانیدا ئیددعای کرد کە ئێران لە مێژووی هاوچەرخدا هێرشی نەکردووەتە سەر هیچ وڵاتێک و دەسپێشخەری هیچ شەڕێک نەبووە، لە کاتێکدا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار هێرشی مووشەکیی کردووەتە سەر وڵاتی "ئێراق" و هەرێمی کوردستان و تەنانەت "پاکستان"یش؛ ئەمە جگە لەوەی کە لە هەموو وڵاتانی دەوروبەردا بە پێچەوانەی ئیددعاکانی کە پێیوایە پارێزەری مافی دراوسێکانیان بوون، هێزی جێگرەوەی خۆی داناوە بۆ تێکدانی ئاسایش و کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانە.

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

لەم ساڵانەی ڕابردوودا ڕۆژاوا چەندین جار خوازیاری لێکۆڵینەوە لە بەرنامەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و هەروەها پشتیوانییان لە هێزە نیابەتییەکانی ئێران بووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش لەم بارەوە ئامادە نەبووە بکەوێتە وتووێژەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییەیە کە پزشکیان هەموو ئەو شێروڕێوییانەی هێنایەوە، هەتا بڵێ بەوتەی خۆی "ئێمە تێکدەر نین" و "خوازیاری ئاشتیین" و تا ئێستاش خۆمان هەڵکێشاوە کە وتوومانە تەحریمەکان کاریگەر نەبوون، نەخێر کاریگەر بوون و زۆریش کاریگەر بوون، بۆیە ئامادەین بەرجام زیندوو بکەینەوە و بە هەموو بەڵێنەکانیش پێبەند بین؛ ئەمە پەیامی پزشکیان و خامنەیی و کۆماری ئیسلامی بوو بۆ ئەم دۆخەی ئێستای ڕێژیمەکەیان و سەرچاوەگرتوو لە "سەبرە ستراتێژیک"ـەکەی خامنەیی بوو.

لێ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بیسەری پەیامەکانیان باوەڕیان بە کۆماری ئیسلامی و قسە بریقەدارەکانی سەرۆککۆمارەکەی نییە و ئەوانیش بەحەق پێیانوایە ئەم نەرمینواندنە لە بێدەسەڵاتی و ناچاری و تەقییەوە سەرچاوە دەگرێ، نەک باوەڕێکی مرۆڤتەوەر و ئاشتیخوازانە، ئەوان بەباشی دەزانن کە ڕێژیمی ئەم سەرۆککۆمارە وا داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی فەلەستین دەکات و خۆی بە ئاشتیخواز دەزانێ، هەمان ڕێژیمە وا دوکتور قاسملووی لەسەر مێزی وتووێژ کە بۆ بەدەستهێنانی هەمان ماف تێدەکۆشا، تێرۆر کرد.

٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# لە ٧ی ئۆکتۆبرەوە تا خۆشاردنەوەی خامنەیی



گوڵاڵە محەممەدی

ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕوو دەدات، ئاکامی سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. دروستکردن و پێکهێنانی ڕێکخرا و گرووپە توندڕەوەکان و پشتیوانی و یارمەتیدان و هاندانیان بۆ کاری توندڕەوانە لە ناوچەکە، بەرهەمی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامییە. ئەم ڕێژیمە جیا لە وێرانکردنی سەرخان و ژێرخانی چەند وڵات و نەتەوەیەکی ناوچەکە بە هۆی بنیاتنانی ئەم ڕەفتارە شەڕئەنگێزانەی، نزیک بە پەنجا ساڵە، بەشێک لە سەروەت و سامانی گەلانی ئێرانی بۆ پشتیوانی و تەیارکردنی ئەم تاقم و گرووپانە بەفیڕۆ داوە و وڵاتەکە و خەڵکەکەی تووشی هەژاری و دەیان قەیرانی جۆراوجۆر کردوە.

دوای ئەوەی دوێنێ شەممە، ڕێکەوتی ٧ی ڕەزبەری ١٤٠٣ی هەتاوی ئەرتەشی ئیسرائیل هەواڵی کوژرانی سەید حەسەن نەسروڵلا، ڕێبەری حیزبوڵلای لوبنان و چەندین کەس لە هاوڕێیانی دیکەی لە باشووری لوبنان بە هۆی بوردمانەکانییەوە ڕاگەیاند و دواتریش خودی حیزبوڵلا هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە، عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لە تاران لە پەیامێکدا دیسان – هەڵبەت نەرمتر لە جاران – هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لە ئیسرائیل کرد. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ماوەی

یەک ساڵی ڕابردوودا نزیک بە چل هەزار کەس لە غەززە بە هۆی سیاسەتەکانی تارانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە و بە دەیان هەزار کەسی دیکەش ماڵ و حاڵیان لێ وێران بووە.

لەکەس شاراوە نیە کە دژکردەوە و هێرشەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل کە لە وڵامدانەوە بە هێرشەکانی حەماس بۆ سەر هاووڵاتیانی ئیسرائیلی لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی پار هاتنە ئاراوە و تا ئێستاش درێژەیان هەیە - بەتایبەت لەو بەشەدا کە خەڵکی سڤیل و بێدیفاع دەبنە قوربانی - پاساوهەڵگر نیە. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا تاوانباری سەرەکی و ڕۆڵی هەرە ئەساسی لە پەرەئەستاندنی ئەم شەڕ و وێرانی و کوشتارەدا هەیە و کار لەسەر درێژکردنەوەیشی دەکات، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

کۆماری ئیسلامی کە هەر ئێستا و لە ٤٥ ساڵی ڕابردوە، سەرقاڵی دامەزراندن و پشتیوانیی ماڵی و لۆژستیکی گرووپی جیاجیای ئیدئۆلۆگ و میلیشیایی لە وڵاتانی فەلەستین، لوبنان، یەمەن، سوریە و عێراقە، بەهیچ شێوەیەک بە پێچەوانەی ئەوەی ئیدیعای دەکات "پشتیوانی لە گەلانی زوڵملێکراو" نیە. بەڵکوو هەمیشە هەوڵیداوە بە بەلارێدابردنی بەرەنگاری و خەباتی ڕاستەقینەی گەلان و هاندانیان بۆ توندڕەوی، وەک کارتێک لە پێناو بەهێزکردنی پێگەی شوومی خۆی لە ناوچەکە و بۆ مەرامی سیاسیی و ئەمنیەتی بەکاریان بێنێ کە بەداخەوە تا ڕادەیەکی بەرچاویش لەم پیلانەیدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە.

لە ڕووداوە هێرشبەرانەکەی حەماس بۆ سەر هاووڵاتیانی ئیسرائیلی کە بوو بە سەرەتا و بیانوویەک بۆ هەموو ئەو شەڕ و خوێنڕشتنانەی لە یەکساڵی ڕابردوودا هاتنە ئاراوە، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی بیشارێتەوە کە لە پشت ڕووداوەکە نەبووە. عەلی خامنەیی لە یەکەم دەرکەوتنیدا بە شاگەشکەبوون بە ڕووداوەکە پێیداهەڵگووت و شان و پیلی ئەو کەسانەی ماچ کرد کە ئەو پەلامارەیان ئەنجام داوە. لە ڕەوتی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا، کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا بە پێچەوانەی ئیدیعای دیپلۆماتەکانی کە گوایا کار لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخەکە دەکەن، بە هەموو شێوەیەک نەوتیان بە ئاگرەکەدا دەکرد. تا گەیشتە ئەو شوێنەی کە ئیسرائیل ڕاستەوخۆ هێندێک پێگەی ڕێژیمی تارانی لە سووریە و عێراق کردە ئامانج و چەند کەس لە پلەدارانی سپای پاسدارانی تێدا کوژران.

هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ ئیسرائیل و لەبەرنبەردا بەکوشتدانی ئیسماعیل هەنیيە، ڕێبەری ڕێکخراوی حەماس لە تاران دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد و ئەمجارەیان شەڕەکە بە دنەدانی حیزبوڵڵا لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کە چەند جارێک بە درۆن و مووشەک هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، گۆزرایەوە بۆ لوبنان.

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

لە هێرشی ئیسرائیل بۆسەر ناوچەکانی باشووری لوبنان و کردنەئامانجی پێگە سەربازییەکانی حیزبوڵلا، کوژرانی حەسەن نەوسروڵڵا و چەند کەس لە هاوڕێیانی کە ڕابردوو و پێشینەیەکی دوورودرێژیان لەگەڵ کاربەدەستانی هەرە باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران هەبوو، یەکێک لە گرینگترین لێکەوتەکانی ئەم شەڕە بوو.

بێگوومان نەمانی ئیسماعیل هەنییە و حەسەن نەسروڵلا و زۆرێک لە ڕێبەرانی دیکەی حەماس و حیزبوڵڵا کە لە لایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە کرانە ئامانج، شوێنەوار و کاریگەریی لەسەر ئەم هێزانە و ڕووداوەکانی دواتر دادەنێ. نەمانی ئەم دوو کەسە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران مانای تایبەتی خۆی هەیە کە ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو و جۆری هەڵسووکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو قەیران و تەنگەژانەی تێی کەوتووە و بۆ خۆدەربازکردن لە تێداچوون، لە چوارچێوەی "نەرمش قهرمانانە"ی خامنەیی‌دا زۆر شت ڕوون دەکاتەوە.

دەسپێکی ئەم شەڕ و ئاژاوانەی یەکساڵی ڕابردوو لە کاتێکدابوو کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی لە ناوچەکە بە هاوکاریی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لە چوارچێوەی پەیمانی ئیبراهیم‌دا سەرقاڵی گەڕاندنەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ناوچەکەبوون. لەو پێوەندییەدا پرسی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین یەکێک لەو بابەتانە بوو کە خەریک بوو ڕەوتێکی تەواو ئاشتیخوازانەی ئەزموون دەکرد. ڕەوتێک لە ئاساییبوونەوەی پێوەندیی نێوان وڵاتانە ئیسلامی و عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل کە بێ‌گومان لە قازانجی پرسی مێژوویی فەلەستینییەکان دەبوو.

بەڵام کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە دوو ساڵ بوو هەموو هەوڵێکی دیپلۆماتیکی خۆی خستبووەکار کە کۆسپ و تەگەرە بخاتە بەردەم ئەم ڕێکەوتنە و بەتەواوەتی هەستی بە لەپەراوێزکەوتن کردبوو، وەک خۆیان بە ئاشکرا ئیدیعایان دەکرد و قەتیشیان نەشاردەوە، ڕەوتی ئاساییبوونەوەی پێوەندیی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییان لەگەڵ ئیسرائیل بە خوڵقاندنی کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر تێکدا کە ئاکامەکەی بوو بەو دۆخەی کە ئێستا ناوچەکە تێی‌کەوتووە و بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی رویتێرز، خامنەیش کونەمشکی لێ بۆتە قەیسەری و خۆی حەشار داوە.

٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# بۆچی خەڵکی ئێران بە کوژرانی نەسروڵڵا خوشحاڵن؟



**مەنسوور مروەتی**

کاردانەوەکانی دوای کوژرانی حەسەن نەسروڵلا، سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵای لوبنان و چەندین بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە لە لایەن ئیسرائیلەوە، هەروا درێژەی هەیە و لەو نێوەشدا ئەوەی زیاتر جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە کاردانەوەی حکوومەتی ئێران لە لایەک و خەڵکی ئێران لە لایەکی دیکەیە.

ئەوەی ڕوونە دەوڵەتی ئیسرائیل لەم چەند ساڵەی دواییدا و بەتایبەتی لە پاش ڕووداوی حەوتی ئۆکتۆبرەوە واتە پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، بەردەوام بەشێوەی جۆراوجۆر هێرشی کردوەتە سەر بەرپرسانی حەماس و فەرماندەرانی سپای پاسدارانی ئێران و لەم دواییەشدا حیزبوڵڵای لوبنان و بەدەیان کەس لە بەرپرسان و فەرماندەرانی ئەو هێزانەی کوشتوە کە لە سەرووی هەموویانەوە کوژرانی ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی حەماس لە تاران و حەسەن نەسروڵلا، سکرتێری حیزبوڵڵا لە بەیرووت بوو. لەم بارەوە هەرچی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە لە دوای کوژرانی قاسمی سولەیمانییەوە تا دەگاتە سمایل هەنیە و پاسدارەکانی دیکەیان بەردەوام هەڕەشەی تۆڵەی قورسیان لە ئەمریکا و ئیسرائیل کردوە، بەڵام تا ئێستا بەکردەوە نەیانتوانیوە کەمترین زەرەر لە ئەمریکا و ئیسرائیل بدەن. بە جۆرێک کە ئێستا باسی تۆڵەی قورس لە نێو



سەرچاوە
Serchawe

ئێرانیەکاندا بووەتە گاڵتەجاڕ و بەردەوام بە چاوی حکوومەتی تارانیدا دەدەنەوە. ئێستا ئیتر بۆ خەڵک و بەگشتی بۆ ئەوانەی بەدواداچوونی ڕووداوەکانی ئێران دەکەن بەتەواوی دەرکەوتووە کە حکوومەتی ئێران تەنیا بۆ سەرکوت و ئیعدام و ڕاوەدوونانی خەڵکی وڵاتەکەی ئازایە دەنا بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و بەتایبەت لە بەرانبەر ئەمریکا و هاوپەیمانان و بەتایبەتیتر لە بەرانبەر ئیسرائیلدا شێرەبەفرینەیەک زیاتر هیچی تر نییە. ترس و خۆفی خامنەیی لە کاتی خوێندنی نوێژی مردوو لە سەر جەنازەی ئیسماعیل هەنیە لە تاران بەتەواوی نیشاندەری بێ هێزی و ترسنۆکیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر ئیسرائیلدا بوو.

ئێستا و لە دوایین پەلاماری بەهێزی ئیسرائیل بۆ سەر حیزبوڵڵا و کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا ئیتر ترسی خامنەیی گەییشتوەتە جێگایەک کە تەنانەت نەیوێرا بەفڕوفیشالیش بووبێ باسی تۆڵەی قورس لە ئیسرائیل بکا و گوایا لەترسی بەئامانجگرتنی خۆیشی لە لایەن ئیسرائیلەوە، خۆی شاردۆتەوە.

لە لایەکی دیکەوە هەرچی هەڵوێستی خەڵکی ئێرانە شایی و خۆشحاڵی ئەوانە لە کوژرانی ئەم بەرپرسانەی حیزبوڵڵا و حەماس و هێزە ڕاسپێراوەکانی دیکەی ئێران کە لە سەر حیسابی سەروەت و سامانی ئەمان کاریان بووەتە شەڕ و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی ناوچەکە و کوشتنی ژن و منداڵی بێتاوان و بەهەدەردانی میلیاردها دولار لە سامانی خەڵکی ئێران. خەڵک لەوە بە باشی تێدەگەن کە وڵاتەکەیان لە ڕیزی دەوڵەمەنترین وڵاتانی جیهانە، ئەی بۆچی کاریان گەییشتوەتە جێگایەک کە هەژاری و نەداری و بێکاری و دەیان و سەدان کێشە و دەردی کۆمەڵایەتی و ئابووری بڕستی لێ بڕیون و ڕۆژبەڕۆژ ئاستی ژیان و گوزەرانیان دادەبەزێت و چکۆلەترین ناڕەزایەتییش بەگرتن و زیندان و شکەنجە و ئیعدام جواب دەرێتەوە. خەڵک باش دەزانن کە سەروەت و سامانی ئەوان لە جیاتی ئەوەی خەرجی خەڵک و وڵات بکرێ، بەشێکی لە لایەن بەرپرسانی دز و گەندەڵی ڕێژیمەوە دەدزرێ و بەشێکی زۆریشی ڕۆژانە بۆ حەماس و حیزبوڵڵا و حووسیەکانی یەمەن و هێزەکانی هاوشێوەی ئەوان لەم ناوچەیە بەڕێ دەکرێ و ئەوانیان پێ بەخێو دەکرێ. بۆیە خەڵک لە کاتی کوژرانی هەرکام لەمانەدا شایی لە دڵیان دەگەڕێ و خۆشحاڵ دەبن.

خەڵکی ئێران دەپرسن ئێستا کە خامنەیی بۆ کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا ٥ ڕۆژ ماتەمینی گشتیی ڕاگەیاندووە ئەی بۆچی حەوتووی پێشوو کە زیاتر لە پەنجا کرێکاری هەژار و زەحمەتکێش لە کانەبەردەکانی شاری تەبەس لە پارێزگای خۆراسان گیانیان لە دەست دا، متەقی لێوە نەهات؟ بۆ مەگەر ئەم کرێکارانە مرۆڤ نەبوون؟ دیارە وڵامەکەی ڕوونە، ئەوەی بەلای خامنەیی و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە گرینگ نییە گیانی و ژیانی خەڵکی ئێرانە و بەکردەوە ساڵەهای ساڵە کراوەتە قوربانیی حیزبوڵڵا و حەماس و هێزە هاوشێوەکانیان. کەواتە حەقی خۆیانە بەپێچەوانەی دیکتاتۆری ترسنۆکی وڵاتەکەیان



سەرچاوە
Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

لەکاتی وادا خۆشحاڵ بن و شایی لە دڵیاندا بگەڕێ.

بەڵام لە کوردستان و سەرەڕای هەموو ئەمانەی کە لە شایی و خۆشحاڵی خەڵک باس کرا، کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا بە جۆرێکی دیکەش دڵی خەڵکی پێ گەشایەوە، چونکە حیزبوڵلا ٣١ساڵ لەوەپێش لە تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانیدا دەوری سەرەکییان گێڕا و چوار ئەندامی حیزبوڵڵا بە کازمی دارابییەوە، تیمی تیرۆرەکەیان پێکهێنابوو و ئەو جینایەتە بەدەستی ئەوان خولقا.

٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی




**سمایل شەرەفی**

پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی کە حیزبەکان نوێنەرایەتیی دەکەن، یەکێک لەو باس و بابەتانەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە بازنەی هەر دوو بەستێنی "مەدەنی" و "شۆڕشگێڕی"دا سەرنجی زۆری خراوەتە سەر و تەنانەت بۆچوونی جیاوازیشی لەسەر هاتۆتە ئاراوە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابرووودا حیزبەکانی کوردستان لە ئەدەبیاتی سیاسی و پەسەندکراوەکانی خۆیاندا هەوڵیان داوە بە بەکارهێنانی پێناسە و دەستەواژەگەلی وەک؛ "خەباتی مەدەنی"، "خەباتی جەماوەری"، "حزووری پێشمەرگانە"، "خەباتی شار و شاخ"، "ڕاسانی شار و شاخ"، "ڕۆژهەڵاتتەوەری"، "پشتیوانی لە جموجۆڵی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات" و... گوتارێکی نوێ بەرهەم بێنن کە لەم گوتارە تازەیەدا، بەشێک لە ڕوانگە و سەرنجەکانیان ڕوو بە کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتیوانی لەم بەستێنە لە خەباتە.

حیزبی دێموکرات وەک بەڕابردووترین و بەنفووزترین حیزب لە کوردستان کە لە یەکەمین مەرامنامەی خۆیدا زۆرێک لەو ئەرک و بەها مەدەنیانەی - ئەمڕۆ بزووتنەوەی مەدەنی کاریان لە سەر دەکات - گونجاندوە، بزووتنەوەی مەدەنی بە بەشێک لە بزووتنەوەی گشتی و جەماوەریی کوردستان و هاوتەریب و "تەواوکەر"ی خۆی دەزانێ. ڕوانگەی حیزبی دێموکرات لە



سەرچاوە
Serchawe

پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان، ڕێکخراوە سێنفی و مەدەنییەکان و چالاکانی مەدەنی ئەرێنی و مەسئولانە بووە. ئەم حیزبە باوەڕێکی پلۆرالیستیی هەیە و دژ بە مۆنۆپۆلکردنی کۆمەڵگەیە و لەو باوەڕەدایە کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە گەشەسەندنی کۆمەڵگە، بەرەوپێشبردنی خەبات و پەرەسەندنی دێموکراسیدا ڕۆڵ بگێڕن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی ١٧ی ئەم حیزبە کە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ بەڕێوە چوو، باس لە کاریگەریی پشتیوانیی ئەم حیزبە لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات کە؛ "پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جموجۆڵی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات توانی لە لایەک بوێری و جەسارەتێکی هەستپێکراو بە کاری چالاکانی نێوخۆی بدات و لە لایەکی دیکەشەوە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان ڕابکێشێ کە هەر ئەم تێفکرین و پشتیوانیکردنە لە پێکهێنانی جووڵە جەماوەرییەکاندا شوێندانەر بوو."

ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان پێی وایە کۆمەڵە داهێنەری یەکیەتییە سینفییەکانی وەک جوتیاران، قوتابیان و کرێکاران و بەشداریدانی ژنان لە شۆڕش و کۆچی جەماوەریی خەڵکی مەریوان بۆ دەرەوەی شار و هەروەها ڕێکخەری زۆرێک لە خۆپێشاندانەکان بە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی و سەرەتای شۆڕش بووە و، هاوکات لەگەڵ پشتیوانی و هاوکاریی خۆی بۆ خەباتی مەدەنی، گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەئاکامگەیشتنی پرسی کورد لەم بەشە لە کوردستان بە کاریگەر و شوێندانەر دەزانێ.

لە بەرانبەر ئەم ئیدیعایانەدا بۆچوونێک هەیە پێی وایە حیزبەکان لەژێر کاریگەریی هێژموونی گوتاری خەباتی چەکداریدا، ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتیان فەراموش یان پشتگوێ خستوە. "حیزبە شۆڕشگێڕەکان بڕوایان بە کاریگەری و شوێندانەریی هێنانە ئارای دیسکۆرسی نوێ لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و بەم پێیەیش جەنگی نەرم و بەگشتی ڕەهەندەکانی هێزی نەرم نییە، یاخود بە بابەتێکی لاواز و لاوەکیی دەزانن. سەرباری ئەمانەش، پێناسەکردنی سنوور و کاری خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕی تەنیا لە شاخ، وای کردوە کە تاکەکان لە شار، نەتوانن لە هەر دەرفەتێکی بچووک وەکوو ڕەفتار و ئەکتێکی شۆڕشگێڕی و بەرگریکارانەی ڕاستەقینە کەڵک وەربگرن. ئەمەش بۆ بەرتەسکیی پێکهاتە و بونیادی نێوخۆیی و، هەروەها ستراتیژی و دیسکۆرسی حیزبەکان دەگەڕێتەوە، کە ناڕاستەوخۆ وای کردووە تاقە ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە، ڕەفتارێکی حیزبی، پێشمەرگانە و چەکدارانە بێت."

بە درەنگەوە هەستپێکردنی حیزبەکان بە ڕەوتێکی نوێ و ڕێکخراوی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان، شوێنەواری ئەرێنی لە لایەک لە سەر پێوەندیی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی دانا و لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی لە سەر لاواز

دەرکەوتنی بزووتنەوەی مەدەنی لە سەرەتاکاندا دانا و وەک پێویست لەو دەرفەت و مەجالە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆتایی نیوەی دەیەی حەفتا لە ئێران هاتە ئاراوە کەڵک وەرنەگیرا. خودی حیزبە سیاسییەکان نکۆڵی لەم ئیدیعایە ناکەن. قادر وریا، یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە زۆرترین کاری لە ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەم حیزبەدا کردوە، لە کۆڕێکدا لە شاری هەولێری باشووری کوردستان (٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١)دا، دان بەوەدا دەنێ کە ڕاستەوخۆ بە شێوەی ئۆرگانیک ئاگایان لەو جموجۆڵە مەدەنییانە نەبووە کە لە کوردستان لە ئارادا بوون و دەڵێ "ئێمە لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە، بە هۆی ئەو گۆڤار و حەوتوونامە و کتێب و بڵاوکراوانەی لەوێ دەردەچن، لە ئاکامی هاتنی هەیئەتە فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ باشووری کوردستان و لەمانەش گرینگتر لە ڕێگای بیستن و خوێندنەوەی هەواڵی سەرکەوتنی چالاکی و بەرهەمە هونەری و فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی ئێران، لە ڕەوتی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادارین."

لەم پێوەندییەدا بێهزاد خۆشحاڵی کە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتا و سەرەتاکانی دەیەی هەشتا یەکێک لە چالاکانی دیاری بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە زانکۆکانی ئێران بووە، لە پێوەندی لە گەڵ ڕوانینی حیزبەکان بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمە، بەم جۆرە باس لە ئەزموونی خۆی دەکات: "برێ لە حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاکاندا ئەساسەن بزووتنەوەی مەدەنیان قبووڵ نەبوو، ئەمە ئەزموون و تەجرووبەکانی خۆمە کە ڕاستەوخۆ قسەم لەگەڵ کردوون. ئەوکات کە لە نێوخۆی وڵات بووین و دەهاتین سەردانمان دەکردن، ئەساسەن باوەڕیان بە ڕێکخراو و NGO کان نەبوون، زۆر جار ئەوانەیان بە دەستکردی سیستم (ڕێژیم) یان بەشێک لە سیاسەتەکانیان دەزانی. بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ مەوزوعەکە ڕاهاتن و وای لێهات کە دواتر بوون بە پاڵپشتی ناڕاستەوخۆی بزووتنەوە مەدەنییەکان". بەگشتی وەک ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان باسی دەکات کە "لە گەڵ ئەوەیکە دەیان هەزار کەس لە کوردستان ڕۆژانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تێکۆشانی مەدەنییەوە خەریکن و لەنێو ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا چالاکن، بەڵام تا ئێستاش ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ حیزبەکان نەبۆتە جێی باس و لێکدانەوەی جیدی."

بە چاوخشاندنێک بە نێو بەڵگەنامە، هەڵوێستە ڕەسمییەکان و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە تێگەیشتن لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هاتنە ئارای بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە قالب و شێوازی فەرهەنگیدا لە لایەن حیزبەکانەوە، لە دەرەوەی پێکهاتەی فکری و ئۆرگانە بڕیاردەرەکان، باسێکی غایب و نامۆ نەبووە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژمارەکانی ٣٠٧ تا ٣٢٩ی خۆیدا لە توێی زنجیرە وتارێکدا دەپرژێتە سەر هێندێک بابەتی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد، کار و چالاکیی ئەنجومەنە



سەرچاوە
Serchawe

ئەدەبییەکان، ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، بڵاوبوونەوەی بڵاڤۆکە کوردییەکان و، بوونیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە دەسکەوت هەڵدەسەنگێندرێ. بەڵام لە ئاستی گوتار و هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتدا ئەم سەرنج و خوێندنەوانە – تا ساڵانی کۆتایی دەیەی هەشتا - کەمتر ورد کراونەتەوە و نەبوونەتە بەشێک لە ڕوویکەردی سیاسیی ئەم حیزبە (بڕوانە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣).

ئەگەر خۆ لەو تێبینی و ڕەخنانەی پێوەندییان بە ڕوانگەی حیزبەکان و چالاکانی مەدەنییەوە هەیە ببوێرین و لە گشتییەتی خۆیدا سەرنج بخەینە سەر پێوەندیی و کارتێکەریی بزووتنەوەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە سەر یەکتری، بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە ئەم دوو بەستێنە پێوەندییەکی ئۆرگانیک و دیالکتیکیان پێکەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە، لەگەڵ ئەوەیکە تێک ئاڵاون، خسڵەتێکی خودموختاریشیان هەیە. بزووتنەوەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست بزووتنەوەی سیاسیی کورد، نە بەتەواوی سەربەخۆیە و نە بەتەواوی پاشکۆیە. لە ڕووی نۆستالژیی مێژوویی و دوورەدیمەنی ستراتژییەوە بەستێنی مەدەنی هۆگرییەکی زۆری بە بەستێنی شۆڕشگێڕی هەیە، لەو لاشەوە بەستێنی شۆڕشگێڕی زۆر حەز دەکا بەستێنی مەدەنی وەک ئامرازێکی گرێدرانەوەی خۆی بە کۆمەڵگەی نێوخۆ یان بنەماسازی بۆ مەیدانداریی سبەی ڕۆژی خۆی بەکار بێنێ.

پێوەندیی ئەم دوو بەستێنە لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێندێک قۆناغدا لەگەڵ دۆخی هەرکام لەم خەباتانە پێناسە دەکرێت. بە واتایەکی ڕوونتر؛ هەرکات یەکیان کەوتبێتە داکشان و نوشستی هێنابێ، ئەوەی دیکەیان هەوڵی داوە هەڵکشانێک بەخۆوە ببینێ و کەمایەسیی ئەوی دیکە پڕ بکاتەوە. لەم پێوەندییەدا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە "ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕاستیدا بۆشایی نەبوونی حزووری هێزە سیاسییەکانیان پڕ کردۆتەوە، ئەوان لەجیاتی حیزبەکان خەباتی نەرم دەکەن."

لە نەبوونی حزووری بەئاشکراو و یاسایی حیزبە سیاسییەکاندا، کۆمەڵگەی مەدەنی بە داهێنانی فۆڕم و شێوازی نوێ درێژەی بە بەرەنگاری دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا و مودێلێکی نوێی لە کوردایەتی هێنایە ئاراوە. کەوابوو لە گەڵ ئەوەیکە کۆمەڵگەی مەدەنی بەدوای هەمان خەون و خولیای بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوەیە، بەڵام ڕێچکە و ڕێڕەوی تایبەت بە خۆی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە بزووتنەوەی مەدەنی بە شێوەیەکی گشتی خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دەزانێ، خودبەخود بەستێنی پێوەندیی حیزبەکان و ئەو حەوزەیە دەڕەخسێ. بەڵام بۆ ئەوەی بزووتنەوەی مەدەنی ئەو سەربەخۆییەی خۆی بپارێزێ، دوورەپەرێزبوونی حیزبە سیاسییەکان پێویستە، و بۆ ئەوەیکە ئەو مەیدانە نەبێتە مەیدانی جیاوازی حیزبەکان و حیزبایەتی، دەبێ ئەم بزووتنەوەیە لە سەر دەستی لیدێرەکانی خۆی و بە شێوەی خۆی

بڕواتە پێشێ تا هەم سەربەخۆ بێ و هەمیش مەترسیی دەسەڵاتی لەسەر کەمتر بێت (محەممەدیانی، ٧). هەڵبەت لە گەڵ ئەوەیکە هەر حیزبێک مافی خۆیەتی پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لە گەڵ خەڵک و جەماوەردا دەبێ، بۆ ئەوەی ئەم ترس و نیگەرانییە بڕەوێتەوە حیزبەکان دەکرێ لەم پێوەندییەدا خاوەنی ئیستراتێژیی هاوبەش بن. لە سەر ئەو بنەمایە دەکرێ لە سەر مەسەلەی شوناس، دیسکۆرس، جۆری مودیریەتی کۆمەڵگە و دانی خەتی سیاسی، جۆرێک لە یەکگرتوویی لە نێوان بەستێنی شۆڕشگێڕی و مەدەنیدا ساز بدەن.

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگەیەکی زیندوو و دینامیکە. بەو مانایە کە لە هەر شوێن و سەردەمێکدا بە هەر هۆکارێک تووشی نسکۆ و داکشانێک بووبێ و ڕێگایەکی لێ بەسترابێ، ڕێگایەکی دیکەی دۆزیوەتەوە و درگایەکی دیکەی بە ڕووی خۆیدا کردۆتەوە. ئەگەر لە قۆناغێکدا بزووتنەوەی سیاسیی کورد (حیزبە سیاسییەکان) حزووری مەیدانیی لەنێو خەڵکدا کەم دەبێتەوە و لە فۆرم و مێتۆدی خۆی (چەکداری و پێشمەرگانە) پاشەکشە دەکات، کۆمەڵگە لە زەرفییەت و پتانسێلێکی دیکەی خۆی کەڵک وەردەگرێ و ئەم بۆشاییە بە خەباتی مەدەنی پڕ دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە بزووتنەوەی مەدەنی چۆتە پشتی بزووتنەوەی سیاسی و بزووتنەوەی مەدەنیش بە خۆپێناسەکردنی لە چوارچێوەی گوتاری زاڵی بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکە متمانەی خەڵک و کۆمەڵگەی بۆخۆی دەستەبەر کردوە و، بەم چەشنە بزووتنەوەی سیاسی بە داکۆکیکار و ی خۆی دەزانێ.

تایبەتمەندیی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و جۆر و ماهییەتی ئەو دەسەڵاتانەی بە سەر کوردستاندا زاڵ و حاکمن، تا ئێستا وای خواستوە کە هەر جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستان ماهییەتی شوناسخوازانە وەربگرێت و وەک کورد خۆی بەرانبەر بە داگیرکەر پێناسە بکات و هەر ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشییەکی گوتاری لە نێوان بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان ساز کردوە. لە گەڵ ئەوەشدا سەربەخۆبوون لە مێتۆد و ئەرک و ڕەسالەتدا بۆ بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان یەکێک لەو مەسەلانەیە کە دڵەڕاوکێ و سەرنجی تایبەتی لە سەرە. لەم پێوەندییەدا عەلی دلاوێز، لەو باوەڕەدایە کە "پێویستە چالاکی یان بزووتنەوەی مەدەنی لە بزووتنەوە سیاسییەکان سەربەخۆ بن. بزووتنەوەی سیاسی ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیکەیە، بەڵام چالاکی و بزووتنەوە مەدەنییەکان ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن و لە هەندێک بواردا کار بۆ چاکسازی و ئیسڵاحی دەسەڵات و بەڕێوەبەری بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکییە مەدەنییەکان سەربەخۆن و لە زۆر بواری جیاوازی کۆمەڵایەتیدا کار و چالاکی دەکەن، هەرچەند هەندێک لە چالاکان و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە نایشارنەوە کە لایەنگری بزووتنەوەی سیاسی و حیزبە جۆراوجۆرەکانی کوردستانن. هەڵبەت لە نەبوونی حیزبی سیاسیی چالاک لە ڕۆژهەڵات، هەندێک جار کار و چالاکی ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە سیاسیی دەکرێن... بەڵام بەگشتی ناتوانین پێناسەی کاری ڕێکخراوەکان بە ئامانجی بزووتنەوەی


سەرچاوە
Serchawe

سیاسی چ نەتەوەیی و چ چەپ و سۆسیالیستی ببەستینەوە."

بزووتنەوەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گوتاردا یەک دەگرنەوە و هەر دووک لەسەر بنچینەی کوردایەتی و شوناسخوازیی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن. بەڵام لە باری چۆنیەتی هێنانە بەرباسی داخواز و ئامانجەکان و شێوەی خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەوپێش بردنیان و هەروەها لە بارەی سەقف و نێوەرۆکی ئەو داوا و ئامانجانەوە تا ڕادەیەک جیاوازن. بزووتنەوەی سیاسی خۆی لە بازنەی تێکۆشان لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیدا نەبەستۆتەوە و لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ بەرەوپێشبردنی داخوازەکانی کەڵک وەردەگرێ، بەڵام بزووتنەوەی مەدەنی هەوڵ دەدات لە سەر دەرفەتێکی مومکین و بە شێوازی نەرم داواکانی مەترەح بکات. بەڵام ئەو جیاوازییانە نەک نەبوونەتە هۆی ئەوەیکە ئەم دوو بەستێنە لە خەبات بەرانبەر بە یەکتر ڕابوەستن، بەڵکوو هەر دوو بزووتنەوەکە خۆیان بە پشتیوانی یەکتر دەزانن.

١١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# پاسپاسێنی ئێران - ئیسرائیل و مەرامی هاوبەشیان



**سمایل شەرەفی**

دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبر بۆ سەر هاووڵاتییانی ئیسرائیلی کە هەر زوو دەرکەوت ڕێکخراوی حەماس بە چرا سەوز و دنەدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەی بردووە و گومان لە نائاگاداربوونی دەزگا ئەمنییەتی و زانیارییەکانی ئیسرائیلیش لەم هێرشەدا کرا، هەڕەشە و گوڕەشەی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر یەکتر و ئەمجارەیان لە سیاسەتی پاسپاسێنی مووشەکیدا دەستی پێکرد. لە یەکەم کاردانەوەدا ئەرتەشی ئیسرائیل بە ناوی داکۆکی لە مان و مەوجوودییەتی خۆی و پاراستنی خەڵکی وڵات، هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر حەماس و بە خەستی پێگە و شوێنەکانی حەماسی لە غەززە کردە ئامانج و هاوکات لەگەڵ کوشتنی فەرماندە و ڕێبەرانی حەماس وێڕای وێرانبوونی ئەم شارە بە هەزاران کەسی دیکەش لە خەڵکی بێدیفاع بوونە قوربانی.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبری بە "کاری خودی فەلەستینییەکان" ناو برد، بەڵام هەر لە سەرەتاوە عەلی خامنەیی، ڕێبەری نیزام ڕاشکاوانە پشتیوانیی خۆی لەم پەلامارە ڕاگەیاند و شان و پیلی پەلاماردەرانی ماچ کرد و پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆی لە حەماس ڕاگەیاندەوە.

لەم نێوەدا حیزبوڵڵای لوبنان ڕاست بە هاندانی کۆماری ئیسلامی، مانگێک دوای هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبر، هێرشی مووشەکیی بۆ سەر چەند پێگەیەکی ئەرتەشی ئیسرائیل دەست پێکرد. لە وەڵامی ئەم هێرشانەی حیزبوڵڵادا ناتانیاهوو ڕایگەیاند؛ ڕاوێژکارانی ئێرانی لەم کردەوانەدا کرانە ئامانج و باڵوێزخانەی ڕێژیم لە سووریە مووشەکباران کرا کە تیایدا چەند فەرماندەیەکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی کوژران و هاوکات لە چەند شەوی جیاوازدا چەند پێگەیەکی دیکەی هێزەکانی نزیک لە ئێران، لە عێراق و سووریە کرانە ئامانج و چەند بەرپرسێکی باڵایان لە دەمشق و بەغدا کوژران.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت فەرماندەرانی سپای پاسداران کە بەردەوام وادە و بەڵێنی "تۆڵەی سەخت"یان دابوو و لەمێژیش بوو دەیانگوت کە لە ڕێگای مووشەکەکانیانەوە ناوەندی ئیسرائیل واتە "خاکی تێلاڤیڤ بە توورەکە دادەبێژن"، لە نیوەشەوی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان و حوسەییەکانی یەمەن بە هەڵاویشتنی زیاتر لە ٣٠٠ مووشەک و درۆن، هێرشی کردە سەر ئیسرائیل. یەکەم هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کە بە "وەعدەی سادقی یەک" ناودێر کرا، ئاکامێکی گاڵتەجاڕانەی لێ کەوتەوە!!؛ دوو کاتژمێر پێش لە هەڵدانی مووشەکەکانی ڕایگەیاند کە هێرش دەکات!!، بەشێک لەو مووشەک و درۆنانەی کە بەرەو ئیسرائیلی هەڵدان، لە وڵاتانەی دیکەی وەک عێراق و ئۆردوون کەوتنە خوارەوە و ئەو بەشەش کە گەیشتنە ئاسمانی ئیسرائیل لەلایەن پەدافەندی چالاکی بەرگریی ئیسرائیل ناسراو بە گونبەدی ئاسنین ڕاوکران و تەقێندرانەوە بێ ئەوەی خوێن لە لوتی ئیسرائیلییەک بێت!!

کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشە مووشەکییە هەڕەشەی کردەوە کە ئەگەر ئیسرائیل وڵام بداتەوە، وڵامدانەوەیان توندتر دەبێ! لە بەرانبەردا ئیسرائیلییەکان ڕایانگەیاند کە کۆماری ئیسلامی بەو هێرشە گۆڕی خۆی هەڵقەند و با چاوەڕوانی وەڵامی تایبەت بێت.

هێرش بۆ سەر پێگەکانی حەماس لە غەززە توندتر بوو، غەززە جیا لە وێرانەیەک شتێکی ئەوتۆی لێ نەمایەوە، فەرماندەرانی حەماس یەک بە دوای یەکدا کوژران کە ناوەناوە ناوی چەند کوژراوێکی سپای پاسدارانی قودسیش بڵاو دەبووەوە و جارجارەش حیزبوڵڵا لە لوبنان وهێزەکانی دیکەی نزیک لە ئێران، لە عێراق و سووریە و یەمەن پێگەکانی ئیسرائیل و ئەمریکایان دەکردە ئامانج.

ڕەوتی پاسپاسێنەکە هەروا درێژەی کێشا تا ئەو ئێوارەی کە ڕێوڕەسمی دەست بەکاربوونی مەسعوود پزیشکیان وەک سەرکۆماری تازەی ئێران کۆتایی پێهات و ئیسماعیل هەنییە، ڕێبەری ڕێکخراوی حەماس لە یەکێک لە هوتێلەکانی تاران کرایە ئامانج و کوژرا. کوژرانی ئیمساعیل هەنییە کە ئیسرائیل بە ڕەسمی کوشتنەکەی نەگرتە ئەستۆ، کۆماری ئیسلامی و

هێزە نیابەتییەکانی زیاتر ئاڵۆز کرد و کەوتنە هەڕەشە و گوڕەشەی تۆڵەکردنەوەی سەخت لە ئیسرائیل.

مەسعوود پزیشکیان کە دوای کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی سەرۆکۆماری پێشوو، بە پشتیوانیی خامنەیی و بە دەنگێکی کەمی خەڵک هاتبووە سەرکار، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە بە زمان و هەڵسوکەوتێکی تا ڕادەیەک جیاواز لە ئەدەبیاتی ڕێژیم بەرانبەر بە دنیای دەرەوە دەربکەوێت و کەمێک لە تەنش و ئاڵۆزییەکان کەم بکاتەوە. بەڵام لەلایەک توندڕەوەکانی نێوخۆی دەسەڵات دیسان قسەی سەر زمان و ژێر زمانیان هەر "تۆڵەکردنەوەی سەخت" بوو و لەلایەکی دیکەش، ئیسرائیل لە هێرش بۆ سەر هێزە نیابەتییەکان بەردەوام بوو.

دوای یەکەم سەفەری وەک سەرۆککۆماری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، پزیشکیان لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیسان هەوڵی دا بە زمان و ئەدەبیاتێکی تا ڕادەیەک جیاواز لە سەرکۆمارەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت ڕەئیسی و ئەحمەدینژاد دەربکەوێ. ناوبراو بە جێی ڕوانگە و ڕوویکەردی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا باسی لە لێک تێگەیشتنی چەند لایەنە کرد، باسی لە درێژەدان بە سیاسەتی وتووێژ و لابردنی گەمارۆکان هێنایە ئاراوە، لە کۆبوونەوە و وتووێژەکانی لەگەڵ میدیاکاندا تەنانەت باسی لە چەکدانانی وڵاتەکەی کرد.

لە بەرانبەر هێرشی توندڕەوەکانی نێوخۆی وڵات نزیک بە بەیتی خامنەییدا پزیشکیان لە وتووێژێکدا وێڕای ئاگادارکردنەویان لە ئاکامی کەوتنەشەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و درێژەکێشانی ئەم شەڕە لەسەر وڵات وتی "لە وەها حاڵەتێکدا هیچ شتێک لە ئێران نامێنێتەوە و دەوڵەتی ناتانیاهۆ دەیهەوێ پەلکێشی ئەم مەیدانەمان بکات کە نابێ تێ بکەوین."
هێشتا کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەواو نەببوو و هەیئەتی ئێرانی نەگەڕابوونەوە تاران کە هەواڵی کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا لە بەیرووت لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە بڵاوکرایەوە و بۆ جارێکی دیکە تۆپەکە کەوتەوە مەیدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

کوژرانی نەسروڵڵا لەگەڵ ئەوەی بۆ ئێران و"بەرەی مقاومەت" قورس و گران بوو، ئەو گومانەی زیاتر خستە سەر ئێران کە هەنییە و نەسروڵڵا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە فرۆشراون و لە ڕێگای ئێرانییەکەوە، شوێنی کۆبوونەوەی نەسروڵڵا بۆ ئیسرائیل کەشف کراوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئارامکردنەوەی نیابەتییەکان و ڕەواندنەوەی ئەو گومانە، دەبوا زووتر لە عەمەلیاتی وەعدەی سادقی یەک، سادقی دوو بەڕیوە بەرێت.
عەمەلیاتی وەعدەی سادقی دوو لە ژووری عەمەلیاتەوە و بە فەرماندەیی حوسەین سەلامی، فەرماندەی سپای پاسدارانی

ڕێژیم و بە بەشداریی کۆمەڵێک پاسدار و ئاخوند و بەسیج کە زیاتر لە سیرکێکی گاڵتەجاڕانە دەچوو، بەڕێوەچوو. دیسان هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسرائیل کە لە ئاکامدا تەنیا کەسێکی فەلەستینی! کوژرا.

تۆپەکە کەوتەوە مەیدانی ناتانیاهوو؛ ناوبراو ڕایگەیاند کە لەم هێرشە ناگوزەرێین و تۆڵە دەکەینەوە. بەرپرسانی ڕێژیمی ئێرانیش دەڵێن ئەگەر ئیسرائیل وەڵام بداتەوە، وەڵامەکەی ئێمە سەختتر!! لە ئەوانەی پێشوو دەبێ. تەنیا شەوێک دوای هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ئەرتەشی ئیسرائیل بە هەڵدانی سەدان مووشەک بەرەو ناوچەکانی باشووری لوبنان، بە دەیان پێگەی حیزبوڵڵای کردە ئامانج کە وەک باس دەکرێ بە دەیان کەس گیانیان لەدەست داوە.

هیچ دوور نییە ئەم پاسپاسێنە مووشەکییەی دەوڵەتی ناتانیاهوو و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جارێ بەم زووانە نەبڕێتەوە. بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە هەردوو لا بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان لانیکەم حەز بە ئاساییبوونەوەی دۆخەکە ناکەن و باوەڕیان بە گەیشتن بە ئاشتەوایی نییە. ئەقڵییەتی توندڕەوی و شەڕئاژۆیی هەر دوو وڵات کە نزیک بە پەنجا ساڵە، ئارامی، ئەمنییەت و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی گەلانی وڵاتی خۆیان و خەڵکی هەردوو وڵات و هی دیکەیان بە بارمتە گرتووە، لە یەک خاڵدا هاوبەشن و بۆ بەهێزهێشتنەوەشی سیاسەتی پاسپاسێنیان گرتووەتە بەر، کە ئەویش؛ قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و هەڵاتن لە قەیرانەکانی نێوخۆی هەردوو وڵات و هەوڵدان بۆ بەلارێدابردنی بیروڕای گشتیی لەسەر کێشە نێوخۆییەکانیان و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە هەردوولایانە.

١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵسەنگاندنێک بۆ شۆڕشی ژینا و ڕووداوە پەیوەندیدارەکانی



سەیران مەنووچێهری (کازیوە)

**پوختەیە** :لەم وتارەدا سەرەتا پێناسەیەک لە شۆڕش، هۆکارەکانی شۆڕش و ئاماژەیەک بە چەند شۆڕشی دیاری وڵاتانی جیهان باس کراوە. پاشان هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەک بۆ شۆڕشی ژینا کراوە و لە ناوەڕۆکی وتارەکە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ دراوەتەوە و هەروەها ڕەهەندەکانی خەبات لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان خراوەتە بەرباس و بەڕوونی باس لە مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد، سەربەخۆییی کوردستان و کاردانەوەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتە هاوڕا و دژبەرەکانی دەوڵەتی کوردستان کراوە.

١- ئایا ئەو ڕاپەڕینەی دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی ڕووی دا شۆڕش بوو، دەکرێت پێی بێژین شۆڕش؟

١- ئەلف. بۆ ئەوەی باشتر لەم باس و بابەتە تێ بگەین، سەرەتا دەبێت شۆڕش ڕوون بکەینەوە و بڵێین چ جۆرە بزووتنەوەیەک پێی دەوترێت شۆڕش و شۆڕش چییە.

١- ب. نیشانەکانی ئامادەبوونی کۆمەڵگەیەک بۆ شۆڕش و ئەگەری ڕوودانی شۆڕش لەو کۆمەڵگەیەدا ڕووی داوە و ڕوو دەدات،

چییە؟

## ١- شۆڕش چییە؟

لە زانستی سیاسیدا شۆڕش (بە لاتینی'revolutio' ، 'وەرچەرخانێک'): شۆڕش بریتییە لە گۆڕینی خێرا و بنەڕەتی لە پێکهاتە چینایەتی، دەوڵەت، نەتەوەیی، یان ئایینییەکانی کۆمەڵگە. زۆر جار ڕووخان یان دەستبەرداربوونی حکوومەتێک یان فەرمانڕەوایەک و جێگرتنەوەی حکوومەتێکی دیکە لەلایەن حوکمڕانەکانەوە دەگرێتەوە. شۆڕشەکان دەتوانن توندوتیژ یان ناتوندوتیژ بن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی گۆڕانکاریی بەرچاو لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان ئابووریدا لەخۆ دەگرێت.

### بەبۆچوونی "جاک گۆڵدستۆن"ی کۆمەڵناس، هەموو شۆڕشەکان کۆمەڵێک توخمێکی هاوبەش لە ناوەڕۆکی خۆیاندا لەخۆدەگرن وەک:

ئەلف؛ هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕێژێمی سیاسی کە سوود لە دیدگایەکی کێبڕکێکار "یان دیدگاکان"ی نەزمێکی دادپەروەرانە وەردەگرن.

ب؛ پلەیەکی بەرچاو لە کۆکردنەوەی جەماوەری نافەرمی یان فەرمی.

پ؛ هەوڵەکان بۆ ناچارکردنی گۆڕانکاری لە ڕێگەی کردەوەی نادامەزراوەیی وەک خۆپیشاندانی جەماوەری، نارەزایەتی، مانگرتن، یان توندوتیژی و...

### تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شۆڕش

ئەلف؛ گۆڕانکاریی بناغەیی: شۆڕشەکان ئامانجیان گۆڕینی بنەما و پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکە.

ب؛ گۆڕانکاریی خێرا: زۆر جار گۆڕانکارییەکان بەخێرایی ڕوو دەدەن و دەبێتە هۆی هەڵچوونێکی بەرچاو.

پ؛ بزووتنەوەی ڕێکخراو: زۆر جار شۆڕشەکان لەلایەن گرووپ یان بزووتنەوە ڕێکخراوەکانەوە بەڕێوە دەچن.

ت؛ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان ئابووری: دەتوانن گۆڕانکاری لە هەر کام یان هەموو ئەو بوارانەدا لەخۆ بگرن.

**جۆرەکانی شۆڕش**

ئەلف؛ شۆڕشە سیاسییەکان: ئەمانە تیشک دەخەنە سەر گۆڕانکارییەکانی حکوومەت و سیستەمی سیاسی، وەک شۆڕشی

ئەمریکا و شۆڕشی فەرانسە.

ب؛ شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان: ئەمانە گۆڕانکاریی بەرچاو لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، وەک شۆڕشی ڕووسیە و شۆڕشی چین.

پ؛ شۆڕشە ئابورییەکان: ئەمانە تیشک دەخەنە سەر گۆڕانکارییەکانی سیستەمی ئابووری، وەک شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی دیجیتاڵی.

## ئەو هۆکارانەی کە دەتوانن ببنە هۆی شۆڕش

ئەلف؛ نایەکسانی و نادادپەروەری: کاتێک مرۆڤەکان هەست دەکەن بە نادادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت یان مافەکانیان پێشێل دەکرێت، لەوانەیە ئەگەری ڕاپەڕینیان زیاتر بێت.

ب؛ دژواریی ئابووری: قەیرانە ئابوورییەکان دەتوانن خولقێنەری ناڕەزایەتی بن و بزوێنەری بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بن.

پ؛ چەوسانەوەی سیاسی: کاتێک حکوومەتەکان زۆر سەرکوتکەر یان پاوانخواز دەبن، ڕەنگە خەڵک هەوڵی ڕووخاندنیان بدەن.

ت؛ گۆڕانی کولتووری یان ئایدئۆلۆژی: گۆڕانکاری لە بیروباوەڕ، بەهاکان، یان هەڵوێستەکاندا دەتوانێت ببێتە هۆی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە.

شۆڕشەکان بەدرێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی ڕوویان داوە و لە شێواز و ماوە و دەرئەنجامەکانیاندا جیاواز بوون. هەندێک شۆڕش بە ڕاپەڕینی جووتیاران یان شەڕی پارتیزانی لە پەراوێزی وڵاتێکدا دەستی پێ کرد؛ هەندێکی تریش بە یاخیبوونی خەڵکی شارەکان دەستیان پێ کرد.

ناسیۆنالیزم وەک یەکێک لە دینامۆکانی شۆڕش دەکرێت لە بەرزبوونەوەی هەستی شۆڕشگێڕیی جەماوەریی کاریگەر بێت و هەندێک ئایدئۆلۆژیی سیاسی و بنەمای ئەخلاقی، یان مێتۆد و شێوازەکانی حوکمڕانی وەک کۆماریخوازی، دێموکراتیزاسیۆن، مافی چارەنووس، مافی مرۆڤ، لیبراڵیزم، فاشیزم یان سۆسیالیزم بێنێتە ئاراوە.

ڕەنگە ڕێژیمێک بەهۆی دۆڕان و تێکشکانی سەربازیی ئەم دوایییە، یان ئاژاوەی ئابووری، یان سووکایەتیکردن بە شانازی و ناسنامەی نەتەوەیی، یان سەرکوت و گەندەڵیی بەربڵاو، بەرەورووی شۆڕش ببێتەوە. شۆڕشەکان بە شێوەیەکی گشتی دژەشۆڕشەکان دەست پێ دەکەن کە هەوڵ دەدەن زەبریی شۆڕشگێڕانە بوەستێنن، یان ڕەوتی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانەی بەردەوام پێچەوانە بکەنەوە.

## شۆڕشە دیارەکانی سەدەکانی ئەم دواییە بریتین لە؛

- شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٥ - ١٧٨٣): شەڕێک بوو بۆ سەربەخۆیی لە دەسەڵاتی بریتانیا کە لە ئاکامدا ئەمریکا دروست بوو.
- شۆڕشی فەرانسە (١٧٨٩ - ١٧٩٩): قۆناغێکی هەڵچوون و ئاڵۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە فەرانسە کە بووە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و دامەزراندنی حکوومەتێکی کۆماری.
- شۆڕشی ڕووسیە (١٩١٧): زنجیرە ڕووداوێک کە بووە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی تزاری و دامەزراندنی یەکیەتیی سۆڤیەت.
- شۆڕشی چین (١٩٢٧ - ١٩٤٩): شەڕێکی ناوخۆییە کە لە ئاکامدا کۆماری گەلی چینی دامەزراند.
- هەروەها کۆلۆنیالیزەکردنی ئەفریقا لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٧٥، شۆڕشی کووبا لە ساڵی ١٩٥٩، شۆڕشی گەلانی ئێران و شۆڕشی نیکاراگوا لە ساڵی ١٩٧٩، شۆڕشەکانی جیهانی ١٩٨٩ و بەهاری عەرەبی لە سەرەتای ساڵانی ٢٠١٠.

گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە کاتێکدا شۆڕشەکان دەتوانن گۆڕانکاریی بەرچاو پێک بهێنن، بەڵام دەتوانن تێکەڵاو و پێشبینینەکراویش بن. دەرئەنجامەکانی شۆڕشەکان دەتوانن زۆر جیاواز بن و زۆر جار کات دەخایەنێت تا ئاکامە تەواوەکان دەردەکەون.

## پێناسەی شۆڕش لە ڕوانگەی جاک گۆڵدستۆن

جاک گۆڵدستۆن پێی وایە کە شۆڕش هەوڵێکە بۆ گۆڕینی دامەزراوە سیاسییەکان و پاساوەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، لەگەڵ کۆکردنەوەی جەماوەری فەرمی یان نافەرمی و کردەوەی نادامەزراوەیی کە دەسەڵاتەکان تێک دەدەن. ئەم پێناسەیە ئەوەندە فراوانە کە ڕووداوەکان لە شۆڕشە تا ڕادەیەک ئاشتیخوازەکانەوە دەست پێ دەکات کە ڕێژیمە کۆمۆنیستەکانیان ڕووخاند تا شۆڕشی توندوتیژیی ئیسلامی لە ئەفغانستان. لە هەمان کاتدا ئەم پێناسەیە ئەوەندە بەهێزە کە کوودەتا و ڕاپەڕین و شەڕی ناوخۆ و یاخیبوونەکان بەدەر بکات کە هیچ هەوڵێک بۆ گۆڕینی دامەزراوەکان یان پاساو بۆ دەسەڵات نادەن. هەروەها پێناسەکەی گواستنەوەی ئاشتییانە بۆ دیموکراسی لە ڕێگەی ڕاپرسی یان هەڵبژاردنی ئازادەوە بەدەر دەکات، وەک ئەوەی لە ئیسپانیا دوای مردنی فرانسیسکۆ فرانکۆ ڕووی دا، یان لە ئەرژانتین و شیلی دوای لەناوچوونی دەسەڵاتە سەربازییەکانیان.

زانایانی سەرەتایی زۆر جار مشتومڕیان لەسەر جیاوازیی نێوان شۆڕش و شەڕی ناوخۆ دەکرد. هەروەها پرسیاریان دەکرد کە ئایا شۆڕش تەنیا سیاسییە (واتە پەیوەندی بە داڕشتنەوەی حکوومەتەوە هەیە) یان "گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و گشتگیرە کە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگاەیەک هەیە، لەوانەش ئابووری، ئایینی، پیشەسازی، ... و خێزانیی و هەروەها سیاسییش".

**ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژی:** بیۆرن تۆماسن بە سوودوەرگرتن لە نووسینەکانی ڤیکتۆر تۆرنەر سەبارەت بە ڕێوڕەسم و ئەنجامدان، پێشنیاری کرد کە دەتوانرێت شۆڕشەکان وەک ساتێکی "سنووری" تێ بگەین؛ شۆڕشە سیاسییە مۆدێرنەکان زۆر لە ڕێوڕەسمەکان دەچن، هەر بۆیە دەتوانرێت لە چوارچێوەی ڕێبازێکی پرۆسێسدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت. ئەمەش نەک تەنیا مانای گرنگیدان بە ڕەفتاری سیاسی "لە خوارەوە" دەدات، بەڵکوو ناسینی ئەو ساتانەی کە "بەرز و نزم" ڕێژەیی دەکرێن، دەشێوێنرێن، یان ناپەیوەندیدار دەکرێن و ئاستی مایکرۆ و ماکرۆ لە پەیوەندییە ڕەخنەگرانەکاندا پێکەوە دەتوێنەوە. "دۆگلاس نۆرس"ی ئابووریناس، تێبینییەکی وریای سەبارەت بە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە بەرز کردووە کە چۆن "هەرگیز ئەوەندە شۆڕشگێڕانە نییە کە ڕیتۆریکەکەی وامان لێ دەکات باوەڕمان پێ بکەین".

لە کاتێکدا دەتوانرێت "یاسا فەرمییەکان"ی یاسا و دەستوورەکان لە شەوێکدا بگۆڕدرێن، بەڵام "کۆتوبەندە نافەرمییەکان، وەک ئینسێرشیای دامەزراوەیی و میراتی کولتووری بەخێرایی ناگۆڕێت و بەو هۆیەوە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی خاو دەکاتەوە." بەگوێرەی بۆچوونی نۆرس: گرژیی نێوان یاسا فەرمییەکان و سنووردارکردنی نافەرمی "بە شێوەیەکی گشتی بە هەندێک داڕشتنەوەی سنووردارکردنی گشتی چارەسەر دەکرێت - لە هەردوو ئاراستەکەدا - بۆ بەرهەمهێنانی هاوسەنگییەکی نوێ کە زۆر کەمتر شۆڕشگێڕانەیە لە ڕیتۆریک".

## ئەو هۆکارانەی دەبنە پۆتانسیێلی شۆڕش

لە کاتێکدا مەحاڵە بەدڵنیاییی ڕەها پێشبینی ئەوە بکرێت کە شۆڕشێک لە کوێ ڕوو دەدات، بەڵام هەندێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەتوانن ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشێک زیاد بکەن. داتا مێژووییەکان و تیۆرییە کۆمەڵناسییەکان لە زانستی سیاسیدا ئاماژە بە چەند هۆکارێکی سەرەکی دەکەن کە لە چەند خاڵێکدا باسی لەسەر دەکەین.

### ١- نایەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی

- نایەکسانیی ئابووری: نایەکسانیی بەرفراوان لە سامان و داهاتدا دەبێتە هۆی ناڕەزایەتی و نائارامیی کۆمەڵایەتی.

ـ نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی: کاتێک مرۆڤەکان هەست دەکەن مافەکانیان ڕەت دەکرێتەوە یان پێشێل دەکرێن یان مامەڵەی نادادپەروەرانەیان لەگەڵ دەکرێت، لەوانەیە زیاتر بەدوای گۆڕانکاریدا بگەڕێن.

## ٢- چەوساندنەوەی سیاسی

ـ ڕێژیمە پاوانخوازەکان: ئەو حکوومەتانەی ئازادییەکان قەتیس و بەرتەسک دەکەنەوە و هەروەها ناڕەزایەتییەکان سەرکوت دەکەن دەتوانن زەمینەیەکی گونجاو بۆ شۆڕش دروست بکەن.
ـ نەبوونی بەشداریی سیاسی: کاتێک مرۆڤەکان هەست بە دوورخستنەوە لە پرۆسەی سیاسی دەکەن، لەوانەیە پەنا بۆ ڕێوشوێنی توندڕەوتر ببەن.

## ٣- دژواریی ئابووری

ـ قەیرانی ئابووری: قۆناغەکانی دابەزینی ئابووری یان دژواری (سەختی)، نائارامیی کۆمەڵایەتی و ناڕازیبوون لە حکوومەت زیاد دەکات.
ـ بێکاری و هەژاری: ڕێژەی زۆری بێکاری و هەژاری دەبێتە هۆی سووتەمەنیی ناڕەزایەتی.

## ٤- گۆڕانکاریی کولتووری و ئایدئۆلۆژی

ـ گۆڕینی بەهاکان: گۆڕانکاری لە بەها و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیدا دەتوانێت تەحەدای پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەبووەکان بکات.
ـ سەرهەڵدانی ئایدئۆلۆژیی نوێ: سەرهەڵدانی ئایدئۆلۆژی یان بزووتنەوەی نوێ دەتوانێت ئیلهامبەخش بێت بۆ گەرمیی شۆڕشگێڕانە.

## ٥- لاوازبوونی دەوڵەت

ـ گەندەڵی و ناکارامەیی: حکوومەتێکی گەندەڵ یان ناکاریگەر دەتوانێت متمانەی گشتی و ڕەوابوونی (شەرعیەت) لەناو ببات.

. لەدەستدانی کۆنترۆڵ: کاتێک حکوومەتێک توانای پاراستنی ڕێکوپێک یان دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی لەدەست دەدات، ئەوا زیاتر بەرەوڕووی ئاستەنگەکان دەبێتەوە.

## ٦- هۆکارە دەرەکییەکان

. دەستێوەردانی دەرەکی: هێزەکانی دەرەوە دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە ناسەقامگیرکردنی کۆمەڵگەیەک و وروژاندنی شۆڕش.
. ڕووداوە جیهانییەکان: قەیرانە نێودەوڵەتییەکان یان ململانێیەکان دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لە شەپۆلی سەرهەڵدان و دروستبوونی نائارامیی ناوخۆیی.

### نموونەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان کە توانای شۆڕشیان هەیە

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەمانە تەنیا سیناریۆی پۆتانسێلن و پێشبینیی گەرەنتیکراو نین، بەڵام هەندێک کۆمەڵگەی هاوچەرخ زۆر جار ئاماژەیان پێ دەکرێت کە بەپێی هەلومەرجیان ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕش لەو کۆمەڵگەگەلە زیادە، کە بریتین لە:

. **ڤەنزوێلا:** ململانێ لەگەڵ دارمانی ئابووری و ناسەقامگیریی سیاسی و حوکمڕانیی تاکڕەوانە.
. **ئێران:** ڕووبەڕووی سزای ئابووری، سەرکوتی ئازادی و سیاسی، داگیرکردنی نیشتمانی نەتەوە جیاوازەکان، لەناوبردنی جیاوازییەکانی ناو جوگرافیای ئێران و نائارامیی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و بەگشتی دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری.
. **بێلاڕووس:** ناڕەزایەتی لە دژی دەسەڵاتی پاوانخوازانە و ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا بەڕێوە دەچێت.
. **میانمار:** تووشی گێژاوی سیاسی و حوکمی سەربازی و ململانێی نەتەوەیی بووە.

پۆتانسێلی شۆڕش لەژێر کاریگەریی جۆراوجۆری گرێدراوی یەکتردایە و بارودۆخی تایبەت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەتوانێت بەخێرایی بگۆڕێت.

تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە ئاگری شۆڕشی ژینا لە ئێران دەست پێ بکاتەوە؟
بەگوێرەی ئەو داتایانەی کە تازە پێناسەمان کردن سەبارەت بەوەی کە چ پلاتفۆرمێک هەیە بۆ دەستپێکردنی شۆڕش، دەبێت سەرەتا پۆتانسیلی شۆڕشێکی دیکە هەڵسەنگێنین و تێگەشتنێکی باش لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" بەدەست بهێنین.

١- ئەلف؛ هەڵسەنگاندنی پۆتانسێلی شۆڕشێکی دیکە

١- ب؛ تێگەیشتن لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی

شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" کە بە کوشتنی ژینا ئەمینی لە تارانی پایتەختی ئێران، لە کوردستان سەری هەڵدا و لە ئێران ڕاپەڕینێکی بەرچاو بوو، بە نارەزایەتیی بەربڵاو لە دژی ڕەوتی جلوبەرگی توندی وڵات، نایەکسانیی جێندەری و حکوومەتی تیۆکراتیکی ئەو وڵاتە تایبەتمەند بوو. بزووتنەوەکە ویستێکی بەهێزی بۆ ئازادی و مافە گەورەکان بەتایبەتی بۆ ژنان نیشان دا.

## هۆکارەکانی پێشنیاری ئەگەری بەردەوامبوونی نائارامییەکان

ـ سەرکوتی بەردەوام: حکوومەتی ئێران بەردەوام بووە لە سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان، دەستبەسەرکردن و بەندکردنی خۆپیشاندەران و سنووردارکردنی ئینتەرنێت. ئەمەش دەتوانێت سووتەمەنیی زیاتری نارەزایەتی و بەرخۆدان بێت.

ـ دژواریی ئابووری: ئابووریی ئێران بەهۆی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان و پرسە ناوخۆیییەکانەوە چەتوونە و بەرەو دارمان ئەڕوات. دژواریی ئابووری دەتوانێت گرژییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بکات و زەمینەیەکی بەپیت بۆ نارەزایەتییەکان دروست بکات.

ـ **نارازیبوونی لاوان:** لاوان تا ڕادەیەکی زۆر دینامۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" بوون، کە تاکوو دێت بێزار دەبن لە سیاسەتەکانی حکوومەت و نەبوونی دەرفەت.

ـ **پاڵپشتیی نێودەوڵەتی:** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نیگەرانیی خۆی لەسەر چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی حکوومەتی ئێران لەگەڵ خۆپیشاندەران دەربڕی. بەردەوامیی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی دەتوانێت ئۆپۆزسیۆن بوێر بکات.

ـ **تۆڕی کۆمەڵایەتی:** تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان وەک بەشێک لە تەکنۆلۆژیی مۆدێرنیتەی سەردەم ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەبووە لە ڕێکخستن و گەورەکردنی نارەزایەتییەکان. بەردەوامبوونی لەسەر ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە دەتوانێت ئاسانکاری بۆ کۆکردنەوەی داهاتوو بکات.

## هۆکارەکانی سنووردارکردنی ئەگەری شۆڕشێکی دەستبەجێ

ـ **کۆنترۆڵی حکوومەت:** حکوومەتی ئێران زاڵ بووە بەسەر دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا و هێزی ئەمنیی بەرفراوانی

لەبەردەستدایە.

ـ **دووبەرەکیی ناوخۆیی:** لە کاتێکدا هەستێکی بەهێزی یەکڕیزی لەنێوان زۆرێک لە خۆپیشاندەراندا هەیە، لەناو ئۆپۆزسیۆنیشدا دووبەرەکیی ناوخۆیی هەیە.

ـ **کۆتوبەندی دەرەکی:** سزای نێودەوڵەتی و دابڕانی دیپلۆماسی دەتوانێت توانای ئۆپۆزسیۆن بۆ وەرگرتنی پشتیوانیی دەرەکی سنووردار بکات.

**لەم ئاکامی ئەم بەشەدا ئەتوانین بێژین:** کاتێکدا پێشبینیکردنی داهاتوو ئەستەمە، بەڵام ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کراوە، ئەوە پیشان دەدەن کە ئەگەری نائارامی و خۆڕاگری زیاتر لە ئێراندا هەیە. بەڵام ئەگەری شۆڕشێکی بەرفراوانی دیکەی وەک شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" پەیوەستە بە چەندین هۆکارەوە، لەوانە وەڵامدانەوەی حکوومەت، ئاستی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و توانای ئۆپۆزسیۆن بۆ پاراستنی زەبری هێز.

٣- ١- بۆچی شۆڕشی ژینا بە ناوەندبوونی مافی ژنانەوە دەستی پێ کرد

٣- ٢- سەرکیترین کێشەی ژنان لە ئێران چییە؟

٣- ٣- ڕێگەچارەیەک بۆ بەسازمانیکردنی چالاکییەکانی ژنان و بە ئامانجی گیشتیی خەباتی ئازادیخوازانەیان دەتوانێت چی بێت؟

ئەم شۆڕشە بە "شۆڕشی ئازادی" ناو دەبرێت و ژنان بە شێوەیەکی بێوێنە لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە و هەر خۆیان بوونە ناوەندی شۆڕشەکە و پرسی ماف و داخوازییە ڕەوا نەتەوەیی و سێنفییەکانیان لەو سەرهەڵدانەدا جارێکی تر بەگوێی جیهاندا جاڕ دا.

**چەند هۆکارێک ئەم ناوەندگەرابوونەی ژن و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕوون دەکەنەوە کە بریتین لە:**

. **پۆشینی جلوبەرگ و کۆنترۆڵی جەستە:** یەکێک لە بزوێنەرەکانی شۆڕش مەرگی ژینا ئەمینی بوو، کە لەلایەن پۆلیسی سەرکەوتکەری ئەخلاقییەوە (گەشتی ئێرشاد) دەستبەسەر کرا بەهۆی ئەوەی گوایە سەرپۆشەکەی یان جلوبەرگەکەی بەهەڵە لەبەر کردووە. ئەم درامایە تیشکی خستە سەر ئەو سنووردارکردنانەی کە لەسەر ژنان دانراون لە ڕووی جلوبەرگ و کۆنترۆڵکردنی جەستەیانەوە.

. **هەڵاواردنی دامەزراوەیی:** ژنانی ئێران لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەتایبەت لە بواری پەروەردە و کار و مافە سیاسییەکاندا


سەرچاوە
Serchawe

ڕووبەڕووی هەڵاواردنێکی زۆر دەبنەوە. زۆر جار بە هاووڵاتیی پلە دوو دادەنرێت.

- **ویستەکان بۆ یەکسانی:** ئەوە لاوە ژنانەکانی ئێران تاکوو دێت زیاتر خوێندەوار و پەیوەستبوون بە جیهانی دەرەوە. ئەوان ئاواتەخوازن بۆ ژیانێکی ئازادتر و یەکسانیخوازانەتر، بە شکاندنی نۆرمەکانی تەقلیدی و ئەو سنووردارکردنانەی کە ڕێژیم سەپێنراون.
- **هێماسازیی حیجاب:** حیجاب بووەتە هێمای چەوساندنەوەی ژنان و حوکمی ئیسلامی. ژنانی ناڕازی بە لابردنی حیجابەکەیان، ڕەتکردنەوەی خۆیان لە نۆرمە کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان و ویستی خۆیان بۆ ئازادی دەربڕی.
- بزووتنەوەی فێمینیستی جیهانی: شۆڕش لە ئێران، لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە فێمینیستەکان لە سەرانسەری جیهاندا ڕوو دەدات. ژنان لە سنوورێک بەناوی ئێرانی ئیلهامیان لەم بزووتنەوەیانە وەرگرتووە و هەوڵیان داوە ببنە وتەبێژیان.

بەکورتی، ناوەندبوونی ژنان لە شۆڕشی ئێراندا پەیوەستە بەو چەوسانەوەیەی کە تووشی دەبن، ویستی یەکسانی و ویستی گۆڕینی قووڵی کۆمەڵگەی ئێران. دروشمێک کە لە ناخی بزووتنەوە کوردییەکانەوە دێت "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە دروشمی سەرەکیی خەڵکی تر و گوزارشت لە ویستی میلیۆنان ژن دەکات بۆ ئەوەی بەبێ کۆتوبەند بژین و بەتەواوەتی بەهرەمەند بن لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان.

ئەم شۆڕشە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێ کرد، بە نافەرمانیی مەدنیی خەڵکی کوردستان دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو و ئیلهامبەخش بوو بۆ چەندین بزووتنەوەی فێمینیست و بوو بە یەکەمین شۆڕشی فێمێنیستی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست و تەنانەت جیهانیش، بۆ نموونەی ئەم باسەش دەتوانین ئاماژە بە ناڕەزایەتییەکانی شاری "کالکوتا"ی سەر بە ویلایەتی "بەنگال"ی ڕۆژاوای هیندستان بکەین کە بەهۆی کوژرانی ژنێکی پزیشک کە لە نەخۆشخانەیەکی ئەو شارە و کوژرا، لە ڕێکەوتی ٩ی ئاگۆست بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ڕژانە سەر شەقام، کە ئیلهامی ئەم دروشمە بزوێنەرە کوردستان بووە.

هەروەها تیشکخستەسەر ئەو تەحەدایانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان. بنەڕەتیترین کێشەی بەردەم ژنان لە ئێراندا، نەبوونی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە.

**ئەمەش کۆمەڵێک پرسی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت، وەک:**



سەرچاوە
Serchawe

**. مافە یاساییە سنووردارەکان:** ژنان لە ئێران ڕووبەڕووی سنووردارکردن دەبنەوە بۆ مافە یاساییەکانیان، بەشداریکردنی ئازاد و بەگوێرەی توان لە کاروبارە سیاسییەکانی وڵاتی خۆیاندا، بەشداری لە کاروبارە کارگێڕییەکانی لاتی خۆیان، وەک توانای هاوسەرگیری، میراتگرتنی موڵک و ماڵ و سەفەر و کارکردن بەبێ سەرپەرشتیاری پیاو و...

**. بەزۆر پەردەپۆشکردن:** پێویستە ژنان لە بەردەم خەڵکدا حیجاب لەبەر بکەن، ئەمەش کارێکە کە زۆرێک لە ژنان وەک پێشێلکردنی سەربەخۆیی جەستەیی و ئازادیی ئایینی خۆیان هەست پێ دەکەن.

**. توندوتیژیی جێندەری:** ژنان لە ئێراندا ڕێژەیەکی بەرزی توندوتیژیی خێزانی، دەستدرێژیی سێکسی و جۆرەکانی تری توندوتیژیی جێندەری تووشی دەبن.

**. هەلی ئابووریی سنووردار:** زۆر جار ژنان لە شوێنی کاردا ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە و دەستڕاگەیشتنیان بە خوێندن و هەلی کار سنووردارە.

**. نەبوونی نوێنەرایەتیی سیاسی:** ژنان لە ئۆرگانەکانی حکوومەت و بڕیاردان کەمن.

ئەم پرسانە یەکتر دەبڕن و هۆکارن لە نایەکسانییەکی سیستماتیک کە توانای ژنان بۆ بەشداریکردنی تەواو لە کۆمەڵگە و گەیشتن بە تواناکانیان سنووردار دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانە ژنی کورد کێشە قەیرانی نەبوونی نەتەوەی خاون دەسەڵاتیشی هەیە.

نادادپەروەریی یاسایی لە دژی ژنان لە ئێران. سیستەمی یاسایی ئێران کە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی (شەرع) دامەزراوە، زۆر جار ژنان لە پێگەیەکی ژێردەستەی پیاوان دادەنێت.

**هەندێک لەو نادادپەروەرییە یاساییە بەرچاوانەی کە ژنان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بریتین لە:**

## ١- یاسای خێزان

**- هاوسەرگیری و جیابوونەوە:** ئافرەتان ڕووبەڕووی سنووردارکردن دەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرەکەی، هەروەها زۆر جاریش زەمینە یاساییەکانی جیابوونەوە لە بەرژەوەندیی پیاوان قورسایی دەکرێت.

**. سەرپەرشتیکردنی منداڵ:** بەگشتی مافی سەرپەرشتیکردن دەدرێت بە باوک، تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە دایک چاودێری سەرەکی بێت.

**. میرات:** زۆر جار ژنان لە میراتدا کەمتر لە پیاوان وەردەگرن، بەتایبەتی ئەگەر برایان هەبێت.

## ٢- دۆخی کەسی

**. سەرپەرشتیاری:** ژنان پێویستیان بە سەرپەرشتیاری پیاو هەیە (بەزۆری باوک، مێرد، یان برا) بۆ زۆرێک لە چالاکییەکان وەک سەفەر، دامەزراندن، و هاوسەرگیری.

**ـ یاسای جلوبەرگ:** ژنان پێویستە حیجاب لەبەر بکەن لە بەردەم خەڵکدا، ئەمەش سنووردارکردنێکە کە زۆرێک بە پێشێلکردنی ئازادی ئایینی و ئۆتۆنۆمی جەستەیی خۆیان سەیری دەکەن.

## ٣- یاسای تاوان

**. شایەتحاڵی:** لە هەندێک حاڵەتدا ئیفادەی ژن بە نرخێکی کەمتر دادەنرێت لە چاو پیاو.

**. سزا:** ڕەنگە ژنان ڕووبەڕووی سزای جیاواز ببنەوە لەسەر هەمان تاوانی پیاوان، زۆر جار لەسەر بنەمای باری خێزانی یان هۆکاری تر.

## ٤- بەشداری سیاسی

. نوێنەرایەتیی سیاسیی سنووردار: ژنان لە ئۆرگان و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی حکوومەت و بڕیاردان کەم نوێنەرایەتییان هەیە.

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەک لە نادادپەروەرییە یاساییەکانی بەردەوام لە بەردەم ژنانی ناو جوگرافیای ئێران. تێکەڵکردنی ئەم سنووردارکردنە یاساییانە و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو دەرفەت و ئازادییەکانی ژنان سنووردار بکات.

شەڕی مافەکانی ژنان پرسێکی ئاڵۆز و فرەلایەنە، پێویستی بە تێکەڵەیەک لە کردەوەی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ و سیستماتیکی هەیە. لێرەدا چەند ستراتیژێک دەخەینە ڕوو کە ژنان دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان.



سەرچاوە
Serchawe

### ١- کردارە تاکەکەسییەکان

**- پەروەردە و هۆشیاری:** فێربوونی ناسین و هۆشیاری لەسەر مافەکانی و ئەو یاسایانەی کە دەیپارێزن. ئەم زانیارییە لەگەڵ کەسانی دیکەی کۆمەڵگەکەتدا بەشی بکات.
**- قسەکردن:** نەترسین لە دەربڕینی بۆچوون و ئەزموونەکانی. تەحەدای پراکتیزە و چەشنە چەقبەستووەکانی جیاکاری.
**- پشتیوانی لە ڕێکخراوەکانی ژنان:** بەشداریکردن یان هاوکاریکردن بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە داکۆکی لە مافەکانی ژنان دەکەن.

### ٢- کردارە بەکۆمەڵەکان

**- ڕێکخستن و ناڕەزایەتیدەربڕین:** بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و ڕێپێوان و جۆرەکانی تری کردەوەی بەکۆمەڵ بۆ هۆشیارکردنەوە و گوشار بۆ گۆڕانکاری.
**- تۆڕەکانی فۆرم:** پەیوەندی لەگەڵ ژنانی تردا بکەن بۆ بنیاتنانی پشتیوانی و هاودەنگی.

### ٣- گۆڕانکارییە سیستماتیکییەکان

**- داکۆکی یاسایی:** کارکردن بۆ چاکسازی لەو یاسا و سیاسەتانەی کە جیاکاری لە دژی ژنان دەکەن و هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایەیانە کە ڕیفۆرم هەڵناگرێت.
**- بەهێزکردنی ئابووری:** پاڵپشتی لەو دەستپێشخەرییانە دەکات کە سەربەخۆیی ئابووری و یەکسانی ژنان بەرەوپێش دەبەن.
**- پەروەردە و ڕاهێنان:** داکۆکیکردن لە دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ژنان و کچان بە یەکسانی.
**- تەحەدای چەشنە چەقبەستووەکان:** بەرەوپێشبردنی یەکسانی جێندەری لە ڕاگەیاندن و کولتوری باودا.

خەبات بۆ مافەکانی ژنان خەباتێکی درێژخایەنە کە پێویستی بە کۆڵنەدان و خۆبەخشی هەیە. ژنان بە گرتنەبەری هەنگاو لە هەردوو ئاستی تاکەکەسی و بەکۆمەڵدا دەتوانن بەشداری لە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر و یەکسانتردا بکەن. ژنانی کورد لەبیری نەکەن کە بۆ داواکارییەکانیان پێویستییان بە وڵاتێکی ئازاد و نەتەوەیەکی باڵادەست و بەهێزە، بۆیە دەبێت لە

دوو سەنگەر شەڕ کەن؛ هەم وەکوو ژنێک لە بەرانبەر تەواو ئەو هەڵاوادانە و هەم وەکوو کوردێک بۆ مافەکانی نەتەوەکەی.

## زانیاریی ئاماری

بۆ باشتر تێگەیشتن لەو گوشارە دووقاتە کە لەسەر ژنانی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان هەیە، دەتوانین چاوێک بەو ئامارانەدا بخشێنین کە لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو بڵاو کراوەتەوە و لەم وتارەدا بە ڕێپێدانی خودی هەنگاو وەک نموونە دەخرێتە بەر سەرنجتان.

### ئەلف؛ لە دەستپێکی شۆڕشی ژیان تا کۆتاییی ساڵی ٢٠٢٢، دەستبەسەرکردنی ٢٢٢ ژن لە شۆڕشی ژینادا لە کوردستان کە بەگوێرەی شارەکان بەم شێوەی خوارەوەن:

- سنە: ٧٠ کەس
- کرماشان: ١٧ کەس
- ئیلام: ١٤ کەس
- دێولان: ١١ کەس
- قوروە ١٠ کەس
- جوانڕۆ: ١٠ کەس
- بانە: ٩ کەس
- مەهاباد ٧ کەس
- پاوە: ٧ کەس
- دێلۆڕان: ٦ کەس
- تیکاب: ٦ کەس
- پیرانشار: ٦ کەس
- مەریوان: ٥ کەس
- بیجاڕ: ٥ کەس
- ئورمیە: ٥ کەس
- بۆکان: ٤ کەس



سەرچاوە
Serchawe

ـ کامیاران: ٣ کەس

ـ سەقز: ٣ کەس

ـ شنۆ: ٣ کەس

ـ سەوڵاوا: ٢ کەس

ـ ڕوانسەر: ٢ کەس

ـ ئاودانان: ٢ کەس

ـ قەسری شیرین، کۆتـۆل، قوچـان، شیروان، سـەحنە، سـایین قەڵا، سـەرپێڵی زەهـاو، سـەراوڵە، دیوانـدەرە، سەلاسـی باوەجانی، شاباد، کەلاردەشت، گیەڵان، مەلەکشایی و نەغەدە هەرکام: ١ کەس.

**ب ـ ١. لە ساڵی ٢٠٢٣ی زایینیدا ٩٢ ژن لە کوردستان دەستبەسەر کراون و لەو ئامارەش ٣ کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ و منداڵ بوون، کە بەگوێرەی شارەکان بەم شێوەی خوارەوەن:**

ـ سنە: ٣٧ کەس

ـ سەقز: ١١کەس

ـ بۆکان: ٧ کەس

ـ ئیلام: ٥ کەس

ـ دێهلۆڕان: ٤ کەس

ـ پیرانشار: ٤ کەس

ـ مەهاباد: ٣ کەس

ـ کرماشان: ٣ کەس

ـ مەریوان، قوچان، کامیاران، دێولان و بیجاڕ هەرکام: ٢ کەس

ـ کەلاردەشت، گیەڵان، سەراوڵە، سەلاسی باوەجانی، پاوە، بانە، ئەیوان و ئورمیە هەرکام: ١ کەس

**ب؛ ٢. لە سالی ٢٠٢٣دا ٣٤ ژنان لە کوردستان کوژراون کە ١٥ کەسیان بە پاساوی نامووس و شەرەف بووە کە بەگوێرەی شارەکان بەم شێوەی خوارەوەن:**

ـ کۆتۆل: ٢ کەس هەردووی ناموسی بووە

ـ ئیلام: ٢ کەس

- پیرانشار: ٣ کەس کە هەر سێ کەسەکەیان بە پاساوی نامووس بووە
- سەردەشت: ٢ کەس کە هەردوو کەسیان بە پاساوی نامووس بووە
- ئورمیە: ٢ کەس کە ١ کەسیان بە پاساوی نامووس بووە
- شاباد: ١ کەس
- ئەلەندی خۆی: ١ کەس کە بە پاساوی نامووس بووە
- دێولان: ١ کەس
- دیواندەرە: ١ کەس کە بە پاساوی نامووس بووە
- ڕەبەت: ١ کەس کە بە پاساوی نامووس بووە
- سەرپێڵی زەهاو: ١ کەس کە بە پاساوی نامووس بووە
- سەوڵاو: ١ کەس
- سەڵماس: ١ کەس
- سنە: ١ کەس
- سەحنە: ٣ کەس
- کەنگەڤەر: ١ کەس
- کرماشان: ٣ کەس کە ١ کەسی بە پاساوی نامووس بووە
- گیەڵان: ٢ کەس
- مەریوان: ٣ کەس کە ٢ کەسیان بە پاساوی نامووس بووە
- مەڵەکشایی: ١ کەس
- هەلەیلانی ئیلام: ١ کەس

**پ؛ لە ساڵی هەشت مانگی سەرەتای ٢٠٢٤ی زایینیدا ١٩ ژن لە کوردستان دەستبەسەر کراون و لەو ئامارەش ٣ کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ و منداڵ بوون، کە بەگوێرەی شارەکان بەم شێوەی خوارەوەن:**

- ئورمیە: ١ کەس
- ئیلام: ١ کەس
- ئەیوان: ٢ کەس کە ١ کەس بە پاساوی نامووس بووە
- پەهلەی ئیلام: ١ کەس



سەرچاوە Serchawe

- بوجنورد: ١ کەس کە بە پاساوی نامووس بووە
- پیرانشار: ١ کەس
- دەڕەگەز: ١ کەس
- سەڵماس: ١ کەس کە بە پاساوی نامووس بووە
- سنە: ٣ کەس کە ١ کەس بە پاساوی نامووس بووە
- کرماشان: ٢ کەس
- مەریوان: ٢ کەس
- مێهران: ١ کەس
- هەرسین: ٢ کەس

تێبینیی ب و پ: بەهۆی ئەو یاسا دژەژنەی کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران چەسپاوە، دەکرێت کوژرانی ژنان بە پاسای شەرەف و نامووس، وەک ئەوە وێنا بکەین کە لەلایەن خودی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کوژراون.

بۆچی ئاگری شۆڕش زیاتر لە گەلانی ژێردەسەڵاتی فارسەکاندا بوو نەک لە خودی ناوەند و شارەکانی فارسدا

لێرەدا سەرەتا ئەبێت نەتەوە تەعریف بکرێت و بۆ باشتر تێگەیشتن لەم بابەتە پێویستە باسێک لە سەر دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوە بکرێت کە چییە و چۆن سەری هەڵداوە.

١- بنەچەی دەوڵەت - نەتەوە و ناسیۆنالیزم.
٢- ئایا ئێران دەتوانێت وەک دەوڵت ـ نەتەوە بمێنێتەوە؟

## نەتەوە

چەمکی نەتەوە فرەلایەنە و لەلایەن زانایانەوە مشتومڕی لەسەرە. دەتوانێت ئاماژە بە کۆمەڵێک کەس بکات کە زمان، کولتوور، مێژوو، هەست، یان خاکێکی هاوبەشیان هەیە. بەڵام ئەم هۆکارانە زۆر جار بەیەکەوە گرێدراون و دەتوانن لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازییەکی بەرچاویان هەبێت.

## لێرەدا چەند لایەنێکی سەرەکیی چەمکی نەتەوە دەخەینە ڕوو:

- **ناسنامەی هاوبەش:** ئەندامانی نەتەوەیەک زۆر جار ناسنامەی هاوبەشیان هەیە، لەسەر بنەمای هۆکارەکانی وەک زمان، کولتوور، مێژوو، یان نەتەوە.
- **خاکی هاوبەش:** ئەندامانی نەتەوەیەک پەیوەستن بە خاکێکی جوگرافیایی دیاریکراوەوە، کە دەتوانێت ببێتە مایەی شانازی و سەربەخۆیی.
- **کۆمەڵگەی سیاسی:** ئەندامانی نەتەوەیەک بە پێکهاتەی سیاسی دادەنرێن، خاوەنی حکوومەت و دامەزراوەی تایبەت بە خۆیانن.
- **یەکیەتیی کولتووری:** ڕەنگە ئەندامانی نەتەوەیەک کولتوورێکی هاوبەشیان هەبێت، لەوانە دابونەریت و بەها هاوبەشەکان.
- **ناسیۆنالیزم:** ناسیۆنالیزم بریتییە لە باوەڕبوون بە باڵادەستی و سەرکەوتنی نەتەوەکەی و ویستی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە چەمکی نەتەوە هەمیشە ڕوون نییە. هەندێک نەتەوە یەکگرتووترن لە هەندێکی تر، لە کاتێکدا هەندێکی تر لەوانەیە بەهۆی ململانێی ناوخۆیی یان ناسنامەی کێبڕکێکارەوە دابەش ببن. سەرەڕای ئەوەش، سنوورەکانی نێوان نەتەوەکان دەتوانن شل بن و بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕدرێن.

### هەندێک نموونەی نەتەوەکان بریتین لە:

- **فەرانسە:** نەتەوەیەکە بە زمان و کولتوور و مێژووی خۆی پێناسە دەکرێت، هەستێکی بەهێزی بە ناسنامەی نەتەوەیی هەیە.
- **هیندستان:** نەتەوەیەکە کە دانیشتووانێکی هەمەچەشنی هەیە، بەڵام بە زمانێکی هاوبەش (هیندی) و مێژوویەکی هاوبەش یەکگرتووە.
- **ژاپۆن:** نەتەوەیەکە خاوەن کولتوور و زمانێکی ناوازە و هەستێکی بەهێزی شانازیی نەتەوەیی هەیە.
- **ئەمریکا:** نەتەوەیەک کە لەلایەن کۆچبەرانی وڵاتانی جۆراوجۆرەوە پێک هاتووە، بەڵام بە زمان و حکوومەت و بەهایەکی هاوبەش یەکگرتووە.



سەرچاوە
Serchawe

لە کۆتاییدا دەڵێین چەمکی نەتەوە ئاڵۆزە و دەتوانرێت بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە بکرێت. لە کاتێکدا هەندێک توخمە هاوبەش هەن، بەڵام تایبەتمەندییە تایبەتەکانی نەتەوەیەک بە پێی مێژوو و کولتوور و زەمینە سیاسییەکەی دەتوانێت جیاوازییەکی بەرچاوی هەبێت.

## بنەچەی دەوڵەت – نەتەوە و ناسیۆنالیزم

دەوڵەتی نەتەوەیی، قەوارەیەکی سیاسی کە دەوڵەت و نەتەوە بە یەکسان دادەنرێت، چەمکێکی تا ڕادەیەک مۆدێرنە. گەشەسەندنی دەتوانرێت بگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری مێژوویی بەیەکەوە گرێدراو.

## ١– ڕێنێسانس و ڕۆشنگەری

- ڕێنێسانس جەختی لەسەر مرۆڤدۆستی و تاکگەرایی دەکردەوە، تەحەدای پلەبەندییە تەقلیدییەکانی دەکرد و هەستکردن بە ناسنامەی نەتەوەیی بەرەوپێش دەبرد.
- ڕۆشنگەری داکۆکی لە عەقڵ و پێشکەوتن و مافی تاکەکەسی دەکرد، بەشداری لە بیرۆکەی نەتەوەیەکی یەکگرتوودا دەکرد کە لەسەر بنەمای بەها و بەرژەوەندیی هاوبەش دامەزرا.

## ٢- شۆڕشی فەرەنسا

- شۆڕشی فەرانسە چەمکی سەروەریی جەماوەری و بیرۆکەی ئەوەی خستە ڕوو کە خەڵک خۆی حوکمڕانی بکات. ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای پرەنسیپی یەکسانی و هاووڵاتیبوون.

## ٣- شۆڕشی پیشەسازی

- شۆڕشی پیشەسازیی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێی دروست کرد کە هەستی یەکیەتیی نەتەوەیی و یەکبوونی نیشتمانی و کێبڕکێی پەروەردە کرد. پێویستیی بازاڕێکی یەکگرتوو و دەوڵەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بەشداری لە سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوە کرد.



سەرچاوە
Serchawe

## ٤- ناسیۆنالیزم

. ناسیۆنالیزم بریتییە لەو باوەڕەی کە نەتەوەیەک کۆمەڵگەیەکی سروشتییە کە لەسەر بنەمای زمان، کولتوور، مێژوو، یان نەتەوەی هاوبەش دامەزراوە. هێزێکی بەهێزە کە جیهانی مۆدێرنی لە قاڵب داوە.

سەرچاوەی هەستی ناسیۆنالیستی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکان. بەڵام ناسیۆنالیزمی مۆدێرن، وەک ئەمڕۆ لێی تێ دەگەین، لە سەدەی ١٨ و ١٩ لە ئورووپادا سەری هەڵدا. شۆڕشی فەرانسە ڕۆڵێکی گرنگی تایبەتی هەبوو لە بەناوبانگکردنی بیرۆکەی ناسیۆنالیستیدا. دەستەواژەی "نەتەوە" بەپێی کۆنتێکستەکە دەتوانێت مانای جیاوازی هەبێت. بەگشتی نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵێک کەس کە ناسنامەیەکی هاوبەشیان هەیە، زۆر جار لەسەر بنەمای زمان، کولتوور، مێژوو، یان نەتەوە. ئەم ناسنامەیە دەتوانێت مایەی شانازی و هاودەنگی بێت، بەڵام دەشێ ببێتە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی.

لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدا زۆر جار نەتەوە بە ژمارەی دانیشتووانی وڵاتێک پێناسە دەکرێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە دەوڵەت و نەتەوە بە یەک و یەک دادەنرێت. بەڵام ئەم ئایدیایە هەمیشە بە کردەوە بەدی نایەت، چونکە لەوانەیە کەمینەی نەتەوەیی یان کولتووری لەناو دەوڵەتێکی نەتەوەییدا هەبن. پەرەسەندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر جیهانی مۆدێرن هەبووە. ڕەوتی مێژووی داڕشتووە و کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی هەبووە و هەم لە ئاشتی و هەم لە ململانێدا بەشداری کردووە.

لە ماوەی ئەم شتانەی باسمان کرد، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە ئێران ناتوانرێت بە دەوڵەتی نەتەوەیی لەقەڵەم بدرێت، چونکە ئێران لە چەند نەتەوەیەک پێک هاتووە و هەموو نەتەوەکان مافی یەکسانیان نییە و لە بابەتە سیاسی و ئابوورییەکاندا پێگەی کۆمەڵایەتیی یەکسانیان نییە، کەواتە ئێران ناتوانێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی بێت. ئێران لە سەدەی ڕابردوودا دەیەوێت ناسنامەیەکی ساختە بۆ خۆی پێناسە بکات و لە هەموو شوێنێک خۆی بکاتە نەتەوە بە دروستکردنی مێژوویەکی ساختە و هێزێکی سەربازی بەهێز و هەروەها بە زۆرەملێ زمانی فارسیی سەپاندبوو بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا.
ئێمە وڵاتانمان هەیە کە لە چەند نەتەوەیەک پێک هاتبوون، وەک سویسرا، بەڵام لەم وڵاتانەدا هەر کانتۆنێک مافی زمانی فەرمی خۆی هەیە، مافی یاسادانان و ئاڵای تایبەتی خۆی هەیە. هەروەها لە هەموو کاروبارەکاندا نەتەوەکان یەکسانن بە یەکتر، واتە لە سەردەمێکدا نەتەوەیەک و ئایینێک باڵادەستیيان بەسەر ئایینەکانی تر و نەتەوە و زمانەکانی


سەرچاوە
Serchawe

تـردا نییە و دەسـەڵاتی خۆیـان ناوەنـدبوونی نییە و دابەشکردنی هێـز بە شێوەی دادپەروەرانە کراوە؛ بە پێچەوانەی ئەو بارودۆخەی کە لە ئێراندا بوونی هەیە.

گرنگترین بـابەت ئەوەیە کە ئایـا مـرۆڤ و نەتەوەیەک خـۆی لە فۆرمـاتێکی شوناسـدا دەبینێـتەوە یـان نە. ئەو خەڵکەی کە لەژێر کۆلۆنیـالیزمی نەتەوەی فارسدان لە ئێران کە خۆیـان لەو چوارچێوەیەدا نـابینن و شوناسـی خۆیـان لەوێ نـادۆزنەوە چونکە هەموو شتەکان بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی فارس دەستیان بەسەردا گیراوە.

بەهۆی هەموو ئەمـانە و هەزاران هۆکـاری تـرەوە، ئەو خەڵکەی لەژێر کۆلۆنیـالیزمی نەتەوەی فارسدان، خۆیـان بە ئێرانـی نازانن و دەیانەوێت مافی خۆیان هەبێت بڕیار لەسەر داهاتووی خۆیان، زمـانی خۆیـان و هەروەهـا ناسـنامەی خۆیـان بـدەن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا ئاگری شۆڕش زیاتر بوو، چونکە بۆ خەڵکـی فـارس تەنیـا ڕیفۆرمێک لە گۆڕینی هەلومەرج و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانە کە بنەڕەتی نین و هەروەها هەبوونی ئـابوورییەکی بەهێـز بەسـە. بەڵام بۆ نەتەوەکانی تـر کە نیشتمانیان داگیـر کراوە بـوونی وڵاتێک بە نـاوی ئێـران هەر لە بنـاغەوە کێشەدارە و جیـاوازییەکی زۆریان لەگەڵدا دەکرێت، تـا تـا زلهێزێکی ناوەنـدی و هەروەهـا زمـانێکی ناوەنـدی بە نـاوی فارسـی و لـە هەمووی گرنگتـر یەکپارچەییی خاکی ئێران بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەی فارس بوونی هەبێت، نەتەوەکانی دیکە ستەم دەکرێن.

## دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و تەواوبوونی شۆڕش پێشبینی چ ئایندەیەک بۆ ئێران دەکرێت؟

دوای لەنـاوچوونی کۆماری ئیسلامی و ڕوودانی شۆڕشێک لە ئێران، پێشبینی دەکرێت یەکپارچەییی خاکی ئێران لەنـاو بچێت و گەلان هەوڵ بـدەن ئۆتۆنـۆمی خۆیـان هەبێـت، لە پێوەنـدی لەگەڵ هەمـوو ئەو شـتانەی کە لە بەشـەکانی تـردا ڕوونمـان کردووەتەوە؛ ئەمە چاوەڕوانکراوە چونکە هەمـوو نەتەوەکـان بێـزار بـوون لەو ستەم و زۆرەملێیەی کە لە سەدەی ڕابـردووەوە لەلایەن نەتەوەی فارسەوە بەرانبەریان کراوە. هەروەها مێژوویەکی زۆر خەبـاتیـان هەبـووە، کە هەموویـان لەلایەن نەتەوەی فارسەوە سەرکوت کراون و ململانێ بۆ ئۆتۆنۆمی لە نێوان نەتەوە کورد و کاسپی و تورک و هەروەها لەنێو عەرەبدا زۆر بـووە و ئەو ململانێیـانە بەردەوام دەبن.

## بۆچی ئەم داهاتوو بۆ ئێران پێشبینی دەکرێت

**ئەگەری لەدەستدانی یەکپارچەییی ئێران دوای لەناوچوونی کۆماری ئیسلامی، پرسێکی ئاڵۆزە و چەند هۆکارێکە کە دەبێت لە بەرچاو بهیردرێت:**

## ١- دابەشبوونی نەتەوەیی و ئایینی

**ـ گرژییە مێژووییەکان:** ئێران مێژوویەکی ئاڵۆز و ناکۆک و گرژیی نەتەوەیی و مەزهەبی هەیە، بەتایبەتی لە نێوان زۆرینەی فارس و کەمینەکانی وەک کورد، تورک و کاسپین و عەرب و بەلووچەکان.
**ـ ویستی ئۆتۆنۆمی:** ڕەنگە هەندێک لە گرووپە کەمینەییەکان بەدوای ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر یان تەنانەت سەربەخۆییدا بگەڕێن، ئەمەش هۆکاری هەڵوەشاندەوەی قەبارەی وڵاتێکی ساختە بەناو ئێرانە.

## ٢- ڕکابەرییە ناوچەییەکان

**ـ سعوودیە:** ئێران و سعوودیە دەیان ساڵە ڕکابەرن، کێبڕکێ لەسەر نفووزی ناوچەیی دەکەن و پشتیوانیی لایەنە دژبەرەکان دەکەن لە ململانێییەکانی وەک شەڕی ناوخۆی یەمەن. ئێرانێکی لاواز دەتوانێت سعوودیە و هاوپەیمانەکانی بەهێز بکات.
**ـ تورکیە:** تورکیە هەوڵی فراوانکردنی نفووزی خۆی لە ناوچەکەدا داوە، بەتایبەتی لە سووریە و عێراقدا. ئێرانێکی لاواز دەتوانێت دەرفەت بۆ تورکیە بڕەخسێنێت تاکوو ئامادەگیی خۆی لە ناوچەکەدا زیاتر بکات.

## ٣- ناسەقامگیریی ناوخۆیی

**ـ بۆشاییی دەسەڵات:** دارمانی کۆماری. پۆتانسێلی گرژیی نەتەوەیی و مەزهەبی، ڕکابەریی ناوچەیی، ناسەقامگیریی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی، بە ئەگەری زۆرەوە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی جوگرافیای بە نێوی ئێران هەیە، ئیسلامی دەتوانێت بۆشاییی دەسەڵات بەدواوە بێت و دەرفەت بۆ کوتلە جیاجیاکان بۆ کێبڕکێ بۆ کۆنترۆڵکردن دروست بکات. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ناکۆکی و ناسەقامگیریی ناوخۆیی.
**ـ تەحەددای ئابووری:** ئابووریی ئێران زۆر پشتی بە هەناردەی نەوت بەستووە. قۆناغێکی ناسەقامگیر دەتوانێت ئەم هەناردەکردنانە پەک بخات و ببێتە هۆی سەختی ئابووری و گرژییە ناوخۆیییەکان زیاتر گەورەتر بکات.

## ٤- دەستێوەردانی دەرەکی

**ـ زلهێزە ناوچەیییەکان:** ڕەنگە زلهێزە ناوچەیییەکانی تر، وەک ڕووسیە و چین، هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییییەی ئێرانی

لاواز بەجێی بهێڵن. دەستێوەردانەكانیان دەتوانێت ناوچەكە زیاتر ناسەقامگیر بكات و یەكپارچەیی ئێران لەناو ببەن.
- **زلهێزە ڕۆژاواییەكان:** ڕەنگە زلهێزەكانی ڕۆژئاواش ئارەزووی داڕشتنی ئایندەی ئێرانیان هەبێت، كە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی دەستێوەردانی دەرەكی یان پشتیوانی لە كوتلە تایبەتەكان.

**كورد پێویستە ئەم هەلومەرجانە بە قازانجی خۆی بەكار بهێنێت لە بەرژەوەندیی نەتەوەكەی خۆیّ بۆ ئەم پرسە، باشترین كار چییە و پێویستە چی بكرێت؟**

كورد دەبێت هەموو هەوڵی خۆیّ بدات بۆ سەر بەخۆیی نیشتمان و سەروەریی نەتەوەكەی. بەلام سەرەتا پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بكەین كە بزانین بەربەستمان چییە و چی یارمەتیدەرمانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی سەروەری. ئەگەری بنیاتنان و دروستبوونی كوردستانی سەربەخۆ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تا ڕادەیەكی زۆر پێشبینیی دەكرێت، بەڵام هاوكات كە نەتەوەی كورد خاوەنی ناسنامەیەكی نەتەوەیی و نیشتمانیی بەهێزە و مێژوویەكی دوورودرێژی هەیە لە هەوڵی دەستەبەركردنی مافی چارەنووس، چەند هۆكارێك بۆ پێكهێنانی دەوڵەتێكی كوردستانی گەورە ئاڵۆز كردووە كە لە درێژەی ئەم وتارە و لە چەند خاڵدا ئاماژەیان پێ دەكرێت.

- **ئۆپۆزسیۆنی ناوچەیی:** توركیە، ئێران، عێراق، سووریە، ئەو وڵاتانەی كە دەستیان بەسەر خاك و نیشتمانی كورددا گرتووە، هەر ئەو دەوڵەتە داگیركەرانە لە مێژوودا دژایەتیی سەربەخۆیی كوردستانیان كردووە. ئەم وڵاتانە ترسیان لەوە هەیە كە دەوڵەتێكی كوردستانی، ناوچەكە ناسەقامگیر بكات و هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانیی خۆیان بكات.

- **دابەشبوونە ناوخۆییەكان:** خودی نەتەوەی كورد دابەش بوون بەسەر چەند گرووپێكی جیاوازدا كە هەر كام لەو گرووپانە بەرژەوەندیی فەرهەنگی و سیاسی و ئابووریی خۆیان هەیە. ئەم دابەشبوونانە دەتوانن ڕێگر بن لە یەكریزیی نیشتمانی و یەكگرتوویی نەتەوەیی و دانوستاندن بۆ ڕوانگە و ویژمانێكی هاوبەش لەسەر كوردستانێكی سەربەخۆ قورس بكەن.
- **كۆنتێكستی نێودەوڵەتی:** دیمەنی ژیۆپۆلەتیكی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئاڵۆزە و ئەم گرژی و ئاڵۆزییانەش بەردەوام لە پەرەسەندندایە. هەر هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستان بە ئەگەرێكی زۆرەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاوی نێودەوڵەتی دەبێتەوە و پێویستی بە پشتیوانیی زلهێزەكان هەیە.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی كوردستان لەم ساڵانەی دواییدا زەبری زیاتری بەدەست هێناوە، بەتایبەت لە باشووری كوردستان كە حكوومەتی هەرێمی كوردستان پلەیەكی فیدراڵی بەدەست هێناوە. بەڵام داهاتووی حكوومەتی هەرێمی باشووری كوردستان بە نادیاری ماوەتەوە و توانای كۆنترۆڵكردن و بەدەستهێنانەوە هەموو خاڵكی

باشووری کوردستانی نییە و بەشێکی زۆری خاکی باشوور هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی عێراقدایە، بۆیە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو ملکەچی گۆڕانی داینامیکی هەرێمە.

لە ئاکامدا سەربەخۆیی بەندە بە چەندین فاکتەری جۆراوجۆرەوە، وەک سیاسەتی ناوچەیی، پشتیوانیی نێودەوڵەتی، توانای نەتەوەی کورد بۆ تێپەڕاندنی دووبەرەکییە ناوخۆییەکان و بنیاتنانی بەرەیەکی یەکگرتوو.

دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە پێکهێنانی کوردستانی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسێکی ئاڵۆزە و لایەنگر و نەیارێکی بەهێزی هەیە. هەندێک وڵات هاوڕای دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانن و هەندێکیش دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانن کە لەو وڵاتانەی لەگەڵ کۆمەڵێک هۆکاریان هەیە بۆ دەربڕینی دژایەتی یان پاڵپشتیی خۆیان کە بریتین لە چەند خاڵ و بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێ دەکەین.

**ئەلف: ئەو وڵاتانەی هاوڕای دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانن**

- **مافی چارەنووس:** کورد مافی خۆیەتی کە مافی خۆبەڕێوەبردنی خۆی و نیشتمانەکەی هەبێت.
- **سەقامگیری:** دەوڵەتێکی سەقامگیر و ئاوەدانیی کوردستان دەتوانێت فاکتەری سەرەکیی سەقامگیریی ناوچەکە و هاوسەنگکردنی کاریگەریی زلهێزەکانی تری ناوچەیی بێت.
- **قازانجی ئابووری:** جوگرافیای کوردستان لە سامان و سەرچاوە سروشتییەکان و بەتایبەتی نەوت و گاز زۆر دەوڵەمەندە، کە دەتوانێت قازانجیشی هەم بۆ کورد و هەم بۆ دراوسێیەکانی هەبێت.
- **بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوچەییەکان:** هەندێک وڵات دەوڵەتی کوردستان وەک ڕێگەیەک بۆ بەرپرچدانەوەی کاریگەریی گرووپە توندڕەوەکان یان گەلانی ڕکابەر دەبینن.

**ب: ئەو وڵاتانەی دژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانن و دژایەتی دەکەن**

- **یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی داگیرکەر:** ترسی ئەوەی کە دەوڵەتێکی کوردستانی، تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی یەکپارچەیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانن (تورکیە، عێراق، ئێران و سووریە) کە دەوڵەتی خۆیان لەسەر نیشتمانی نەتەوە نیشتمانداگیرکراوەکان و بەتایبەت کورد دامەزراندووە.

**. نیگەرانیی ئەمنی:** ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی، ئەگەری زیادبوونی ناسەقامگیری و ململانێ لە ناوچەکەدا لە چاوی زلهێزانی دنیادا هەیە.

**. کاریگەرییە ئابوورییەکان:** ترسی ئەوە هەیە کە دەوڵەتێکی کوردستانی بتوانێت بازرگانیی ناوچەیی و ڕەوتی وزە پەک بخات.

**. گرژیی نەتەوەیی و ئایینی:** نیگەرانی لە ئەگەری دروستبوونی ململانێی نەتەوەیی و ئایینی لەناو دەوڵەتی کوردستاندا، بەتایبەتی لەنێوان کورد و کەمینەکانی دیکەدا.

### پ: لایەنگرانی دیار و بەرچاوی سەربەخۆیی کوردستان

**ـ ئیسرائیل:** وەک بەڕواڵەت دیارە، ئیسرائیل پشتیوانیکی دەنگی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانی بووە و بە ئاماژەدان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لە ناوچەکەدا.

**. ئەمریکا:** لە کاتێکدا ئەمریکا بەفەرمی پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستانی نەکردووە، بەڵام پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە و زۆر جار هاوسۆزی خۆی بۆ دۆزی کورد دەربڕیوە؛ ئەمەش کاتییە و بۆ دابینبوونی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی.

**ـ هەندێک وڵاتی ئورووپایی:** چەند وڵاتێکی ئورووپایی، وەک فەرەنسا، ئاڵمانیا و شانشینی یەکگرتوو (بریتانیا)، پشتیوانیی خۆیان بۆ ئۆتۆنۆمی یان دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد دەربڕیوە.

### ت: نەیارە دیارەکانی سەربەخۆیی کوردستان

. تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە؛ هۆکاری ئەم دژایەتییەش بۆ نەتەوەی کورد ڕوونە کە گرنگترین هۆکار لەدەستدانی ئەو بەشانەی خاکی کوردستانە کە لەلایەن ئەو دەوڵە داگیرکەرانەوە داگیر کراوە.

. داهاتووی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی کوردستان بە نادیاری ماوەتەوە و وەک پێ دەچێت ئاکامەکەی بەندە بە چەندین فاکتەری جۆراوجۆرەوە، وەک ئامادەگیی نەتەوەی کورد بۆ یەکگرتن، پشتیوانیی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان و ئامادەگیی وڵاتانی دراوسێ بۆ جێگیرکردنی ویستەکانیان.

## ڕۆڵی زمان لە بنیاتنانی نەتەوەدا

زۆر جار زمان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە پێکهاتن و چەسپاندنی نەتەوەکاندا هەبووە. زمانێکی هاوبەش دەتوانێت

ئاسانکاری بۆ پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی کولتووری و هەستکردن بە ناسنامەی هاوبەش بکات. بەڵام پەیوەندیی نێوان زمان و نەتەوەیی ئاڵۆزە و بەگوێرەی فاکتەری مێژوویی و سیاسی و کولتووری دەتوانێت بگۆڕێت.

- **یەکگرتوویی زمانەوانی:** لە زۆر حاڵەتدا زمانێکی هاوبەش هۆکارێکی سەرەکی بووە لە دروستکردنی نەتەوەکان. بۆ نموونە شۆڕشی فەرانسە جەختی لە گرنگی زمانێکی هاوبەش (فەرانسەیی) لە یەکخستنی خەڵکی فەرانسو و دروستکردنی هەستی شوناسی نەتەوەیی کردەوە.
- **زمان وەک هێما:** زمان دەتوانێت وەک هێمای ناسنامەی نەتەوەییش خزمەت بکات. لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانرێت پاراستنی زمانێکی دیاریکراو وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی میراتی کولتووری نەتەوەیەک سەیر بکرێت.
- **فرەچەشنی زمانەوانی:** سەرەڕای گرنگیی زمان لە بنیاتنانی نەتەوەدا، نەتەوەکان دەتوانن بە فرەچەشنیی زمانەوانییش بوونیان هەبێت. بۆ نموونە ئەمریکا نەتەوەیەکە کە دانیشتووانێکی هەمەچەشنی هەیە و بە چەندین زمانی جیاواز قسە دەکەن.

## کاریگەریی جیهانگیری لەسەر ناسنامە نیشتمانییەکان

جیهانگیری کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی هەبووە. زیادبوونی پەیوەندیی ئابووری و کولتوور و سیاسەتی جیهان، بووەتە هۆی وەرینی سنوورە نەریتییەکان و کاڵبوونەوەی شوناسە نەتەوەییەکان.

- **ئاڵوگۆڕی کولتووری:** جیهانگیری کارئاسانی بۆ ئاڵوگۆڕی کولتوور و بیرۆکە کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی هەمەچەشنی زیاتری کاریگەرییەکان لەناو کولتوورە نەتەوەیییەکاندا.
- **وابەستەبوونی ئابووری:** زیادبوونی وابەستەبوونی ئابووریی گەلان وای کردووە کە حکوومەتەکان کۆنترۆڵی توند بەسەر ئابووری و ناسنامەی نەتەوەییی خۆیاندا بپارێزن.
- **چاڵشی سەروەریی نیشتمانی:** جیهانگیری تەحەدای چەمکی تەقلیدی سەروەریی نەتەوەیی کردووە، بەو پێیەی گەلان تاکوو دێت وابەستەی یەکتر و ملکەچی هێزە جیهانییەکان دەبن.

## چاڵشەکانی بنیاتنانی نەتەوە لە چوارچێوەی دوای کۆلۆنیالیزمدا

زۆر جار بنیاتنانی نەتەوە لە چوارچێوەی دوای کۆلۆنیالیزمدا پڕە لە چاڵشدا. میراتی کۆلۆنیالیزم، وەک ناسەقامگیریی

سیاسی، نایەکسانیی ئابووری و پارچەپارچەبوونی کولتووری، دەتوانێت دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکگرتوو قورس بکات.

- **دابەشبوونی نەتەوەیی و ئایینی:** دەوڵەتانی دوای کۆلۆنیالیزم زۆر جار دانیشتوانی نەتەوەیی و ئایینی جۆراوجۆریان هەیە، ئەمەش دەتوانێت دروستکردنی هەستێکی هاوبەشی ناسنامەی نەتەوەیی قورس بکات.
- **ناسەقامگیریی سیاسی:** میراتی کۆلۆنیالیزم دەتوانێت ببێتە هۆی ناسەقامگیریی سیاسی و ململانێ، ئەمەش وا دەکات دامەزراندنی حوکمڕانی کاریگەر قورس بێت.
- **نایەکسانیی ئابووری:** زۆر جار کۆلۆنیالیزم بووە هۆی ناکۆکیی ئابووری لەنێوان ناوچە و گرووپە جیاوازەکانی ناو وڵاتێکدا، کە دەتوانێت ببێتە هۆی نائارامیی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگیریی سیاسی.

## پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ململانێ

ناسیۆنالیزم فاکتەری سەرەکی بووە لە زۆرێک لە ململانێیەکان بەدرێژایی مێژوو.  لە کاتێکدا ناسیۆنالیزم دەبێتە هۆکاری پەرەگرتنی هەستی یەکگرتوویی و پەروەردەبوونی نیشتمانی، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی بێگانەپەرستی و شۆڤێنیزم و توندوتیژی.

- **ئایدئۆلۆژیی ناسیۆنالیستیەکان:** دەتوانرێت ئایدۆلۆژیی ناسیۆنالیستی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ وابێژیی خاک و پاکتاوکردنی نەتەوەیی و جۆرەکانی تری توندوتیژی بەکار بهێنرێت.
- **کێبڕکێ لەسەر سامانەکان:** کێبڕکێ لەسەر سامانەکان، وەک زەوی، ئاو، یان وزە و ... دەتوانێت سەرچاوەی ململانێیی نێوان گەلان بێت.
- **جیاوازیی کولتووری و ئایینی:** جیاوازیی کولتوور، ئایین، یان زمان دەکرێت بۆ پاساودانی ململانێ و جیاکاری.

## بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان سەرەتا دەبێت چ هەنگاوێک بنێین؟

ئەگەر نەتەوەی کورد بە سەرکەوتوویی بزووتنەوەیەکی بەهێز و یەکگرتوو پێک بهێنێت و پاڵپشتیی نێودەوڵەتی مسۆگەر بکات و ژینگەیەکی سەقامگیر و ئەمنیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابمەزرێنێت، ئەوا شانسی گەیشتن بە سەربەخۆیی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.



سەرچاوە
Serchawe

**لێرەدا چەند خاڵ لە هۆکارە سەرەکییەکان دەخەینە ڕوو کە پێوەر بن لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستان وەک:**

- **یەکڕیزی و یەکگرتوویی:** بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی کورد، دوور لە دووبەرەکیی ناوخۆیی و کوتلەگەرایی، کاریگەرتر دەبوو لە داکۆکیکردن لە سەربەخۆیی و دانوستان لەگەڵ زلهێزەکانی ناوچەکە.
- **پاڵپشتیی نێودەوڵەتی:** پاڵپشتیی بەهێزی زلهێزەکان، وەکوو ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپا و ئیسرائیل، دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو دۆزی کورد بەهێزتر بکات و گوشار بخاتە سەر نەیارەکان بۆ سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستەکانیاندا.
- **سەقامگیریی ناوچەیی:** ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی سەقامگیر و ئەمن و دوور لە ململانێ و توندڕەوی، زەمینەیەکی لەبارتر بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست دەکات.
- **توانای ئابووری:** ئابوورییەکی بەهێز و هەمەچەشن، توانای بەدەستهێنانی داهات و دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتووان، دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕەوابوون و بەردەوامیی کوردستانێکی سەربەخۆ.
- **حوکمڕانی دێموکراسی:** پابەندبوون بە پرەنسیپە دێموکراتیکەکان و مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا دەبێتە هۆی زیادکردنی سەرنجی نێودەوڵەتیی دەوڵەتێکی کوردستان و پاڵپشتی گەلانی هاوبیر بۆ خۆی ڕادەکێشێت.

ئەگەر ئەم مەرجانە جێبەجێ بکرایە، ئەگەری ئەوە هەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر ئامادەگیی پشتیوانیی سەربەخۆیی کوردستان بکات و زلهێزەکانی ناوچەکەش زیاتر مەیلیان بۆ قەبووڵکردنی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانی هەبێت. بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ڕێگەی سەربەخۆیی هێشتا پڕ دەبوو لە چاڵشدا و دوا جاریش ئاکامەکەی بەندە بە چەندین فاکتەری جۆراوجۆرەوە، وەک ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ یەکگرتن و پشتیوانیی زلهێزە نێودەوڵەتییەکان و ئیرادەی وڵاتانی دراوسێ بۆ جێگیرکردنی ئاواتەکانیان

چۆنیەتیی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو. ڕێگەی سەربەخۆیی تایبەتە بە هەر بارودۆخێک و پەیوەستە بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە، وەک بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیی ناو وڵات و هەروەها بەستێنی نێودەوڵەتی.

**بەڵام بەپشتبەستن بە بنەما گشتییەکانی بزووتنەوە سەربەخۆییخوازییەکان، دەتوانم هەندێک ستراتیژی پۆتانسێل پێشکەش بکەم کە ڕەنگە لەبەرچاو بگیرێن:**

### ١- یەکیەتی و یەکگرتوویی

**ـ ئاشتەوایی ناوخۆیی:** چارەسەرکردنی دابەشبوون و ململانێی ناوخۆییەکانی ناو میللەت بۆ پەرەپێدانی یەکیەتی و یەکگرتوویی.
**. پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی فراوان:** یەکخستنی لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ دروستکردنی هێزێکی بەهێز بۆ گۆڕانکاری.
**ـ سەرکردایەتیی بەهێز:** دەستنیشانکردنی سەرکردە بەتوانا و کاریزماتیکەکان کە بتوانن ئیلهامبەخش بن و دانیشتووان کۆبکەنەوە.

### ٢- پاڵپشتیی نێودەوڵەتی

**. هەوڵی دیپلۆماسی:** بەشداریی دانوستانی دیپلۆماسی لەگەڵ دەسەڵاتی حوکمڕان بۆ گەڕان بەدوای چارەسەریی ئاشتییانە و سازانە ئەگەرییەکان.
**. بەدواداچوون بۆ دانپێدانانی نێودەوڵەتی:** بەدەستهێنانی دانپێدانان لەلایەن وڵاتانی تر و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەهێزکردنی ڕەوابوونی بزووتنەوەی سەربەخۆیی.
**ـ دروستکردنی هاوپەیمانی:** هاوپەیمانی لەگەڵ نەتەوەکانی تر یان بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان پێک بهێنن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و کاریگەری.

### ٣- کۆکردنەوەی گشتی

**ـ هۆشیارکردنەوە:** بەکارهێنانی کەناڵە جۆراوجۆرەکان بۆ پەروەردەکردنی دانیشتووان لەسەر نادادپەروەرییەکانی کۆلۆنیالیزم و پێویستی سەربەخۆیی.
**ـ ڕێکخستنی ناڕەزایەتی:** ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتییانە و بایکۆت و کردەوەی نافەرمانیی مەدەنی بۆ چاڵشی دەسەڵاتی ڕژێمی کۆلۆنیالیزم.
**. بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی:** بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و کۆکردنەوەی پشتگیری و دروستکردنی هاوڕێیانی جیهانی.



سەرچاوە
Serchawe

## ٤- ئامادەکاریی ئابووری و سیاسی

- **پەرەپێدانی ڕوانگەیەک بۆ سەربەخۆیی:** دروستکردنی پلانێکی ڕوون بۆ داهاتوو، کە ئامانجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی سەربەخۆ بخەنە ڕوو.
- **دروستکردنی دامەزراوەکان:** دامەزراندنی حکوومەتێکی بەهێز و نوێنەرایەتی، سیستەمێکی یاسایی کارا و چوارچێوەیەکی ئابووریی بەردەوام.
- **چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان:** پەرەپێدانی سیاسەتەکان بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی گرووپە پەراوێزخراوەکان، وەک ژنان، کەمینەکان و هەژاران.

## ٥- بەرخۆدانی چەکداری

- **وەک دوارێگە:** ئەگەر ڕێگەی ئاشتییانە تەواو بوو، ڕەنگە خەباتی چەکداری وەک دوارێگە هەژمار بکرێت. بەڵام گرنگە بەوردی مەترسی و سوودەکانی بسەنگێنین.

زۆر گرنگە ئەم ستراتیژیانە لەگەڵ بارودۆخی تایبەتی ئەو نەتەوەیەی کە بەدوای سەربەخۆییدا دەگەڕێت، بگونجێنرێت. کاریگەرترین ڕێباز پەیوەستە بە فاکتەرەکانی وەک سروشتی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم، دینامیکی ناوخۆیی نەتەوە و چوارچێوەی نێودەوڵەتی.

کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنە کە لە زەنجیرە چیاکانی میزۆپۆتامیا و زاگرۆش هەڵکەوتوون و بەگوێرەی جوگرافیای ئەو دەوڵەتە دەستکردانەی هەنووکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان داگیر کردووە و کورد بەسەریاندا دابەش بووە، کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە، باکوری ڕۆژهەڵاتی سووریە، باکووری عێراق و ڕۆژاوای ئێران. مێژووی کورد بۆ تێکۆشانێکی درێژخایەن بۆ مافی چارەنووس و پاراستنی کولتووری دیاری کراوە. بەدرێژاییی مێژوو کورد ڕووبەڕووی جۆرەگەلی چەوساندنەوە و پەراوێزخستن بووەتەوە. کورد لەلایەن ئیمپراتۆریەتەکانی سەفەوی و یۆنانی و ڕۆم و عەرەب و عوسمانییەوە حوکمڕانیيان کردووە.

کورد لەم دەیان ساڵەی دواییدا هەنگاوی بەرچاوی بەرەو ئۆتۆنۆمی ناوە. لە عێراق، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ز.



سەرچاوە Serchawe

کوردەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پلەیەکی خۆبەڕێوەبەریی بەدەست هێناوە. حکوومەتی هەرێم پەرلەمان و حکوومەت و هێزی ئەمنیی خۆی هەیە، بەڵام هەر بە بەشێک لە سیستەمی فیدراڵیی عێراق دەمێنێتەوە. لە سووریە، ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریە بە سەرکردایەتیی کورد، ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دامەزراندووە. ئەم هەرێمە خاوەنی دەستەی حوکمڕانی و هێزی ئەمنی خۆیەتی، هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعشی کردووە.

لە تورکیە و ئێران دانیشتووانی کورد ڕووبەڕووی سەرکوت و هەڵاواردنێکی بەرچاو بوونەتەوە. سەرەڕای خەباتە بەردەوامەکان، چالاکوانان و لایەنە سیاسییەکانی کورد بەردەوامن لە داکۆکیکردن لە ئۆتۆنۆمی زیاتر و مافە کولتوورییەکان. کورد گرووپێکی هەمەچەشن و خاوەن میراتێکی دەوڵەمەندی کولتوورین. بە زمانی کوردی قسە دەکەین. نەتەوەی کورد پێڕەوانی ئایینی جۆراوجۆری هەیە، هەروەها خاوەنی نەریت و مۆسیقا و ئەدەبیاتی تایبەتی کوردیین.

لە کۆتاییدا دەڵێم کورد مێژوویەکی دووردرێژ و ئاڵۆزی خەباتی بۆ چارەنووسی خۆی هەیە. لە هەندێک ناوچە نیشتمانیان بەرەو ئۆتۆنۆمی پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە. داهاتووی کوردستان بەسراوە بە ئیرادە و خۆڕاگرییەکی بەردەوامە لە ئیلهامبەخشی خەباتی بەردەوام بۆ پاراستنی کولتووری و مافە سیاسییەکانیان.

## سەرچاوەکان:

١- ئەندەرسۆن، بێندێکت. کۆمەڵگە خەیاڵییەکان: بیرکردنەوە لە سەرچاوە و بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزم. ڤێرسۆ، ١٩٩١.
٢- فیشمان، جوشوا. زمان لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیی زمانەوانیدا. گۆڤاری نێودەوڵەتیی کۆمەڵناسیی زمان، بەرگی یەکەم. ٥، ژمارە ١٠. ٥، ١٩٧٤، ل ٥ - ٢٢.
٣- ئاپادورای، ئارجون. مۆدێرنیتە بەگشتی: ڕەهەندە کولتوورییەکانی جیهانگیری. چاپخانەی زانکۆی مینیسوتا، ١٩٩٦.
٤- گیدێنس، ئەنتۆنی. جیهانی هەڵهاتوو: چۆن جیهانگیری ژیانمان لە قاڵب دەداتەوە. کتێبی پرۆفایلی، ٢٠٠٨.
٥- مەمدانی، مەحموود. هاووڵاتی و بابەت: ئەفریقای هاوچەرخ و میراتی کۆلۆنیالیزم. هاینمان، ١٩٩٦.
٦- تۆرنەر، تێرێنس. سنووری نەتەوەیی: وتارەکان لەسەر کێشەی ناسیۆنالیزم لە ئەفریقا. جەیمس کۆری، ١٩٨٥.
٧- بروباکەر، ڕۆجەرز. ناسیۆنالیزم پێناسەکرایەوە: ناسیۆنالیزم، نەتەوەیی.
٨- بەشی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو.

١٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# قسەکانی خامنەیی لە نوێژی هەینیی تاران و چەند قسەیەک




**هەردی سەلیمی**

عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕۆژی ١٣ی ڕەزبەر دوای ٥ ساڵ لە دوایین بەرنوێژییەکی هەینی کە کردبووی، هاتەوە و وتاری نوێژی هەینیی دا. دوایین جار بەدوای کوژرانی "قاسم سولەیمانی"، فەرماندەی "سپای قودس"دا پێشنوێژیی کردبوو. لەوێ و بە پێی حادەتی هەموو نوێژانەی هەینی لە تاران، قەناسەیەکی لەلای دەستیەوە دانابوو بە نیشانەی تۆڵە، هەروەها بە شێوەی سەمبولیکیش هەڕەشەیەک بوو لە نەیارانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت نەیارانی نێوخۆش.

عەلی خامنەیی لەو کاتەوەی بووەتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، تەنیا لەو کاتانەدا پێشنوێژیی کردووە کە بابەتێک لە ڕوانگەی ئەوەوە گرنگ هاتبێتە پێش و ویستبێتی یەکلای بکاتەوە چووەتە سەر مینبەر. لەم ٥ ساڵەدا کە لە دوایین نوێژی هەینیی عەلی خامنەیی تێپەڕ دەبێ، کۆمەڵێک گۆڕانی گرنگ ڕوویان داوە، لەوانە: بەڕێوەچوونی دوو خولی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری کە هەردووکیان کەمترین ئاستی بەشدارییان تۆمار کرد، هەڵبژاردنی مەجلیس بە هەمان شێوە، کوژرانی گوماناویی سەرۆککۆمارێکی کۆماری ئیسلامی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەرینی ناڕەزایەتییانەی ژن، ژیان، ئازادی، هێرشی

"حەماس" بۆ سەر "ئیسرائیل" و بەدوای ئەوەدا شەڕی "غەزە" و زۆر ڕووداوی ورد و درشتی تریش، بەڵام عەلی خامنەیی بۆ هیچکام لەم ڕووداوانە لە نوێژی هەینیدا دەرنەکەوت، بەڵام کاریگەرییان داناوە لەسەری.

خامنەیی لەم وتارەی دوێنێیدا ڕوو لە لایەنگران و هەروەها ڕەخنەگران و نەیارانی نێوخۆی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبوڵڵا و خودی ئیسرائیل و وڵاتان و ئەکتەرەکانی تری ناوچەش قسەی کرد. ئەمجار عەلی خامنەیی بە گومانی خۆی لە بەرگی یەکێک لە ڕێبەرە ئایینییەکانی دنیای ئیسلامدا قسەی کرد، هەموو وڵاتانی ئیسلامیی بە یەکڕیزی لە بەرامبەر بەوتەی ئەو، "دوژمنی هاوبەش"دا بانگهێشت کرد، بەڵام بە ڕێبەریی خۆی. لێرەدا بێئەوەی ناوێک بێنێ پەیامێکی بۆ وڵاتانی ئیسلامیی کەنداویش هەبوو، پەیامەکەشی زیاتر ئامۆژگاری بوو بۆ ئەوەی ئەوانیش بێنە ئەو بەرەیەی وا خامنەیی ئیدیعای ڕێبەریکردنی دەکات.!

لەدوای ئەم ئامۆژگارییانە هەر لە وتارە فارسییەکەیدا باسی لە بەرگری و بەوتەی ئەو ڕەواییی بەرگری لە بەرامبەر ئیسرائیلدا کرد و بە مافێکی "لۆژیکی" و "ڕەوا" و "یاسایی"ی دانا، هەر بەو پێیە هاوکاریکردن و پاڵپشتییشی بەڕەوا لە قەڵەم دا، بۆیە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی لەمەڕ هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبردا بۆ سەر ئیسرائیل، دووبارە بەدروست زانی. هەر لەم بەشەدا باسێکی لە وڵامدانەوە بە ئیسرائیل لە ئەگەری هێرشدا کرد، کە وەک تیئۆریی "نە شەڕ، نە ئاشتی"ـیەکەی پارادۆکسیکاڵ و دژبەیەک بوون، واتە شتێک لەو نێوانەدا کە ڕوون نییە دەبێتە چی. لێرەشدا وتی وڵامدانەوەیان بە ئیسرائیل نە وەدرەنگی دەخەن و نە بەپەلەش دەیکەن، ڕووی دەمی لەم بەشەدا زیاتر لەوەی لە ئیسرائیل بێت، لە لایەنگرانی توندڕەوی خۆی بوو، کە گوشارێکی زۆریان بۆ هێنابوون لەدوای کوژرانی "هەنیە" لە تاران کارێک بکەن؛ بۆیە لە کۆتایی ئەم بەشە لە قسەکانیدا سوورەی "عصر"ی هێنایەوە کە جەخت لەسەر ئامۆژگاری بۆ ڕێی حەق و سەبر دەکات، لەوانەیە بە هەمان "سەبری ستراتیژیک" ئەم سوورەتەی قورئانی لێک دابێتەوە.

بەشی عەرەبیی قسەکانی وەک وتیشی ڕوو لە موسوڵمانانی "لوبنان" و "فەلەستین" بوو، بەڵام لە عەرەبییەکەدا بەپێچەوانەی فارسییەکەی کە باسی بەرگریی دەکرد، باسی لە "جهاد" کرد، واتە هێرشبردن نەک بەرگریکردن. ڕاستە خامنەیی وەک ڕێبەرێکی ئایینی و ڕیشسپیی دنیای ئیسلام خۆی دەرخست، بەڵام بەپێچەوانەی دۆکتۆرینی پێشووی کۆماری ئیسلامی، باسی لە ئۆممەت نەکرد، بەڵکوو دەستەواژەی میللەتانی موسوڵمانی بەکار هێنا، خوێندنەوەی ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بۆچی ئەرکی خۆیان بە بەرگری و پاڵپشتی دادەنێ و ئەرکی لوبنانی و فەلەستینییەکانیش بە جەهاد. سەرەڕای ئەوە لەم بەشەدا باسی لە لەنێوچوون و نەمانی ئیسرائیل کرد، لە فارسییەکەیدا ئاماژەیەکی بەوە نەدا و وا دیارە ئەم ئەرکەی بە موسوڵمانانی جیهادیی ئەو دوو وڵاتە سپاردووە. لەم بەشەشدا سوورەتێکی تری لە قورئان هێنایەوە کە



سەرچاوە
Serchawe

مانگی رەزبەری ٢٧٢٤

هەمان سوورەت بوو وا دوای سەرکەوتنی موسوڵمانان و چوونەوەیان بۆ مەککە هاتبوو و باسی لە سەرکەوتنی موسوڵمانان دەکرد، بەم پێیەش خامنەیی مزگێنیی سەرکەوتنی بە موسوڵمانان دا.

کۆی بابەتەکە دەتوانین بەم شێوەیە بێنین کە خامنەیی ئەم بەوتەی ئەو سەرکەوتنەی وا مزگێنیی دا لە گرەوی ئەوەدایە کە هەموو وڵاتانی ئیسلامی لەژێر ڕێنوێنییەکانی خامنەییدا یەک بگرن، لایەنگرانی نەکەونە پەلەپەل و سەبوور بن، چون ئەمان کاریان بەرگری و پشتیوانییە، هەروەها ئەو موسوڵمانانەی وا لە سنوورەکانی ئیسرائیل نزیکن و لە سەنگەری یەکەمدان جەهاد بکەن! بۆیە "مەحموود عەباس"، سەرۆکی دەوڵەتی خۆبەڕێوەبەریی فەلەستین لەم ڕۆژانەدا ڕایگەیاند و داوای لە ئێران کرد، واز لە دۆزی فەلەستین بێنێ و لێگەڕێ خۆیان چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. ئەمە بەو واتایە نەک وڵاتانی جیهان بەڵکوو بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی فەلەستین و لوبنانیش بەم دەستێوەردانە تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی ڕازی نین. کەواتە دەتوانین بڵێین خامنەیی بە تێگەیشتن لەو تەنیاییە هەنگاوێک پاشەکشەی کردووە و ئەرکی لەنێوبردنی ئیسرائیلی لەسەر شانی کۆماری ئیسلامی لابرد و بە خەڵکی موسوڵمانی نزیک لە ئیسرائیلی سپارد، هەروەها شەڕ لەگەڵ ئەو وڵاتەی گرێ دایەوە بەو مەرجەی کە ئەگەر ئەوان هێرش بکەن، وڵام دەدرێنەوە.

لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی ئێستاش پاش چەندین ساڵ لە شەڕی ئێران و عێراق وەک شانازییەک باس لە تەنیاییی خۆیان لەو شەڕەدا دەکەن و دەڵێن ٣٧ وڵات لەگەڵ عێراق ڕێک کەوتبوون بەدژی ئێران، لە سەردەمی ئێستادا ئەوە وەک شانازییەک حەسابی بۆ ناکرێ، بەڵکوو دەرخەری لاوازیی لەڕادەبەدەری دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێکە کە بەو ڕادەیە پەراوێز بخرێ؛ ئێستا خامنەیی لەو تەنیاییە تێگەیشتووە، بۆیە سەرکەوتنیان لە گرەوی یەکریزی و یەکوتاریی میللەتانی موسوڵماندا دەبینێ و ئەرکی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهانی، بەخشکە لەسەر شانی کۆماری ئیسلامی لابرد، کە پاشەکشە و داننانە بە شکستێکی تری ئەم ڕێژیمە.

١٤ی رەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئێران هەموو ڕیسەکەی لێ بووەتەوە خوری



مەجید حەقی

ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەر (یەکی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤) کۆماری ئیسلامی ئێران، دووەمین هێرشی ڕاستەوخۆی بۆ ئیسرائیل ئەنجام دا. ئەم هێرشە بە ناوی ڕەمزی هێرشی "وعدە صادق ٢" دوای ئەوەی ئیسرائیل لە چەند قۆناغدا سەرەتا لە ڕێگەی تەقاندنەوەی پەیجەرەکان و دواتر بیسیمەکان و ئەوجار کوشتنی فەرماندەکانی پلە یەک و دووی گرووپی تیرۆریستی حزب الله و سەر ئەنجام کوشتنی حەسەن نەسروڵلا، ڕێبەری ئەو گرووپە و چەندین ئەندامی ریبەری دیکەی حیزبوڵلا، زەربەیەکی کاریگەری لە جەستەی حیزبوڵلا کە بە سیپەری کۆماری ئیسلامی ئێران دژی ئیسرائیل دەناسرا وەشاند.

ئیسرائیل لە ماوەی دوو هەفتەدا هەموو ئەو سەرمایەگوزارییانەی کە ئێران بۆ بەهێزکردنی حزب الله کردبوو، مایە پووچ کرد. ئێران ماوەی زیاتر لە سی ساڵی رابردوودا نزیکەی ٣٠ ملیارد دۆلاری خەرجی پەروەردە، ڕێکخستن و تەیارکردنی حزب الله ی کردووە. سەرمایەیەک کە دەیتوانی بەشێکی زۆر لە کێشەکانی ئابووری، ژینگەیی، هەژاری و بێکاری لاوانی ئێران چارەسەر بکات.

ئەمەکە ناوی هێرشی ئەمجارەش "وعده صادق"ە بەواتای درێژەی هێرشەکەی ١٣ی مانگی نیسانی ئەمساڵەیە و ئاماژەیە بە هەوڵی درێژخایەنی ئێران بۆ لەناو بردنی وڵاتی ئیسرائیل. ئێران بەو هێرشەی خۆی ئامانجێکی دیکەش دەپێکا: ناچار کردنی ئیسرائیل بۆ هەڵسەنگاندنی ریسکەکانی لەوانەیی هەرجۆرە هێرشێک بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئێران. جارێ تا کاتی نووسینی ئەو بابەتە بەتەواوی شوێندانەری ئەو هێرشەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل دەرنەکەوتووە. بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ ئێراندا نزیک بە تەواوی وڵاتانی ڕۆژاوایی و لەوانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئورووپا ڕەواییان داوە هێرشی لەوانەیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران. تا لێرە ئێران یەکەم دۆڕاوی ئاستی ناوچەیی ئەو هێرشە بوو.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە لەوانەیە وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگای ناوچەیی دوای ئەو هێرشەی ئێران بیر بکەنەوە، گۆڕانی ستراتێژی ئێرانە بە کەڵک وەرگرتن لە پۆتانسیەلی ئەتۆمی خۆی بۆ خوڵقاندنی شەبەحی ترس لە بەرامبەر بەهێزی سەربازی و هێزی بەگری ئیسرائیل. بەواتایەکی دیکە لەوانەیە ئێران لە ژێر سایەی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین و شەڕی یەک ساڵی ڕابردووی غەزە دوور لە چاوی کۆمەڵگای ناوچەیی ئامادەیی ئەتۆمی خۆی بە ئاستێکی وا گەیاندبێت کە بتوانێت ببێتە هەڕەشە دژی وڵاتانی ناوچە و ئیسرائیل.

## هاوکێشەی نوێ؟

بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو هەڕەشەکانی ئێران دژی ئیسرائیل لە سەر بنەمای دوو پایەی سەرەکی بووە: جبەخانەی مووشەکی و فرۆکە بێ فرۆکەوانەکان و هێزەکانی پرۆکسی وەک حیزبوڵڵە لە لوبنان و حەماس لە غەزە. ئەم ستراتێژیە کە بە دۆکتۆرینی بەرگریی پێشوەختەی ئێران ناسراوە، بەدوای ئەوەدا بوو بە بەهێز نیشاندانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی لە گەڵ نەیارانی خۆی بەرەوڕووبێتەوە بە بێ ئەوەی بۆخۆی پێویست بکات ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕ بێت. ئەم ستراتێژیە دوای لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حزب الله لوبنان و لەناو بردنی ناوەندەکانی ڕێبەری و فەرماندەیی حیزبوڵا بەرە بەرە لە گەڵ شکست بەرەو ڕوو بوو.

هێرشی سێزدەی مانگی نیسانی ئەمساڵ دوای ئەوەی کە چەندین فەرماندەی ئێران لە دیمەشق کوژران. لەو هێرشەدا ئێران بە سەدان مووشەک و فرۆکەی بێفرۆکەوان هێرشی کردە سەر ئیسرائیل - گەورەترین ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئێران بوو دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق. بەدوای ئەودا سەردار حسێن سەلامی، فەرماندەی گشتی سپای پاسداران ڕایگەیاند:



سەرچاوە
Serchawe

"بڕیارمان داوە هاوکێشەیەکی نوێ دروست بکەین... لەمەودوا ئەگەر ڕژێمی زایۆنی لە هەر شوێنێک هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندی و سەروەت و سامان و کەسایەتی و هاووڵاتیانمان، ئەوا بە دژە هێرش بەرەوڕوو دەبێتەوە". بەهێرش کردنی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی دا پێشی هێرشەکانی داهاتووی ئیسرائیل بگرێت و ڕێگری بکات لە کوژرانی سەرداران و فەرماندەکانی ڕژێم، وەک ئەوەی لە یەکی نیسانی ٢٠٢٤ لە دیمەشق رووی دا.

یەکەم نیشانەکانی شکستی ئەو ستراتێژییەی ئێران لە ٣١ی مانگی ژووئیە بوو. ئیسرائیل لە هێرشێکی ئاسمانیدا بۆ سەر بەیرووت "فواد شکور" یەکێک لە گرینگترین فەرماندەکانی حزب الله ی لە ناو برد. کوژرانی فواد شکور کە بە "ڕۆحی شاراوە"ی حیزبوڵڵا ناسرا بوو، زەربەیەکی چارەنووس ساز بوو لە سەر پەیکەرەی حیزبوڵلا. دواتر تەنیا چەند کاتژمێر دوای دەستبەکار بوونی مەسعوود پزیشکیان وەک سەرۆک کۆماری ڕژێم، ئیسماعیل هەنیە ڕێبەری حەماس لە ناو تاراندا کوژرا. هێرشێک کە، زۆر کەسی تووشی سەرسوڕمان کرد و بوو بەهۆی تراومایەکی دەروونی بۆ ڕژێمی ئێران. هەرچەند بە شێوەی فەرمی ئیسرائیل بەرپرسایەتی کوژرانی ئیسماعیل هەنیەی بە ئەستۆ نەگرتووە، بەڵام ئێران وەک هێرشەکەی ١ی ئاوریل ئیسرائیلی بە تێپەڕکردنی هەموو هێڵەسوورەکانی تاوانبار کرد.

لە حەفتەکانی دوای ئەو ڕووداوە، ئێران هەڕەشەی هێرشی دەکرد بۆ سەر ئیسرائیل، لە گەڵ ئەوەش بە بیانووی گفتگۆکانی بۆ ئاگربەس لە نێوان ئیسرائیل و حەماس هەوڵی دا لە ڕێگەی کاناڵەکانی دیپلۆماسیەوە پێشی هێرشی زیاتر ئیسرائیل بگرێت بۆ سەر بەناو "بەرەی مقاومت"، بۆ ئەوەی تێچووی خۆیان لەو بەرەیەدا بە ئاستی هەرە کەمی خۆیان بگەیەنن. ڕاست پێچەوانەی ئیسرائیل ڕۆژ بە ڕۆژ پاشەکشەی بە بەرەی "مقاومت" کرد.بە شێوەیەک زۆر کەس لە ناو ئێران پێیان وابوو ئیسرائیل خەریکی هاندانی ئێرانە بۆ قووڵتر کردنەوەی ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا لە ناوچەدا.

لە کۆتاکانی مانگی ئووت (ئاگۆست) دا حزبوڵڵە بە ئاراستەکردنی زیاتر لە ٣٠٠ مووشەک بۆ ئیسرائیل لە تۆڵەی کوژرانی "فواد شکور"، بوو بە هۆی دەسپێکی خەستتر کردنی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حیزبوڵڵە.

بەڵگەی دیکە لە مەڕ وەدی نەهاتنی "هاوکێشەی نوێ"ی جێی ئیدعای ئێران هێرشی ئیسرائیل لە ٢٧ی سێپتەمبر بۆ سەر بنکەی ناوەندی ڕێبەری حزب الله و لەناو بردنی " حسن نصرالله" سکرتێری گشتی حزب الله و کوژرانی سەرتیپ عەباس نیلفرۆشان جێگری فەرماندەی عەمەلیاتی سپای پاسداران بوو. حسن نصرالله بە دڵنیاییەوە گرینگترین و بەرچاوترین سیمای پرۆکسی ئێران بوو کە دەکرێ وەک ئاڵقەی پێوەندی ئێران و هەموو بەرەی "مقاومەت" ناو ببرێت. ئیسرائیل هێڵێکی سووری دیکەی ئێرانی تێپەڕ کرد.

هەڵوێستەکانی ئەو کاتی ئێران نیشانەی بێ مەیلی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی ململانێیەکان بوو. عەلی خامنەیی ڕای گەیاند کە "محور مقاومت" بێ نەسروڵاهیش درێژەی دەبێ. لە گەڵ ئەمەش ئێران کەوتبووە ناو دوو ڕێیانەیەکی سەخت. هێرش بۆ سەر ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی سەخت لە گەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا کە خاوەن تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی بەرگری و هێرشن. لە لایەکی دیکەدا خۆپاراستن لە هێرش دەبووە هۆی لەناو چوون و لاوازی متمانەی هاوسان لە لای هاوپەیمان و دوژمنانی ئەو وڵاتە. لە کاتێکدا ئێران دەیتوانی هێزەکانی دیکەی خۆی لە "محور مقاومت" بۆ نموونە ملیشا شیعەکانی عێراق، سووریا و یەمەن بۆ هێرش بە سەر ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکایی بە کار بێنێت، بەڵام لە دەستتدانی سەرۆکی حزب الله کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر "بەرەی مقاومت" کردبوو کە توانایی و وەرەی سەرانسەری "بەرەی مقاومت" ئێرانی لاواز کردبووە.

لەناوچوون و لاوازی لەنەکاوی حیزب للە بوو بە هۆی ترسی ئەوە لە ناو دەسەڵاتدارانی ئێرانی کە دوای لوبنان، سووریا و دواتر عێراق و لە کۆتایی نۆرەی ئێران دێت. دەسەڵاتدارانی ئێران بەو بڕوایە گەیشتبوون کە شەڕ شتێکی حەتمییە و بۆیە گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە دەستپێشخەری باشترین بەرگریە. بۆیە بە جیاتی ئەوەی بە نائامادەیی و لەناکاو تووشی هەڕەشە بین، دەست بە کردەوەی پێشگیرانە ڕووبەڕووی هەڕەشەکە ببنەوە.

لە ناوخۆی ئێراندا توندرەوانی ڕژێم ڕەخنەی توندیان دەگرت لە دیپلۆماسی ڕواڵەتیی (ظاهری) ئێران لە گرتنەبەری دیپلۆماسی نەرم و "تەعامول" لە گەل ڕۆژاوادا. لێکدانەوەیان ئەوەبوو کە ئەگەر لە کاتی خۆیدا تۆڵەی کوژرانی ئیسماعیل هەنیە بکرایە، ڕەنگە ڕێگری لە مەردنی " حسن نصرالله" دەگیرا. هەڕەشەی پۆتانسیەلی ئێران بە هۆی جبەخانەی مووشەکی و هێزەکانی "نیابەتی"یەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز ببوو و ئیسرائیل یەک ساڵ دوای هێرشی تیرۆریستی ٧ی ئۆکتۆبر یەک بە دوای یەک ڕێبەرانی "بەرەی مقاومەی" لە ناو دەبرد و دەرکەوت کە هێرشی سێزدەی نیسانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کاریگەری نەبووە و بوو بە هۆی ئەوەی کە ئیسرائیل سووتربێت لە سەر سزادانی نەیارانی خۆی. "حزب الله" ێک کە سەردەمێک قەڵای ئێران دژی ئیسرائیل لە قەڵەم دەدرا لە ماوەی چەند هەفتەدا تا ئاستی لەناو چوون لاواز بوو.

## وعده صادق ٢

لە یەکی مانگی ئۆکتۆبر دا سەر ئەنجام ئێران هێرشی تۆڵە ئەستێنی خۆی دەست پێ کرد. ناوەرۆکی ئەو هێرشە لە گەڵ هێرشی سێزدەی نیسان زۆر جیاواز بوو. ئێران ئەمجارە نزیک ٢٠٠ مووشەکی بالستیک کە لە ماوەی چەند خولەک دا دەیانتوانی ئامانجەکانیان لە ئیسرائیل بپێکن. هاوکات ئێران پێشکەوتووترین مووشەکی خۆی واتە "فتاح ١" بەکار برد.

لێكدانەوە سەرەتاییەكان نیشان دەدەن كە هێرشی ئەمجارە خەساری زۆرتریان بە ئیسرائیل گەیاندبێت. لە گەڵ ئەمەش زیانەكانی ئیسرائیل زۆر كەمن و تەنیا كەسێك لە "ئەریحا" كوژرا و دوو كەسیش لە تێل ئاڤیو بریندار بوون.

كاربەدەستانی ئێرانی لە ئامانجی خۆیان لە هەردوو هێرشەكەی سێزدەی نیسان و یەكی ئۆكتۆبر دا هاوسانی هێرشەكانی ئیسرائیل بۆ سەر كۆماری ئیسلامی لە دەمیشق و تارانیان ناو برد. بە ئیدعای كۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو ڕژێمە نایهەوێ شەڕ و ململانێ لەوە زیاتر تەشەنە بكات. ئێران هەروەها ئیدعا دەكات كە هێرشی یەكی ئۆكتۆبر لە سەر بنەماكانی مەنشووری نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ بەرگری لە خۆ بووە و ئیدعایەك كە ئێران هەوڵی دا لە ڕێگەی نوێنەری خۆی لە نەتەوە یەكگرتووەكانیشدا پێداگری لە سەر بكات.

## ئێران لە دوو ڕێیانەی ستراتێژیكدا

ستراتێژی ئێران بۆ سازكردنی هێزی ڕێگریكاری (بازدارندگی) لەوانەیە ئاكامی پێچەوانەیی بدات. تەنیا هەڵدانی مووشەك بە شێوەی ئۆتۆماتیك ڕێگرییەكی كاریگەر دروست ناكات. بەڵكوو بەلەبەرچاو گرتنی ئەو پشتیوانیە ناونەتەوەییەی ئیسرائیل بەدەستی هێناوە، ئێران تونتر لە هێرشەكانی مانگی نیسان تۆڵە بكاتەوە. دژكردەوەی ئەو جارەی ئیسرائیل لەوانەیە ببێتە هۆی زیانی گەورەتر و بەرفراوانتری ڕاستەوخۆ بە ئێران. دەست بە جێ دوای هێرشەكەی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ سوێندی خوارد كە تۆڵەی توند لە ئێران بكاتەوە و ڕایگەیاند، "ئێران ئەمشەو هەڵەیەكی گەورەی كرد- و باجی ئەوە دەدات. ڕێژیم لە ئێران لە ئیرادەی ئێمە بۆ بەرگریكردن لە خۆمان و تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەكانمان تێناگات."

ئیسرائیل چ هێرش بكاتە سەر بنكە ناڤۆكییەكانی ئێران، یا خود پاڵاوتەكانی نەوتی ئێران و ببێتە هۆی گەیاندنی زیانی ئابووری یان بنكەكانی مووشەكی ئێران، دەتوانێت ببێتە هۆی لاوازییەكی بەرچاوی ئێران بێی ئەوەی كە كۆمەڵگای ناونەتەوەیی دژایەتی بكات. ئیسرائیل ئێستە بە پێی مادەی 51ی مەنشووری نەتەوە یەكگرتووەكان مافی بەرگری لە خۆی هەیە و هێرشی ئەمجارەی بە ئاشكرا بەواتای لاواز كردنی ئێران نەتەنیا لە باری سەربازی و ئابووری و ناونەتەوەیی دەبێت، بەڵكوو دەبێتە هۆی تراومایەكی دەروونی قووڵ بۆ هەموو "بەرەی مقاومت."

وا دابنێین ئیسرائیل ناچار بێت باجی ئەو هێرشەی بۆ سەر ئێران بدات. درێژەی بێتوانایی ئێران لە بەرگری شوێندانەر لەر بەرامبەر ئیسرائیل دا دەبێتە هۆی ئەوەی كە هێزەكانی پرۆكسی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچەدا لاواز تر بن. دەتوانین بێژین



سەرچاوە
Serchawe

هێرشی " وعدە صادق ٢" بە دەسپێکی مەرگی حزب الله دابنێین. چونکە ئێران ئەمجارە ئەو ڕۆڵەیٚ بینی کە ئەرکی حزب الله بوو. هێرشی ١ ئۆکتۆبر هەرچەند بەهێزتر لە هێرشی مانگی نیسان بوو، بەڵام نیشانی دا کە بۆ گۆڕینی هاوکێشەی هێز بوونی مووشەکی دوور هاوێژ ڕەنگە بەس نەبێت بۆ هاوسەنگکردنی توانا سەربازییەکانی ئیسرائیل یان تێکەوتن لە شەڕێکی تەواو و درێژخایەندا.

بەرنامەی ناڤۆکی ئێران بێگومان یەکێک لە پاشخانە کانی بەهێزی بڕیاری هێرشی وعدە صادق٢ بوو. ئێران وەک وڵاتێک کە لەبەردەم ساز کردنی چەکی ئەتۆمیە، خاوەنی پێکهاتە سەرەکییەکانی چەکی ناڤۆکی بریتی لە مادەی دابەش بوو (fissile material)، شارەزایی تەکنیکی و سیستەمی گەیاندنی دامەزراوەکان بۆ چەکی ئەتۆمییە. سەرەرای ئەوەی ئێران ئیدعا دەکات کە پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئامانجێکی ئاشتی خوازانەی هەیە، بەڵام ئەو وڵاتە ئێستا خاوەنی ئەو پۆتانسیەلەیە کە هەنگاوی کۆتایی بۆ سازکردنی چەکی ئەتۆمی هەڵگرێت. لە گەڵ ئەوانەش نازانریٚ داخۆ ئێران بیری لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیلیان کردۆتەوە بۆ سەر بنکەکانی ئەتۆمی کە پڕە لە ئۆرانیۆمی پیتێنراو بە سانتریفۆژی پێشکەوتوو؟

هەڵوێست و هەڵسوکەوتی یەکساڵەی ڕابردووی کاربەدەستانی ئێران نیشان دەدات کە ئێران خێراتر لەوەی ڕۆژاوا بیر دەکاتەوە خەریکی بەرز کردنەوەی ئاستی هێزی ئەتۆمی خۆیانن. ڕێک لە ڕۆژی ١٠ی خەزەلوەردا بەشێک لە ئەندامانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران باسی گۆڕینی دۆکتۆرینی بەرگریی ئێران بۆ چەکی ئەتۆمی دەکرد. ئەم باسانە تەنانەت ئەگەر تەنیا وەک دروشمیش بن، نیشانەی ئەوەیە کە ئێران بەرە بەرە خەریکی ئاشکرا کردنی نیەتی ڕاستەقینەی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ پرۆژەی ئەتۆمییەکەی دایە بۆ ئەوەی لانی کەم لەو ڕێگەیەوە هێزی "بەرگریکاری"خۆی بەرز بکاتەوە.

ئێران جاریٚ ڕێگەیەکی زۆری ماوە تا ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی خۆی، بۆیە دوور نیە ئیسرائیل ڕێک ئەو دەرفەتە بەکار بێنێت بۆ ئەوەی گوریسی کۆماری ئیسلامی بکاتە ڕیس و ئەزموونی عێراق و سووریا دووپات بکاتەوە. ئەگەر ئێران هەروا بە هێرشی مووشەکی خۆی درێژە بدات و ئیسرائیلش هەرجاریٚ توندتر لە جاری پێشوو تۆڵە بکاتەوە، لەوانەیە لە درێژخایەندا هەموو هێزی پۆتانسیەلی "ڕێگریکاری" ئێران لە گەڵ ناهومێدی بەرەوڕوو بکات.

"حزب الله"یش دوای ئەو شکەستە یەک بەدوای یەکەکانی سەرەرای ئەوەی کە هەروا لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت و خاوەنی جبەخانەی گەورەتر بووە لە سوپای لوبنان و زۆر لە وڵاتانی عەرەبیش، لەمەو بەدوا زۆر زەحمەتە بتوانێت سەر هەڵبداتەوە و ببێتە هێزێکی جیددی بەرگریکاری بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری ئیسلامی ئێران دوای شکست و لە دەست دانی حزب الله دوو ڕێگەی لە پێشدایە: یان بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و قبووڵ کردنی ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردەیە یا خود هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی سیاسی و وازهێنان لە دروشمی لەناو بردنی ئیسرائیل. بە قسەی ئیسرائیل کاتز وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بۆ خامنەیی" نیابەتییەکانی خۆت هەڵگرە و لوبنان بەجێ بهێڵە."

## دەرفەتێک بۆ بزاڤی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

### هێرشی ئێران بۆ سەر ٣ ئیسرائیل، هیچکام لە بنەماکانی مادەی ٥١ مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان پڕ ناکاتەوە:

١- ئیسرائیل دانی پێدا نەهێناوە کە ئیسماعیل هەنیەی کوشتبێت و ئێرانیش هیچ بەڵگەیەکی نیشان نەداوە لە مەڕ کوژرانی هەنیە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە. جیا لەوە هەنیە شارۆمەندی ئێران نیە، تا ئەو وڵاتە مافی هەبێت بە تۆڵەی کوژرانی میوانە ئازیزەکەی هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی دیکە.
٢- کوژرانی نەسروڵڵا لە ڕووی یاسای ناونەتەوەییەوە هیچ پێوەندییەکی بە ئێرانەوە نیە و ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی هێرش بکرێتە سەر وڵاتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان
٣- پاسدار عباس نیلفروشان نە لە بالیۆزخانە و نەش لە کۆنسوڵ و نەش لە سەر خاکی ئێران کوژراوە، بەڵکوو لە کاتی کۆبوونەوە لە گەل تیرۆریستانی حزب الله لە لوبنان کوژراوە.

گەر هەلومەرجی جیهانی بە هۆی شەڕی ئۆکراین و ڕکەبەری نێوان ئەمریکا و چین نەبوایە، دوور نەبوو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێت بڕیارنامەیەک دژی ئێران دەر بکات و هێرشەکانی لەوانەیی ئیسرائیل ڕەوایی ناونەتەوەیی بەدەست بێنن. هێرشەکانی نیسان و ئۆکتۆبری ئێران بۆ سەر ئیسرائیل ناوەرۆکی هێرشکارانە وشەڕئەنگێزانەی ئێرانی بۆ کۆمەڵگای جیهانی ئاشکراتری کردووە.

**ئێستا کە دەرفەتێک بۆ گۆڕانی هاوسەنگی و پشتیوانی جیهانی بۆ بەرەو ڕووبوونەوە لە گەل ئێران پێک هاتووە، هێزە کوردیەکان و بزاڤی سیاسی کورد جێی خۆیەتی هەست بە بەرپرسایەتی بکەن بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی گشتگر بۆ ئەوەی بتوانێت بە دیپلۆماسییەکی چالاک و داهێنەرانە ئەو دەرفەتە ناونەتەوەییە بەکار بهێنێت. هەنگاوی یەکەم پێکهێنانی کۆنفرانسی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.**

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ساڵێک دوای ٧ی ئۆکتۆبر



مەنسوور مروەتی

حەوتی ئوکتوبر یان پازدەی ڕەزبەری یەکساڵ بەسەر هێرشی چەکدارانی حەماس بۆ سەر ناچەکانی باشووری ئیسرائیل تێدەپەڕێ.

ئەو ڕۆژە کۆمەڵێک لە لاوانی ئیسرائیلی و گەشتیاری وڵاتان بۆ بەڕێوەبردنی فستیواڵێکی دوو ڕۆژە چووبوونە ئەو ناوچەیە کە کاتژمێر شەش و نیوی بەیانی کەوتنە بەرپەلاماری چەکدارانی حەماس و لە گرتن و کوشتن و ڕفاندنەوە بگرە تا دەستدرێژی بۆ سەر ئەو لاو و گەشتیارانە درێغییان نەکرد. ئەو پەلامارەی حەماس لە کاتێکدا بوو کە ماوەییک بوو چەند وڵاتێکی عەرەبی خەریکی ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانیان لە گەڵ ئیسرائیل بوون و ئێران بە ئاشکرا پێناخۆش بوون و هەڕەشەی خۆی لەو ئاسایی کردنەوەیە نەدەشاردەوە. تا وای لێهات سێ ڕۆژ دوای وتارێکی خامنەیی ئەو پەلامارەی کە لە لایەن حەماسەوە بە (طوفان الاقصی) ناوی لێنرا لە بەرەبەیانیی ڕۆژی حەوتی ئوکتوبردا قەوما و شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل دەستی پێکرد. خامنەیی و کاربەدەستانی ئێران هەر زوو کەوتنە خۆ نواندن و تاریف لەو پەلامارە. بەڵام دوای چەند ڕۆژێک و دژکردەوەی توندی ئیسرائیل و کاردەنەوەکانی وڵاتان بەرەبەرە زمانیان گۆڕا و بێ بەری خۆیان لەو پەلامارە

ڕاگەیاند. بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی بۆ دنیا روون و ئاشکرا بوو ئەوە بوو کە ئێران لە ڕێگای حەماس و دواتر هێزە ڕاسپێراوەکانی خۆی لە ناوچەکە شەڕێکی ماڵوێرانکەری لە گەڵ ئیسرائیل دەستی پێکردبوو. ئیسرائیل دوای چەند رۆژ و خۆ کۆکردنەوە و دەرکردنی چەکدارانی حەماس لە وڵاتەکەی هێرشێکی توندی بۆ سەر کەرتی غەززە و چەکدارانی حەماس دەست پێکرد. ئێستا لەکاتێکدا یەکساڵ بەسەر حەوتی ئوکتوبردا تێدەپەڕێ کە لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی ئەو کات ناڕاستەوخۆ و ئێستا ڕاستەوخۆ هەڵگیرسێنەری شەڕێکە کە تێدا بەدەیان هەزار کوژرا و چەندین میلیۆن ئاوارەی لێکەوتووتەوە. هەتا ئێستا بە پێی سەرچاوەکانی هەواڵ زیاتر لە ٤٢هەزار کەسی سیڤیل کە زۆربەیان ژن و منداڵن لە غەززە کوژراون، بەهەزاران چەکدار گیانیان لە دەست داوە و ئەو ناوچەیە جگە لە وێرانەییەک هیچی بۆ نەماوەتەوە. لە هێرشی و وڵامدانەوەی بەردەوامی ئیسرائیل تا ئێستا زۆربەی هەرەزۆری بەرپرسان و فەرماندەکانی حەماس و لە سەرووی هەموویانەوە ئیساعیل هەنیە لە لایەن ئیسرائیلەوە کوژراون و بەکردەوە حەماس نە کەسێکی وای لێماوەتەوە و نە ئەو وڵاتەش ئاوەدانییەکی وای تێدا ماوە. لەو ماوەیەشدا ئێران لە ڕێگای حیزبوڵڵای لوبنان و حەسیەکانی یەمەن و موقاومەی ئیسلامی عێراق وای لە پەلاماری سەر ئیسرائیل نەهێناوە و سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی ئیسرائیل بەو هێزانە و بەتایبەتی حیزبوڵای لوبنان بەڵام ئەوان لە سەر ڕاسپاردەی ئێران درێژەیان بە پەلامارە مووشەکیەکانی خۆیان دا. ئەمجارە ئیسرائیل دەستی کرد بە لێدانی حیزبوڵڵا و هێرش بۆ سەر لوبنان کە ئەویش تا ئێستا بەهەزاران کوژراو و سەتان هەزار ئاوارە و ماڵوێرانیی لێکەوتووتەوە، لەو هێرشانەی ئیسرائیلدا ئاخریەکەی حەسەن نەسروڵڵا ڕێبەری حیزبوڵڵاش لە پەلاماری ئاسمانیی ئیسرائیلدا لە گەڵ چەندین فەرماندە و بەرپرسی حیزبوڵڵا و سپای پاسدارانی ئێران پێوە بوون و کوژران. تەنانەت لەم پەلامارانەی ئەم چەند ڕۆژەدا باس لە کوژرانی سماعیل قائانی فەرماندەی سپای قودسی ئێران و جێگری حەسەن نەسروڵاش دەکرێ.

ڕۆژی دەی ڕەزبەر و دوای کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا و عەباس نیلفرووشان جێگری عەمەلیاتی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، ئێران بە تۆڵەی کوژرانی ئەوان و سماعیل هەنیە هێرشێکی مووشەکیی ڕاگەیاندراوی کردە سەر ئیسرائیل کە تێدا زەرەرێکی وای لەو وڵاتە نەدا. ئەو پەلامارەی ئێران کە بۆ جاری دووهەم لە چەند مانگی ڕابردوودا بوو،ئێرانی ڕاستەوخۆ لەو شەڕە تێوەگلاندوە و وێدەچێ کە لە ئاکامی شەڕەنگێزیەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەم ئێران و هەم ناوچەکە لە شەڕێکەوە تێوبگلێن کە خواستی خەڵکەکە نییە و تەنیا هۆکار و هەڵگیرسێنەری تەنیا کۆماری ئیسلامی و ڕێبەری ئەم ڕێژیمە عەلی خامنەییە.

ئێستا ئەگەر بە خێرایی ئاورێک لە کاتی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ٤٥ ساڵ لەوە پێش بدەینەوە دەبینین کە چل و سێ ساڵ لەوەپێش و لە ئاکامی دەستێوەردانی خومەینی و هاندانی خەڵکی عێراق بۆ شۆڕش بە دژی حکوومەتی

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

ئەوکاتی عێراق شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق هەڵگیرسا کە بە ملیونان مرۆڤ لە هەردوولا کوژران و بریندار و ماڵوێران بوون. لەو کاتەدا تەنیا ئەو قسەیەی خومەینی ڕێبەر و دامەزرێنەری ئەم ڕێژیمە وەبیر دێنینەوە کە لەگەڵ هەموو ئەو ماڵوێرانییەی تووشی ئەم دوو وڵاتەی کردبوو، کوتی " شەڕ بۆ ئێمە نیعمەتە". لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئێستا لەم ناوچەیە دەگوزەرێ و ئەم ئاورەی کە بە دەستی کۆماری ئیسلامی هلگیرساوە هەر لەو قسەیە و لەو ئیدئۆلۆژیە شەڕانگێزانەی خومەینی و خامنەییەوە سەرچاوە دەگرێ و وێدەچێ ناوچەکەش بگرێتەوە. بەڵام ڕاستییەک لەم نێوەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە تا کاتێک ئەم ئیدئۆلۆژی و ڕێژیمە شەڕانگێز و شەڕخوازە لە ئێران و لەم ناوچەیە بمێنێتەوە، نە خەڵکی ئێران و نە خەڵکی ناوچەکە ئارامی و ئاسایش بە خۆیانەوە نابینن. لە کۆتاییدا ئاسۆ ڕوونە و مەرگی دیکتاتۆر و شەڕخوازان نزیکە.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# قرتاندنی باسکەکانی ئۆختاپووسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێشگرتن بە ملهووڕییەکانی



**پێشەوا عەلیپوور**

ماوەیەکە بەرپرسانی شیعەی نزیک لە ئێران قۆڵیان لە سەرۆکوەزیرانی عێراق هەڵماڵیوە گۆیا خەتی مۆبایلەکانی بەرپرسانی شیعە بە بڕیاری شیاع سودانی کۆنترۆڵ دەکرێن! گۆیا ئەمە تا لێواری تێکهەڵچوونیش چۆتە پێشێ! سەردانی پزشکیان بۆلای ماڵ بە ماڵ و تایفە بە تایفەی شیعەی عێراق لەپێناو پاراستنی یەکگرتوویيان و هێورکردنەوەی توڕەییيان لە دژی سوودانی، سەلمێنەری ئەم بابەتەیە! وادیارە قائانیش ئەم ڕۆژانە هەڵگری پەیامێکی لەم چەشنە بووە بۆ هێورکردنەوەی نێو ماڵی شیعەی عێراق، لەکاتێکدا کە ئاگری شەڕی ئیسڕائیل سەرجەم لق و پۆپەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دەسوتێنێت!

ئێران نایهەوێت دۆخەکەی لەوە زیاتر لە دەست دەربچێت و بە خشکە لە پاشکەشەدایە و لەو دۆخەدا کورد دەبێ لە ئاستی ناوچەکە بیر لە سیاسەتی بەرفرە بکاتەوە، بۆ لە ئاستی ناوچەکەدا؟ چونکە ئێران خۆی عامیلە لە تێکدانی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێستاش کۆنترۆڵی دۆخەکەی لەدەست دەرچووە، بۆیە هەرچەشنە گەمەیەکی سیاسی لەگەڵ ئێران، ئۆتوماتیک ڕەهەندێکی بەرفرەی ناوچەیی بەخۆیەوە دەگرێت.

بەشداریی سەرۆکوەزیری عێراق لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاماژەدان بە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ڕوو بە نوێنەرانی وڵاتان، هەڵگری چەند پەیامە کە یەکێکیان بەردەوامیی پرۆسەی دێموکراسییە لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە پێشەنگایەتیی کورد و هەروەها بەشداریی کوردە لە پرسە سیاسییەکان وەک نەتەوەیەک لە هەرێمێکی دانپێدانراو لە عێراقدا، کە ئەمەش ڕوو بە سێ وڵاتی دیکەی داگیرکەری کوردستان قورسایی سیاسیی کورد بۆ ئەوانیش و بۆ جیهانیش دەردەخات.

لەوەها دۆخێکدا کە کورد لە چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابەش و بڵاوە، یەکگرتوویی کورد بەتایبەتی لەنێو جەرگەی هاڵۆزییەکانی بەغدا دەتوانێ کاریگەریی سیاسیی بەرچاوی لەسەر دۆخی ناوچە و پاشەکشەکردن بە هەندێک سیاسەتی ئێران هەبێ. یەکگرتوویی کورد و دارشتنی سیاسەتێکی تۆکمە ڕوو بە پێتەختی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، دەتوانێ بەشێک لە مافەکانیان و هەروەها سەنگی کوردی باشوور تا ئاستێک مسۆگەر بکات و هاوکات بیانکاتە پشتیوانییەکی جدی بۆ کوردی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، بەبێ نیگەرانی لە هەڕەشەکانی ئێران.

## ئاکامی هەڵەی ستراتێژیک لە خوێندنەوەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی شەڕ و هاندانی گرووپە میلیشیاکانی لە دژی ئیسرائیل، لەو چەند خاڵەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت:

١- ئێران نەک هەر نەیتوانی بەو هێرشانە ژێرخانی نیزامی و مرۆیی ئیسرائیل لاواز بکات، بەڵکوو حەماسیش وەک یەکێک لە باسکە میلیشیاییەکانی، وەها لاواز بووە کە عەمەلەن پاسیف کرا.
٢- لەبار بردنی پرسی بەرحەقی فەلەستین و وێرانکردنی ژێرخانی مرۆیی و شارستانییەتی غەزە و ئاوارەکردنی هەزاران فەلەستینی لە خاکی خۆیان بۆ وڵاتانی دەوروبەر!
٣- بەهەدەردانی داهاتی زۆر و زەوەندی ئێران لە دروستکردن و پەرەپێدانی پیشەسازیی مووشکیی، لەکاتێکدا کە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو دارمانی زیاتر دەچێت.
٤- هێرشی ناوە ناوەی ئیسرائیل بۆسەر بنکە و بارەگا نیزامی و کەسایەتییە دیارە میلیشیاییەکانی ئێران لەنێو جەرگەی ئێراندا و، نەبوونی وەڵامی نیزامیی پێویست لەلایەن ئێرانەوە، دەرخەری ئەوەیە ڕێژیم تەنیا لەبەرانبەر وڵاتانی گەشەنەسەندووی نیزامیی ناوچەکە و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد توانای چەکداریی و مووشەکیی هەیە، نەک دەوڵەتە پێشکەوتووەکان.
٥- لەبارنەچوونی پێوەندییە بنیاتنراوە نوێیەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل کە خامنەیی هیوای لەسەر هەڵچنیبوو.

٦- چوونەسەری ڕێژەی خەسارە نیزامی و مرۆییەکانی سپای پاسداران و گرووپەکانی نزیک لە ڕێژیم لە سووریە، کە بەردەوام دەکەونە بەر هێرشی ئاسمانی سپای ئیسرائیل.

٧- تەقینەوەی دۆخی عێراق و لایەنە شیعەکان پاش دەسپێکی قۆناغی نوێی دەستوەشاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆسەر هێزەکانی حەشدی شەعبی و هەروەها بەرفراوانبوونی مەیدانی تۆڵەسەندنەوەی ئیسرائیل کە بەرۆکی عێراقیش دەگرێتەوە. ئاشکرایە لەو دۆخەدا هاتنە کایەی جیلێکی نوێی لاوان لە کۆمەڵگەی عەرەبیی عێراق، کە شوناسخوازن و زیاتر بەدوای هەلی کار و ژیانێکی شیاو و سەقامگیردا دەگەڕێن و گیرۆدەی خەونە مەزنیخوازیەکانی شیعەگەریی ئێران نین دەتوانێ دیزاینی سیاسیی عێراق بگۆڕێت.

٨- تێوەگلاندن و شکستی حیزبوڵڵا و گیرۆدەکردنی لوبنان بە شەڕی سایبێری و شەڕێکی نیزامییماڵوێرانکەر و ئاوارەکردنی هەزاران لوبنانی، کە پاش کوژرانی حەسەن نەسرولڵا، بە لەپێ خستنی حیزبوڵڵا لەوانەیە ببڕێتەوە.

٩- بەو چارەنووسەی ئێران تووشی خۆی و بەکرێگیراوەکانی کردوە، ڕوونە کە حوسییەکانیش لە یەمەن بە زووترین کات باجی سەرەڕۆیگرتن لە کەشتییە بازرگانییەکانی دەریای سوور و هەروەها مووشەکهاوێژیی ناوبەناویان دەبێ بدەن.

کۆی ئەم خاڵانە ناکامیی پرۆژەیەکی چل ساڵەن لەژێر درووشمیی "ڕێگەی قودس بە کەربەلادایە" کە دواتر بە ناوی "هیلالی شیعە" ناوی دەرکرد و بە نرخی بەفیرۆدانی سەرجەم سەرمایەکانی سەرزەوی و ژێر زەوی و برسیکردنی خەڵکی ئێران تەواو بووە. خۆگرتنەوەی ئێران لە وەها دۆخێکی هەڵدێردا، پاش ئەو شکستە چەند ڕەهەندییەی تووشی هات (ئەوەش بڵێین کە ڕەهەندی دیکەی کێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ئێران فرۆشتنی درۆن و مووشەک بە ڕوسیەیە دژی ئۆکراین و هەروەها نزیکبوونەوە لە قۆناغەکانی کۆتایی پیتاندنی ئورانیۆم و دروستکردنی بۆمبی ناوکییە)، بە نرخی ئاگربەردانی زیاتر لە خەرمانی ئابووریی ئێران و چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری نەتەوەکانی ئێران تەواو دەبێت، کە ئاکامەکەی داخرانی زیاتری دەرگا نێودەوڵەتییەکانە بەڕووی ئێران، و پەیام و سیگناڵەکانی پاشەکشەی ئێران لە زمان پزشکیان لە کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ناتوانێ بەمزوانە دەرگا نێودەوڵەتییەکان بەڕووی ئێراندا بکاتەوە و لە ئاکامدا بەردەوامیی هەڵئاوسانی نرخی شتوومەک و ڕۆچوونی زیاتری خەڵک لە زۆنگاوی دارمانی ئابووری بەدوادا دێت.


کەڵەکەبوونی ئەم کێشە و ئاریشە چارەنووسسازانە لە وڵاتدا، جارێکی دیکە خەڵک هان دەدات بۆ ئەوەی لەسەرشەقام فریای چارەنووسی خۆیان بکەون. ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە هێنانەگۆڕی ویست و داخوازیی ئازادیخوازانە و کۆنکرێت و مرۆڤتەوەرانە، تەنیا چەکێکە کە دەتوانێ خەونی خامنەیی لەمەڕ دروستکردنی کۆرەی شومالیی دووهەم (کە بۆ خەڵکی ئێران و ناوچە و جیهان مۆتەکەیە) لەگۆڕ بنێت.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# لێکدانەوەی داهات و بەخشین لە کاری "ڕەزمەندەگان"دا




**دارسمە**

ئەم وەشاندنەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو هێرشی چەند مانگی ڕابردوودا لە ئیسرائیل وەشاندی وەک فارس دەڵێن، دەبێت بڵێین "دست مریزاد"، دوو دوژمنی سەرەکییان پێکا. ئەو سەربازانەی خاڵی دیاریکراویش باش ناهەنگێون و لە جووڵەی سەربازیدا تەوەزەلن، پێیان دەڵێن "حیف نون". دیارە لێرەدا "نون" مەبەست لە پیتی "ن"ی "ئەلف-بێ"ی نووسین نییە و ئەم "نون"ە هەمان "نان"ی کوردییە و تارانیی لووسکە و پووسکە ئەلفەکەیان کردووە بە "نون."

کردنەوەی ئەم باسی جوداوازیی زمانە بۆ شەرمنبوونی نووسەری ئەم دێڕانە دەگەڕێتەوە و چەندی دەکات لە ڕووی هەڵنایەت وشەی "ڕەزمەندەگان"ی فارسی بە چەشنێک لێکبداتەوە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ڕووداوگەلی ئەم سەروبەندەی خۆرهەڵاتی ناوین بگونجێت و پێشانی بدات ئەو "ڕەزمەندانەی" ئێستا لە ئەفغانستان و پاکستانەوە هەتا دەگاتە یەمەن و عێراق و سووریە و لوبنان بە هەموو ئەوانەی سەر بە ئێرانیش دەناسرێن، لە چ دۆخێکدان.

لە ماوەی نزیکەی یەک ساڵی ڕابردوودا دوای هێرشە بەناوبانگەکەی حەماس بۆ سەر ژوورێکی هەڵپەڕکێ و سەماکردن لە ئیسرائیل و کوژران و بەدیلگیرانی سێسەد جوولەکەیەک، دواتر جوولەکە دەستیان بە ڕاوەدوونانی خەڵکێکی زۆر کرد و

ئەوەندەی بۆیان کرا فەلەستینیانی دانیشتووی غەززەیان بەرەو پاشەکشێ ڕەپێنا. کون و کەلەبەر و ڕەهەند و بۆدڕی هەموو خاکی غەززەیان سەنگ و سوژن کرد و پاشان چوونە وێزەی لوبنان. لە لوبنانیش دوای تەقاندنەوەی پەیجەر مەیجەر و بێتەل و مێتەلان زیاتر بیریان لە ڕەزمەندەگان کردەوە.

دوای ئەم ڕووداوانە هەواڵێک بڵاوبووتەوە و تێیدا گوتراوە عەلی خامنەیی لە ئێرانەوە داوای لە حەسەن نەسروڵڵا کردوە وەک ڕەزمەندەی دیار و بەرچاو بۆ ڕزگاربوون لە دەست هێرشی ئیسرائیل پەنا وەبەر تاران ببات و خۆی بگەیەنێتە نزیک خامنەیی.

وەک هەواڵنێران دەیگێڕنەوە دەبێت داواکارییەکەی خامنەیی بە ڕەزمەندەیەکی ناودار بە ناوی نیلفرۆشاندا بۆ نەسروڵڵا نێردرابێت و دیارە پێش ئەوەی نەسروڵلا وەڵامی بانگهێشتنەکە بە نیلفرۆشاندا بنێرێتەوە، ئەم دوو ڕەزمەندەیە لە تەنیشت یەکتر کۆ بوونەوە و دوژمنیش تەماح گرتی و زێدەتر کەوتە وێزەی ڕەزمەندەگان.

دوای ئەم ڕووداوەنە بوو، بۆ جاری دووهەم هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێکرد و ئەم جارەش وەک جاری پێشوو هاووڵاتییەکی فەلەستینیی ژێر دەسەڵاتی ئیسرائیل بە هۆی ئەم هێرشەوە کوژرا. دیارە جاری یەکەم کیژۆڵەیەکی شوان کەوتە بەر مووشەک و لە هێرشی جاری دووهەمیشدا کرێکارێکی خەڵکی غەززە بە دابڕاوی لە خێزان و ماڵ و منداڵی بە مووشەکی ئێران پێکرا.

بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە بابەتی زمان نزیک بینەوە، دەکەوینەوە بیری ئەم پەندە کوردییە و ڕوو بە مووشەکهاوێژان دەڵێین "ڕەببی چاوی جاسووسێتان کوێر بێت و دەستی پەلەپیتکێتان شکێت."

نووسەری ئەم بابەتەش وەک خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوین سەری لێشێواوە و خۆشی نازانێت باسی چی دەکات. ئەی ئەمە نییە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین سەریان لەمە شێواوە و نازانن ئاخۆ ئێران و ئیسرائیل واتە ئیسلام و جوو دۆستن یان دوژمن؟ بەڵام باش دەزانن دوای ئەوەی ئیسرائیل دەیان هەزار فەلەستینیی لە غەززە کوشت، ئێران زۆر لە هاوکێشەکە جێماوە و بەم هەموو مووشەکبارانەی ئەم دوو جارە کردی، تەنیا توانیویەتی دوو فەلەستینی بکوژێت.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە هاویشتنی لەسەر یەک ٤٠٠ موشەک توانیبێتی تەنیا دوو فەلەستینی بکوژێت و ئیسرائیلیش لە غەززە ٤٠ هەزار فەلەستینیی کوشتبێت، بە پێی لێکدانەوەی بیرکاری پێویستە ئێران بۆ ئەوەی بارتەقای جوولەکەکان

فەلەستینی بکوژێت، پێویستە ٨ میلیون مووشەک بهاوێت.

بە گوێرەی لێکدانەوان لە کۆی ئەم دوو هێرشەی دوایی ئێرانیش بۆ سەر ئیسرائیل هەر ئێرانییەک یەک میلیۆن و ٦٠٠ هزار تومەن زیانی بەرکەوتوە. لێرەشدا بۆ ئەوەی بزانین تا ئەوکاتەی ئێران لە کوشتنی فەلەستینیان لەم ماوەیەدا دەگاتە ئاستی ئیسرائیل، پێویستە یک میلیون و ٦٠٠ هزار جارانی ٢٠ هەزار بکەین و ئەو کات هەر ئێرانییەک ٣٢ میلیارد تومەنی بەردەکەوێت. بۆ ئەوەی لێکدانەوەکەمان زۆر دوور و درێژ نەبێت، ئەم بڕە پارە ئێرانییە دەکەین بە پارەی ئەمریکایی و قەبارەکەی بچووکتر دەکەینەوە.

لەکاتێکدا نووسەری موخلیستان خەریکی ئەم حیساباتەیە، یەک دۆلاری ئەمریکا بە ٦٢ هزارو ٨٠٠ تومەنە و بەم حیسابە هەر هاووڵاتییەکی ئێرانی ناوی کەوتبێتە بەر دوایین سەرژمێریی ئەم وڵاتە، لە کۆی ئەم هێرشە باسکراوانەی سەرەوەدا ٥٠٩ هەزار و ٥٥٥ دۆلاری بەردەکەوێت.

لە کۆی ئەم لێکدانەوەیەدا ئەوکەسانەی ئەوەندە زیانە مادییەی سەرەوەیان لە جەنگی کوشتنی فەلەستینیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەردەکەوێت، دەکرێت هەموویان وەک ئەوانەی لە نێو هیلالی شیعە یان بەرەی خۆڕاگریدا خۆیان بەکوشتن دەدەن بە ڕەزمەندە بژمێردرێن و دەکرێت بڵێن دەسەڵاتی ئێرانیش بە بەردەوامی خەریکی کاروباری پێوەندیدار بە ڕەزمەندەگانە.

لە کۆتاییدا باشە بیر خوێنەری بەڕێز بهێنینەوە، بیر لە شتی خراپ مەکەنەوە. دوو زمانی کوردی و فارسی جودان و لە زمانی فارسیدا پاشگری "گان" تەنیا نیشانەی کۆیە.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# کۆماری ئیسلامی و ئاشتەوایی، مەحاڵە مەحاڵ



**(لە پەراوێزی قسەکانی سەرکۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووکاندا)**

**عومەر باڵەکی**

ماوەیەک لەوە پێش کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێک هات. بە پێی ڕەواڵ نوێنەری وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بە پێی بەرنامەیەک کە بۆیان دارێژراوە لە نۆرەی خۆیاندا لەسەر پرسە جیاوازەکانی جیهان بەگشتی و لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتەکانی خۆیان بەتایبەتی وتار دەدەن.

بەشێک لە وتاری پزیشکیان، سەرکۆماری ئێران باس لە سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە جیهان بوو، بەڵام بەشێکی زۆری لە قسەکانی سەرکۆماری ئێران هەروەک جاران دروشمی نێوبەتاڵ بۆ جوانکردنی ڕوخساری نیزامی کۆماری ئیسلامی، ئەویش بە تایبەتی لەسەر پرسە نێوخۆییەکانی ئێران بوون. دیارە هەر لەجێدا بە پێی ڕابردووی جەنابی سەرکۆمار لە کۆماری ئیسلامیدا بۆخۆیشی باوەڕی بەو قسانە نەبوو کە کردنی و دەیزانی ئەوەی دەیڵێ پێچەوانەی دۆخە ڕاستییەکەی ئێران و کۆمەڵگەی ئەم وڵاتەیە.

پزیشکیان لە وتارەکەیدا باسی لەوە کرد خەڵکی ئێران بۆیە دەنگیان پێ داوە چونکی هەڵگری دروشمی "یەکبوونی نیشتمانی-وفاق ملی" بووە و لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەم دروشمە هاوسەنگە لەگەڵ فەرمانی خوای گەورە لە قورئاندا. لێرەدا پرسیار لە ئاغای پزیشکیان ئەوەیە لەسەر چ بنەمایەک دەتوانرێ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی مەزهەبیی ئێراندا "وفاق ملی" پێکبهێندرێ، لە حاڵێکدا بەپێی ئەسل و بڕگەکانی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و کار و کردەوەکانی ئەو نیزامە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا زۆرینەی خەڵکی ئێران لە مافە نەتەوایەتی و تەنانەت بنەڕەتییەکانیان بێبەش کراون. لە وڵاتێکدا کە یەک مەزهەب و یەک زمان و یەک کولتوور بە قانوون بەڕەسمی کرابن و هەموو ئیمکاناتی حکوومەت لە گەشەکردن و پەرەپێدانی ئەواندا بن و هەموو مەزهەب و زمان و کولتووری نەتەوەکانی دیکە پشتگوێ خرابن و سەرکوت کرابن؛ چۆن دەتوانرێ باس لە "وفاق ملی" بکرێ.

ئاغای پزیشکیان دەبێ ئەوە باش بزانن لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کاتێک دەکرێت دروشمی پێکهێنانی "وفاق ملی" بەرز بکرێتەوە کە نیزامی دەسەڵاتدار لە تاران، لە قۆناخی یەکەمدا قەبووڵ بکا ئەم وڵاتە فرە نەتەوەیە و لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا دان بە مافە نەتەوایەتیەکانی ئەو نەتەوانە دابندرێ. لە قۆناخی دووهەمدا حکوومەت خۆی لە بەرانبەر هەموو خەڵکی ئێراندا بە بەرپرسیار بزانی و مافی هاووڵاتیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەپێی پێوەرەکانی جیهانی سەرەدم بپارێزی. بەڵام هەروەک هەمووان دەزانن لە کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا هیچ کام لەوانەی لەسەرەوە باس کران نەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە دانیان پێدانەنراوە، بەڵکوو بە شێوازی جۆراجۆر و سیستماتیکیش پێشێل کراون.

خۆ ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ ساڵانی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و تەنیا ئەو ماوە کەمەی سەرکۆماریی پزیشکیان بە نموونە وەربگرین، لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤دا زیاتر لە ٢٥١ کەس بە بڕیاری دەزگای دادی ئەم ڕێژیمە ئێعدام کراون کە ٥٣کەسیان کورد بوون. بە سەرنجدان بە کارنامەی غەدر و زوڵموزۆریی ٤٥ ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە گرتن و زیندانیکردنی جیابیران، ئێعدامە بەکۆمەڵ و بەردەوامەکان، هەڵاواردن و سەرکوتی مافی کەمایەتییەکان، بەفیڕۆدانی سامانی وڵات بۆ ئامانجی دەسەڵاتداران و هتد بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ ئەو حکومەتە نە لە توانایدایە و نە باوەڕی وایە بیهەوێ "وفاق ملی" پێک بێنێ. بۆ نوێترین نموونەش لە نابەرپرسایەتیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی ئێران دەتوانین ئاماژە بە تەقینەوەی کانگای خەڵووز لە پارێزگای خوراسانی باشوور بکەین کە لەو ڕووداوەدا بەداخەوە زیاتر لە ٥٠ کرێکاری ئەو کانگایە بوونە قوربانیی کەمتەرخەمی بەرپرسانی ئەو نیزامە و گیانیان لەدەست دا؛ لە کاتێکدا ڕێژیم لەبری قایمکاریی شوێنی کارکردنی ئەو کرێکارانە و بردنەسەری ستانداردەکانی پاراستنی گیانی هاووڵاتیانی خۆی بە میلیارد دۆلار خەرجی تەیارکردنی میلیشیاکانی بە مووشەک و درۆن دەکات. بێگومان ڕووداوی لەو

بـابەتە لەهەر وڵاتێکـی پێشـکەوتوو و دێمـوکرات ڕووی دابـا، بـێجگە لە لێکـۆڵینەوەی ورد لە ڕووداوەکە و دیتـنەوەی هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو کارەساتە، حەتمەن وەزیری پێوەندیـدار دەستی لەکـار دەکێشایەوە و کۆمەڵگە بە چاوی کۆستێکی نیشتمانی چاوی لەو ڕووداوە دەکرد. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بەرپرسان زۆر بە سادەیی بە سەر مەرگی ٥٠ کەسدا تێپەڕین کە بە کرێکاری بەخێوکەری بنەماڵەکانیان بوون. کەچی لە هەمان کاتـدا دەسەڵاتی مەزهەبیی ئێران بـۆ کوژرانی "حەسەن نەسروڵڵا"،سەرۆکی حیزبوڵڵا پێنج ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە ئێران ڕادەگەیەنی.

بەو خویندنەوە کورتە دەبێ بە ئاغای پزیشکیان بگوترێ وێژمانی "وفاق ملی"ی جەنابت هەر لە قالبی دروشمدا دەمێنێتەوە و ئەم ئامانجە ناتەبایی جەوهەریی لەگەڵ بنەماکانی ڕێژیمەکەی هەیە، مەگەر ئەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بڕووخی و نیزامێکی دێموکراتیک و باوەڕمەنـد بە پاراستنی مافەکـانی مرۆڤ بەپێی پێوەرە جیهانییەکـان جێی بگـرێتەوە و ئەوکـات دەکری باس لە "وفاق ملی" لە ئێراندا بکرێ.

پزیشکیان بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خۆی لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەرباز بکـا، لە وتـارەکەیدا زۆرتر ئاماژەی بە ئەرکی پێغەمبەرانی دینیی کـرد و گـوتی: "پێغەمبەرەکـان لەلایەن خواوەنـدەوە ڕاسپێردران کە بێ لە بەرچاوگرتنی "ڕەنگ، نیژاد، ڕەگەز و زمان" دادپەروەری لە کۆمەڵگەی ئینسانیدا پەرە پێ بـدەن و ئەو بایەخـانە سـەقامگیر بـکەن." نـاوبراو لە کاتێکـدا سیسیمی سیاسیی وڵاتەکەی بەپێـی ئەو بایەخـانە دەگـرت کە خـۆی یەکێـک لەو بەرپرسـانەی ڕێـژیمە پشکی سەرەکیی لە هەمـوو سیاسـەت و کارنـامەی ڕەشـی کۆمـاری ئیسـلامیدا پـێ دەبرێت. ئەو هەر لە سەرەتـای هاتنەسەرکاری کۆمـاری ئیسـلامی و لە قۆنـاخی جۆراوجـۆردا و بە پـلە و بەرپرسـایەتیی جۆراوجـۆر بەشـداریی لە سیاسەتەکانی ڕێـژیم و جێبەجێکردنیـدا کـردوە. ئاغـای پزیشـکیان کە بەپێـی ڕابـردووی کـاریی خـۆی چەنـد دەورە ئەنـدامی مەجلیسی شورای ئیسلامی، هەروەهـا وەزیـری کـابینەی حەسـەن ڕووحـانی بـووە و ئێسـتاش پۆسـتی سـەرکۆماریی لە ئەسـتۆیە، دەبێ باش ئاگاداری نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێران بێ و ئەوە بزانی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بە قانوون ڕێگری لە بەرێوەچوونی دادپەروەری دەکرێ و جیاوازی دەکرێ لە نێوان "نیژاد، ڕەگەز و زمان"دا.

کێ هەیە نەزانێ و نەیبینێت کە ڕۆژانە هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە بە نـاوی قانوونەوە مـافە کـۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی گەلانـی ئێـران بە کـۆ و بەتـاک پێشێل دەکەن. هەمـووان دەزانـن مـاوەی ٤٥ سـاڵە کەمـایەتییە نەتەوەییەکـان (کورد، بەلووچ، عەرەب...) وکەمایەتییە ئایینییەکان مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بە شێوازی جۆراوجـۆر دەچەوسێندرێنەوە. بـۆیە ئاغـای پزیشکیان دەبێ دڵنیـا بـێ کە بە ڕەچـاوکردنی ئەم شێوازە لە بەرێوەبردنی وڵات کە دەسـەڵاتدارانی کۆمـاری ئیسلامی گرتوویانەتە پێش، بە خـاترجەمی ڕاسپاردەی پێغەمبەرانی خوا کە پەرەپێدان و سەقامگیریی دادپەروەرییە لە

کۆمەڵگەی ئێراندا جێبەجێ نابی و جێ ناگرێ.

پزیشکیان لە درێژەی وتارەکەیدا باس لە هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕ و ناکۆکییەکان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەکا و دەڵێ "کاتێک ئاشتی و ئەمنییەت لە جیهاندا سەقامگیر دەبێ کە مافی هەموو ئینسانەکان، نەتەوەکان وکۆمەڵگەکان لە چوارچێوەی دادپەروەری و ویژداندا ڕەچاو بکرێ." ئەو قسەیە لە خۆیدا قسەیەکی دروست و بەجێیە. بەڵام ئاغای پزیشکیان ئێستا نوێنەرایەتیی دەسەڵات و حکومەتێک دەکا کە کار و کردەوەکانی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بوونەتە هۆکاری نائەمنکردنی ناوچەکە بە گشتی و وڵاتی ئێران بە تایبەتی. نموونەی زیندوو بۆ ئەو بابەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ماوەی ٤٥ ساڵە دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی بە چاوی ئەمنییەتییەوە لێی دەڕوانن. ئەوە لە حاڵێکدایە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرکەوتنی ئینقلابی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، بۆیە دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی گەلی کورد چاوەڕوان بوو لە سیستمی نوێ دەسەڵاتدارەتیی ئێراندا مافەکانی دەستبەر بن. بەڵام وەڵامی داواکارییەکانی گەلی کورد لەلایەن حکومەتی ئیسلامییەوە بە فیتوای جیهاد لە دژی درایەوە. دوای ئەو فیتوایە شەڕ بەسەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەپێندرا و هەتا ئێستاش ئەو شەڕە بەردەوامە. بۆیە لێرەدا ڕوو لە ئاغای پزیشکیان دەکەین و دەڵێین ئەگەر خۆت و نیزامەکەت باوەڕتان بە دادپەروەری و ئینساف و ویژدان هەیە، بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی لە دنیادا دەبوایە لە نێوخۆی ئێران هەنگاوتان بۆ ئەو بابەتە هەڵگرتبایە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین باس لە گشتپرسی دەکا و ڕوو دەکاتە فەلەستینیەکان و دەڵێ "گەلی فەلەستین لە هەر جیگایەکی ئەو جیهانەدا دەژین پێویستە بە گشتپرسی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن." گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە بندەستەکان بە فەلەستینیەکانیشەوە باشترین ڕێگایە، بەڵام ئەوەی جیگای سەرسووڕمان و لە هەمان کاتدا جێگای پرسیارە ئەوەیە سەرکۆماری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران مادام بەڕێوەچوونی گشتپرسی بۆ دیاریکردنی چارەنووس بە گەلی فەلەستین بە ڕەوا دەزانێ، چۆنە هەر هەمان ڕێکار بۆ نەتەوەیەکی ٤٠میلیونیی وەک نەتەوەی کورد نەک بە ڕەوا نازانی، بەڵکوو بە کردەوەیەکی دوژمنکارانەشی دادەنێ. هاوکات لە هەر پارچەیەک لە کوردستان گەلی کورد بیهەوێ بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی گشتپرسی بکا، پێش هەموو لایەنێک و بە هەموو شێوازیەک تەنانەت بە داسەپاندنی شەڕیش بووبێ دژایەتیی دەکا و لێرەدایە دووڕوویی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی دەردەکەوێ.

سەرکۆماری حکومەتی ئیسلامی ئێران کاتێک باسەکەی دێتە سەر وڵاتانی ناوچەکە داوا لەو وڵاتانە دەکا ناکۆکییەکان وەلا

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤


بنێن و دەست لە کێبەرکێ پەرەپێدانی چەک و تەقەمەنی هەڵبگرن و ناوچەکە دوور بگرن لە ناکۆکی و زیادەخوازی و کردەوەی تێرۆریستی. ئاغای پزیشکیان لە حاڵێکدا ئەو قسانە دەکا ماوەی ٤٥ ساڵە نەک گەلانی ئێران بەڵکوو دەوڵەتانی دراوسێی ئێران بە دەست ئاژاوەنانەوە و دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە و دروستکردنی هێزی میلیشایی و کردەوە تێرۆریستیەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەناڵێنن.

هەرچەند سەرکۆماری ئێران لە وتارەکەی خۆیدا لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ویستی بە ناردنی هیندێک پەیامی لێڵ بۆ دنیای دەرەوە ئەوە بڵێ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو قۆناخەدا دەیهەوەی بە ڕوانگە و ستراتیژییەکی دیکە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕۆژئاوایی تەعامول بکا، بەڵام مێژووی ٤٥ ساڵی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامی و ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پێمان دەڵێ ئەو جۆرە قسە و لێدوانانە تەنیا لەو کۆڕ و کۆبوونەوانە لە زمانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ جوانکردنی ڕوخساری کۆماری ئیسلامی دەگوترین، دەنا لە مەیدانی کردەوەدا هەرگیز بەدی نایەن.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

---

# دیکتاتۆر، تەنیا، داماو و کڵۆڵ!



**ڕەزا دانشجوو**

بێگومان ڕەوشی ئێستای کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت ڕێبەرەکەی، عەلی خامنەیی دەکرێ بە خراپترین بارودۆخی ڕێژیم لە تەمەنی شەرمەزارانەی چل و چەند ساڵەی خۆیدا دابندرێت؛ بارودۆخێک کە بە پێی هەموو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکان دەرخەری لوتکەی لاوازی و بێدەسەڵاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقێیە. هۆکارەکانی ئەم لاوازی و داماوییە دەتوانرێت لە چەند بەشێکدا پۆلێن بکرێت؛

## بارودۆخی نالەباری بەکرێگیراوانی ڕێژیم

کۆماری ئیسلامی لە دەسپێکی دامەزرانییەوە تا ئێستا بە خەرجکردنی پارەیەکی یەکجار زۆر و پێکهێنان و سازدانی تاقمێک گرووپی بەکرێگیراو، بەردەوام هەوڵی داوە خۆی لە مەترسییەکان ڕزگار بکات. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی ئاگادار لە سروشتی لاواز و لەرزۆکی خۆی ونەبوونی پشتیوانی ولاوازی پێگەی جەماوەریی لەناو خەڵکی ئێراندا، هەوڵی داوە لەم گرووپانە وەک بەدیلێک بۆپاراستنی دەسەڵاتی خۆی کەڵک وەربگرێت. لە دامەزراندن و ڕێکخستنی دەیان گرووپی تیرۆریستی

چەكداری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، وەک حیزبوڵڵا لە لوبنان، ئەنساروڵڵا لە یەمەن، حەشدی شەعبی لە عێراق، یان دامەزراندنی سوپای فاتمیون لە سووریە و كاریگەری لەسەر حەماس لە فەلەستین تا پەرەپێدان بە ئایدۆلۆژی شیعە بە كەڵكوەرگرتن وبەهادان بە تاقمێک ئاخوندی گوێ لەزار وەک زەكزاكی لە نیجێریە یان ڕەوتی بە ناو شیعە لە پاكستان، هەموو بەشێكن لەم پلانەی كۆماری ئیسلامی.

ئەو گرووپانەی گوێ لە فەرمانی دیكتاتۆرن بۆ دروستكردنی قەیران لە ناوچە بۆ بەلاڕێدابردنی كێشە كەڵەكەبووەكانی ڕێژیم لە كاتی پێویستدا. لە ڕاستیدا كۆماری ئیسلامی بە هۆی سروشتی نامرۆڤانە و نادێموكراتیكی خۆیەوە، بێتوانا لە پێوەندیگرتن و دیالۆگ لەگەڵ جیهانی ئازاد ودێموكراتیكدا، هەمیشە گرووپە بەكرێگیراوەكانی وەک كارتی فشار دژی دونیای ئازاد بەكارهێناوە. دەستوور بە حەماس بۆ هێرشكردنە سەر ئیسراییل كە بێگومان بە هاوكاریی تەواوی ڕێكخراوی تیرۆریستی سوپای پاسداران ڕوویدا و دواتر فەرمان بە حیزبوڵڵا و ئەنساروڵڵا بۆ هێرشكردنە سەر ئیسراییل لەژێر ناونیشانی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی "ئیسماعیل هەنیە"، دوایین بەشی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم بوو. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، دەیان زەبری قورس و گورچكبڕ و یەک لە دوای یەكی ئیسراییل لە بەكرێگیراوانی ڕێژیم بوو كە خەون وخەیاڵەكانی كۆماری ئیسلامی و یارانی شپرزە و پەرێشان كرد. كوشتنی هەموو سەركردەكانی ڕێكخراوی تیرۆریستیی حیزبوڵڵا و حەماس و لەنێوبردنی بەشی سەرەكی هێزی مووشەكیی و هێرشكردنیان لەپەنا كوشتن و بریندارکردنی سەدان ئەندامی ئەو گرووپانە، وای كردووە دیكتاتۆری پیروخوێنمژ خۆی و بەكرێگیراوانی لە دۆخێكی زۆر سەختدا ببینێتەوە. لەم نێوەندەدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت كە حیزبوڵڵا و ڕێبەرەكەی حەسەن نەسروڵڵا بۆ كۆماری ئیسلامی خاوەن گرینگییەكی زۆر تایبەتن. لە ڕاستیدا حیزبوڵڵا وەک كۆنترین گرووپی بەكرێگیراوی بە وەكالەت لە لایەک و باوەڕمەند بە بیرۆكەی شیعەگەری و پەیڕەوی هەمیشەیی لە خامنەیی لە لایەكی دیكەوە وەک قووڵایی ستراتیژیكی ڕێژیم هەژمار دەكرێت.

## گۆشەگیریی ناوچەیی و جیهانی

لێكدانەوەی لێدوانەكانی ئەم دواییەی دیكتاتۆر و سەرۆككۆمارە بووكەڵەكەی، قووڵایی گۆشەگیریی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی نیشان دەدات. سیستەمی وەلایەتی فەقیهی كە دەیان جار لەلایەن وڵاتانی ناوچەوە بە دەستێوەردان لە كاروباری وڵاتە دراوسێیەكانی تاوانبار كراوە و بە كردەوە جگە لە هێزە بەكرێگیراوەكانی هیچ هاوپەیمانێكی لە ناوچەكەدا نییە، دۆخی ئێستای خۆی زۆر مەترسیدار لە جاران دەبینێت. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت بە قسەكانی ڕێبەری ڕێژیم عەلی خامنەیی و داواكارییەكەی بۆ پێكهێنانی نەتەوەی ئیسلامی و جەختكردنەوە لەسەر هاوبەشییەكان و دووركەوتنەوە لە جیاوازیەكان ئاماژەی پێ بكرێت. بەڵام كێیە نەزانێت گەورەترین هۆكاری دابەشبوون و دووبەرەكی لە ناوچەكەدا دیكتاتۆریەتی وەلایەتی

فەقێیە!

قسەکانی سەرۆککۆماری ڕێژیم و بە واتایەکی دیکە ڕاسپێردراو و بریکاری عەلی خامنەیی، مەسعوود پزیشکیان، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە "ئێمە ئامادەین دەستبەرداری چەکەکانمان بین ئەگەر ئیسرائیلیش دەستبەرداری چەکەکانی بێت"هەرچەندە بە ڕواڵەت ڕووبەڕووی کاردانەوەی بەشێک لە کاربەدەستانی ڕێژیم بووە بەڵام کێیە نەزانێت سەرۆککۆمار لە دەسەڵاتی وەلایەتی فەقێدا تەنیا بریکار و ڕاسپێردراوی ڕێبەری ڕێژیمە و مافی ئەوەی نییە بەبێ ڕاوێژ بە خامنەیی ئەو جۆرە قسانە دەرببڕێت وخودی پزیشکیانیش چەندین جارجەختی لەوە کردووەتەوە کە پەیڕەوی سیاسەتەکانی خامنەییە.

بەڵام بەڕاستی چی ڕوویدا کە ڕێژیم ئامادەیە ڕێککەوتنێکی وا لەگەڵ ئیسرائیل بکات کە ساڵانێکە تەنانەت نکۆڵی لە بوونی دەکات؟! ڕاستییەکە ئەوەیە گەمارۆ درێژخایەنەکانی ڕۆژئاوا لەدژی ڕێژیم و دانوستانە ئەتۆمییە بێکۆتا و بێ ئاکامەکان هیچ هێز و توانایەکی بۆ دیکتاتۆر نەهێشتۆتەوە.

## لەدەستدانی ڕەوایی و مەشرووعییەتی نێوخۆیی

ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا و دروشمە ڕادیکاڵەکانی و شێوازی ئامادەبوونی خەڵک لە شەقامەکان و خۆپێشاندانەکان دەریخست کە کۆماری ئیسلامی ئیتر هیچ شەرعییەتێکی نییە و لە لێواری دارماندایە. کەمترین بەشداریی خەڵک لە چەند پرۆسە و شانۆی بە ناو هەڵبژاردن، جەختکردنەوە بوو لەسەر قووڵایی دووری نێوان خەڵک و حکوومەت. لە ڕاستیدا دوای ڕووداوەکانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" ئیتر هیچ شتێکی حکوومەت بۆ خەڵک گرنگ و جێی سەرنج نییە و خەڵک باوەڕیان بە چاکسازی لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا نییە. بەڵام ئەمە دەرخەری تەواوی ڕاستییەکان نییە. کاردانەوەی خەڵک بەرامبەر بە ڕووداوەکانی وەک مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی، تیرۆری ئیسماعیل هەنیە و حەسەن نەسروڵڵا نیشاندەری قۆناغێکی نوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و دەسەڵاتە. لە ڕاستیدا دەکرێت بگوترێت ئێستا خەڵک کەوتوونەتە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیکتاتۆری وەلایەتی فەقیهە. ئێستا هەر شتێک لای دیکتاتۆر بەنرخ و بەبایەخە، بۆ خەڵک بێ نرخ و بێمانایە! ئەوەی دیکتاتۆر دڵخۆش دەکات ئازاری خەڵک دەدات وئەوەی دیکتاتۆر شپرزە و پەرێشان دەکات خەڵک دڵخۆش دەکات. دووانەیی خەڵک و دەسەڵات هیچ شتێکی هاوبەشیان بۆ دیالۆگ وگفتگۆ نییە و بە دوو ڕێگای جیاوازدا دەڕۆن و زۆربەی کاتەکان ڕووبەڕووی یەکتر سەنگەر دەگرن.



سەرچاوە
Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

سەرکردەی خۆبەزلزانی خەیاڵی جیهانی ئیسلام! وەک "دۆن کیشۆت" سواری کەرێک لە خەونی سەرکردایەتیکردنی موسڵمانانی دونیا، ئێستا ئیتر نۆکەرە ئەمەگناس و متمانەپێکراوەکەی "سانچۆ" (حەسەن نەسروڵڵا)ش لە تەنیشتیدا نابینێت ! ئەو شوالیە خەیاڵییە وەهمییەی کە ئێستاش هەر پێی وایە نەک هەر خۆشەویستی هەموو موسڵمانان بەڵکو هیوای هەموو ستەملێکراوەکانی جیهانە، ئەو شۆڕشگێڕە درۆینەی کە بە بیانووی شەڕ لەگەڵ دوژمنی خەیاڵی ساڵیانە بووەتە ناوەندی ئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیری لە ناوچە و جیهاندا و تەنیا دەسکەوت و دیاری ژیانی شەرمەزارکەری بۆ وڵاتەکەی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان جگە لە تاریکی و ڕەشایی هیچی تر نەبووە! کوشتن، ئێعدام و زیندانیکردنی هەزاران کەسی بێتاوان لە ئێران، هەژاری و نەهامەتی میلیۆنان خەڵکی تر، شەڕ، کوشتار، ئاژاوە و وێرانی لە چەند وڵاتێکی جیاوازدا، تاکە دەستکەوتی دیکتاتۆری پیری وەهمییە! ئەو دیکتاتۆرە پیرە وەهمییەی کە ئێستا تەنیا، داماو وکلۆڵ سەیری لەناوچوونی بەکرێگیراوەکانی دەکات! نە توانای وەڵامدانەوە ماوە ونە تەنانەت توانای هەڕەشە کردن!

ئەمە بەشی کۆتایی ئەم چیرۆکەیە، دواترین جووڵەی دیکتاتۆر، دواترین گەمژەیی "دۆن کیشۆت"ی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست و کۆتایی ساڵانێک وەهم و تاوان، "دۆن کیش و مات!"

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# دیپلۆماسی، شێوازێکی خەبات بۆ ماف و ئازادی



ناسر ساڵحی ئەسڵ

دیپلۆماسیی، زانست و هونەری نوێنەرایەتیی سیاسیی وڵاتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و حیزب و ڕێکخراوەکانە بۆ دانووستان و وتووێژە لە ڕێگەی دەزگایەکی دیاریکراو کە لە چەند نێردراوێکی دیپلۆمات پێکدێت. هەر لە مێژووی کۆنەوە بۆ یەکەم جار وشە و مانای دیپلۆماسی لەلایەن کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانەوە لە ڕێگای نوێنەرانەوە، یەکە سیاسی و جوگرافیایەکان پێوەندییان بە یەکەوە هەبووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوانیان و یان زەمینە خۆشکردن بۆ ڕێککەوتنی دوو لایەن یان چەند لایەن. کەوابوو کاری دیپلۆمات لە دانوستان و وتووێژدا ئەوەیە پرسی کێشە و گرفتەکان لەنێوان دەوڵەتان، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و حیزبەکان چارەسەر بکات.

لە دیپلۆماسیدا کەسی دیپلۆمات دەبێ هێندێک تایبەتمەندیی وەکوو: ئاشتیخوازبوون، شارەزایی و پسپۆڕیی لە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی، بەتوانا و خوو و ڕەوشتی بەرز، ناسینی فەرهەنگ و دابونەریتەکان، خاوەن هەڵوێست و زمانزانی و زیرەکی و ڕاستگۆ و ڕێک وپێک و کەسێکی ڕووناکبیر هەبێت. چونکە زانستی دیپلۆماسی بریتییە لە شێوازی پێوەندییەکان و هەڵسووڕانی سیاسی لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان. کەوابوو بەپێی ئەو پێناسەیە لە دیپلۆماسی،



سەرچاوە Serchawe

دامەزراوەی نوێنەرایەتیی سیاسیی کورد دەبێ بە چەشنێک بێ کە زۆرترین وزە و توانستی دیپلۆماسی گشتیی سیاسی و دیسکۆرسی دانوستان خوڵقاندن بە جەستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەخشێت، تا لە کات و ساتی پێوستدا ئەو وزە و توانستەی دیپلۆماسی ببێ بە دینامیزمی خەباتی پەیوەندییە گشتییەکان و جووڵەی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی بندەست و بێدەوڵەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

پرسی کورد لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە تا ئەمرۆ بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە و هەر جارە و بە شێوە و ڕووخسارێکی جیاوازەوە دەرکەوتووەتەوە. هەروەها ڕێکار و ئامرازی جۆراوجۆری بەکارهێناوە و مەیدانی جۆراوجۆری تاقی کردووەتەوە. یەکێک لەو مەیدانانە، مەیدانی نوێنەرایەتیی سیاسی و دیپلۆماسی گشتیی بووە. بۆیە سیاسەتمەدار و دیپلۆماتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک نوێنەری نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەت، لە میکانیزمەکانی دیپلۆماسیی گشتیی و دامەزراوەی نوێنەرایەتیی سیاسی بۆ ناساندن و پشتیوانیی نێودەوڵەتی و بە = جیهانیکردنی پرسی کورد لە وڵاتانی دێموکراتیکدا کەڵکی وەرگرتوە. هەروەها خاڵێکی گرینگ لە دیپلۆماسی گشتیی نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەتی وەک کورددا، چەمکێک ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ ئەویش خەباتە. واتا نوێنەرایەتیی سیاسی و دیپلۆماسی گشتیی بۆ نەتەوەی بندەست و بێدەوڵەت، تەنیا کاتێک واتا و مانا پەیدا دەکا کە خەباتێک لە ئارادا بێت. بۆیە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات هەمیشە و بە بەردەوامی وەک نەتەوەیەکی زیندوو خەباتی کردوە و دەکا و هەوڵی داوە بە دامەزراندنی نوێنەرایەتی سیاسی، بۆناساندن و بە نێونەتەوەیی کردنی دەنگی خەباتی ڕەوای گەلی کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو و لە حاڵی خەباتدا لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە لەوێدا نوێنەرایەتیی هەیە، بۆ فراوانکردنی هاوڕایی و پشتگیری سیاسی بۆ خەباتەکەی کەڵکی پێویست و ئەرێنی وەرگرێت.

هەروەها لە مێژوویی خەباتی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و هەمزائاغای مەنگوڕ و سمایلئاغای سمکۆی شکاک و جافرخانی جاف لە کرماشان تا کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەوا قازی محەممەد، کورد هەوڵی داوە بۆ چارەسەرکردنی پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکان و پرسی مەسەلەی ماف و ئازادی گەلی کورد لە وڵاتی ئێراندا لە ڕێگەی دیپلۆماسی و دانوستاندا چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. زۆر جار دانوستان و وتووێژ بە تێچووی گیانی و شەهیدکرانی بە فرت و فێڵی، ڕێبەرانی کورد تەواو بووە. لە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستاندا، هەڵوێستی پێشەوا قازی لە مەیدان و گۆڕەپانی دیپلۆماسیدا دەبینین کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان تا ڕۆژی لە سێدارەدانی، پێشەوا قازی باوەڕی بە دانووستان و وتووێژ هەبوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نەتەوایەتیی گەلی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی ئێران و تەنانەت لەگەڵ حکوومەتی میللی ئازەربایجانیش پێوەندییەکانی بە شێوەی ئاشتیخوازانە و دوولایەنە بووە. لەو پێناوەشدا بۆ بە ئەنجام گەیاندن و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی

گەلی کورد، چەندین جار سەردانی تارانی کردوە و لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی پەهلەوی دانیشتن و دانوستانی کردوە. لەهەمان کاتدا پێشەوا قازی محەممەد پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی ئێران و حیزبە ئێرانییەکان هەبووە.

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێی نایە قۆناغێکی دیکەی تێکۆشانەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک تاقانە حیزبی مەیدانی خەبات، بوو بە پێشەنگی خەباتگێڕان و شۆڕشگێڕانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یەکێک لە کادرە دیار و بەچاوەکانی مەیدانی بەکردەوەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو. عەبدولڕەحمان قاسملوو هەر لە نەوجەوانییەوە پێوەندی پتەوی لەگەڵ بزاڤی گەلی کورد هەبوو. هەر زوو بیر و باوەڕ و ئەندێشەی ئازادیخوازانەی لە مێشک و دەروونیدا شکڵی گرت. کاتێک محەممەد ئاغای باوکی لەگەڵ چەندین کەسایەتی کورد لە سەفەری ڕەسمی باکۆ لە یەکیەتیی سۆڤیەت گەڕایەوە، دەڵێ "ئەو کات تەمەنم ١١ ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی دیکەی کورد، سیاسەت سەرەنجی ڕاکێشابووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی شاندی کورد بوو. زۆر باشم لەبیرە کە لە باکۆ گەڕایەوە تایەک قەند و تاپڕێکی باشیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لەگەڵ ئەوەی من ئەو کارەی بابم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە ئەوان وەک دیپلۆماتی کورد چووبوون بۆ باکۆ تا یەکیەتیی سوڤیەت ببێتە پشت و پەنای کورد بۆ ئەوەی لە مافەکانی گەلی کورد پشتیوانی بکات! بۆیە من ڕاست و ڕەوان لە بابم پرسی ئەدی مافی کوردان چیی لێهات"؟؟ ئەندیشە و هزری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، هەر لە سەرەتای کاری سیاسییەوە وەک کەسایەتییەکی دیپلۆمات، بریتیی بوو لە ناساندن و بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد بە وڵاتان و گەلانی جیهان بۆ پشتیوانیکردنی سیاسی و چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەی کورد بە گشتی و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت، بە شێوەی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای دانوستان و وتووێژ بووە.

شەهید دوکتور قاسملوو گەورە دیپلۆماتی کورد، کەسایەتییەکی واقعبین و ڕیالیست بوو. هەر بۆیە وەک یەکەم مێعماری پێوەندییە گشتییەکانی خەباتی سیاسی هاوچەرخی کورد، توانی بە کردەوە بناغەی بنەماکانی نوێنەرایەتی سیاسی و دیپلۆماسی گشتیی کوردی بە شکڵێکی سەردەم و دێموکراتیک دابڕێژێت. یەکەمین هەوڵی ئەو ڕێبەرە ناودارە بۆ دامەزراندنی دەفتەری نوێنەرایەتی سیاسی، وەک دامەزراوەیەکی دیپلۆماسی گشتیی و نوێنەرایەتی سیاسی کورد لە سەرەتاکانی دەیەی شەستی هەتاوی لە وڵاتی فەڕانسە و لە شاری پاریس بوو. بیر و هزری دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە دامەزراوەیەکی نوێنەرایەتیی سیاسی دامەزرێنێت تا بتوانێت کورد وەک نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئورووپا نوێنەرایەتی بکات. ئەمە یەکەمین تێگەیشتنی مودێرن و سەردەمیانە لە چەمکی نوێنەرایەتیی سیاسی و دیپلۆماسی گشتیی نەتەوەیەکی بندەست و بێ دەوڵەت بوو کە بەردی بناغەی بۆ دانرا. دوکتور قاسملوو بۆ پێناسەکردنی سیاسەت و دیپلۆماسی کوردی فەرموویەتی:

"لە سیاسەتدا ڕەش و سپی نیە! هەموو شتێ یا هیچ شتێک، هەر کەس ئاوا سیاسەت بکا سەر ناکەوێ. با ئێعتراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا سیاسەتەکە ئەوە بووە ، یا هەموو شتێ یا هیچ شتێک ... نەتیجەکە بووەتە چی؟! بووەتە "هیچ". لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دوو هەنگاو دەچیتە پێش، شتێک وەردەگری .دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دیکە، ئەوە سیاسەتە و ناویان ناوە هونەری مومکین. نەک ئەوەی خەیاڵی و لە خەیاڵی خۆتدا شتێک دانێی. ئەوەی کە بەو واقعیەی جێبەجێ دەبێ ئەوە "سیاسەتە"، ئەوەی دیکە شێعر و خەیاڵاتە، شێعر و خەیاڵات قەدەغە نیە بەڵام بە شێعر و خەیاڵات کاری سیاسی ناکرێت."

لە سەردەمی شۆڕشی زانیاری و ئینتێرنێتدا، چەمکەکانی دێموکراسی، ئازادی، خەباتی شار و شەقام، ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەری، تەوەر و میحوەری سەرەکی باس و خواستەکانی گەلانی ئێران و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێستا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک پێشەنگی خەباتی شار بۆتە چاو و چرای گەلانی ئێران، سەرچاوەگرتوو لە باوەڕمەندبوون و واقعبین بوون لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بووە. چونکە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە کاتی دامەزرانی تا ئێستاش دووربینترین، واقیعبینترین، پێشکەوتنخوازترین و مودێرنترین حیزبی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ئێرانە کە باوەڕی قووڵی بە خەباتی مەدەنیی شار و شەقام هەیە و هەبووە. بزووتنەوەی ژن- ژیان- ئازادی، (شۆڕشی ژینا)، ئەو شۆڕشەیە کە لەو پارادایمە فیکرییەدا بیچمی گرت و توانی هەم پشتیوانی نێوخۆیی وهەم پشتیوانی دەرەکی و نێونەتەوەیی پەیدا بکات. لە وەها بارودۆخێکدا دیپلۆماسی گشتیی کوردیش بۆ چەسپاندنی هێزی نەرم _ واتا خەباتی شار _ پێنایە قۆناغێکی دیکەوە. هەروەها لەو قۆناغەدا، بۆ نوێنەرانی سیاسی _ پێوەندییەکانی کورد، دەرگای دیپلۆماسی گشتیی و پێوەندییەکان، بۆ بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕێکخراوە نادەوڵەتی و نێونەتەوەییەکان و ژوورە فکرییەکان زیاتر کرایەوە بۆ ناساندن و بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەت؛ سەقامگیری و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلانی ئێران لە پێگەی دیپلۆماسی گشتیی خەباتی شارەوە باشترین کەڵکی پێویست و ئەرێنی وەرگرێ تا پرسی ماف و ئازادی گەلی کورد بە پرسێکی نێونەتەوەیی و چارەسەرنەکراو لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

لە ئێستادا کە سیاسەتی دەرەوەی بەشێک لە دەوڵەتانی دێموکراتیک و کاریگەر لە ڕووی سیاسییەوە لەسەر دوو بنەمای تیۆری، لایەنگری پاراستنی دۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و لایەنگری پێداچوونەوەخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ڕاوەستاوە، نوێنەرایەتیی پێوەندییە سیاسییەکانی کورد دەبێ بە زانیاریی و خوێندنەوەی سیاسی و مێژوویی هەلومەرج و هۆکارەکانی شەڕ و ئاڵۆزی، پرس و کێشەی نەتەوە و ئێتنک و ئایینزاکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لابیگەری و دیپلۆماسی خۆی بە لای لایەنگرانی پێداچوونەوەخوازیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، سیاسەت و دیپلۆماسی گشتیی بکات. چونکە بۆ ئاشتی و

سەقامگیربوون و پێکەوەژیانی نەتەوەکان و ئاییینزاکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، پێداچوونەوە و ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرمی دێموکراتیک لە وڵاتان دەبێ لەسەر پێداچونەوەخوازیی بنەماکانی دانپێدانان بە فرەنەتەوەیی و ئایینزایی و ئێتنیکی جۆراوجۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ماف و ئازادی، دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پاراستن و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکان لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتانە و بە تایبەت وڵاتی ئێران کە پێویستییەکی سەردەمیانە بێت. چونکە لە سەردەمی ئێستادا هێزی مۆدێرن و چارەنووسساز و سەقامگیر و پێکەوە ژیان لە فرەیی پێوەندییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوە و ئێتنیک و ئایینزاکان دایە. ئەو پەیوەندییانە و دامەزراوانە گوتاری بەهێزی سیاسی و نەتەوەیی دروست دەکەن. لەو ڕوانگەیەوە ئیتر هێزی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری مانەوە نەک توانایی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکوو توانا و دەرفەتی دەستێوەردان لە وڵاتانی دیکەشی نییە. کەوابوو لەم ڕوانگەیەوە دیپلۆماسی گشتیی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بۆ دروستکردنی کاناڵی پشتوانی سیاسیی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات، تەنیا ئەرکی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی نییە، بەڵکوو نوخبەی سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنی کوردیش لەو پێوەنییەدا ئەرکدارتر و بەرپرسیارتر دەبێت. هەروەها لە وەها دۆخێکدا نوێنەرایەتیی سیاسی کورد لە دیاسپۆرا دەبێ هەنگاوی کاریگەر و جدی بۆ دەستەبەرکردنی دۆست و پێوەندیی و لۆبیگەری بە یەکیەتی لایەنە سیاسییەکان بهاوێژێت.

کەوابوو ئەرک و ئامانجی نوێنەرایەتی سیاسی - پێوەندییەکانی کورد، لەلایەک پشتیوانی سیاسی بۆ ناساندن و شیکردنەوەی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بێبەشبوونی لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکی باش و سەردەمیانەی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی ئێران و چالاکانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێوخۆی گەلانی ئێران دروست دەکات. ئەم شێوە هەوڵدانەی نوێنەرایەتیی پێوەندییە سیاسییەکانی کورد لە دەرەوە و لە نێوخۆی وڵات، دەبێتە جێگەی سەرنجی وڵاتانی دێموکراتیک و کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دامەزراوە و ناوەندە بڕیارسازەکان لە دەرەوە و نێوخۆی وڵاتی ئێران. کەوابوو نوێنەرایەتیی سیاسی - پەیوەندییەکانی کورد، دەبێ لە هەموو دەرفەتەکان کەڵکی پێویست و ئەرێنی وەرگرێ و پرس و مەسەلەی مافی سیاسی و نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیکاتەوە و بیناسێنێت و دۆست و پشتیوانی سیاسی دەرەکی و نێوخۆیی بۆ پەیدا بکات. هەروەها لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی سیاسی کورد، دەبێ لەوە ئاگادار بێ کە لە سیاسەتدا هیچ دۆستایەتییەک تا سەر جێی متمانە نییە. بۆیە بۆ مانەوە و بە دەستهێنانی هێز و پشتیوانی سیاسی لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و پاراستنی ئاسایش و مانەوە، پشت بە هێزی خۆمان، واتا خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەستین. هەروەها لە شانۆی ململانێی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی ئاڵوز و پڕ کێشە و شەڕدا باشترین ئامرازی ڕێگە، بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی پۆشتە و پەرداخە.


سەرچاوە Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

چونکە لە ئەساسدا دیپلۆماسیی گشتیی وەک بەشێک لە زانستی سیاسەت پێویستی بە کارتی هێزی ڕەق "هێزی پێشمەرگە" و کارتی هێزی نەرم "شۆڕشی شار""خودئاگایی نەتەوەیی" و دەرفەت هەیە. بۆیە نوێنەرایەتی سیاسی کورد دەتوانێ لە کارتی هێزی ڕەق وەک پشتیوان لە ڕاستای ئامانج و دەرفەتە زێڕینەکەی شۆڕشی ژینا، لە قازانج و بەرژەوەندیی ویستە ڕەواکانی گەلی کورد کەڵکی پێویست وەربگرێت. بۆ ئەو مەبەستە نوێنەرایەتی سیاسی کورد دەبێ پرۆژەیەکی دیاریکراو و گەڵاڵەکراو بۆ دێموکراتیزاسیۆنی وڵاتی فرەنەتەوە و ئاییزای ئێران بۆ چارەسەری پرسی سیاسی و نەتەوایەتی هەبێ، کە کاریگەری و یەکانگیری هەم بۆ داڕشتنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێز و لایەنەکانی نەتەوەکانی ئێران و هەم بۆ پشتیوانی سیاسی دەرەکی بۆ مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێت. ئەوەش بە بەشداریی و چالاکی تەواوی نەتەوە و ئیتنیک و ئایینزاکانی گەلانی ئێران دەستەبەر دەبێت.

بۆیە لە ئیستا دا دامەزراوەیەکی دیپلۆماسی چالاک و نوێنەرایەتی سیاسی - پێوەندییەکانی کورد، بۆ نەتەوەیەکی بندەست و بێدەوڵەتی وەک کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئامراز و مکانیزمێکە بۆ بە دەسهێنان و گارانتی کردنی ئامانج و دەسکەوتەکانی خەباتی ڕەوا و بۆ چەسپاندنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی لە چوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی بە ناوی ئێران، زۆر گرینگ و جێگەی هەڵوێستە و تێڕامانە.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## حەبیبۆڵڵا بەلووچ: کۆماری ئیسلامیی بۆ سەرکوتی نەتەوەکان خەریکی پەرەپێدانی فاشیزمە



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

### ئاماژە:

ڕێژیمی لەنێوچووی پاڵەوی و کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی ئێران و یەکدەستکردنی وڵات، لە بیری بنیادنانی ناسیۆنالیزمێکن پێداگری لەسەر دروستکردنی ئێرانێکی یەک نەتەوە، زمان، کولتوور و مێژوو بکات. مەبەست لەوەش ئەوەیە ئەم سیستمە فکرییە لەلایەک قەڵغانێکی بەرگریکار بێت بۆ حکوومەتەکەیان و لەلایەکی دیکەوە بەئاسانی بتوانن سامانی نەتەوەکانی نێو جۆغرافیای ئێران بە تاڵان ببات. فاشیزم چییە؟ فاشیزمی ئێرانی چۆن دروست بووە؟ جیاوازی فاشیزمی نەژادی و مەزهەبی چییە؟ ئەم فاشیزمە چ کاریگەرییەکی بەسەر کۆمەڵگەی بەلووچ و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێرانەوەیە؟ نەتەوەکانی بەلووچ و کورد و نەتەوەکانی دیکە چۆن و بە چ شێوە و نەخشە ڕێگایەک ئەبێ لەگەڵ فاشیزمی ئێرانیدا بەربەرەکانێ بکەن؟ "کوردستان" لەم پێوەندییەدا وتووێژێکی لەگەڵ حەبیبوڵڵا بەلووچ، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی بەلووچستان "ڕاجی تەپاکی" پێکهێناوە.

**شەهرام سوبحانی**: بەڕێز بوزورگزادە با ڕوانگەی ئێوە لەسەر فاشیزم بزانین و بپرسین کە فاشیزمی ئێرانی چۆن دروست

بووە؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: زێدەڕۆیی لە نەتەوەگەرایی ئەویش لە حکوومەتێکدا کە ئامانجی یەکدەستکردنی کۆمەڵگە لە بواری کولتووری، زمانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت مەزهەبییەوە بێت، فاشیزمە. ئەم فاشیزمە یەکەمجار لەلایەن نوخبە زێدەڕۆکان و بە هاوکاریی ڕەزاخانی پالانییەوە هاتە ئاراوە کە تەنانەت ناوی پاڵەوی کە لە ئەسڵدا بەلووچییە و لە دەورووبەری ناوەندی سیستانەوە هاتوە، بۆ ئەوە دیاری کرا کە مێژووگەرایی پەرە پێ بدات. هەر لەم ڕوانگەوە و بە مەبەستی چالاکییە جۆراوجۆرەکان دەست بەکار بوو، بۆ بەهێزکردنی ئەو بابەتە دەوڵەتی ئاڵمانیش ڕۆڵی هەبوو بەو هۆیەوە نوخبە ئێرانییەکان لەوێ پەیوەندییەکی چڕوپڕیان بوو لەگەڵ نازییەکان و ڕێکخراوگەلێک وەکوو ڕێکخراوی پەروەردەکردنی بیرۆکەی ئێرانییان "سازمان پرورش افکار ایرانیان" لەو ڕاستایەدا دامەزراند کە لەلایەن کەسانێک بەڕێوە دەچوو، وەکوو وەکوو ئەحمەد مەتین کە لە ئاڵمانی نازیی پەروەردە ببوو یان کەسێکی تر وەکوو داوود مونشیزادە کە کتێبەکانی لەژێر ناوی زمانەکانی دیکەی ئێرانەوە نووسیبوو و بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕاستای بەلاڕێدابردنی ئەو زمانانە ڕۆڵی هەبوو. هەر ئەو کەسانە لەکاتی گەڕانەوەیان لە ئاڵمان بەرپرسایەتی زۆر باڵای حکوومەتییان لە سەردەمی پاڵەوی وەرگرت و ئاوابوو کە ناسیۆنالیزمێکیان بنیات نا کە جەختی دەکردەوە لەسەر ئێرانێک کە خاوەنی یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک مێژوو و یەک کولتوور بێت. هەر بەو هۆکارە تەنانەت دەستێوەردانیان کرد لە مێژووشدا، ئەو دەستێوەردانە لە ئاستێکدا بوو کە زۆرێک لە کتێبە مێژووییەکان لەلایەن ناسیۆنالیستە زێدەڕۆ و فاشیستەکانەوە لە وڵاتانی جۆراوجۆرەوە لەنێو بران چونکە ڕوانگەی ئەوان کە بۆ نەژادی سەرتر بوو، ڕەت دەکردەوە، هەر بەو مەبەستە دەتوانن سەرنجی ئەو ڕاپۆرتانەش بدەن کە "بی بی سی" بڵاوی کردووەتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: جیاوازیی فاشیزمی نەژادی و فاشیزمی مەزهەبی لە چی‌دایە و چ شوێندانەرییەکی هەبووە لەسەر کۆمەڵگەی بەلووچ و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: فاشیزمی نەژادی و مەزهەبی هەرچەند جیاوازییان هەیە بەڵام کۆماری ئیسلامی لە هەردوویان کەڵکی وەرگرتوە، بە شێوەیەک کە هەم شاعیر و چالاکانی نەتەوەیی بەلووچیان تێرۆر یان سنووردار کردوە و هەم چالاکانی مەزهەبی. لەلایەکی دیکەوە خەریکی گۆڕانی ناوی شارەکان و تەنانەت تایفەکانیشن و ئەو گۆڕانکارییانە لە ئاستێکدان کە لەلایەکی ترەوە مزگەوتەکان تێک دەڕووخێنن، مەولەوییەکان تێرۆر دەکەن و ڕێگری دەکەن لە چالاکانی دینی و سووننە مەزهەبەکان. کۆکردنەوەی ئەو دووانە لەلای یەکتر ناوچەگەلێک وەکوو بەلووچستان، کوردستان، تورکەمەن سەحرا و ئەهواز و... دووقات زیاتر ئەمنییەتی کراون و لە سەرکوتدا پشکی شێریان بەرکەوتووە.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئێوەش لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەندێک لە ڕەوتەکانی دەرەوەی وڵات فاشیزمی ئێرانییان لە چوارچێوەی مافی شارۆمەندی و دێموکراسی بۆ ئێرانی داهاتوو پەرە پێداوە؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: ئێمە لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردوودا بێبڕانەوە لەگەڵ فاشیزمێک ڕووبەڕووین کە نەهادینە بووە، بەڵام بەنیسبەت پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و نیگەرانی فاشیزمی نووستوو کە ڕوانگەیەکی زێدەخوازییان هەیە لە "ئێران" بە سەرترزانینی "فارس" زیاتر پەرەی سەندوە. فاشیزم پێویستی بە هێما و ڕێبەر هەیە و هەر دووی ئەوانە کە لە پێشدا ساز کرابوون، دووبارە زیندوو کرانەوە و خەریکن کاریان لەسەر دەکەن. دەزگای کۆماری ئیسلامیی ئێران کە میراتگری سیستەمی پاڵەوییە لە ڕاستیدا میراتگری فاشیزمی نەتەوەییە، لە چوارچێوەی فاشیزمی مەزهەبیدا لە زۆربەی کاتەکاندا کەڵکی لێ وەرگیراوە و بە کاریان هێناوە بەتایبەت لە بۆ ڕێگریکردنی جیددی لە هەرجۆرە پەرەسەندنێکی زمانەکانی دیکە لەو جوغرافیایەدا، بەربەرەکانێ لەگەڵ کولتوور و چالاکانی کولتووریی و نەتەوەیی و چیها تێرۆر و کوشتن و زیندانیکردن یان ناچارکردنیان بە کۆچکردن، هەر لەو ڕوویەوە ڕێژیم بە هەمان ئەندازە کە فاشزیمی دەرەوەی وڵاتی لە پەرەسەندنی ڕەوتی نەتەوەیی نەتەوەکان هەست بە مەترسی دەکات، ئەوانیش هەست بە ترس دەکەن بۆیە لانیکەم بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەتەوە ستەملێکراوەکان هاوکاری پشتی پەردەیان هەیە. دەزگا سەرکوتگەرەکان بەتایبەت سپای پاسداران بۆ سەرکوتی ئەو بزووتنەوانەی کە لەسەر پایەی نەتەوەیی دروست بوونە هەم ئۆپۆزیسیۆنی بۆ دەرەوەی وڵات هەنارده کردوە و هەم لەو ڕاستایەدا سەرۆککۆمارێکیان هەڵبژارد کە پێشینەی زمانی فەرهەنگیی نەتەوەییەکی بەرزی هەبێت هەتا بزووتنەوەی نەتەوەیی نێوخۆی وڵات لە ڕێگەی ئاوا پەیامێکەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە هەڵبژاردنی پارێزگارێک لەلای سەرۆککۆمارەوە بۆ ماوەیەک، لاواز بکات.

**شەهرام سوبحانی**: تا چ ڕادەیەک ئەو بارودۆخە بە مەترسی دەزانن بۆ سەر خەباتی نەتەوەکانی ئێران؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: ڕەنگە زۆربەی خەڵک بەهۆی دڵخۆشکردن بەوەی کە فاشیزم لاواز و بێتوانایە، ئەو بابەتە بە بابەتێکی مەترسیدار نەزانن بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو بابەتە مەترسییەکی جیددیە و بۆیە نە لەسەر ئەوەی چەند کەس لەژێر ناوی ئۆپۆزیسیۆن و لە نێوەرۆکدا فاشیزمن بەڵکوو بەهۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکان، خەریکی ئەوەیە فاشیزم بەهێز بکات و پەرە پێبدات و وادەزانێت بە ناردنی هەناردەکراوەکانی خۆی لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا دەتوانێت ئیمکانی کۆنترۆڵ و ڕێنوێنی ڕەوتی فاشیزم بکات بەڵام زۆر لە هەڵەدایە، چونکە دەستێوەردانی دەوڵەتەکان بۆ بەهێزکردنی هەر ئیدئۆلۆژییەک لە مێژوودا بۆتە هۆی دروستکردنی ڕەوتێک کە دواتر لە سەردەمێکدا لە کۆنترۆڵیان دەرچووە و بووەتە هۆی بەهێزبوونی زیاتری ئەو بزووتنەوانە بەڵام ئەم بارودۆخە بۆ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران

زۆر جێگای نیگەرانی نییە چونکە ئەو ئەزموونگەلێکی وەکوو دروستکردنی ئاوا گرووپگەلێک لە سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن، ئەفغانستان و پاکستانیان بووە و ئەو نموونەش هەرئاوا پایەیەکی هاوشێوەی هەیە و لەکاتی پێویستدا بۆ سەرکوتکردن ویژمانی سەرەکیی کە ویژمانی نەتەوەکانە بەشێوەی جیددی بەکار دێن.

**شەهرام سوبحانی**: نەتەوەکانی بەلووچ و کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران چۆن و بە چ شێوە و ڕێکارێک دەبێت خەبات بکەن لە دژی فاشیزمی ئێرانی؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: تەنیا یەک ڕێگا هەیە ئەوەش هاوکاریی بەکردەوەی گشتگیر و هاواهەنگیی نەتەوەکانە، کە من لێرەدا کە وشەی "بەداخەوەم" بەکار دێنم کە هەتا ئێستا لە ئاستی کردەوەدا کار نەکراوە بەڵکوو تەنیا لە ئاستی ڕاگەیەندراو و بەیانییەدا وهەروەها هاودەنگییدا قەتیس ماوەتەوە. ئێمە نەتەوە ستەملێکراوەکان پێویستییەکی ئێجگار زۆرمان هەیە بە دروستکردنی بلۆکێکی گەورەتر لە ئاستی تەواوی حیزب و ڕێکخراوە چالاکەکان یان لانیکەم زۆرینەی نزیک بە تەواوی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بێت، دەبێت کەلێنی نێوان هەموو ڕەوتە نەتەوەییە فیدراڵخواز و ئەوانەی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان قبووڵە، وەلابنرێت. دەبێت ئەو ناکۆکییەی نێوان نەتەوەکان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هان دراون نەمێنێت و پێویستیی ئەم کارەش لە دەور یەک کۆبوونەوەی هەموو هاوپەیمانییە نەتەوەییەکانی نەتەوە چەوساوەکانە وەکوو یەک بلۆکی سەرتاسەری. هاوپەیمانیی دێموکراتیکی نەتەوەکان، هاوپەیمانیی کۆنگرە و هاوپەیمانیی نەتەوەیی سێ هاوپەیمانی تا ڕادەیەک بەهێز، دەبێت ببێتە یەک بلۆکی یەکگرتوو هەتا ویژمانی نەتەوەکان بتوانێت ببێتە جێگرەوەیەکی جیددی و دڵخوازی جیهانی.

**شەهرام سوبحانی**: دوو ساڵ دوای بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" چ لێکدانەوەیەکتان هەیە لە بارودۆخی سیاسیی و خەباتی ئێستای بەلووچستان؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: دوو ساڵ دوای بەربڵاوترین و جیددیترین خەباتی ئەم ساڵانەی دوایی کە زۆرینەی بنەماڵە بەلووچ و کورد و نەتەوەکانی دیکەی گرتەوە ئێستاش بارودۆخی ئاگرەکە خۆڵەمێشییە بەڵام لە هەلومەرجی گەمارۆی ڕێژیم گۆڕدراوە بۆ گەمارۆی دووبارەی نەتەوە ستەملێکراوەکان، ئێمە وەکوو هەمووکات خەریکین زەبرمان وێدەکەوێت لەلایەن ڕێژیمەوە. دوو شت زۆر ڕوونە یەکەم: ئەم هەلومەرجە بووە هۆی بەهێزبوونی دۆخی نێوخۆیی هێزە دێموکراسیخوازەکان و هەرچی زیاتر یەکگرتوویی نێوانیان. دووهەم: ئەو دۆخە کاتییە و لە کات و شوێنی گونجاودا دووبارە گۆڕانی بەسەردا دێت بەڵام ئەو گۆڕانە بەبێ دروستبوونی ئەو بلۆکە، ڕەنگە ببێتە هۆی شکستی دووبارە.



سەرچاوە
Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

**شەهرام سوبحانی**: ئاسۆی خەباتی خەڵکیی لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات لە دژی کۆماریی ئیسلامی چۆن دەبینن؟

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: هەر ئەوەی کە ئاماژەم پێ کرد و دەبێت لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ و ڕاشکاو بین؛ ئێمە بەبێ دروستکردنی بلۆکێکی بەربڵاو ناتوانین کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییە فاشیستەکانی هەندێ ڕەوتی ڕاستگەرای وڵاتانی دیکە بەشێوەی تەواوەتی لەنێو ببەین. دانیشتن و تەنیا بۆ خۆت بەرنامەداڕشتن لە کۆتاییدا تەنیا لە ئاستی خۆتدا ئاکامەکەی دەبینی، دانیشتن تەنیا بۆ وێژمانی چالاکییکردن بۆ فیدراڵیزم ونەبینینی ئەوەیکە وێژمانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەهەمان ئەندازە بەهێزە، بیرێکی باش نییە. دانیشتن بۆ ئەو مەبەستەی کە لە کۆتاییدا لەگەڵ ڕەوتە فارسەکان ڕێککەوتنێک بکەیت و نەتەوە ستەملێکراوەکان پشتگوێ بخەیت تەنیا دەبێتە هۆی شکستەکانی دواتر. ئێمە دەبێت هەموو حیزبە نەتەوەیی نەتەوەکان لە ئاستی بلۆکێکدا لە دەوری یەک کۆ بکەینەوە و توانایی پێویست و بلووغی سیاسیی ئەوەمان هەیە کە بە ئاکامی بگەیەنین.

**شەهرام سوبحانی**: بەڕێز بوزورگزادە سپاس بۆ ئەوەیکە کاتتان دانا و ماندووش نەبن

**حەبیبوڵڵا بەلووچ**: سپاس بۆ ئێوەش

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاگەیەندراو لەبارەی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




لە کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نوێترین گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران و ناوچە هەڵسەنگێندرا و پێداگری لەسەر ئەوە کرایەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای زیاتر لە چوار دەیە قەیرانخوڵقێنی و ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لاوازتر لە هەموو کاتێکە و بەرەوڕووی گەورەترین قەیرانی شەرعییەتی سیاسی هەم لە نێوخۆ و هەم لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بووەتەوە.

کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی ڕەزبەر، بە بەشداریی نیزیک بە تەواوی ئەندامانی ڕێبەری و بە مەبەستی تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسیی ئێران و ناوچە و، هەروەها کاریگەریی ئەم دۆخە لەسەر خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەکە بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزبی دێموکرات و خەباتی مافخوازانەی کورد لە ئێران دەستی پێکرد. دواتر کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوە و لێکدانەوەی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی لەسەر نوێترین گۆڕانکارییە سیاسییەکان و ڕوانگە و سیاسەتی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی ڕۆژەڤ شی کردەوە. لە برگەکانی دواتری

کۆبوونەوەکەدا ئەندامانی ڕێبەری ڕوانگە و بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو باسانە خستەڕوو و ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبیان بۆ کۆمەڵە ئەرک و بەرپرسایەتییەک ڕاسپارد.

ڕێبەری حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندنی شەڕی نوێی ناوچەکە کە ساڵی ڕابردوو بە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێ کرد و لە ئێستادا چووەتە دووهەمین ساڵی خۆیەوە، ڕای وابوو کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دنەدەر و هەڵایسێنەری ئەم شەڕە بوو، پێی وانەبوو لێکەوتەکانی بەم قوورسییە لەسەر خۆی دەشکێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم یەکساڵەدا لە ڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی خۆیەوە و هەروەها بە دوو جار هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسرائیل بەشداریی ڕاستەوخۆی لەو شەڕەدا کردوە. شەڕێک کە لەودا شەرعییەت و پێگەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا زیاتر لە جارانیش چووە ژێر پرسیار و ئێستا پتر لە جاران بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دادەنرێت. شەڕێک کە نەک هەر شەڕی گەلانی ئێران نییە، بەڵکوو دوورنیزیک پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانیشەوە نییە؛ کەچی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شەڕەدا لەلایەک سامانی دەیان ساڵەی وڵاتی بۆ شەڕئەنگێزی، تێرۆریزمی دەوڵەتی و پڕچەککردنی گرووپە نیابەتییەکانی بەفیڕۆ داوە و، لەلایەکی دیکەوە خەڵکی ئێرانی بۆ مەرامە ئایدۆلۆژییەکانی بەبارمتە گرتوە. شەڕێک کە ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا تێیدا دۆڕاوە، بەڵام لەسۆنگەی وشیاری سیاسی و هاوخەباتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە دەکرێ بە قازانجی بزووتنەوەی نارەزایەتی و ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێران بشکێتەوە.

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بەشە لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنەکەی خۆیدا پێی وابوو ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەدا لەسەرهەستتر و ئامادەتر لە جاران بجووڵێتەوە، ئەگەر لەسەر بنەمای گوتاری هاوبەش بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو جدیتر هەوڵ بۆ پێکهێنانی ئاڵترناتیڤ دژی ڕێژیم بدات و هەروەها بتوانێ توانا و وزەی خەباتگێڕیی هەموو لایەنەکان لەدژی ڕێژیم کۆ بکاتەوە؛ لەم هەلومەرجەدا دەسکەوتی زۆر و پڕبایەخ لە بەرژەوەندیی خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران مسۆگەر دەکات.

کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر تیشکی ئەزموونەکانی پێشووی پاشەکشەی ڕێژیم لەو کاتانەدا کە لەژێر گوشاری دەرەکیدا برستی لێ دەبڕێ و توانای بەردەوامی لەسەر سیاسەتە ئایدۆلۆژییەکانیدا نامێنێ، ئەم دۆخەی بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران لە نێوخۆی وڵات لێکدایەوە. هەر لەو پێوەندییەشدا هەوڵدان بۆ متمانەسازی و یەکگری و هاوخەباتیی زیاتری نەتەوەکان لە ئێران و کاری بەکردەوەی پتری ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە سیاسییەکان دژی کۆماری ئیسلامی بە ئەرکی هەمووان و زەروورەتی هەرە گرینگی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ئێستادا داندرا.



سەرچاوە
Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش تاوتوێی چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خستنە بەر باسی کۆمەڵە بابەتێکی نێوخۆیی و دەروونتەشکیلاتیی حیزب کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

١٧ی ڕەزبەری ١٤٠٣

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دکتۆرینی سەپاندن و ئاژاوەگێڕیی ڕێژیمی ئێران




**ئازاد مستۆفی**

دکتۆرینی دەسەڵاتی ڕەهای ویلایەتی فەقیهـ لە ئێران وەک بینایەک وایە کە هێمای تۆتالیتاریزمە، بێگومان لە مێژوو و ساڵنامەی دیکتاتۆرییەتدا تۆمار کراوە. ڕێژیمی ئێران لەژێر دەسەڵاتی دکتۆرینی سەپاندن و ئاژاوەگێڕیدا، سیاسەتێکی بۆ پاراستنی دەسەڵات دارشتوە، ئەمەش برِبڕەی پشتی ئازادی و مرۆڤایەتیی هەژاندوە. ئەگەر جۆرج ئۆروێڵ (١٩٥٠ - ١٩٠٣) بتوانێت ئێرانی هاوچەرخ ببینێت، بەدڵنیاییەوە لە دیستۆپیای ساڵی ١٩٨٤دا دەنگدانەوەیەکی ترسناک دەدۆزێتەوە. ئێران لەژێر دەسەڵاتی تیۆکراتی خۆیدا، عەقیدەی دەسەڵاتی ڕەها دەچێنێت کە ڕەگ و ڕیشەی لە لێکدانەوەیەکی ڕەق و پاوانخوازانەی ئیسلامی شیعەی دوانزە ئیمامی داکوتاوە. لە سەرووی ئەم سیستەمەدا دەسەڵاتی خامنەیی کەسایەتییەکی نیمچە خودایی لە سەرووی یاساکانەوە کە وتەی بۆ نارەزایەتیدەربرین نابێ. ئەم پێکهاتە هەرەمییە ئەگەری کۆنترۆڵکردنی یەکگرتوو بەسەر کارەکانی حکوومەتدا دابین دەکات کە هەموو بڕیارێک، هەموو سیاسەتێک، لەم دەسەڵاتە باڵایەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ڕێگەی پلەبەندیی دامەزراوەکانی کۆنترۆڵ و چاوەدێرییەوە ڕەنگ دەداتەوە. ڕێژیمی ئێران تەنیا حوکمڕانی ناکات. ئاواتەخوازە عەقڵەکان لە شێوەی میلیشیایەکدا قاڵب بکات و دڵەکان بەجینایەتەکانی خامنەیی تەسلیم بکات. ڕیکلامەکان لە هەموو شوێنێک هەن و لە هەموو ماڵێکدا لە ڕێگەی میدیای دەوڵەتی و مزگەوت و سیستەمی

پەروەردەوە بەدوای بیەنەردا دەگەڕێن. ئەم پڕوپاگەندەی بێباوەڕی بە چەمکەکانی ئازادیخوازان و یادکردنەوەی ژیان و شکۆمەندکردنی دەستێوەردان لە وڵاتانی جیهان لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاگرێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروست بکات. ویلایەتی فەقیە ترس و ناسیۆنالیزمی ئێرانی – شیعەی کردووەتە ئامرازێک بۆ یەکخستنی لایەنگران و بریکارەکان لەژێر ئاڵای گومان و ڕق و کینەدا.

## هێزە سەرکوتکەرەکان ئامرازی تیرۆرن

هەموو دیکتاتۆرێک بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان و پاراستنی حوکمڕانی تیرۆر پێویستی بە گرووپی تیرۆریستیی ڕێکخراو هەیە. لە ئێران ئەم جینایەتە لەلایەن سوپای پاسداران و بەسیجەوە بەڕێوە دەچێت. پاسەوانە ڕاهێنراو و چەکدارەکان بۆ بەرگریکردن لە خامنەیی، تەنیا لە ڕۆڵی سەربازییدا سنووردار نین، دزەیان کردووەتە نێو هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوە، هەر لە ئابوورییەوە تا سیاسەت، هەواڵگری و ئاسایشی ناوخۆ و مافیایەکی ترسناکیان پێکهێناوە کە سەرکردایەتییەکەی ئەوان سەرپەرشتی دەکەن. بەسیجییەکانیش بەنۆرەی خۆیان ئەو خۆبەخشانەن کە لە بواری ئایدۆلۆژیاوە ڕێکخراون. زۆرجار گەنجن و وەک بەشێک لە ئەرکەکانیان ڕاهێنراون بۆ سیخوڕیکردن بەسەر هاووڵاتیان و سەرکوتکردنی خۆپێشاندانەکان و تیرۆر. بوونیان بیرهێنانەوەی چاودێری هەمەلایەنە و سزای حەتمی ئەو کەسانەیە کە دەوێرن تەحەدای ڕێژیمی دەسەڵاتی ئایینی ئێران بکەن. بەکارهێنانی توندوتیژیی بێسنوور لەلایەن ئەم هێزانە بە سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی خامنەیی سەلمێنراوە. ناڕەزایەتیدەربڕینی مەدەنیانە بەشێوەیەکی سیستماتیک سەرکوت دەکرێن. دەستگیرکردنی نایاسایی و دەستبەسەرکردن بەبێ دادگاییکردن، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدان لە شوێنی گشتیی هەموو ئەو شێوازانەن کە بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن هێزی سەرکوتکەرەوە بەکاردەهێنرێن. لە ڕێژیمی ئێراندا توندوتیژی بووەتە زمان و میتۆدی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵک. هەر باتۆم و فیشەکێ لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە، بێتوانایی حکوومەتی داگیرکەر لە وەڵامدانەوەی داواکارییە مەدەنییەکانی هاووڵاتیانیدا پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو سەرکوتەی ئەمڕۆ دەیبینین شەڕی کۆڵان بەکۆڵان و ئاشکرای بەڕێوەبەرانی دەسەڵاتی ئێرانە بەدژی خەڵکی خۆیان کە هەموو ڕۆژێک تاوانکارییەک ئەنجام دەدەن و هەرگیز لە مێژوودا دەستدرێژکارێک وەها دڕندەیی و بێڕەحمی بەرامبەر بە خەڵکی ئەم خاکە نەکردووە.

## سێبەری سیخوڕیی حکوومەت و زانیاری لەسەر خەڵک

هەر لە سەرەتای ڕۆژانی شۆڕشەوە، دامودەزگا ئیتلاعاتییەکان و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێران، بەکەڵکوەرگرتن لە سادەیی و باوەڕی ئایینیی خەڵک و ساختەکاری و فریوەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی، پیلانیان لەنێوان سیاسییە جیاوازەکاندا

دروستکرد و ئەو ڕەوتانەی دژی خومەینی بوون، لەناویان بردن و توانیان سیستەمێکی سیخوڕی بەرفراوان لە وڵات دابمەزرێنن. دامەزراوە ئەمنییەکان بە بوودجەیەکی بێسنوور و تۆڕێکی چڕ لە زانیاریدەر و ئامێری سیخوڕی، بە ئاسانی دەتوانن بەدواداچوون بۆ هەموو گۆشەیەکی تاریکی ژیانی خەڵک بکەن. ئەدای دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بووەتە هۆی ئەوەی کە سیخوڕی لەسەر پەیوەندییەکان بکرێن، جموجۆڵی ڕێبەرانی سیاسی تەنانەت ئەوانەی کە لە چوارچێوەی ڕێژیمدا سەربەخۆن، چاودێری دەکرێن و چالاکییەکانی هاووڵاتییانیش بەوردی چاودێری و ئەرشیف دەکرێن. ئینتەرنێت، ئەم کەرەستەی ئازادی و زانیارییە، بووەتە گۆڕەپانی شەڕ لە ئێراندا کە ڕێژیم یاسای خۆی تێدا دەسەپێنێت. ماڵپەڕەکان فیلتەر دەکرێن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سانسۆر دەکرێن و بلۆگەر و چالاکوانان دەڕفێنرێن و زیندانی دەکرێن. سۆشیال میدیا کە لە شوێنەکانی دیکە کۆی کراوەیی و ئاڵوگۆڕی بیروڕایە، لە ئێران تەڵەیەکە و هەر کلیکێک دەتوانێت ببێتە هۆی دەستگیرکردنی کەسێکی بێتاوان. تەنانەت ئاشکراکردنی بەرپرسانی گەندەڵی ڕێژیمی ئێران لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە لە سۆشیالمیدیا دەبێتە هۆی گرتن و ڕاگرتنی نایاسایی ڕۆژنامەنووسانی بوێر و ئازا و چاونەترس کە هەوڵ بۆ ژیانێکی تەندروست دەدەن.

## تێکشکاندنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ

دیموکراسی، ئازادی و بەشداری، مافی گەلانی غەیرە فارس و دابەشکردنی دەسەڵاتی زۆرەملێی حکوومەتی ناوەندی، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ملهوڕی قووڵ و مێژوویی ئێران. لە ڕوانگەی سیستەمی پاشایەتی و هەروەها ویلایەتی فەقیەوە و بێگومان شای پێشوو و ڕێژێم و دەزگای حوکمڕان هەرگیز هیچ هەڵەیەک ناکەن و هەر تاوانێک کە ئەنجامی بدات، بە بچووکترین نارەزایەتی، بە خوێن خنکێنراوە. هەڵبژاردن کاتێک ئەنجام دەدرێت کە بە وردی ئەندازیاریی لەلایەن خامنەییەوە بۆ کرابێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنی کاندیدەکانی دڵسۆز بۆ ناوبراو مسۆگەر بکرێت. هەر نارازییەک بوێریی دەرکەوتنی هەبێت، بەشێوەیەکی سیستماتیک پەراوێز دەخرێت یان زیندانی دەکرێت. مافی مرۆڤ کە بنەمای بنەڕەتی کۆمەڵگە دادپەروەرەکانە، لەژێر پێ دەنرێت. لە ڕوانگەی ویلایەتی فەقێهەوە، ئازادیی ڕادەربڕین چەمکێکی بێگانە و ئازادی ڕۆژنامەگەری دیاردەیەکی وەهمییە. ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ هەراسان دەکرێن و زیندانی دەکرێن و دەکوژرێن. ژنان و کچان، گەلانی غەیرە فارس، پەیڕەوانی ئایینە شیعەکانی غەیرە اثنی عشر و هتد، هەموویان بەدەست هەڵاواردنێکی سیستماتیکییەوە دەناڵێنن و بوونیان بۆ نەزمی ستەمکار تەحەدایە. ڕێژیمی ئێران لە هەوڵەکانیدا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی تەواوەتی هەبێت، خۆی لە هیچ توندڕەوییەک بەدوور نەگرتووە. بێسەروشوێنکردن، دادگاییکردنی ڕواڵەتی و بەبێ بنەما و پارێزەر، لەسێدارەدانی کاتی، هەموو ئەم کردەوانە بەناوی "ئاسایشی نیشتمانی" ئەنجام دەدرێن. "دادگای ئینقلاب" کە سیستەمێکی جیایە لە دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی، لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەکانەوە سەرپەرشتی و

ئاڕاستە و كۆنترۆڵ دەكرێت، ئەو شوێنەیە كە دادپەروەری لە قوربانگەی ستەمكاریدا قوربانی دەكرێت.

## سەپاندن و ئاڵۆزیانەوە توخمی مانەوەی ئایەتوڵڵاكان

ئایەتوڵڵاكان لە ئێران، بەگرنگیدان بە ئەدای محەممەدڕەزا شا و ڕێبازی ئەو بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی پاشایەتی، هەروەها ئەدای بەشێک لە سەرانی وڵاتانی عەرەبی لە ڕۆژانی شۆڕشی بەهاری عەرەبیدا، وەک تونس، میسر و جەزائیر، دەزانن حكومەتەكەیان پڕە لە قەیران و ستەم و سەركوتی توندوتیژی، بە خوێنڕشتنە كە دەمێنێتەوە و گرنگ نییە خەڵک ئەم دەسەڵاتە قبوڵ بكات یان نا، بەشداری هەڵبژاردن بكات یان نا، چونكە بنەمای وڵاتەكە لەسەر كۆنترۆڵكردنی هاووڵاتیان و شارۆمەندان دامەزراوە بۆیە شەرعیەتیان هەیە. ئەوەی لە شەڕی نێوخۆیی سووریە ڕووی دا، زیاتر لە ٥١١ هەزار كەس بەهۆی ئەو بەرمیلە سووتێنەرانەی كە كەوتە سەر خەڵكی مەدەنی كوژران. میلیۆنان كەس بریندار و زیندانی كران. زیاتر لە ١٢ میلیۆن كەسیش ئاوارە بوون بەڵام ئەسەد دیسانەوە بانگهێشتی كۆبوونەوەی لووتكە كرا و پێشوازی لێكرا. بۆیە ڕێژیمی ئێران كە لەسەر زەوی و ئاسمانی سووریە خۆی تاقی كردووەتەوە، تا دەتوانێت بەردەوام دەبێت لە سەركوتكردن و بارودۆخی نێوخۆییەكەی و ژیان و گوزەرانی چینی هەژاری بەهیچ شێوەیەک بۆ گرنگ نییە. ئەزموونی چاكسازی لە یەكێتی سۆڤیەتدا بە دارمان كۆتایی هات بۆیە خامنەیی كە گوێڕایەڵی پوتینە، دەزانێ "آزموده را آزمودن خطاست". بەشێوەیەكی گشتیی لە كۆمەڵگایەكدا كە هێزی سەركوتكەر تێگەیەنراوە بكوژە بۆ ئەوەی مووچە وەربگری و بەڕێوبەرە داراییەكەی گەندەڵی دەكات ئەكا لە كاروان وەدوا كەوێ و هەموو ئەمانەش لەووەوە سەرچاوە دەگرێت كە "سیاست ما عین دیانت ما است" ناتوانین دڵخۆش بین بە چاكسازی نێوخۆیی و بێگومان ئەم كۆمەڵگە پێویستی بە شۆڕشێكی بنەمایی و هەمەلایەنەیە.

دكتۆرینی ڕێژیمی ئایەتوڵڵاكان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا، هەر لە ڕۆژی یەكەمەوە دەسەڵاتی ڕەها بووە. وتنەوەی درووشمی هەناردەكردنی شۆڕش بۆ جیهان واتە سەركوتكردنی خەڵكی مەدەنی بەس نییە و قووڵایی ستراتیژی قەڵغانكردنی "محور مقاومت"ە بۆ قوربانیكردنیان لەبەردەم ئێران. ڕێژیمی ئێران تەماحی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی هەیە كە ئامانجی بڵاوكردنەوەی مۆدێلی پاوانخوازانەی شیعەگەرییە لە دەرەوەی سنوورەكانی. ئێران شۆڕش و ئایدۆلۆژیای خۆی لە ڕێگەی میلیشیا شیعەكان و گرووپە چەكدارەكانی وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەشدی شەعبی عێراق، فاتمیون، زەینبیون و حوسییەكانی یەمەن هەناردە دەكات. ئەم گرووپانە بە فەرمی بوونەتە درێژكراوەی تاوانەكانی سوپای قودس و ڕۆڵی سەرەكی لە توندوتیژی و ناسەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەگێڕن و بەردەوامن. درووشمی ئایەتوڵڵاكان لە ناوچە ئەمەیە: من ئاژاوە و قەیران دەنێمەوە واتە هەم. لەئاستی نێودەوڵەتیدا ڕێژیمی ئێران خەریكی دیپلۆماسی

**مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

ورووژێنەرە و لە ئیمکاناتی حکوومەت بۆ تێرۆرکردنی نەیارانی سیاسی لە چوار گۆشەی جیهان کەڵک وەردەگرێت. پلانی ناوکی ئێران سەرەڕای لێکتێگەیشتننامەکان و گەمارۆکان، هێشتا خاڵی سەرەکی ناکۆکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئێرانە. بەدواداچوون بۆ چەکی کۆمەڵکوژ، کە ئێران ناوی گەشەپێدانی ئاشتیخوازانەی لێناوە، خواستی بەدەستهێنانی گوشارێک بۆ دەسەڵاتی پتر و هەڕەشە ئاشکرا دەکا و بەمجۆرە دەسەڵاتی نێوخۆیی و پێگەی دەرەکی خۆی چەسپاندووە.

## بەرخۆدان بەردەوامە

بەڵام سەرەڕای ستەمی لەڕادەبەدەر و پاسدار و هێزی جینایەتکار، ڕۆحی بەرخۆدانی ئازادیخوازانە لەنێو نەتەوە چەوساوەکان لە ئێران و بەتایبەت لەنێو کورد، بەلووچ، گیلەک و... هتد هەرماوە. بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان کە بەبیانووی جۆراوجۆر لە سنوورێکی ناوچەیی و هەندێکجاریش سەرانسەری دێنەئاراوە، هەرچەندە بەشێوەیەکی خوێناوی سەرکوت دەکرێن بەڵام بە ڕێکخستنێکی نوێ و بنەڕەتیتر دەردەکەون، ئەمەش بەڵگەی ئیرادەی خۆپێشاندەرانە بۆ داوای مافەکانیان. ئافرەتان، گەنجان، ڕۆشنبیران، کرێکاران، خانەنشینەکان، هەموو ئەم چین و توێژانەی کۆمەڵگە، لەهەمانکاتدا ئازایەتی بۆ تەحەدای ڕێژیم دەدۆزنەوە. لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩ کە بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە و ناڕەزایەتییەکان بەرامبەر بە گرانبوونی نرخی بێنزین، تا دەگاتە شۆڕشی قووڵ و شکۆمەندی ژینا و هەروەها نەورۆز (١٤٠٣ هەتاوی /٢٧٢٤ کوردی)ی حەماسی کوردستان؛ کۆمەڵگەیەک لە ئیرادە و بوێریی خۆدەنوێنێ کە ئامادەیە ڕووبەڕووی ستەم بۆ داهاتوویەکی باشتر ببێتەوە. بەڵام ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی دکتۆرینی دەسەڵاتی ڕەها و سەرکوتی دڕندانە و چاودێریی هەمەلایەنە هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ئەو خەڵکەدا بپارێزێت کە تامەزرۆی ئازادیین. بە لەژێرپێنانی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، هەوڵی دەستەبەرکردنی هەژموونی بێ مشتومڕ دەدات، بەڵام لەم گەمەی دەسەڵات و ترسەدا، زۆرجار هێزی خۆڕاگری مرۆڤ و بانگەوازی حەتمی ئازادی بە کەم دەزانێت. ئەو خاکەی ئایەتوڵڵاکان داگیریان کردوە بە دژایەتی و خەباتەکانیەوە ئەو ڕاستییەی تێدایە کە تەنانەت لە قووڵترین تاریکیدا، تیشکێکی ئومێد هەیە. ئایندە نادیارە، بەڵام تا ئەو کاتەی دەنگێ بۆ بەرزکردنەوە، دەستێ بۆ یەکگرتن و دڵێ بۆ هیوا لێدەدات، خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافی گەلانی غەیرە فارس بەردەوام دەبێت. ڕێژیم دەتوانێت جەستە و دەنگەکان لەناو ببات بەڵام هەرگیز ناتوانێت ڕۆحی بەرخۆدانی مرۆڤ کە عەدالەت و کەرامەتی خۆشدەوێت لەناو ببات.

**١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

# کێ ئامادە بێ ئەو دەیباتەوە



**ئەلبورز ڕووینتەن**

دۆخی ئێستای شەڕ و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە جورێک گەرم و لە ناکاو لە گۆڕاندایە، کە زۆربەی چاودێران فریای پێشبینی یا شرۆڤەی ڕووداوەکان ناکەون. لە لایەکی دیکەوە زیاتر ئەگەر وەک کورد بڕوانینە دۆخەکە و بە دوای ئەوەدا بگەڕێن کە کوردی بێبەشکراو لە ئازادی چی بە سەر دێ، وێڕای گرینگی لە ڕادەبەدەری دۆخی شەڕ و ئاڵۆزی ناوچە و سیاسەتی وڵاتانی زلهێز و ناوچەیی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ نێوخۆ واتە ئەوەی لە کۆتاییدا یەکلاکەرەوە دەبێ کورد بۆ خۆیەتی. بۆچی؟

لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوو لە کاتێکدا گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەنووسی وڵاتان و نەتەوەکانی ناوچەی دیار دەکرد ئێمە نەمانتوانیوە وەک پێویست کەڵکی لێ وەرگرین. دوای داڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و شەڕی جیهانیی یەکەم کە لە ناوچە وڵاتی نوێ بە خەتکێش لە سەر نەخشە دیاری دەکران و پاشایان لە شوێنی دیکە بۆ دەهێنا، ئێمە خاوەن ستراتیژییەکی نەتەوەیی یەکپارچەی دیاریکراو نەبووین. هەروەک لە لێدوانێکی باڵوێزی ئینگلستان لە کوردستان کە لەم دواییەدا بڵاو بۆوە هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە کوردەکان دژی یەکتر بوون. لە کاتێکدا ئیمپراتۆریی عوسمانی بەرەو نەمانی یەکجاری دەچوو، ئەوە بەشێکی کوردەکان بوون پشتیوانی دروست بوونی تورکیەی ئێستایان کرد کە

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

له سەد ساڵەی ڕابردوودا چیان بە سەر کورد هێناوە ئەوە لە هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە.

یان لە کاتێکدا ڕەزای دامەزرێنەری ئێرانی شوێنیستی دەیهەویست بە دەسەڵات بگات لە نێودەستی کوردان بە ڕێزەوە ڕزگاری بوو، و دیتمان کە دواتر چۆن وەڵامی ئەو ڕزگارییەی دایەوە. لە کاتی شەڕی جیهانیی دوویەمیش کە بە لێهاتوویی و زانای پێشەوا توانیمان کۆمارێک بۆ کوردان دابمەزرێنین دیسان لە دوای کۆتایی شەڕدا هەر کورد نەیتوانی یەکگرتووانە بەرگری لە کۆمار بکات و یەکێک لە لاوازترین پاشاکانی دونیا بناغەی دەسەڵاتی نوێی دارێشت. یان کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران سەر کەوت، بە سەدان هەزار کورد بۆ مافی خۆیان داوای زۆر سادەیان دەکرد، لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامی بە ناوی دانوستاندنەوە کاتی دەکڕی تا بەهێز بوو و ئەو جار چەکمەیان دەرنەهێنان هەتا بتوانن هێزی ڕزگاریخواز لە شار و دێیەکان دەربکەن.

نموونەی ڕاپەرینی باشووری کوردستان و هەروەها دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدامیش نموونەی باشن کە چۆن کوردەکان بوونە بڕبڕەی پشتی زیندووکردنەوەی ئەو دەوڵەتانەی دواتر هێرشیان دەکردە سەر کورد.

لە کاتی ڕوودانی ئەگەری جیاواز لە داهاتووشدا جا ئەو ئەگەرە هەرچی بێ وێڕای گرینگیی ئاراستەی ڕووداوەکان دۆخی ئێمە زیادتر بە خۆمانەوە گرینگە، کە ئایا ئێمە چەند ئامادەی دۆخی نوێین، ئایا پلان و ستراتیژی و بەرنامەی جێبەجێکاری پێویست لە ئەگەری جیاوازدا دانراوە یا ئەو وتەی کارڵ مارکس کە مێژوو دوپات دەبێتەوە بە سەر کورددا دێت.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی بەرەو لاوازی و زیاتر و کۆتایی دەڕوات گومانی تێدا نییە، بەڵام بۆ دوای کۆماری ئیسلامی چی دەبێت بەو دۆخەی ئێستا هەیە کێبەرکێیەکی زۆر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دروست دەبێت دەبیندرێت. لە کاتی ئەو کێبەرکێیەدا ئەو هێزە دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ کە زۆرترین ئامادەی هەبێ و بتوانێ لە هەموو دەرفەت و پوتانسیلەکان وەرگرێ.

بە کورتی و کوردی ئەوەی زیاتر ئامادە بێ دەیباتەوە.

١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## بەخشینی شوناس!



**ئاسۆ مینبەری**

لە ڕۆژی ٥ی ڕەزبەری ئەمساڵدا، بەبۆنەی بەناو حەوتووی دیفاعی موقەددەسەوە، کۆبوونەوەیەک لە مەلایر بە بەشداریی ڕاوێژکاری جێگری فەرمانداریی مەلایر بەڕێوە چوو.

ئەم ڕاوێژکارە کە ناوی مریەم نێگەهدارییە، لەم کۆبوونەوەیەدا ویستوویەتی بە پێداهەڵگوتن بە کۆماری ئیسلامی، وەک نەریتی هەمیشەیی خۆیان، پێناسەیەکی دیکە لە ژن لە کۆماری ئیسلامی بەدەستەوە بدات و بە ئەم مەبەستەش دەستەوداوێنی درۆ و چەواشەکاری بووە.

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم لە قسەکانیدا باسی لە ڕوانگەی ڕێبەرانی ڕێژیم لە بەخشینی شوناس بە ژنان کردوە و وتوویەتی: پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧، ژنان ڕۆڵێکی بێوێنەیان لە دروستکردنی شارستانییەت، باوەڕ و ئاکارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە و توخمی سەرەکیی ئینسانسازی لە کۆمەڵگەدا بوون. ئەو قسانە لە حاڵێکدایە کە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە هەوڵی سڕینەوە شوناسی ژنی بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی داوە. ناوبراو لە قسەکانیدا ڕایگەیاندوە دوژمن فوکۆسی خستووەتە سەر ڕۆڵی ژنان و پێگەی بنەماڵە و نابێ لە پلانەکانی دوژمن خافڵ بین. ناوبراو

هەر لە درێژەدا لە چەواشەکارییەکی ڕوون و ئاشکرادا، وتوویەتی: لەم شەڕەدا دوژمن لە هەوڵدایە باوەڕی کچان و ژنانی ئێمە بە شوناسی ژنانە و دایکانە بگۆڕێ و بە سێکۆلاریزەکردن و سڕینەوەی پیرۆزییەکان و کەم بایەخکردنی کارکردی ژنان و کچان، پێگەی ژنی موسوڵمانی ئێرانی دابەزێنێ و فێری مەسرەفگەراییان بکات. نێگەهداری هەر لەم کۆبوونەویەدا جەختی کردووەتەوە کە دوژمن بە پەرەپێدانی شێوازی ژیانی ئورووپایی لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئەیەوێ بۆ لەنێوبردنی شارستانییەت، نیزامی پەروەردە تووشی ئاڵوگۆڕ بکات.

سەرنجدانێکی ئەم قسانە پێش هەموو شتێک ترسی کۆماری ئیسلامی لە ژنان نیشان دەدات، چونکە ئەگەر کۆماری ئیسلامی متمانەی بە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی خۆی لە زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا هەبایە، پێویست نەبوو بەم شێوەیە باس لە هەوڵەکانی دوژمن بۆ سڕینەوەی پیرۆزییەکان و کەم بایەخکردنی کارکردی ژنان و کچان بکات. لەلایەکی دیکەوە چەقبەستووبوونی کۆماری لەم قسانەدا دیارە کە سێکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگە بە هەڕەشە دەزانێت و لە قسەکانیدا کاردانەوە بەم پرسە نیشان دەدات. بەڵام ئەوەی کە لەم قسانەدا سەرنجڕاکێشن ئەوەیە کە ڕۆڵی ژنان لە دروستکردنی شارستانییەت پێوەند ئەداتەوە بە دوای شۆڕشی ٥٧! شۆڕشێک کە هەموو دەستکەوتەکانی لەلایەن ئاخوندەکانەوە بەتاڵان چوو و ئاکامی نەهامەتییەکەی زیاتر لە ٤٥ ساڵە کە بەرۆکی خەڵکی گرتووە و وازیان لێ ناهێنێ.

لە ڕاستیدا ئەم بەرپرسەی ڕێژیم دەیەوێ شۆڕشی ٥٧ وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە ژیانی ژنانی ئەو جۆغرافیایەدا پێناسە بکات کە پێی دەگوترێ ئێران و وای نیشان بدات کە ئەم ڕێژیمە بە هاتنەسەرکاری دەرگایەکی ئاوەڵای بۆ ژنان کردووەتەوە کە بتوانن ڕۆڵی ئاوا گرینگ و شوێندانەر لە کۆمەڵگەدا بگێڕن، بەڵام فلاش بەکێک بۆ ساڵی ٥٧ و ڕووداوەکانی دوای ئەم شۆڕشە بە باشی دەریدەخەن کە کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا بە هاتنەسەرکاری دەلاقەیەکی هیوای بۆ ژنان نەکردەوە بەڵکوو ژنانی لە هەموو ماف و ئازدییەکانیان بێبەری برد، ئەڵبەتە ئەمە بەو مانەیە نییە کە دۆخی ژنان لە ڕێژیمی پێش کۆماری ئیسلامیدا باشتر بوو، چونکە لەو سەردەمەشدا ژنان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و ئاریشە بەرەوڕوو بوون کە لە چوارچێوەی ئەم وتارە بەدەرە.

کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی گوێلەمستی ئەم ڕێژیمە بە کەڵکوەرگرتن لە بۆنە جوراوجۆرەکان هەوڵ دەدەن پێناسەیەکی درۆیین لەم ڕێژیمە بەدەستەوە بدەن، هەر بۆیە لەم جۆرە ڕێوڕەسمانەدا بە وتاری سەیروسەمەرە کە ناوەڕۆکەکەیان هەمووی درۆ و چەواشەکارییە، ئاخرین هەوڵەکانی خۆیان بۆ فریودانی خەڵک دەخەنە گەڕ.

بەڵام ئەوەی کە لەم کات و ساتەدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پرسی ژنان گرێ دەدەن بە پرسێکی وەکوو شارستانییەت و



سەرچاوە
Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

هەوڵ دەدەن بابەتێکی وەکوو سێکۆلاریزم وەکوو شتێکی بڤە بۆ خەڵک پێناسە بکەن، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەیە، ئەگینا لە کەس شاراوە نییە هەر ئەو ئێرانە کە ئەوان ناوی لێ ئەبەن هیچ ڕۆڵێکی لە دامەزراندن و تەنانەت گەشەی شارستانییەتیشدا نەبووە و خواستی خەڵک بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی سێکۆلاریش تاوان نییە.

ئەوەی کە ئەبێ جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە کە دۆخی دوو ساڵی رابردوو و ڕۆڵی ژنان لە نارەزایەتییەکانی دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، لای ڕێژیم خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە، بە چەشنێک کە بە هێنانە بەر باسی هەندێ بابەتی ناڕاست، لەهەوڵدایە ئەم جووڵە و ئاکارە کۆمەڵایەتییەی ژنان بباتە ژێر پرسیارەوە و ناڕاستەوخۆ، هەوڵ بۆ سەپاندنی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی بدات. هەر لەو بەشەدا کە دەڵێ: دوژمن فوکۆسی خستووەتە سەر ڕۆڵی ژنان و پێگەی بنەماڵە و نابێ لە پلانەکانی دوژمن خافڵ بین، تێدەگەین کە ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو توانیویانە ژنان لەو پێناسە باوەی کۆماری ئیسلامی دوور بکەنەوە و چیدیکە پێگە و ڕۆڵی خۆیان تەنیا لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە لە چوارچێوەی ماڵ و بنەماڵەدا پێناسە نەکەن. لەلایەکی دیکەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە لە ڕاستای سیاسەتی ئێستای ڕێژیمدا، دیسانەوە ژنان بخەنەوە نێو ماڵەکان و پێیان ڕابگەیێننەوە کە ئەرکی ئێوە تەنیا وەچەخستنەوە و پەروەردەی منداڵە، تاکوو ڕێژیم سیاسەتی گەشەی حەشیمەتەکەی خۆی لە ڕێگەی ژنانەوە پەرە پێ بدات و کۆمەڵگەش لەم پۆتانسییێل و توانایە بێبەری بکات.

ئەگەرچی ژنانی چاوکراوە بەتایبەت لە کوردستان، فریوی ئەم چەشنە کۆبوونەوە و پیلانانەی ڕێژیم ناخۆن، بەڵام وشیاربوون لەم بارەوە پێویستە. ڕێژیم بە باشی ئاگاداری شکستەکەی خۆیە بەڵام دەیەوێ دوایین پەلەقاژەکانی بۆ مانەوە بکات.

١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# بەرەو کوێ؟



کەریم پەرویزی

چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چیرۆکی ستەمکاری و بێدادی لەلایەک و ئەمنییەت و گەشەکردن لەلایەکی دیکەیە. ستەمکاری و بێدادی لە هەر شوێنێک هەبێ، ئەمنییەت و گەشەکردنی کۆمەڵگە لەوێدا کز دەبن، بەڵام دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێچەوانەی ئەوە بیر دەکەنەوە!

ملهوڕانی وەکوو دەسەڵاتی پاڵەوی یان ڕێژیمی ئەسەد و بەعسی عێراقی و لەم چوار دەیەشدا ڕێژیمی کۆلۆنیاڵیستیی ویلایەتی فەقیهی، پێیان وایە بە زۆرەملێ و بە سەرکوت دەتوانن ئەمنییەتی خۆیان دابین بکەن و ئابووریی حکومەتەکەشیان بەرەوپێش ببەن؛ خۆ گەر ستەم و بێدادیشیان کرد، ئەوە لە پێناو دابینکردنی ئەمنیەتی و ئاسایشدا بووە! پێیان وا نییە کە دابینکردنی ئەمنیەتی درێژخایەن بە بەشداریی خەڵک دەکرێ و گەشەی ئابوورییش بۆ گەشەی ژیانی خەڵکە نەک دابینکردنی بوودجە بۆ حکوومەت و هێزە سەرکوتکەرەکانی!

هەر لەو ڕوانگەیەوە ڕێژیمێکی ستەمکاری وەکوو ڕێژیمی خومەینی- خامنەیی، تێزی ئەمنییەت و مانەوەی خۆی بەوە

بەستووەتەوە لە ناوچە و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بەردەوام قەیران هەبێ تاکوو ئەمان وەکوو حاکمانی تاران، جەزیرەی ئەمنی ناوچەکە بن. هەم خەڵکی نێو سنووری ئێران لە ئاڵۆزیی ناوچە بترسن و بڵێن نامانەوێ ئەو ئاڵۆزییانە بێتە نێو ماڵەکەمانەوە و هەم وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئورووپا و ئامریکا لەوە نیگەران بن لە ڕۆژهەڵاتی پڕ ئاڵۆزیدا ئێرانی ئەمن و ئارامگرتوو نەشێوێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکسەر نەبێتە دەریای نائارامی! هەر بۆیە تاران بەردەوام دەستی لە قەیران خوڵقاندن لە دەوروبەردا هەبووە و لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵکی نێو ئێرانیش بووبێ، دەیەوێ لە دەرەوی سنوورەکانی دەستی لە تاواندا هەبێ تاکوو خەڵکی نێوخۆ چاوترسێن بێدەنگ بکا.

برگەیەکی دیکەی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ هەڵدرایەوە و ئەم وەرزە نوێیە نەزمی نوێش بەدوای خۆیدا دێنێ. لە کاتێکدا کە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی بەڕێوە دەچوون، ڕێژیمی ئێران بۆ تێکدانی ئەو ڕەوتی ئارامکردنەوە و ئاساییکردنەوە، حەماسی هان دا تاکوو بە قیمەتی تێداچوونی خۆی و غەزە، پێشی ئەو ڕەوتە بگرێ و ناوچە کەوتە شەڕێکی لەناکاوی دیکەوە.

ڕووداوی ٧ی ئۆکتۆبر و ئەو تاوانانەی لە ڕۆژەدا روویان دا، ڕای گشتیی ئیسراییلی بەتەواوی شڵەژاند. بەدوای ئەودا ڕۆژی دواتری حیزبوڵڵا دەستی کرد بە کاتیۆشا و مووشەک پێوەنان کە گوایە پشتیوانیی غەزە و کارەکانی حەماس دەکا! حووسیەکانیش جار جار مووشەک و درۆنێکیان بە ئیسرائیلەوە دەنا و گرووپەکانی سەر بە تارانیش لە عێراقەوە ناوە بە ناوە خۆیان تێکەڵی ئاڵۆزیەکان دەکرد! ڕێژیمی ئیسلامیی تارانیش بەڕاشکاوی باسی لەوە دەکرد کە پشتیوانی ئەو کارانەیە و چەک و پارەشیان پێ دەدا! خەونی ئاڵۆز و ترسناک و کابووسی ئیسراییلییەکان وەڕاست گەڕابوو! شەڕی مان و نەمان دەستی پێ کردبوو.

کۆماری ئیسلامی پێی وابوو بە هێزە دەسکردەکانی دەوری ئیسرائیلی داوە و وردە وردە لە نێو شەڕدا دەیتوێنێتەوە و خۆیشی لە دوورەوە تەنیا بە هەڕەشە و گوڕەشە و ناردنی پارە و چەک ئەمنییەتی خۆی دابین دەکا! ئەفسانەی لەنێوبردنی ئیسرائیل خەریک بوو لای سەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی وەراست دەگەڕا!

ئیسراییل لە بەرامبەردا هەنگاو بە هەنگاو دەیویست گرووپە دەسکردەکانی ڕژیم وەلا بنێ و ڕاستەوخۆ ڕووبەرووی ڕژیمی تاران ببێتەوە. جارێکیان سوپای پاسداران لە نومایشێکی تۆڵەسەندنەوەدا سەدان مووشەک و درۆنی بە ئیسرائیلەوە نا و ئیسرائیلیش وەڵامێکی زۆر کورتی دایەوە. بەڵام حیکایەتەکە تازە گەیشتبووە قۆناخی تێکهەڵچوونی ڕاستەوخۆی ڕێژیمی تاران لە کردەوەکانی! بەڵام ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی لێی تێ نەگەیشتبوو و وایان دەزانی هەر وەک جارانە! ئەم جارە

ئیسرائیل ڕاستەوخۆ لە تاران عەمەلیاتی کرد و سەرۆکی حەماسی کوشت، دواتریش سەرۆکی حیزبوڵڵای کوشت و هەندێ لە فەرماندەکانی سوپای پاسدارانیش لەگەڵی! ئیدی شەڕ گەیشتە قۆناخێکی نوێ: ئایا ڕێژیمی تاران خۆی تێوە دەگلێنێ یان خۆی لێ دوور دەگرێ و هێزە دەسکردەکانی بەتەنیا دێڵێتەوە؟

ئێوارەی یەکەم ڕۆژی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤، چەند ڕۆژ پێش لە ساڵوەگەڕێ ٧ی ئۆکتۆبر و یەک شەو دوای دەسپێکی هێرشی زەوینیی ئیسرائیل بۆ سەر باشووری لوبنان، ڕژیمی تاران ئەمجارە بە فەرمانی شوڕای ئەمنییەتی ڕێژیم و بە قەولی خۆیان بە هاوبەشیی هەموو هێزە چەکدارەکانی وەکوو سوپا و ئەرتەش و وەزارەتی دیفاعیش! ٢٠٠ مووشەکی بالستیکیان بە ئیسرائیلەوە نا و دوای نزیک بە ١٢ دەقە، مووشەکەکانی گەیشتنە ئیسرائیل! ئەمە کرانەوەی درگایەکی نوێی ئاڵۆزییەکانی نێوان ئیسرائیل و ڕێژیمی ئێران بوو!

ڕێژیمی ئێران هەرچەند ئەمجارەش پێش لە هێرشەکە ئامریکا و ڕووسیەی ئاگادار کردبوو و لەو سۆنگەیەوە ئیسرائیل خەسارەتی زۆری وێ نەکەوت، بەڵام سنوور بەزێندرابوو و مووشەکی بالستیک بە ئیسرائیلەوە نرابوو! تەواوی ناوچە و جیهانیش شایەتی ئەو کارە بوون!

ڕێژیمی خامنەیی دوای ئەو هێرشە مووشەکییە لەباتی بەقەولی خۆیان (بازدارندگی)ی خۆیان دابین کردبێ و ئەمنییەتی ڕێژیمەکەیان چووبێتە سەر، ڕێک بەپێچەوانەوە ئەمنییەتی ڕێژیمەکەیان دابەزیوە و بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران سیمای نزیکی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیلیان هاتە بەرچاو و لایەنگرانی ڕێژیم لەباتی هەست بە ئەمنیەت، ترسی لەنێوچوونی ڕێژیمیان لێ نیشت. خامنەیی هاتە نوێژی هەینی تاکوو دڵی لایەنگرانی بداتەوە و بە حیزبوڵڵا و حەماس و حوسیەکان و گرووپەکانی سەر بە تاران لە عێراق و سووریە بڵێ کە سەری ئەژدیهای تیرۆر لە تاران، هەر زیندووە و پشتیان دەگرێ، بەڵام ئەویش وەک جاران قسەی بۆ نەدەهات و قرخەی تێکەوتبوو! مەرگ و نەمانی ڕێژیمەکەی بەچاوی خۆی دەبینی گەر دۆخەکە توندتر بکاتەوە! هەر بۆیە وێڕای هەندێ دروشم هەوڵی دا شتەکان بخاتە خانەی لۆژیک و مەنتقەوە! بەپێی لۆژیک و مەنتقی ویلایەتی فەقیهیش پاراستنی نیزام لە واجبترین واجیبەکانە! بۆیە ئیدی بەڵێنی لەنێوبردنی ئیسرائیلی نەدا!

دوای ئەمە چ دەبێ؟ ناوچەکە بەرەو کوێ دەچێ؟ نەزمی نوێ چۆناوچون دەبێ؟ پرسیارێکی گرنگە کە ڕەنگە وەڵامی بەو ئاسانییە نەدۆزرێتەوە، بەڵام زۆریش درێژە ناکێشێ تاکوو بە چاوی خۆمانە وەڵامەکەی ببینین چوونکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کوڵان تێپەڕیوە و پرژەی ئاگر بڵاو دەکاتەوە و هەر بۆیە دوێنێ حەسەن نەسروڵڵا دەیگوت پێکەنینی ئیسرائیل دەکەین



سەرچاوە Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

به گریان، ئەمڕۆ خۆی تێدا چووە و حیزبوولاش كەوتۆتە گیانەڵلا! ڕەوتی ڕووداوەكان لەسەر ئەوەی كە ئێمە بگەینە وەڵامی هەرە دروست ڕاناوەستێ!

ئەوەی دیار و ڕوونە، ئیسرائیل لەم بڕگەیەدا وەڵامێكی هێرشە مووشەكیەكەی تاران دەداتەوە، جا وەڵامێكی سنووردار بێ یان هەرچی، بەڵام وەڵامێك دەبێ كە جیهان دەركەوتە و ئاگرەكەی ببینن! دوای ئەوە تەواوی فۆكۆسی ئیسرائیل لەسەر لوبنانە و ڕەنگە عێراقچیی وەزیری دەرەوەش چووبێتە لوبنان تاكوو بەشكوو لەگەڵ فەرانسە و ئامریكا ساتوسەودایەك بكات و بە ئاگربەسێك حیزبوڵلا لە فەوتان بپارێزێ، بەڵام ئیسرائیل ئەمنییەتی درێژماوەی باكووری دەوێ و ئەوە تەنیا بە چەكداماڵینی حیزبوولا دەكرێ!

پرسێكی گرنگ لەم بەینەدا ئەوە نییە كە ئایا كۆماری ئیسلامی بە ساتوسەودا و هێرشی نومایشیی هەماهەنگكراو، خۆی دەپەڕێنێتەوە یان نا، پرسی گرنگ ئەوەیە بە ١٢ دەقە مووشەكی بالستیكی سوپای پاسداران گەیشتە نێو خاكی ئیسرائیل! جا گەر هێرشەكە وای دابنێی هەماهەنگكراو نەبێ و لەباتی سەری جەنگی، كڵاوەی ناوكیی پێوە بێ، ئاكامی هێرشی مووشەكیی لەوبابەتە بۆ ئیسرائیل چ دەبێ؟ خۆ گومبەزی ئاسنین و قەڵماسكی داوود كە سیستمی پاراستنی ئیسرائیل لە هێرشی مووشەكین، گەر مووشەكی بالستیكیی بە كڵاوەی ناوكی لە ئاسمانی تێلاویڤ دەر بكەوێ، ناتوانن لێی بدەن چوونكە ئەو كات بە ئاسمانەوە بۆمبی ناوكی تەقێندراوەتەوە بەسەریاندا و تیشكی ڕادیۆئەكتیڤ ناوچەیەكی زۆرتر لەنێو دەبا! ئەو مەترسییە چی لێ دەكەن؟ وێدەچێ وەڵامی پرسیارەكەمان لە نێو دڵی ئەم تەسویرەدا حەشار دراوە.

٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# پارێزەرانی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**حەسەن قارەمانی**

پاراستنی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاراستنی بەشێکی گرنگی فرەچەشنی ئیکۆلۆژی و کولتووری جیهانیشە و بە پاڵپشتی کردنی کاری ئەم بەرگریکارانەی ژینگە، ئێمە بەشداری دەکەین لە داهاتوویەکی بەردەوام هەم بۆ مرۆڤ و هەم بۆ سروشت و ژینگە لەم ناوچە جوان بەڵام پڕ شەڕ و ئاڵۆزییەدا.

ژینگەپارێزانی کورد بە بەردەوامی بەرەوڕووی یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکان بوونەتەوە. لە کوردستان کە ئیکۆسیستەمی دەوڵەمەند و سامانە سروشتییە ناوازەکان بە قووڵی تێکەڵ بە میراتی کولتووری کوردن، ژینگەپارێزان نەک هەر بۆ پاراستنی ژینگە، بەڵکوو بۆ پاراستنی شوناسی کولتووری و ناسنامەی کۆمەڵگەیە شەڕ دەکەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێنی هەمەچەشنی ئیکۆسیستەمەکانە، لە دارستان و ڕێڕەوی ئاوی گەشاوە تا دەگاتە ناوچەی بەرزاییەکان و دیمەنە بیابانییەکان. ئەم سامانە سروشتیانە تەنها بۆ فرەچەشنی بایۆلۆژی گرنگ نین، بەڵکوو بۆ شێوازی ژیانی نەریتی و خۆشبژێوی ئابووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕبایەخن.



سەرچاوە
Serchawe

پارێزەرانی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماندوو نەناسانە کار دەکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسیانە و پاراستنی هەم ژینگە و هەم میراتی فەرهەنگی. هەوڵەکانیان هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت: لە ڕێکخستنی دەستپێشخەرییەکانی پاراستنی نێوخۆیی و پەروەردەکردنی کۆمەڵگەکان سەبارەت بە بەردەوامی، هەتا کاریگەری لەسەر سیاسەت و شوێندانان لەسەر گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پاراستنی ژینگە. لەو خەبات و تێکۆشانەشدا زۆرجار ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە، لەوانە ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی ئیمکانات، بەڵام پابەندبوون و بوێرییان نیشانەی ڕوونی ئەو باوەڕەیانن کە هەم سروشت و هەم کولتوور شایستەی پاراستنن.

لە ڕاستیدا ئەم خەباتە تەنیا پرسێکی نێوخۆیی نییە و شوێنکاری جیهانیی هەیە. پاراستنی ژینگە گرنگی زۆری هەیە، نەک هەر لە پێناو هاوسەنگی ئیکۆلۆژی، بەڵکوو بۆ خۆشبژێوی و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی درێژخایەنی هەر وڵاتێک. لە جیهانی ئەمڕۆدا، گەلان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە دەبنەوە لە هاوسەنگکردنی گەشەی ئابووری و بەردەوامیی ژینگەیی، ئەمەش بە تایبەتی بۆ کوردستان ڕاستە کە جوانی و فرەچەشنی سروشت بەشێکی دانەبڕاوە لە میراتی کولتووری و مێژوویی ئەو نەتەوەیە.

ئابووریی کوردستان زۆر گرێدراوی سەرچاوە سروشتییەکانە. کشتوکاڵ کە بەشێکی سەرەکیی ئابووریی کوردستانە، پشت بە زەویی بەپیت و ئاوی سازگار دەبەستێت. گەشتیاری، کەرتێکی دیکەی سەرەکیی ئابوورییە کە بوون و گەشەپێدانەکەی پەیوەستە بە پاراستنی شوێنە سروشتی و مێژووییەکان.

بەرپرسیاریەتیی پاراستنی ژینگەی کوردستان لە ئەستۆی هەموو تاک و کۆمەڵگە و ڕێکخراوێکدایە. کردەوەی بەکۆمەڵ و پابەندبوون بە پراکتیزە بەردەوامەکان زۆر گرنگن بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی لەنێوان گەشەپێدان و پاراستن. کوردستان لە کاتێکدا کە ڕێگای خۆی بەرەو ئایندەیەکی بەردەوام دەبات، دەبێت بنەماکانی بەڕێوەبردنی ژینگە وەک بەردی بناغەی ستراتیژی گەشەپێدانی ئابووری لە باوەش بگرێت. تەنیا لە ڕێگەی ئەم ڕێبازە یەکگرتووەوە ناوچەکە دەتوانێت داهاتوویەکی گەشەسەندوو و خۆڕاگر و تەندروست لە ڕووی ژینگەییەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەستەبەر بکات.

**لێرەدا بە کورتی ئەو هۆکارە تایبەتییانە لە سەر قەوارەی ژینگەی کوردستان دەستنیشان دەکەین:**

## گرینگیی پاراستنی ژینگە بۆ ئابووریی کوردستان

ژینگە ڕۆڵێکی ناوەندی لە ئابووری وڵاتێکدا لە چەند ئاستێکدا دەگێڕێت. یەکەم: سامانە سروشتییەکان بەشێکی بنەڕەتین

لە گەشەسەندنی ئابووری. کشتوکاڵ، سەرچاوە ئاوییەکان، دارستان و کانزاکان بنەمای زۆرێک لە ئابوورییەکان پێکدەهێنن. کاتێک ئەم سەرچاوانەی بە شێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنرێن، دەتوانن هۆکار بن لە گەشەسەندنی ئابووریی سەقامگیر و درێژخایەن. لە لایەکی دیکەوە، زیادەڕۆیی لە بەرهەم هەڵگرتن و تێکچوونی ژینگە، دەبێتە هۆی لێکەوتەی ئابووری کارەساتبار، وەک کەمبوونەوەی خاکەکان، لەکەمیدان و پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکان و لەدەستدانی جۆراوجۆری زیندەور، کە ئەمەش لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر کوالیتیی ژیان و ئاسایشی ئابووریی نەوەکانی داهاتوو دەبێت.

پێوەندیدار بە کوردستان دارستان و شاخ و ڕووبارەکانی ناوچەکە نەک هەر لە ڕوانگەی ئیکۆلۆژییەوە گرنگن، بەڵکوو سەرچاوەی بژێوی ژیانی زۆر کەسیشن. گەشتیاری بە تایبەتی  توانای ئەوەی هەیە ببێتە سەرچاوەیەکی بەرچاوی داهات بۆ ناوچەکە ئەگەر بە شێوەیەکی بەردەوام پەرەی پێبدرێت. بەڵام بۆ بە دیهێنانی ئەم کارە سەرەتا پێویستە ژینگە بپارێزرێت و دواتر حکوومەت و دەسەڵات پلانی سەردەمیانەی بۆ ئەم مەبەستە هەبێت.

## بەرپرسیارێتیی خەڵکی کوردستان:

خەڵکی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی ژینگەکەیان. بە پاراستنی سروشت دەتوانن دڵنیابن لەوەی نەوەکانی داهاتوو سوود لە سەرچاوەکانی هەرێم وەربگرن. ئەم بەرپرسیارێتییە لە پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان زیاترە؛ هەروەها پەیوەندی بە بنیاتنانی وشیاری و کولتووری بەردەوامییەوە هەیە لە نێوان دانیشتووان. ئەمەش لەوانەیە پەروەردەکردن لەسەر پاراستنی ژینگە، پێشخستنی پراکتیزە کشتوکاڵییە بەردەوامەکان، و پەرەپێدانی پرۆژەکانی بنەمادار بە کۆمەڵگە بە ئامانجی پاراستن و گەڕاندنەوەی ژینگەی سروشتی لەخۆ بگرێت.

پاراستنی ژینگە ئەرکێک نییە کە بتوانرێت بە داهاتوو بسپێردرێت؛ پێویستی بە کردەوەی دەستبەجێ هەیە. بۆیە پێویستە پێکهاتە خۆجێییەکانی کوردستان هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کارا بەشداری لە پرسە ژینگەییەکاندا بکەن، چ لەسەر ئاستی تاکەکەسی و چ لەسەر ئاستی بەکۆمەڵ. ئەمەش ڕەنگە بەشداریکردن لە دەستپێشخەرییەکانی چاندنی نەمام، کارکردن لەسەر پرۆژەکانی کەمکردنەوەی پاشەڕۆ و پیسبوون و پێشخستنی بەکارهێنانی وزەی نوێبووەوە لەخۆ بگرێت. بەم کارە خەڵکی کوردستان دەتوانن ڕۆڵی ڕاستەوخۆ لە دارشتنی داهاتووی هەرێم بە شێوەیەکی بەردەوام بگێڕن.

## سیاسەت و بێتوانایی کۆماری ئیسلامی:

سیاسەتی دژی ژینگە و بێتوانایی حکومەت لە کرداردا بۆشاییەکی بەجێهێشتووە کە دەبێت لەلایەن ئەکتەرەکانی دیکەوە پڕ



سەرچاوە
Serchawe

بکرێتەوە، لەوانە دەسەڵاتە نێوخۆییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان. لێرەدایە کە خەڵکی کوردستان بە دەستپێشخەری بۆ پاراستنی ژینگەکەیان دەتوانن ڕۆڵێکی چارەنووسساز بگێڕێت، تەنانەت لە غیابی پشتیوانیی حکوومەت. بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دامەزراوە ئەکادیمییەکان و ڕێکخراوە ژینگەییەکانی نێودەوڵەتی، دەتوانن ستراتیژییەتی کاریگەر بۆ پاراستنی ژینگە دابڕێژن و جێبەجێی بکەن.

### هەوڵی یەکگرتوو بۆ پاراستنی ژینگە:

بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە پاراستنی ژینگەی کوردستان، هەوڵێکی یەکگرتوو لە هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگەوە پێویستە. پەیوەندی بە دروستکردنی دید و ستراتیژییەکی هاوبەشەوە هەیە کە هەمووان لە تاک هاوڵاتییەوە تا کۆمپانیا و دەسەڵاتە گشتییەکان بەشداری بکەن لە پاراستن و پاراستنی سروشتدا. ئەمەش دەتوانرێت بە پەرەپێدانی پلانی ژینگەیی نێوخۆیی و ناوچەیی کە گرنگی بە گەشەپێدانی بەردەوام دەدات، هەروەها بە پێشخستنی هاوکاری نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بەدەست بهێنرێت.

نیشتمانپەروەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە خەباتێکی نەریتی دژ بە ستەمەوە بۆ تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەتر و قووڵتر لە بەرپرسیارێتی لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە. ئەم گەشەسەندنە لەوەدا دیارە کە ئێستا نیشتمانپەروەری ژینگەپارێزی و پاراستنی کولتووری و وشیاری مێژوویی ئاوێتەی یەکتری دەکات، هەروەها چۆن لە پابەندبوونی نەوەی نوێی ڕەنگ دەداتەوە. فۆڕمی هاوچەرخی نیشتمانپەروەری کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرهەڵدەدات، ئەوە دەردەخات کە خۆشەویستی بۆ نیشتمان هەستێکی فرەلایەنە، بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی بەردەوام و دادپەروەرانە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

### پەروەردە و وشیاری ژینگەیی:

بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی درێژخایەن لە پاراستنی ژینگەدا، وەبەرهێنان لە پەروەردە و وشیاریدا زۆر گرنگە. ئەمەش واتە فێرکردنی خەڵک لە گرنگی پاراستنی ژینگە و پێدانی ئەو ئامراز و لێهاتووییانەی پێویستن بۆ ئەو کارە. نەوەی نوێی تێکۆشەران هێزی بزوێنەری ئەم فۆرمە مۆدێرنەی نیشتمانپەروەرییە. نەوەی نوێی وەک زاراکان، موژگانەکان، باجوەرەکان، سامان یاسینەکان، یونس فەیزی و سەدان ناوی جێی شانازیی دیکە، نوێنەرایەتی جۆرێکی نوێ لە سەرکردایەتی و کاریگەری دەکەن. ئەم تاکانە بەها نەریتییەکان لەگەڵ شێوازە مۆدێرنەکان تێکەڵ دەکەن بۆ پێشخستنی نیشتمانپەروەری.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان سۆشیال میدیا و هونەر و کولتوور بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەیان و بەشداریکردنی بەرفراوانتر.

ئەم نیشتمانپەروەرییە مۆدێرنە توانای دروستکردنی گۆڕانی ئەرێنیی هەیە چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی کوردستان. لەسەر ئاستی نیشتمانی دەتوانێت بەشداری بکات لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێزتر و یەکگرتووتر کە مرۆڤەکان ئاگاداری بەرپرسیارێتی خۆیان بن بەرانبەر بە یەکتر و بۆ ژینگە. هەروەها دەتوانێت بەشداری بکات لە بەرەوپێشبردنی ئاشتی و سەقامگیری. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نیشتمانپەروەری مۆدێرن دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک لە دۆخی نالەباری کورد و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ خەباتی چارەنووس و دادپەروەری.

## ئەنجام:

پاراستنی ژینگە تەنیا بابەتی هاوسەنگیی ئیکۆلۆژی نییە؛ بەشێکی بنەڕەتییە لە خۆشگوزەرانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتێک. بۆ کوردستان، بە سروشتی دەوڵەمەند و کولتووری ناوازەکەی، پاراستنی ژینگە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکلاکەرەوەیە. پاراستنی ژینگەی کوردستان لە هەمان کاتدا بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی ئابووری ئامانجێکی ئاڵۆزە بەڵام بەدیهاتووە.


نموونەی ئەم فۆرمە نوێیەی نیشتمانپەروەری، پەرەسەندنی بزووتنەوەی ژینگەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. چالاکان و ژینگەپارێزان کە لە پێناو پاراستنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان و فرەچەشنی زیندوو خەبات دەکەن، ئاگاداری ئەوەن ئایندەیەکی بەردەوام بۆ کوردستان بە مانای گرنگیدان بە ژینگەکەشی دێت. ئەم بزووتنەوەیە نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی چۆن نیشتمانپەروەری فراوان بووە و بەرپرسیارێتی ژینگەی لەخۆ بگرێت و چۆن ئەم بەرپرسیارێتییە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە خۆشەویستی و پاراستنی نیشتمان سەیر دەکرێت.

٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# شاهۆ حوسێنی: کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێ بنیادنەر، هەڵگر و پەرەپێدەری دیسکۆرسی ئازادیخوازانە بێت



**کوردستان‌مێدیا**

## ئاماژە:

شاهۆ حوسێنی، چاودێری سیاسی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کوردستان‌مێدیا باس لەوە دەکات کە ئیسرائیل بە کوشتنی ئیسماعیل هەنیە، حەسەن نەسروڵڵا و زۆر لە فەرماندەرانی نیزامیی ئێران لە ڕاستیدا بەم شێوەیە پەیامێکی ڕوونیدا بە تاران و بە پێکەن داوە کە هیچ نەزمێکی ئەمنییەتی بەدژ ئەهوەنی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین جێگیر نابێت. ناوبراو پێوەندیدار بە دۆخی کورد لە هاوکێشەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تیشکی خستە سەر ئەوە کە ئێمە پێویستیمان بەهێزی کوردی و کوردستانی بەهێزی زەینی هەیە تا بە پشتیوانی ئەو بتوانین ڕووبەڕووی دژبەران بینەوە، ئەمەش بەر لە هەموو هێزێکی سیاسی، ئەرکی بیرمەند و ڕووناکبیری کوردە کە هێزی سیاسی کوردی بەهۆی هێژمۆنی پێویستە مەجالی بۆ بڕەخسێنێت.

**کوردستان‌مێدیا**: پەرەسەندنی گرژی و ئاڵۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت دوای کوشتنی ئیسماعیل هەنیە لە

**تاران و حەسەن نەسرۆڵلا لە بەیروت کۆماری ئیسلامی هاندا کە قورستر هێرش بکاتە سەر ئیسڕائیل، خوێندنەوەی بەڕێزتان بۆ ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەکە چییە؟**

**شاهۆ حوسێنی**: ئەم شەڕە ڕاستەوخۆییەی کە ئێستا لە نێوان ئێران و ئیسڕائیل خەریکە زیاتر پەرە دەستێنێت لەڕاستیدا لە تەنیشت شەڕی نەرمی ئایدۆلۆژیکی کە لەسەر ئەساسی فۆندامێنتالیزمی ئایینی بنیادنراوە، کارتێکەریی ژێئۆپۆلەتیکی پێوە دیارە و ئەم کارتێکەرییە بەتایبەت لە پاش ئەوە کە لە سەردەمی باراک ئۆبامادا سیاسەتی ناوچەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوڤین لاوازتر کرا -بەمەبەستی پەرەی حزووری ئەمریکا لە زەریای چین و ڕۆژهەڵاتی دووری ئاسیا بە ئامانجی پێشگرتن بە هێژمۆنی نیزامی و سیاسی چین و کەمکردنەوە لە هەڕەشەکان بۆ سەر تایوان- ئێران مەجالێکی بەربڵاوتری بۆ ڕەخسا بۆ پەرەی زیاتری هێژمۆنی و لەهەمان کاتیشدا چین بۆ کەمکردنەوەی گوشاری حزووری ئەمریکا لە زەریای چین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، حەولی دزەکردنی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینیدا و ئێرانیش ئەمەی بە دەرفەتێک بۆخۆی دەزانی. لەوەها دۆخێکدا دۆناڵد ترامپ سەرۆککۆماری پاش باراک ئۆباما لەڕێی پەیمانی ئیبراهیم حەولی دا ئەهوەنی نێونەتەوەیی زیاتری بۆ ئیسڕائیل دابین بکات، بەڵام هاتنە سەرکاری جۆبایدن ئیسڕائیلی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین تا ڕادەیەک تەنیا هێشتەوە. ئیسڕائیل لەمەوبەدوا دۆکتۆرینی ئەهوەنی نێونەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤینی لا گرینگتر بوو و بە پێچەوانەی پێشووتر کە کەمتر حەولی خۆتێوەردانی لە موحیتی ئەهوەنی ڕۆژهەڵاتی ناوڤین دەدا، ئەمجار ئەکتیڤتر هاتە نێو کایەی ئەهوەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەمەش بەهۆی بەربڵاوتر بوونی هەڕەشەکانی ئێران لەڕێی گرووپە تێرۆریستییەکان لە لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن بوو. لەڕاستیدا دۆکتۆرینی ئەهوەنی نێونەتەوەیی ئیسڕائیل درێژەی دۆکتۆرینی ئەهوەنی نەوەتەوەیی بوو کە بە هەموو شێوەیەک لە نێوخۆ بۆ پاراستنی ئەهوەنی و پەرەی ناوخۆیی ڕەچاو دەکرا بۆ پێشگرتن لە هەر جۆرە هەڕەشەیەکی ئەهوەنی لەناو ژێئۆپۆلەتیکی ئیسڕائیلدا لەلایەن حەماس و ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانیتری فەلەستینی. ئیسڕائیل بە تایبەت لەپاش ڕێکەوتنی حەماس، فەتح و گرووپەکانیتری فەلسەتینی لە چین و بەنێوەندگری پێکەن لە ٢٣ ژووئیە لەپاش هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسڕائیل لە ١٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بەستێنێکی لەبار بوو بۆ دەستێوەردانەکانی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پەرەی ئەمنییەتی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، هەر ئەمەش بوو کە ئیسڕائیلی خستە جموجۆڵی زیاتر و لە تاران ئیسماعیل هەنییەی لەناو برد. لە ڕاستیدا بەم شێوەیە پەیامێکی ڕوونیدا بە تاران و بە پێکەن، کە هیچ نەزمێکی ئەمنییەتی بەدژ ئەهوەنی ئیسڕائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین جێگیر نابێت. بەم شێوەیە تێکهەڵچوونی نێوان ئێران و ئیسڕائیل ڕۆژ بەڕۆژ لە پەرەدایە و ئیسڕائیل بە تووندترین شێوە ڕووبەڕوویی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە لە بەرزترین ئاستدا، هەتا هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا بۆ سەر ئیسڕائیل لەنێو بەرێت.

**کوردستان‌میدیا**: ئایا ئیسرائیل لێبڕاوە بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ڕێژیم، یان ئیمکانی ڕێکەوتنێک لەگەڵ ڕێژیم لە ئارادایە؟

**شاهۆ حوسێنی**: ئەم شەڕەی ئیسرائیل لەگەڵ تاران بۆ ئیسرائیل و بۆ تاران دوو تایبەتمەندی جیاوازی هەیە. تاران خوازیاری پەرەی هێژمۆنی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، چەسپاندنی ژێئۆپۆلەتیکی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەگشتی ئیمپراتۆرییەتی شیعەیە لە ڕێی سڕینەوەی هەموو دژبەرەکانی. بەپێچەوانە ئیسرائیل بەهیچ شێوەیەک خوازیاری پەرەی هێژمۆنی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین نییە. حزووری ئیسرائیل لە موحیتی ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تەنیا بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئەهوەنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی خۆیەتی لەڕێی هەڕەشە سڕینەوەی گرووپە تێرۆریستییەکانی و هەڕەشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، بۆیەش هەتا دەستەبەرکردنی ئەهوەنی تێکهەڵچوون هەر بەردەوام دەبێت و ئیسرائیل شێلگیر دەبێت لە گورز وەشاندن لە کۆماری ئیسلامی و کۆماری ئیسلامییش لانی‌کەم لەبەر دەستەبەرکردنی چاوەڕوانی لایەنگرانی ناچارە درێژە بەم شەڕە بدات، چوون لە ئەگەری ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیل و لە نێوچوونی موحیتی قەیران لە دەرەوە، بیروڕای گشتی کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆ ئەمجارە زۆر شێلگیرانەتر و ڕادیکاڵتر بەگژ کۆماری ئیسلامیدا دەچن بەهۆی ناکارامەیی، فەساد و گەندەڵی و دیکتاتۆرییەت.

**کوردستان‌میدیا**: کارناسان و چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئیسرائیل دوای ئەوەی کە هێرشەکانی بۆ سەر گرووپەکانی ڕێژیم کۆتایی پێ بێ، هیچ دوور نییە هێرش بکاتە سەر ئێرانیش. بۆچوونی بەڕێزتان بۆ ئەم قسانە چییە؟ ئایا ئەمە بە جۆرێک سیناریۆی ڕێژیم بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک لە شەڕ و سەندنەوەی کاتی زیاترە، یان بە قەوڵی فارس دەڵێ" بە خط آخر رسیدیم" بە جۆرێک ئیعتراف بە دارمانی ڕێژیمە؟

**شاهۆ حوسێنی**: من لەسەر ئەو باوەڕەم ئیسرائیل ئەمجارە زۆر بە حەوسەلە مودیرییەتی شەڕ لەگەڵ ئێران دەکات، ئیسرائیل وڵامی زۆر قورس بە ئێران دەداتەوە و ئەمەش لێرەوە دەبینم کە زەبری وێرانکەر، چاوەڕواننەکراو و قەرەبوونەکراوەی هەم لەحەماس داوە و هەم لە حیزبوڵڵا. ئیسرائیل بەتەمایە بە یەکجاری حیزبوڵڵا و حەماس زەوی‌گیر بکات، لە کاریان بخات بەجۆرێ کە هێزی هیچ جموجۆڵێکی نیزامیان نەمێنێت (بەڵام مەجالی سیاسییان لێ ناستێنێت)، ئینجا کە باسکەکانی پشتیوانیکەری ئێرانی لە سنوورەکانی خۆی لەناو برد نۆبەی ئێران، ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان لە عێراق و بە ئەگەری زۆریش لە یەمەن دەدات، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئیسرائیل ئیرادەی جیددی ئەوەیە کە ئەهوەنێکی مسۆگەر و پایەدار بۆخۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڤین دەستەبەر بکات و بەستێنەکانی هەڕەشە لانی‌کەم تا ماوەیەکی دوور و درێژ بۆ سەر ئیسرائیل لەناو بەرێت.

**کوردستانمێدیا**: دەوڵەتی ئیسرائیل دوای کوشتنی حەسەن نەسرۆڵڵا بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە بە دوای دروستکردنی نەزمێکی نوێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەم نەزمە نوێیە دەتوانێ ببێتە هۆی کردنەوەی فەزایەکی سیاسی و مەیدانی بۆ کوردستان؟ یان کورد لە کوێ ئەو نەزمە نوێیە جێ دەگرێ؟

**شاهۆ حوسێنی**: کوردستان ئەزموونێکی سیاسی، نیزامی و مەدەنیی بەربڵاو درێژمەودای هەیە، بەجۆرێکە ئەم ئەزموونە بە بەراوەرد لەگەڵ گەلانیتری نێو ئێران یەکجار پێشکەوتوو، بەربڵاو و ڕادیکاڵە، بەڵام چەقی کێشە و قەیرانی کوردستان ئەوەیە، کە کوردستان وەک چەمک، مەفهووم و ئاگایی نەبۆتە دیاردەیەکی گشتگیری هاوبەش لەناو هێزە سیاسییە جیاوەزەکان لەلایەک و لەلایەکیتر لەناو هێزی سیاسی و هێزی مەدەنی ناو کۆمەڵگە، ئەم لێکدابڕاویە زەینی و مەعریفیە بۆتە هۆی دابڕانی ئاگایی، فامی و تێگەیشتووی و لەئاکامدا دابڕاوی و لێکترازانی گشتی کۆمەڵگە، بەگشتی کورد و کوردستان لە ساحەی سیاسی کوردستاندا و لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا چەمکگەلێک و دیاردەگەلێکی مەعتووف بە دەسەڵات، حکوومەت، هێژمۆنی و نفووزی سیاسین، تا چەمکگەلێکی مەعتووف بە شعوو و ئاگایی نەتەوەیی و تێگەیشتوویەکی سوبژێکتیڤانە لەناو زەینی تاک و کۆمەڵگەدا، ڕەوتی یەکەم لێکترازان و دابڕاوی لێکەوتۆتەوە و ڕەوتی دووهەم دەتوانێ بەرهەمهێنی یەکگرتوویی و ئیتحاد بێت، ئەو دیاردەیەی کە دەتوانێ بەستێن و جەوهەری هێزی کوردی نەک لە نێوخۆ بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش بێت و لە کێشەی ناوچەییشدا کورد بتوانێ دەور بگێڕێت.

**کوردستانمێدیا**: پێتان وایە ئەرکی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەت لەم قۆناغە هەستیارەدا کە وەک باس دەکری دەستی لایەنی دەرەکی بۆ هێنانەوەی "کوڕی شا"و زەقکردنەوەی لە مێدیاکان لە ئارادایە چییە؟

**شاهۆ حوسێنی**: من پێوایە دیسکۆرسی زاڵ بەسەر فەزای گشتی کۆمەڵگەی فارسدا لەژێر کارتێکەری فۆندامێنتالیزمی شیعە، دیسکۆرسێکی ناجیخواز، بناژۆیخواز، پاوانخواز و دژە ئەویترە، ئەم دیسکۆرسە بەردەوام دیکتاتۆرییەت، پاوانکردنی سیاسی، ئەویتر سڕینەوەی لێدەکەوێتەوە.کەوابێ بێهوودەیە لە مرۆڤی فارس بەگشتی چاوەڕوانی ویکهەڵکردن و هاوزیستی دوور لە کێشە و قەیران. ئەوەیکە بۆتە سەرچاوەی هێز بۆ پۆزیسیون و ئۆپۆزیسیونی فارس لەڕاستیدا بەناخی مێشکدا ڕۆچوون و هاوبەش بوونی تاک و کۆمەڵگەی فارسی لەم دیاردەیە دایە، واتە ئەوان بەهەمموو ڕوانگە جیاوازەکان خاوەن تایبەتمەندی ویکچووی ویژمانین بۆیەش هەر لایەنێک هێژمۆن بێت، فارس یەکگرتوو دەبێت. لەبەرامبەردا کۆمەڵگەی کوردستان دەتوانێ وەک دیسکۆرسی ڕەقیب بنیادنەر، هەڵگر و پەرەپێدەری دیسکۆرسی ئازادیخوازانە بێت، واتە زەینی تاکی کورد ببێتە بەستێنی باوەڕ بە سووژەی سەربەخۆی کوردی، سنووبەندیەکی ویژمانی، مەعریفی و زەینی لە نێوان خۆی و ئەویتری فارسی پاوانخوازدا ساز بکات و بەر لەوەکە لە فکری ڕێکەوتن لەگەڵ ئەویتری فارس بێت بۆ دەستەبەرکردنی

**مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

بەشی دەسەڵات و وەرگرتنی ڕانتی دەسەڵات، لەفرکی یەکگرتوو کردنی تاک و کۆمەڵگەی کوردیدا بێت لەسەر ئەساس و بنەمای شەرعییەتی سەربەخۆیی کورد و کوردستان و ئینجا دەشکرێ لەگەڵ نەتەوەکانیتر لەناو جەغزی زەینییەتێکی باوەڕمەند بە فرەیی و پلۆرالیزم ژیانی هاوبەش بەڕێ بکرێت، بەڵام لە دۆخی ئێستای ئێراندا بەهیچ شێوەیەک ئەم بەستێنە بوونی نییە، بۆیە ئێمە پێویستیمان بەهێزی کوردی و کوردستانی بەهێزی زەینی هەیە تا بە پشتیوانی ئەو بتوانین ڕووبەڕووی دژبەران بینەوە، ئەمەش بەر لە هەموو هێزێکی سیاسی، ئەرکی بیرمەند و ڕووناکبیری کوردە کە هێزی سیاسی کوردی بەهۆی هێژمۆنی پێویستە مەجالی بۆ برەخسێنێت.

**٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

---

# "قووڵایی ستراتێژیک" یا قووڵایی شکست؟



**هەردی سەلیمی**

کێشە و ململانێی ئیسرائیل و فەلەستین لە ٧ی ئۆکتۆبرەوە دەستی پێنەکردووە، ئەم ململانێیە ئاکامی ساڵانێکی زۆر لە پەراوێزخستن و هەڵاواردنە، کە بەردەوام سەر هەڵدەداتەوە و چارەسەرێکی یەکجاریی نەبووە. نە ئیسرائیل توانیویەتی هەر جۆرە تێکۆشانێک لەوێ سەرکوت بکات، نە فەلەستینییەکانیش دەستیان لە خەبات کێشاوەتەوە. وەلێ ئەمجارە سەرەڕای شەڕ و تێچوویەکی قووڵ وا وێدەچێ گەلاڵەی دووولاتی کە پێشنیارکەران و پاڵپشتانی نێودەوڵەتیی زۆری هەیە، بە ئەنجام بگات.

ئەگەر ئەم گریمانەیە قەبووڵ بکەین، ڕۆڵ و دۆخی کۆماری ئیسلامی لە داهاتووی ئەم پێوەندییەدا چی و چۆن دەبێ؟ هەر لە ئێستاوە وڵاتانێکی زۆر ڕووی دەمیان لە "مەحموود عەباس"ـە و "فتح" بە بەرپرسیار دەزانن لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەی فەلەستیندا. بە واتایەکی تر "حماس" کە کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە باڵەکانی خۆیی دەزانی و بەپێی بەڵگەکان لە دنەدانی ئەم ڕێکخراوەیە بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل ڕۆڵی هەبوو، وردەوردە سەرەڕای ئەوەی تێچوویەکی زۆری داوە و پرسی فەلەستینی دیسان ورووژاندووەتەوە، ئەوە هیچ لە ڕووی فیزیکییەوە خەریکە لەنێو دەچێ، لە ڕووی



سەرچاوە
Serchawe

سیاسییشەوە هەر بە هەمان چارەنووس دوچار دەبێ؛ لەم حاڵەتەدا گەر حەماس بشمێنێ، بەم پێناسەی ئێستای نامێنێ و لە ڕاستیدا لە ڕووی ڕوویکەردەوە گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا دێ، کەواتە دەتوانین بڵێین بەپێی ئەم گریمانەیە وڵاتێکی سەربەخۆ بەناوی فەلەستین دادەمەزرێ، بەڵام بە ڕێبەریی هزبی فەتح.

کۆماری ئیسلامی زەربەی جددیی لێکەوتووە و یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی کە هێزە نیابەتییەکانی بوو، لە بەردەم لەنێوچووندان و گەر لەنێویش نەچن، خەریکن بە خێراییەکی لەبەرچاو بەتاڵ دەبنەوە لەو کاراییەی کەوا بۆیان دیاری کرابوو. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەم ساڵانەی دواییدا دەستەواژەیەکی نوێیان هێنابووە کایەوە و چەند ساڵێک سکی لایەنگرانی خۆیان پێ تێر کرد، ئەویش "قووڵاییی ستراتێژیک" بوو، کە بەدوای شەڕی نێوخۆییی سووریە هاتە سەر زاران. ئەم دەستەواژە نیزامی-ئەمنیەتییە بەو واتا بوو کە شەڕ و کێشە بە چەندسەد کیلۆمەتر لە جوغرافیای ئێران دوور دەکەوێتەوە و ئەو هێزانەی سەر بە کۆماری ئیسلامین، دەبنە چەند شوورەی بەرگری و بەدەوری ئێراندا دەچنرێن. ئێستا بەکردەوە دەبینین ئەم هێزانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لاوازتر دەبن، هەروەها ئەو شوورەیەی وا کۆماری ئیسلامی بەناوی قووڵاییی ستراتێژیک دەرخواردی خەڵکی دەدا، هەڵکەندراوە.

بەدەر لەوەش قووڵاییی ستراتێژیک زیاتر لەسەر زەوی واتای هەیە، ئێستا کە بەشی زۆری شەڕەکە ئاسمانییە، خۆی لە خۆیدا بێواتاتر دەبێ لە پێشووتری. چون کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئاسمانییەوە لاوازە و هەر لە سەرەتاوە بەهۆی تەحریم و گەمارۆکان، دەستی لە فڕۆکە شوشتەوە و ڕووی لە پیشەی مووشەکی کرد، کە ئەویشی تا ئێستا ولامدەر نەبووە بەپێی پێویست. ئەم ڕاستییە نیزامییەش لەبەرچاو نەگرین، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە کۆماری ئیسلامی لەلایەن دوژمنی سەرەکیی خۆیەوە واتە ئیسرائیل، چەندین جار لە دڵی تاران و شارەکانی تری ئێراندا کراوەتە ئامانج و گورزی کوشندەی وێکەوتووە؛ ئێستا کەس ئامادە نییە بێ و وڵامێک بداتەوە و ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی سەڕەرای ئەم هەمووە تێچووە، ئاکامەکەی ئاوا دەرچوو.

حیزبوڵڵا کە لە سەرەتادا دەیکوت: "هەتا ئاگربەس نەکرێ لە غەززە بەردەوام دەبین لە هێرشەکانمان بۆ سەر ئیسرائیل"، ئێستا بەڕاشکاوی پێشوازی لە وتوویژ دەکات و مەرجی ئاگربەسی غەززەشی دانەناوە بۆ ئەو وتوویژە ئیحتمالییە، هەر لە بنەڕەتڕا لە ئاستێکدا نییە کە مەرج دیاری بکات. حووسییەکان دەیانهەویست پێش بە بازرگانیی جیهانی بگرن و هەتا ئاگربەس لە غەززە بەردەوام بن، بەڵام ئێستا دەنگیان لێ بڕاوە. کۆماری ئیسلامی کە پێشتر گلەییی لە وڵاتانی عەرەبی کەنداو دەکرد و بەوە تاوانباری دەکردن پاڵپشتی لە دۆزی فەلەستین ناکەن، ئێستا وەزیری دەرەوەی دەنێرێ بۆ لایان بەشکوو تکایەکیان بۆ بکەن. هەر لەم پێوەندییەدا بەپێی هەواڵێک کە "شرق الاوسط" بڵاوی کردووەتەوە کۆماری ئیسلامی

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

وتوویەتی: گەر وڵامدانەوەی ئیسرائیل زۆر توند نەبێ، وڵامی نادەنەوە.

کۆماری ئیسلامی لەم ماوەیەدا و سەرەڕای هاژەوگیڤەکانی بۆی دەرکەوت نەک هێزەکانی بەڵکوو خۆیشی ئەم شەڕەی پێناکرێ و گەر درێژە پێبدات لەنێویش دەچێ، لە ڕووی نیزامییەوە شکست لەدوای شکست تۆمار دەکات و لە ڕووی سیاسییشەوە تازە درەنگە بۆ ئەوەی دەستەوداوێنی عەرەبستانێک بێ کە چەند ساڵ لەمەوبەر باڵوێزخانەکەیان لە تاران ئاور تێبەردا. دێینەوە سەرەتای باسەکەمان مەحموود عەباس و بەشێکی زۆر لە چالاکانی سیاسیی عەرەب، ڕاشکاوانە داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە، واز لە پرسی فەلەستین بێنێ و چارەسەری ئەم کێشەیە بۆ خۆیان بێڵێتەوە. بۆیە دەبێ بڵێین لە ئەگەری دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، هەموو ئەو وڵاتانەی وا ئێستا بەڕواڵەت بێدەنگن و هەر لە ڕێی دیپلۆماسییەوە هەوڵ دەدەن، لە داهاتووی ئەو دەوڵەتە نوێیەدا بە دەیان قات پلەیان بەرزتر دەبێ لە کۆماری ئیسلامی، ئەگەر هەتا ئەو کات کۆماری ئیسلامییەک مابێ؛ بەڵێ ئەوەی ناویان نابوو قووڵایی ستراتێژیک، ئێستا قووڵایی شکستێکە ئەوسەری نادیار.

٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید سالار ئیبراهیمی)




**برایم چووکەڵی**

**دەنگی ژین بەرزە شەپۆلی بوونی**
**کیژوکوڕ دەس بەچەکن بێستوونی**

لە کۆمەڵێکدا کە زۆری و زوڵم و چەوساندنەوە هەبێ، خەبات و بەربەرەکانیش دەبێ. مێژوویی نەتەوەی کورد شاهیدی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانیەتی و تائێستاش ئەو خەباتە بە شێوەی جۆراوجۆر لە لایەن ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیەوە درێژەی هەیە. نەتەوەی کورد لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خۆیدا و هەمیشە بەگوێرەی هەلومەرج هەوڵی داوە ماف و ئازادییەکانی وەدەست بێنێ. فیداکاری، لەخۆبوردوویی، گیانبازی و قوربانیدانی ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە باشترین بەڵگە و فاکتەری ئەو قسەیەن. لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەماندا ناو و یادی شەهید سالار ئیبراهیمی بەرز ڕادەگرین.

سالار ئیبراهیی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی "گۆمەتە"ی ناوچەی بێڵەواری کامیاران لە باوەشی بنەماڵەیەکی جووتیاردا چاوی بە دنیای پڕ لە زوڵم و نابەرانبەری هەڵێنا. توانی هەتا پۆلی ٥ی سەرەتایی بخوێنێ و پاشان بە هۆی وەزعی

نالەباری ئەوکات نەیتوانی دریژە بە خوێندن بدا، بۆیە قۆڵی لە کار هەڵماڵی و توانی کەلێنێک لە گیروگرفی مادی بۆ بنەماڵەکەی پڕ بکاتەوە. پاشان کە گەورەتر بوو ڕووی کردە شارەکانی دیکەی ئێران و تا ساڵی ١٣٥٧ لە زۆر شاری دیکە  دەستی بە کار دەکرد. لەو ماوەیەدا ئاستی بیر کردنەوەی بەربلاوتر بوو، زیاتر هەستی بە بێبەشی و ستەمی نەتەوەی کورد دەکرد، کارکردن لە شارەکانی دیکە هەستی نەتەوەیی و ڕقی چینایەتی ئەویان بەهێزتر دەکرد، بۆیە وەک لاوێک دڵی پڕ بوو لە ڕق و تووڕەیی زیاتر دەرهەق بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی پاشایەتی.

لە سەروبەندی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی گەڕایەوە شاری کامیاران و پاش سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرابوونی تێکۆشانی سیاسی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی کامیاران، بە سەدان کەس لە لاوەکانی ئەو شارە ڕوویان کردە ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات، سالار ئیبراهیمی یەکێک لەو لاوانە بوو کە وەک لایەنگری حیزب لە تەشکیلات سازمان درا. بەدەست پێکردنی هیرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە یەکەمین جار شاری کامیاران لە زستانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا کەوتە بەر هێرشی پەلاماری ڕێژیم برایەکی قارەمانی سالار بە ناوی سمایل ئیبراهیمی شەهید بوو شەهیدبوونی براکەی گڕوتینی خستە دڵ و دەروونی سالاری لاوی تازە پێگەیشتوو، بۆیە بڕیاری دا بیبێتە پێشمەرگە و ڕێگای برا شەهیدەکەی درێژە پێ بدا، بەمجۆرە چووە ڕیزی پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب و چەکی شەرف و شانازیی کردە شان.

شەهید سالار لە ماوەیەکی کورتدا لێهاتوویی و دڵسۆزی خۆی نیشان دا و دەریخست کە لاوێکی ئازا و فیداکار و بەجەرگە. دەریخست کە باوەری حیزبیانەی قایموقۆڵە. بەمجۆرە زۆری نەکێشا فیداکاری و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی سالار بوو بە وێردی سەر زمانی هاوسەنگەرانی. ئەو سەبارەت بە لێوشاوەیی کاری نیزامیدا، ساڵی ١٣٥٩ وەک فەرماندەری پەل دیاری کرا، بەهاری ساڵی ١٣٦٠ کاتێک هێزی بێستوون پێکهات، شەهید سالار لەلایەن حیزبەوە وەک یەکێک لە فەرماندە لکەکانی ئەو هێزە دیاری کرا، ناوبراو ماوەی ٣ ساڵ وەک فەرماندەری لک ئەرکی بەجێگەیاند لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا دەیان شەڕی حەماسی لە ناوچەی کامیاران، کرماشان، ڕەوانسەر، بێڵەوارو ژاوەرۆ، سووڕسووڕو لەیلاخ، چەمشاری سنە، دیواندەرەو مەریوان بەڕێوە برد.

سالار ئیبراهیمی لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی وەک جێگری فەرماندەری هێزی بێستوون و مشاویری کومیتەی شارستانی کرماشان دیاری کرا، لە کونفرانسی پاییزی ساڵی١٣٦٤ بە ئەندامی کومیتەی شارستان و نوێنەری کونگرەی ٧ حیزب هەڵبژێردرا. لە بەهاری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی دوای پێکهاتنی مەڵبەندی یەکی کوردستان وەک بەرپرسی نیزامیی ناوچەی کرماشان دیاری کراو  سەرئەنجام لە هاوینی هەمان ساڵدا ئەرک و بەرپرسایەتیی فەرماندەری عەمەلیاتیی هێزی زاگرۆسی پێ سپێردرا و چەند مانگ دواتر بەهۆی لێوەشاوەیی بوو بە جێگری فەرماندەری هێزی زاگرۆس.



سەرچاوە
Serchawe

**مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤**

شەهید سالار بە حەق هەموو تواناو لیاقەتی خۆی لە خزمەت حیزبو خەڵكدا خستە كار. ناوبارو لە هەشت ساڵ پێشمەرگاتیدا دەیان عەمەلیاتی گەورەو چووكەی فەرماندەهی كرد، لە ماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیدا ٨ جار برینداز بوو و لە هاوینی ساڵی ١٣٦٠ چاوێكی لەدەست دا، بەڵام كۆڵی نەدا و نەسرەوت و بۆ درێژەدانی خەبات زیاتر خۆی ماندوو دەكرد. ئەو خاوەنی خوو ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە بوو، لە كورەی ژیانی سەخت و دژواردا، و لە مەیدانی هەشت ساڵ شەڕ و بەربەرەكانێدا قاڵ ببوو، و خارابوو، چقڵی چاوی دوژمن بوو، ترس و دڵەخورپەی دەخستە نێو دڵی دەژمن، ناوبراو ماندووبوون و ترس و مردنی نەدەناسی. ئەو فەرماندەرێكی كارامە، لێوەشاوە، لێهاتوو، لەكڵ دەرهاتوو بوو. هاوڕێیەكانی، خەڵك، چیاكان، ڕێگاكان، تفەنگەكان، هەموویان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن سالار پێشمەرگەیەكی هەڵكەوتووی حیزب بووە. خۆشەویستی ناوخەڵك بوو هاوڕێیانی بەنەزمو ئینزبات بار دەهێنا.

شەوی ٨ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە كاتێكدا پێشمەرگەكان لە عەمەلیاتی موڵگەی دەژن بەرەو چاوگەی ئاوێر دەگەڕانەوە. لەسەر چاوگەی ئاوێر كەوتنە كەمینی هێزەكانی دوژمن پاش شەڕێكی قارەمانانە بووە هۆی تێكشكاندنی كەمینەكەو بەداخەوە دڵی پڕ لە هیوا و تاسەی قارەمانی كورد سالار ئیبراهیمی كەوتە بەر دەسڕێژی گوللەی بەكرێگیراوان و لە لێدان كەوت.


تەنیا یەک ڕۆژ لە شەهیدبوونی تێپەڕی، بۆ بەیانی قوتابییەكانی سالار ئیبراهیمی لە بەرزاییەكانی كوچكچەرموو و مێرگەسار بە یادی سالار لە شەڕێكی دە سەعاتەدا بە دەیان كەسیان لە هێزی دوژمن كوشت و برینداز كرد. بەمجۆرە سالار ئیبراهیمی فەرماندە و مامۆستای پارتیزانەكانی حیزب لە ناوچەكانی كرماشان و كامیاران و سنە شەهید بوو بەڵام ناوی، ئازایەتی، وتەكانی، دەرسەكانی، بۆ هەمیشە بوونە مایەی گوڕوتین بەخشین بە كاروانی خەباتی حیزب و خەڵكی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، ژیان و خەباتی بووە سەر مەشقی ژیان و خەباتی قوتابییەكانی و ڕۆڵەكانی گەڵ و تێكۆشەرانی دیموكرات.

**٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# "هەزار ئەشکەوت" و سەرنجەکانی منی خوێنەر




**هەنار سەقزی**

هاوڕێیەکی زۆر ئازیز داوای لێکردم هەزار ئەشکەوت بخوێنمەوە. پێداگریی بێوچانی ئەو خۆشەویستە تووشی سەرسوڕمانی کردم. بڵێی «هەزار ئەشکەوت» چ بێ و هەڵگری چ پەیام و وانەیەک بێت؟

ناچار پێوەندیم بە کتێبفرۆشییەکەوە گرت و لێم پرسی «هەزار ئەشکەوت» بەردەستە؟ بەختەوەرانە کوتی بەڵێ، هەیە. کە چوومە ئەوێ و چاوم بە کتێبەکە کەوت، دیسان سەرم سووڕما. کتێبێکی ٩٥٠ لاپەڕەیی!

قۆڵم لێ هەڵماڵی و بە چوار ڕۆژ تەواوم کرد. ئەوەش لە ئازایەتی و گورجوگۆڵیی خۆمەوە نەبوو. «هەزار ئەشکەوت» وات لێدەکا. ڕاکێشت دەکا، نوقمی خۆیت دەکا، جار جار بزە و پێکەنین دێنێتە سەر لێوت، جار جاریش لە ناخەوە دەتهەژێنێ و چاو یەک و فرمێسک هەزار، وەها وەگریانت دەخا.

**هەر وەک جەنابی مامۆستا لە پێشەکی کتێبەکەدا دەفەرموێ:**

«هەزار ئەشکەوت» بەرت نادا و بە دوای خۆیدا دەتکێشێ و هەموو شاخ و دووندەکانت دەبا و مەزرا و مێرگ و چیمەنی دێهاتی کوردەواریت پێ دەپشکنێ و ئەشکەوت و تاشەبەرد و جێ حەسانەوەی هەڵۆکانی نیشتمانت پێ نیشان دەدا و سەرت پێ بە ماڵە هەژار و کۆیلەی دەستی زۆردارەکاندا دەکا و لە هەمان کاتیشدا دەتباتە قەڵا و دیوەخانی ئاغا و زاڵم و خودا پێداوان.

«هەزار ئەشکەوت» پیلی گرتم و شاخ و دەشت و شار و گوندی نیشتمانە بێنازەکەمانی پێ پشکنیم و ستەمی چینایەتی و نەتەوەیی زیاتر لە جاران بۆ خستمە ڕوو. گەورەیی و لەخۆبوردوویی و فیداکاری و خۆنەویستی و گیانبازی و پاکی و ڕاستیی باشترین ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانەی زیاتر بۆ وەدەرخستم. لەگەڵ ئەوانەشدا زوڵمی زاڵم و خیانەت و غەدری هاوخوێنی پێ نیشان دام.

کاتێک کاک تاهیر بە دەستی کوێخا شەریف شەهید بوو لەگەڵ داباریني فرمێسکەکانم شێعری «هۆرە»ی ک.د.ئازاد هاتەوە یادم:

زامی بە ناسۆرم زۆرن!
بە درێژایی باڵای مێژوو،
شمشێر و خەنجەر و گوللە،
کێڵگەی جەستەیان ناسیوم!
نەبەزیوم، نەتۆقیوم!
بۆ جارێک ڕانەچڵەکیوم!
ناڵێم قاقا پێکەنیوم!
بەڵام لەنێو برینەکانا،
ئەو زامانە بە ئێش تربوون،
دەستی خۆیی پێی بەخشیوم!

کاتێک مەلا ئاوارە هەڵۆکانی کۆ کردەوە و هەواڵی شەهیدبوونی کاک سولەیمان موعینی و خەلیل شەوباشی پێ ڕاگەیاندن لەگەڵ گریان و نفرەت بیرم لەوە دەکردەوە:

ئەگەر هۆرە لە خۆم نەبێ
سوپای تەورەکانی ستەم



سەرچاوە
Serchawe

قەت ناتوانن،
یەک پەلیشم ببڕنەوە
لەسەر جەستەم!

كاتێک مەلا ئاوارە و پۆلێک كۆتری هاوڕێ و هاوڕێبازی بە غەدر كەوتنە داوی درۆ و خیانەتی هاوخوێن و هاوزمانی خۆیانەوە، لەگەڵ هەنیسک و گریان و بە ڕقێكی پیرۆزەوە دەمگوت:

نایەتە ئەژمار،
تا ئێستاچەند جار؛
بە دەستی خۆیی،
پشتم شكاوە!
بە چەقۆی خۆیی،
خوێنم ڕژاوە!

جا لەوانەیە ئەو هەموو غەدر و خیانەت و نەهامەتی و كوێرەوەری و بە ئاكام نەگەیشتن و قوربانیدانەی كورد، خوێنەر تووشی دڵساردی بكا. بەڵام لەلایەكی دیكەوە دەتوانێ ئەو ڕاستییەشت بۆ دەرخا كە كورد نەتەوەیەكی خۆڕاگر و لەشكاننەهاتوویە و ئەوە تایبەتمەندیی كوردە كە دوای هەر كەوتنێک دیسان هەڵدەستێتەوە و كۆڵ نادا و بە ورە و وزەیەكی زیاتر ئاگری خەبات خۆشتر دەكاتەوە.

ڕەنگە ئەوە تایبەتمەندی و سرووشتی كورد بێت كە دوای هەر كەوتنێک دیسان ڕاسان و دیسان هەستانەوە، دوای هەر تاهیرێک سەدان تاهیر و دوای هەر موعینی و مەلا ئاوارەیەک هەزارن موعینی و مەلا ئاوارەی دیكە لە داوێنی دایكی نیشتماندا پەروەردە دەكرێن و ناهێڵن ئەو مەشخەڵە تەنانەت بۆ چركەیەک بكووژێتەوە.

پێم وایە كوردایەتی و نیشتمانپەروەری و مافخوازی و لەگەڵ ئەوانەشدا پەیامی «نەسرەوتن تا سەركەوتن» وانەی سەرەكی كتێبەكە بێت بەڵام لەگەڵ ئەوانە شتێک كە بۆ من زۆر جێی سەرنج بوو دەریای بێ بنی زمانی كوردی و هەزاران مەتەڵ و دەستەواژەی ڕەسەن بوو كە بەداخەوە پێش ئەوەی ئەو شاكارەی كاک عومەر مەولوودی بخوێنمەوە بە گوێم ئاشنا نەبوون.

«هەزار ئەشكەوت» مەیدانی شەڕ و بەربەرەكانییە، شەڕی نێوان حەق و ناحەق، شەڕی نێوان باش و جاش، شەڕی نێوان نیشتمانپەروەر و خائینان، شەڕی نێوان كورد و داگیركەری خاكەكەی، شەڕی نێوان ئەوینی ڕاستەقینە و هەوەس، شەڕی


سەرچاوە Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

نێوان پیاو و نا پیاو، شەڕی نێوان پاکی و ناپاکی و شەڕی نێوان جوانی و ناحەزی و شەڕی نێوان نوور و تاریکی.

«هەزار ئەشکەوت» ئاوێنەی باڵانوێنی مێژوومانە، داخەکەم لەگەڵ ئەوەی چل پەنجا ساڵ لەو ڕووداوانە تێدەپەڕێ، ئێستاشی لەگەڵ بێت جەهل و خوڕافات و بێسەوادی و خیانەت و خۆخۆری و بێگانەپەرستی و درۆ و چەواشە و بەرژەوەندی خوازی و بە گشتی زۆر یەک لەو دەردانەی سەردەمی ڕووداوەکانی هەزار ئەشکەوت، لەنێو کورددا بنەبڕ نەکراوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر بەو دەردە کۆنانەوە دەناڵێنین.

ئەو شاکارەی کاک عومەر ئەوەندە چێژبەخش بوو کە نەمتوانی پێش خۆم بگرم، گوتم بەشکم بەو قسانەی من کەسێک یا کەسانێک هان بدرێن بۆ خوێندنەوەی «هەزار ئەشکەوت» و بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیبێتم وەفا و ئەمەگی خۆم بۆ نووسەر و خوڵقێنەری ئەو شاکارە دەربڕم.

دیارە هەڵسەنگاندن و لە تەرازووەدانی «هەزار ئەشکەوت» کاری پسپۆڕانی ئەدەبیات و بە تایبەت ڕۆمان نووس و چیرۆک نووسەکانە. من تەنیا وەک خوێنەرێک زۆر وانەی بە نرخ و دنیایەک وره و وزە و گڕ و تینم لێ وەرگرت.

هیواخوازی لەشساغی و تەمەندرێژی و کەیفخۆشی بۆ کاک عومەر مەولوودیم و ئاواتەخوازم بە زووترین کات ئەو شانازییەم پێ ببڕێ بتوانم لە نزیکەوە بە خزمەتی بگەم و بە دیداری بەڕێزیان شاد بم.

٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژهەڵات و نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەت



## خوێن لەبری نان: کار– مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات

## ڕۆژهەڵات و نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەت (٤ - ٣)

**د. ئەحمەد محەممەدپوور**

**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی**

**ئاماژە:** خوێن لەبری نان: کار-مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات توێژینەوەیەکی د. ئەحمەد محەممەدپووره پێوەندیدار بە پرسێکی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی ڕۆژەڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەک لە بەشی بەرایی توێژینەوەکەدا هاتووە، ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی سەروەری و توونـدوتیژی، بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان دۆخی ناسەقامگیریی و شوێنگیری و سیاسەتی مەرگ دەکات کە لە پراکتیکی کاری سنووربەزاندنی کورد، یان کۆڵبەریدا بەرجەستە بووە. توێژەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی ئێران گوتاری سنووری ئەمنییەتی وەک چەکێک بۆ سەپاندنی دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا جێگیردەکات، کورد بە پێگەی مەمرە و مەژی لەڕێگەی سەپاندنی



سەرچاوە
Serchawe

پراکتیکی ناجێگیری کاری مەرگ مەحکوم دەکات. جگە لەوەش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوور وەک ئەرشیفێک دەخاتە ڕوو کە تۆمارەکانی سیاسەتی مەرگی دەوڵەت تێیدا دانراون و دەپارێزرێن و ئاشکرادەکرێن لەژیانی کۆڵبەرەکاندا.

"کوردستان" بەشە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشدا بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە و لە کۆتاییدا هەموو توێژینەوەکە بەیەکەوە لە "کوردستانمیدیا" دادەنرێت.

***

سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کورد، کە بە دامەرزراندنی دەوڵەتی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی پێ کرد، لەژێر حوکمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چڕتر بووەوە. دەوڵەت بە ناچارکردنی ڕۆژهەڵات بە دۆخێکی جیاکاری هەمیشەیی، سیاسەتی نێرکرۆپۆلەتیکی خۆی یان سیاسەتی مەرگی سەپاندووە. کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی نەکرۆپۆلەتیک لەڕێگەی پرۆسەی زاڵبوون و ڕەگەزپەرستی و توندوتیژییەوە گرێ دراون کە تایبەتمەندی هەردوو چەمکەکەیە. هەروەک دەردەکەوێت، ئامانجی نەکرۆپۆلەتیکی کۆڵۆنیالیزمی نێوخۆیی دەوڵەت ئەوەیە کە سارا ڕۆی (١٩٩٥، ٦) بە دژە پەرەپێدان ناوی بردوە: پرۆسەیەک کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی هەژموونگەرا کۆمەڵێک ستراتیژی بەرپەرچدانەوە بەکاردەهێنێت بۆ بەمەبەست ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ئابووری ناوخۆیی و تێکشکاندن و لەناوبردنی توانای توخمە بەرهەمهێنەرەکان . دەوڵەت بەنیازە لە ڕێگەی سیاسەتی دژە پەرەپێدانی ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە سرووشتی و مرۆییەکانی ڕۆژهەڵات بسڕێتەوە. ئەم دۆخە ئابووری-سیاسییە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد پەنا بۆ کۆڵبەری دەبەن.

دەتوانین سیاسەتی دژە پەرەپێدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵات دابەش بکەین بۆ چوار قۆناغ: ئەوەی لە ئەجێندای دەیەی یەکەمی حوکمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زاڵ بوو، بە میلیتاریزەکردنی کەشی کوردستان بوو. بە ئەمنییەتیکردنی ڕۆژهەڵات بە ڕاگەیاندنی شەڕی پیرۆز (جیهاد) لەلایەن خومەینییەوە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە دژی کورد دەستی پێ کرد و لە ئەنجامدا داگیرکردنی سەربازیی تەواوی شارەکانی کوردستانی لێکەوتەوە، کە تا ساڵی ١٣٦١ بەردەوام بوو. پاش ئەوەی کە دەکرا پێی بوترێ فەتحکردنی ڕۆژهەڵات، دەوڵەت لە ڕێگەی هاندانی دارایی و سیاسییەوە دەستی کرد بە وەرگرتنی خەڵکی ناوچەکە بۆ فەوجە نیمچە سەربازییەکان بەناوی بەسیجی مەرزبان. لە ماوەی شەڕی ئێران و عێراق (١٣٥٩ - ١٣٦٧) هەزاران کورد لە دامودەزگا سەربازی و ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتدا جێگیرکران. بۆ جێبەجێکردنی جاشگەراییەکەی ڕێژیم دەستی کرد بە سەرمایەگوزاری لە جیاوازییە کولتووری و زمانەوانییەکانی نێوان پێکهاتەی سۆرانی و هەورامی لە بەشی باشووری ڕۆژهەڵات. بەم شێوەیە بەکارهێنانی خەڵکی زاراوەیەکی تایبەت لە زانیاری هەواڵگری و بارودۆخی ئیداری و بەکارهێنانی ئەم هاوکارییە لە ناوچەیەکی تردا تا بە شێوەیەکی جیاواز تۆوی ڕق و کینە و

دوژمنایەتی لەنێو پێکهاتە کوردیەکان بچێنێت.

دەیەی دووەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شایەتی گۆڕانکارییەکی بەردەوام لە بە سەربازیکردنەوە بەرەو بەئەمنیەتیکردن بوو. لەکاتێکدا بەسەربازیکردن داگیرکاری جەستەیی فەزای کوردی لەخۆ دەگرت، بە ئەمنییەتیکردنی بواری زیهنیی کردە ئامانج بەگرێدانی کورد و کوردبوون بە هەڕەشە ئەمنییەتییەکانەوە. بەئەمنییەتیکردن پەیوەندییەکی نیزیکی بەسەرهەڵدانی دۆخی هەڵاواردنەوە هەیە لە ڕۆژهەڵات، کە لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ئێران و عێراقدا سەری هەڵدا. ئیستثناگەرایی لە ئاستی ئۆرگانە دامەزراوەییەکان، دەسەڵاتی پێناسەکردنی حاڵەتە کتوپڕەکان و ڕێنمایی بۆ وەڵامدانەوە ئاسایشییەکانیان پێ دەبەخشین. بنیاتنانی هەڕەشەی بوونگەرایی لەسەر یەکیەتیی نیشتمانی لە ناوەندی ئەم سیاسەتەدا وەستاوە، کە پێویستی بە بەکارهێنانی ئامرازی نائاساییە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵات و ڕێگە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدات شەرعیەت بە هەڵپەساردنی یاسایی و دادوەریی بەبیانووی ئاسایشەوە بدات. ئەم پارادایمە بەردەوام فراوانبووەی ئاسایشی فەزای کوردستان، ڕێگە بە دەوڵەت دەدات هێرشی ڕۆژانەی خۆی بۆسەر کۆڵبەران ئەنجام بدات لەژێرناوی پاراستنی سنوورەکان و ئابووری نیشتمانی. وەک یەکێک لە کۆڵبەرەکان دەڵێت: دەتوانن تەقەت لێ بکەن تەنها لەبەر ئەوەی سنوور دەبەزێنیت؛ ئەوان هەموو ڕۆژێک بە بارەکانمانەوە دەمانبینن، دەماننناسن و دەتوانن بمانگرن و بارەکانمان ببەن، بەڵام ڕێگەیان پێ دراوە تەقە بکەن.

سیاسەتی ئەمنییەتگەرایی بەشێوەیەکی سیستماتیکی بەشێکی زۆری هێزی کاری ئابووریی کوردی لەنێو برد و ڕێگەی خۆش کرد بۆ لابردنی توانای ئیداری و ئابووری نێوخۆیی. گۆزینش (وەزارەتی هەڵبژاردن) اطلاعات (دەزگای هەواڵگری) دوو ئامرازی ئاسایشی سەرکوتکەرن کە وەک قوڵی ئەمنییەتی ڕێژیم لەسەرانسەری وڵاتدا کار دەکەن، بە چوونە ناو بازنەی خوێندنی باڵا و کارکردن لە کەرتە ئیداریی و جێبەجێکارەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی تەنیا کەسانی دڵسۆز و پابەند بە ڕێژیمەوە دامەزراون. بەشی گۆزێنیشی لقەکانی خۆی فراوانتر کرد لەنێو هەموو ڕێکخراوە و دامودەزگاکاندا، لە قوتابخانەکانەوە بۆ شارەوانییەکان. ساڵانی ١٣٥٧ و ١٣٦٩ لووتکەی هەڵەکانی بەشەکە بوو بۆ سڕینەوەی خوێندکار و مامۆستای ناشایستە.

داماڵینی ڕەسەنایەتی پرۆژەیەکی کۆلۆنیالییە کە نەک تەنها بۆ تێکدانی کولتوور و زمان و شوناسی ڕەسەن داڕێژراوە، بەڵکوو بۆ بەرهەمهێنانی سوژەی کۆلۆنیالی نوێیە کە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی داگیرکەر بەناوخۆیی دەکات و بەرگری لێ دەکات. هەروەک مەحموود مەمدانی و ئێدوارد سەید دەڵێن، کۆلۆنیالیزمی نیشتەجێ مەرج نییە پێویستی بە دانیشتووان هەبێت. بەڵکوو دەتوانێت لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا کادر دروست بکات. لە ڕۆژهەڵات ئەم سیاسەتە نەک هەر

بووەتە هۆی زیادبوونی حکوومەت لەشێوەی بەرپرس و کارمەنددا، بەڵکوو ئەو نوخبە و کادری لۆکاڵی ساختەی دروست کردووە کە ناوەندی پاکسازی هێزی کاری توخمی نەخوازراو بوون لە ڕۆژهەڵات. ئەم نوخبە نێوخۆییانە بوونە چینێکی بۆرژوازی نێوخۆیی کە بە نۆ-کیسە یان ملیاردێری یەک شەوە (بە تومان) ناسراون، کە بڕێکی زۆر سامانیان کۆ کردۆتەوە لە ڕێگەی مامەڵە ئابووری و سیاسیەکان لەگەڵ دامودەزگا نیمچە مافیاکانی دەوڵەتدا بەتایبەتی ناوەندەکانی فەرماندەیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەم پاکتاوکردنە پرۆفایلی کولتووری و پەروەردەیی ڕۆژهەڵاتی وێران کرد، بەتایبەتی لە ناوچە سوننە-کوردییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و کوردستان و باشووری کرماشان کە زۆرێک لە خوێندکارانیان پێش زانکۆ یان وەرگرتنیان لە زانکۆ لێ قەدەغەکراوە یان مافی دامەزراندنیان لێ زەوت کرا لە ناوەندە فەرمی و پەروەردەییەکان یان داواکاری قەرزیان بۆ دەستپێکی بازرگانی ڕەت کراوەتەوە. سیاسەتی داماڵینی ڕەسەنایەتی لەڕێگەی دامەزراندنی دانیشتووانی غەیرە کورد لە ڕۆژهەڵات جێبەجێ کراوە، دەست بە داماڵینی کورد لە فەزای کوردبوون کراوە و دانیشتووان ناچار کراون بەدوای کاردا بگەڕێن لە دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان یان پەنا بۆ کۆڵبەری ببەن وەک ئامرازێک بۆ بژێوی ژیان.

دەیەی سێیەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکرێت وەک سەردەمێک سەیر بکرێت کە ژێرخانی وەبەرهێنانی ڕۆژهەڵات بەمەبەست هەڵوەشێنراوەتەوە. ئەم پرۆسەیە بە داماڵینی دامەزراوەیی ناسراوە کە سنووردارکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەو دامەزراوانەی لەخۆ گرتبوو کە پشتگیری لە وەبەرهێنانی درێژخایەن و گەشەی ئابووری دەکرد. ئامانجی ئەوە بوو کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێران لاواز بکات و توانای گەشەپێدانی نێوخۆیی خۆی لێ بستێنێتەوە.

بۆ نموونە پارێزگای ئیلام خاوەنی گەورەترین کانگای قیر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکۆی ١٧ کانی قیر تەنیا ٧ کان چالاکن؛ ٢٧,٥%ی پیشەسازییەکانی ئیلام بەتەواوی ناچالاکن و ٣٠%یان بە نیوەی توانا کاردەکەن. زۆرینەی دانیشتووانی ئیلام لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. جگە لەوەش پارێزگای کوردستان خاوەنی گەورەترین یەدەگی زێڕە لە ئێران کە ٧٠ ملیۆن تۆنە. لە هەمانکاتدا، کەرتی پیشەسازی و کانزاکان گەشەیان نەکردووە. بەپێی ناوەندی ئاماری ئێران، پارێزگای کوردستان بەرزترین ڕێژەی بێکاری هەیە (١٣,٨%)، لەکاتێکدا پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران کەمترین ڕێژەی بێکاری هەیە (٤,٩%). ئەمەش لە کاتێکدایە کە کۆڵبەرێک دەڵێت بەشی ئێمە لەم زێڕە تەنها گوللەیە. بەگوێرەی لێدوانی ئەندامانی پەرلەمان لە شارەکانی سەردەشت و پیرانشار کە کۆڵبەری تێیدا باوە، ٩٠%ی پیشەسازییەکانی ئەوێ داخراون. بۆ نموونە لە شاری سەردەشت ٢٠%ی دانیشتووان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ترێن، بەڵام بەرهەمەکانیان بەهۆی نەبوونی وەبەرهێنان لەژێرخانی ئەم شارەدا دەگوازرێنەوە بۆ شارە غەیرە کوردەکانی وەک ورمێ و تەورێز. بەڵکوو دەوڵەت لەژێر پەردەی بەرەنگاربوونەوەی بێبەشکردن، دامەزراوەی خێرخوازیی سەربازی دامەزراندووە.



سەرچاوە
Serchawe

لەبری ئەوەی وەبەرهێنان لە ئابووری ناوخۆییدا بکەن، ئەم ڕێکخراوانە هاوکاری ئابووری بچووک پێشکەش دەکەن لەبەرامبەر دڵسۆزی بۆ دەوڵەت، بەمەش پێگەی ڕێژیم لەنێو کۆمەڵگە لاوازەکانی ڕۆژهەڵاتدا مسۆگەر دەکەن. نموونەی ئەم جۆرە گرووپە چاودێریکەرانە جهاد سازندگی (جیهادی بیناسازی)، ستاد اجرایی، کمیتە امداد (کۆمیتەی هاوکاری)، بنیاد شهید (دامەزراوەی شەهیدان) و بنیاد مستضعفان (دامەزراوەی ستەملێکراوان و کەمئەندامان).

دەیەی چوارەمی حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سیاسەتی لەناوبردن و تاڵانکردنی سەرچاوە سرووشتییەکان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات ناسراوە، هەرچەندە بێ پێشینە نییە، بەڵام ئەم ستراتیژی گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ناوچە ناکوردییەکان لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە، بەنداوی داریان لە ڕۆژهەڵات کە لە ساڵی ١٣٩٧ تەواو بووە، ئاوی ڕووباری سیروان- کە لە ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت- دەگوازێتەوە بۆ پارێزگاکانی نێوەڕاستی ئێران بۆ ئاودێری و خواردنەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، دەوڵەت دەستی کردوە بە گواستنەوەی خاکی بەپیت و کانزا لە ڕووباری سەردەشتەوە. لەوەش زیاتر، قەبارەی بڕینەوەی دارستانەکان لە ناوچە کوردییەکان زۆر ترسناکە. لە هاوینی ١٣٨٩دا، کە لەلایەن کۆمەڵەی ژینگەپارێزیی کورد بە هاوینی ڕەش ناسراوە، ٢١٠٠ ئاگرکەوتنەوە لە ناوچە شاخاوییەکانی مەریوان و سەروئاباد تۆمار کراوە. ئەم هێرشە کارەساتبارانە بۆ سەر ژینگە و سەرچاوەکان زیاتر ژێرخانی ئابووری ڕۆژهەڵاتی لاوازکراوی لاوازتر کردوە. ئەمەش لە وتەکانی کۆڵبەرێکدا ڕەنگ دەداتەوە:

پێویست ناکات زۆر دوور بڕوانیت. ڕاستییەکە ڕوونە: ئەوان هەموو شتێکیان لە ئێمە بەتاڵان بردوە، ژیانمان، ئاومان، خاک و تەنانەت بەردەکانیشمان، ئێمە لە هەموو لایەکەوە تاڵان دەکرێین تا عەجەمەکان (غەیرە کورد/فارس) بتوانن بە خۆشی بژین. هەر کۆڵبەرێک کە لە ماڵەکەی دەچێتە دەرەوە بۆ کۆڵبەری، دەبێت ئامادە بێت بۆ مردن. مردن بۆ ئێمە بووە بە نەریت. سەرسام دەبین ئەگەر ڕۆژێک واز لە کوشتنمان بهێنن. بۆچی؟ چونکە ئێمە کوردین و ئەوەش لەچاوی ئەواندا تاوانە. وەک ئاژەڵ مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن؛ ئەوان هەرگیز دۆستی ئێمە نەبوون و نابن.


ئەم وتانە وێناکردنی ئەوەیە کە "ئان ئاگوست" بە داراییکردنی ژیان ناوی دەبات، ئابوورییەکی بایۆلۆجی کوشندە کە زیادەی بوارێکی ژیان دەبات بۆ باشترکردنی ژیان لە بوارێکی دیکەدا. لە ڕێژیمە کۆڵۆنیالییە نێوخۆییەکانی وەک ئێراندا کە دەوڵەت قازانج دەکات لە دابەشکردنی نایەکسانی دەرفەتەکانی ژیاندا. دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات زیادەی ژیان تاڵان دەکات کە سەرچاوە سرووشتی و مرۆییەکانیش دەگرێتەوە. لەلایەک سەرچاوەی ئاو و خاک بۆ ناوچە غەیرە کوردەکان دەگوازێتەوە، وا لە خاکەکەی دەکات بۆ نیشتەجێبوون نەشێت؛ لەلایەکی دیکەوە، هێزی کاری خوێندەواری کورد دەکاتە کۆیلەی کۆڵبەری بۆ لەنێوبردنی سەرمایەی مرۆیی ڕۆژهەڵات. قوباد کەرەمپور ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پارێزگاکانی ئێران لە ساڵی ١٤٠١دا

**مانگی رەزبەری ٢٧٢٤**

رایگەیاند کە ٥٠%ی کۆڵبەران خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان ماستەر ن. هەروها دانی بەوەدا نا کۆڵبەرێک کە بڕوانامەی ماستەری لە بیرکاریدا هەبووە، تەقەی لێ کراوە و کوژراوە لە کاتێکدا تەلەفزیۆنێکی لەسەر پشتی هەڵگرتبوو. ئەم هێرشە بەرفراوانە بۆ سەر سەرمایەی مرۆیی کورد بە ڕوونی لە وتەی کۆڵبەرێکدا دیارە کە وتی ئێمە کۆیلەی کارین تا فارسەکان چێژ لە ژیانیان وەربگرن.

**٢١ی رەزبەری ٢٧٢٤**

# خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠٢٤، هیوایەک بۆ ئاشتی و داهاتووی مرۆڤایەتی




**حەسەن قارەمانی**

خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠٢٤ بەخشرایە نیهۆن هیدانکیۆ، کە ڕێکخراوێکی ژاپۆنییە و نوێنەرایەتیی ڕزگاربووانی بۆمبارانی ئەتۆمیی هێرۆشیما و ناگازاکی دەکات کە بە هیباکوشا ناسراوە. کۆمیتەی نۆبڵ لە ئۆسلۆ دەڵێت نیهۆن هیدانکیۆ بەشدارییەکی یەکلاکەرەوەی کردوە لە پێشخستنی جیهانێکی دوور لە چەکی ئەتۆمی لە ڕێگەی شایەتحاڵەکانیانەوە سەبارەت بە دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی مرۆیی هێرشە ئەتۆمییەکان و ئەوە کە بۆچی نابێت جارێکی دیکە ئەو جۆرە چەکانە بەکاربهێنرێن.

خەڵاتی نۆبڵ کە یەکێکە لە خەڵاتە بەناوبانگەکانی جیهان، لە سەرەتای دامەزرانی لە ساڵی ١٩٠١ەوە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەبووە لە ناساندنی بەرچاوترین دەستکەوتەکانی زانست و ئەدەب و کاری ئاشتی. خەڵاتەکە زیاترە لە تەنها دانپێدانان بە هەوڵە نایابەکان؛ هێمای ئاوات و هیوا و پابەندبوونی مرۆڤە بە داهاتوویەکی باشتر. لەنێو خەڵاتە جۆربەجۆرەکانی نۆبڵدا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەک دەرکەوتەی دیدگای جیهانێکی دوور لە ململانێ و توندوتیژی وەستاوە و کە ئاشتی بەرزترین ئامانجە.

ئەلفرێد نۆبڵ، داهێنەری دینامیت و دروستکەری خەڵاتی نۆبڵ، لە وەسیەتنامەکەیدا فۆرمۆلەی کردوە کە خەڵاتی ئاشتی بەو کەسە یان ڕێکخراوانە بدرێت کە زۆرترین یان باشترین کاریان بۆ برایەتیی نێوان گەلان کردووە. ئەم خەڵاتە بەدرێژایی ساڵان بەو کەس و ڕێکخراوانە دراوە کە کاریان کردوە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشە هەرە زەقەکانی جیهان و، زۆرجار مەترسییەکی گەورەی کەسییان لەسەرە بە ئامانجی پاراستن و باشترکردنی ژیانی ملیۆنان کەس.

لەم چوارچێوەیەدا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی ساڵی ٢٠٢٤ بۆ نیهۆن هیدانکیۆ کە ڕێکخراوێکی ژاپۆنییە و نوێنەرایەتی ڕزگاربووانی تەقینەوە ئەتۆمییەکانی هێرۆشیما و ناگازاکی دەکات، وەک نموونەیەکی بەهێزی ئەم میراتە وەستاوە. ڕێکخراوەکە و کارەکانی نەک هەر گرنگیی پاراستنی ئاشتی، بەڵکوو مەترسییەکانی لەدەستدانی لەڕێگەی لەناوبردنی چەکی ئەتۆمییشەوە تیشک دەخەنە سەر. نیهۆن هیدانکیۆ، لەڕێگەی شایەتحاڵی و هەڵمەتە بەردەوامەکانیەوە، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی گێڕاوە لە بەهێزکردنی ئەوەی پێی دەوترێت "تابۆی ئەتۆمی"، جەختی لەوە کردووەتەوە کە نابێت جارێکی دیکە چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنرێت. بەڵام بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی ئەم خەڵاتە هێندە گرنگە، پێویستە سەرەتا پێداچوونەوە بە مانای گەورەتری خەڵاتی نۆبڵ و ڕۆڵی ئەو خەڵاتە لە جیهاندا بکەین.

## مێژوو و ئامانجی خەڵاتی نۆبڵ

خەڵاتی نۆبڵ لە ڕێگەی ئیرادەی ئەلفرێد نۆبڵەوە دروست بووە و گوزارشتە لە باوەڕە قووڵەکەی بە زانست و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. خەڵاتەکە لە شەش بەشی جیاوازدا دەبەخشرێت کە بریتین لە فیزیا، کیمیا، پزیشکی، ئەدەبیات، ئابووری و ئاشتی. هەر پۆلێک نوێنەرایەتی بوارێک دەکات کە نۆبڵ بە گرنگ دەزانی بۆ گەشەپێدان و خۆشگوزەرانیی مرۆڤ. بەڵام خەڵاتی ئاشتی تیشک دەخاتە سەر جیهانێکی سەقامگیر و دادپەروەرانە و ئاشتیی سەقامگیر. خەڵاتی ئاشتی بە پاداشتکردنی هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی ململانێیەکان و باشترکردنی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان و بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ، وەک بیرخستنەوەیەک کە گەورەترین هەڕەشەکان بۆ سەر مرۆڤایەتی زۆرجار لە زانست یان تەکنەلۆژیاوە نییە، بەڵکو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەمانە لە شەڕ و توندوتیژیدا دێت.

یەکێک لە بیرۆکە سەرەکییەکانی پشت خەڵاتی نۆبڵ بریتییە لە خەڵاتکردنی ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کاریان بۆ باشترکردنی جیهان کردووە. لیژنەی نۆبڵ کە ئەرکی دەستنیشانکردنی براوەی خەڵاتی ئاشتییە، جەختی لەوە کردەوە کە خەڵاتەکان نەک تەنها ڕێزلێنانێک بن بۆ دەستکەوتەکانی ڕابردوو، بەڵکوو هاندەرێک بێت بۆ کاری داهاتوو. لەم ڕووەوە خەڵاتی نۆبڵ تەنیا دانپێدانان نییە بەڵکو بانگەوازێکە بۆ کردەوە.



سەرچاوە Serchawe

لە ساڵی ٢٠٢٤ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەخشرایە نیهۆن هیدانکیۆ، کە ڕێکخراوێکە نوێنەرایەتیی ڕزگاربووان یان "هیباکوشا" دەکات لە تەقینەوە ئەتۆمییەکانی هیرۆشیما و ناگازاکی. ئەم بۆمبانە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٥دا خرانە خوارەوە و نزیکەی ١٢٠ هەزار کەسیان لە یەک کاتدا کوشت و لە مانگ و ساڵانی دواتردا بەهۆی تیشکدانەوە و سووتانی خەڵکەوە کوژرانی زیاتری لێکەوتەوە. چیرۆکەکانی هیباکوشا سەبارەت بە ئازار و مەینەتی و لەدەستدان بووەتە ناوەندی خەباتی جیهانی بۆ داماڵینی چەکی ئەتۆمی.

کەم ڕووداو هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە هێندە دراماتیک مەترسییەکانی چەکی وێرانکەر وەک بۆردومانی ئەتۆمی هیرۆشیما و ناگازاکی نیشان بدات. ئەم تابۆیە لە ماوەی نزیکەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێگری لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە جەنگدا کردوە، بەڵام هەڕەشەکان هەر ماون، بەتایبەتی لەگەڵ بەردەوامبوونی مۆدێرنیزاسیۆنی جبەخانە ئەتۆمییەکان و مەترسی بەدەستهێنانی ئەو جۆرە چەکانەی وڵاتانی زیاتر.

چەکی ئەتۆمی وێرانکەرترین چەکی مرۆڤە کە تا ئێستا مرۆڤ دروستی کردبێت. توانای وێرانکردنی شارەکان و کوشتنی ملیۆنان کەس لە چرکە ساتێکدا وایان لێدەکات ببێتە هەڕەشەیەکی وجودی بۆ سەر مرۆڤایەتی. ئەوە تەنها زیانە دەستبەجێییەکان نییە کە مەترسیدارە؛ کاریگەرییە درێژخایەنەکانی لەسەر کەشوهەوا و ژینگە دەتوانێت ببێتە هۆی برسێتی جیهانی و داڕمانی ئیکۆلۆژی، شارستانیەت وەک ئەوەی ئێمە دەیزانین لەناو ببات.

لە جیهانێکدا کە هێشتا مەترسی چەکی ئەتۆمی هەیە، ئەو کارەی نیهۆن هیدانکیۆ و ڕێکخراوەکانی دیکەی شەڕی چەکداماڵین ئەنجامیانداوە، بە نرخێکی بێئەندازەیە. ئاسانە هەست بە بێدەسەڵاتی بکەیت لەبەرانبەر ئەو جۆرە هەڕەشە گەورانەدا، بەڵام ڕێک ئەم هەستە بێدەسەڵاتەیە کە خەڵاتی نۆبڵ هەوڵی بەرپەرچدانەوەی دەدات. خەڵاتی نۆبڵ بە خەڵات کردنی ڕێکخراوەکانی وەک نیهۆن هیدانکیۆ نیشان دەدات کە گۆڕانکاری مومکینە و ئومێد هەیە تەنانەت لە بەرامبەر هەڕەشەکانی گەورە وەک چەکی ئەتۆمی.

خەڵاتی نۆبڵ هەمیشە پەیوەندییەکی تایبەتی بە خەباتی مافی مرۆڤەوە هەبووە. خەڵاتەکە بە پاداشتکردنی ئەو تاک و ڕێکخراوانەی کە لە پێناو دادپەروەری و یەکسانی و کەرامەتی ئینسانی خەباتیان کردووە، ئەوە دەردەخات کە ئاشتی تەنیا لە نەبوونی شەڕ نییە، بەڵکوو بوونی دادپەروەرییە. لە مێژوودا زۆرێک لە براوەی خەڵاتی ئاشتی کاریان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت و بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و پاراستنی لاوازترین کەسانی کۆمەڵگە.



سەرچاوە
Serchawe


مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

خەڵاتی ساڵی ٢٠٢٤ بۆ نیهۆن هیدانکیۆ بە باشی لەگەڵ ئەم نەریتەدا دەگونجێت. کۆمیتەی نۆبڵ بە ڕاکێشانی سەرنج بۆ ئازارەکانی هیباکوشا و خەباتیان بۆ داماڵینی چەکی ئەتۆمی، ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئاشتی ڕاستەقینە تەنها دوورکەوتنەوە نییە لە شەڕ، بەڵکوو دروستکردنی جیهانێکە کە مرۆڤایەتی بتوانێت لە ئاسایش و ئازادی و کەرامەتدا بژی. کارەکانی نیهۆن هیدانکیۆ بەشێکی گرنگی ئەم دیدە فراوانترەی ئاشتییە. لە ڕێگەی شایەتحاڵی خۆیان و پابەندبوونیانەوە دەریانخستووە کە چەکی ئەتۆمی تەنها پرسێکی تەکنیکی یان سەربازی نییە، بەڵکو پرسێکی مافی مرۆڤە. جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی هەمیشە کارەساتی مرۆیی بەرفراوان و ئازاری درێژخایەنی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی کە لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی چەکی ئەتۆمی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بەدەست هاتوون، بەڵام جیهان هێشتا ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەتەوە. جبەخانە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا خەریکە مۆدێرن دەکرێن و زلهێزە ئەتۆمییە نوێیەکانی وەک کۆریای باکوور هەڕەشەی خراپترکردنی دۆخی ئەمنی جیهانی دەکەن. جگە لەوەش گرژییەکانی نێوان زلهێزەکان زیادی کردووە، ئەمەش وایکردووە مەترسیی پێکدادانی ئەتۆمی زیاتر بێت لەچاو دەیان ساڵ. لەم چوارچێوەیەدا خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ٢٠٢٤ وەبیرهێنانەوەی پێویستی بەپەلەی هاوکاری جیهانییە بۆ گەیشتن بە جیهانێکی دوور لە چەکی ئەتۆمی.

٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## کارکرد و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی




**کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**(کارکرد و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی)**

**سمایل شەرەفی**

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆی بەرهەمی کۆمەڵێک فاکتەری وەک گەشەسەندنی ئاگایی و وشیاریی خەڵک و کاریگەرییەکانی تێکنۆلۆژی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە، جیا لە دانانی کاریگەریی جۆراوجۆر لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان و چێکردنی جۆرێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مودێرن لە تاکی کورددا، خاوەنی دەسکەوتی گەورە و شوێندانەرە. کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بەو پتانسێلەی کە لە ئیختیاری دایە، دەتوانێ بەو ئاستە لە ڕاکێشانی متمانەی خەڵک بگات کە لە هێندێک بواردا جێی دەزگای بەڕێوەبەریی لە وڵات بگرێتەوە و جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا بنیات بنێ. بە شێوەیەک کە بزووتنەوە مەدەنییەکان نزیک بوونەتەوە لەوەی کە کۆمەڵگەیەکی هاوتەریب بەرانبەر بە دەسەڵاتی پاوانخواز پێک بێنن.

بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان بەتایبەت لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەی هەمیشە هەوڵی داوە ڕیساڵەت و جەوهەری مەدەنییانەی خۆی بپارێزێ و لەم پێوەندییەشدا جۆرێک لە کەلتورسازییش بکات، بەرانبەر بە سیاسەتە دژی گەلییەکانی نیزامی سیاسیی حاکم بە سەر کوردستاندا وەستاوەتەوە. ئەم بزووتنەوەیە لە زۆر بواردا توانیویەتی بۆشایی دەسەڵاتێکی هەرێمیی خۆماڵی لە کوردستان پڕ بکاتەوە؛ پارێزگاری لە ژینگەی کوردستان، بەڕێوەبردنی بۆنە کەلتووری و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵگە، داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتییان، بەڕێوەبردنی ئەرکی پاراستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی و کارکردن لە سەر بەرزکردنەوەی هەستی هۆشیاریی نەتەوەیی (ناسیۆنالیستی) لە کەسایەتیی تاکی کورد، لەو ئەرکە بنەڕەتییانەن کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەم ساڵانەدا کاری گەورە و بەرچاوی لە سەر کردوون (ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٧).

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردوودا بە قۆستنەوەی دەرفەتە سیاسی و یاساییەکان توانیویەتی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، خزمەت بە زمانی کوردی، ژینگەپارێزی و وردە بزووتنەوەکانی دیکەدا کاریگەریی هەبێت و داهێنان بکات.

سەرەڕای لێڵی و ناڕوونیی ئەرک و دوورە دیمەنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بێگومان بەشێکی بەرهەمی نیزامی دیکتاتۆریی زاڵ بە سەر وڵات دایە، بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕێکخستن و سازماندانی خەڵک بە مانا جەماوەرییەکەی، بێکاریگەر نەبووە. بۆ نموونە لە کاتی بوومەلەرزەکەی ئەزگەلە(١) لە پارێزگای کرماشان و کەوتنەوەی لافاو لە لوڕستان (٢) (کۆکردنەوەی یارمەتی و گەیاندنی بە زیانلێکەوتووان)، ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە سازماندانی خەڵک بۆ یارمەتیدان و گەیاندنیان بە خەساردیتوان لە نەوع و شێوازی خۆیدا بێ وێنە بوو. کە ئەم کاریگەرییەش ڕاست لە متمانەیەکەوە دێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان توانیویەتی لەنێو خەڵکدا لە خۆی درووست بکات. یەکێک لە پێشمەرجەکان بۆ چێبوونی کۆمەڵگەی مەدەن، متمانەی خەڵکە. "متمانە لە کۆمەڵگەدا گرینگترین سەرمایەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە لە وجوودی خەڵکانێکی زانا و سیستەمێکی باشی پەروەردەیی و مودیریەتیدا دەستەبەر دەبێت". خەڵکی کوردستان بە متمانە و باوەڕێک کە بە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەیانبوو، بەبێ هیچ دوودڵییەک کەلوپەل و یارمەتییەکانیان گەیاندە کەمپەینەکان و لە ماوەی کەمتر لە دوو ڕۆژدا بە سەدان تۆن لە کەلوپەل و شتومەکی جۆراوجۆر گەیەندرایە بوومەلەرزە لێدراوان لە ئەزگەلەی کرماشان و لافاولێدراوانی لوڕستان. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە خەڵک هیچ متمانەیەکیان بە ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی وەک مانگی سوور و کەمپەینە دەوڵەتییەکانی دیکە نەبوو.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هاوتەریب لە گەڵ بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکەدا دەچێتە پێش و نێوەرۆک

و ماهییەتی وەک یەکی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی هەیە و بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەر گوتارێکی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستان، توانیویەتی متمانەی خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی بەرەو لای خۆی ڕابکیشێ. ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مەدەنی پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان هەیە و خاوەنی ئێعتبارێکی زۆرن لەنێو جەماوەردا و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندی و خسڵەتانەی ئەوان هەیانە کە بریتییە لە هەست و هزری نیشتماندۆستی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە هەمبەر نەتەوە و کۆمەڵگەدا.

خەڵکی کوردستان زۆرترین متمانەیان بە خەباتە گەورە جەماوەرییە نەتەوەییەکە هەیە و ئەم ڕەوتە بە ڕووگەی خۆیان دەزانن، بەڵام خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وەک باڵێک لە خەباتە گەورەکە دەبیندرێ، بەشێک لەم متمانەیەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەم پێوەندییەدا ڕەهبەر مەحموودزادە پێی وایە "مەرجەعی سەرەکیی خەڵکی کوردستان ڕەوتێکی مێژوویی هەبووە بە ناوی خەباتی جەماوەریی گەل. ئەو خەباتەش وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، خاوەنی دوو باسکی سەرەکیی بووە؛ خەباتی شار و خەباتی شاخ (بەستێنی مەدەنی و بەستێنی شۆڕشگێڕی) ئەو متمانە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستان کە دەبوا بۆ کۆی دامودەزگاکانی حاکمییەتی ناوەندی هەیبایە (بە مەرجی دێموکراتیکبوونی)، بەخڕی و پتەوی گواستراوەتەوە بۆ دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە خەباتی جەماوەری. خەڵکی کوردستان خۆیان لە دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوە مەدەنییەکان بە نامۆ نازانن و ئەو دامەزراوانە بە هی خۆیان دەزانن. ئەم پێوەندی و متمانە دووقۆڵییە لە چەندین ڕووداوی پێوەندیدار بە کارەساتە سروشتییەکان بە تەواوی سەلمێندرا و چەسپا."

کاتێک کە خەڵک بەرانبەر بە گیانلەدەستدانی چالاکی ژینگەپارێز، شەریف باجوەر (٣) بە شێوەی جەماوەری بە دانی دروشمی "پارێزەری نیشتمان، بوو بە شەهیدی کوردستان"، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیاندا کرد، دەرکەوت کە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکان خاوەنی متمانەیەکی بەرزی جەماوەرین کە نموونەی لەوجۆرە زۆرن. "بە هۆی متمانەیەک کە بزووتنەوەی مەدەنی توانیویەتی لای خەڵکی کوردستان دەستەبەری بکات، لە قۆناغی ئێستادا ئەم بزاوتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانای ڕێکخستنی ڕەفتاری مەدەنیی خەڵکی هەیە و ئەمەش دەتوانێ دەسکەوتێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بێ بۆ هەلومەرجێک کە ئەمڕۆ نیشتمانەکەمانی پێدا تێدەپەڕێ (ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٧).

ژینگەپارێزی وەک یەکێک لە بوارەکانی خەباتی مەدەنی کە لە کوردستان توانیویەتی زۆرترین چالاکانی مەدەنی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، یەکێک لە شوێندانەرترین بوارەکانی کاری مەدەنییە لەسەر ئەندێشە و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە و زۆرترین متمانەی کۆمەڵگەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. "بابەتی ژینگە بابەتێکی ناسنامەیی و شوناسخوازییە. لەخۆڕا نییە


سەرچاوە
Serchawe

ژینگەپارێزانی ئێمە وەک چالاکی مەدەنی و سیاسی چاو لێ دەکرێن و کاتێک گیانیان دەبەخشن وەک شەهید ناویان دەهێنن و وەک قارەمانێک ڕێوڕەسمیان بۆ بەڕێوە دەبەن."

لەسەرپێترین و سەربەخۆترین بەشی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان کە ئەرکی گرینگی بزووتنەوەی مەدەنی لە ئەستۆیە، دامەزراوە ژینگە پارێزییەکان و بنکەکانی فێرکردنی زمانی کوردین کە هەردووکیان لە چوارچێوەی گوتاری نەتەوەیی کورددا و سەربەخۆ لە هەر کاریگەرییەکی گشتیی ئێرانی و جوغرافیای کوردستانی گەورە، بە بابەتی ڕۆژهەڵاتەوە نووساون و ڕۆژانە چالاکیی خۆیان لە چوارچێوەی کار و چالاکییە تایبەتەکانی خۆیان دەبەنە پێشێ. بۆ چالاکانی ژینگە، ژینگە کە هەمان نیشتمان و کوردستانە بۆتە بەستێنێک بۆ پەروەردەی ڕوحی نەتەوەیی و خۆشەویستی و پاراستنی ئەو خۆشەویستە ئازار چێشتووە کە هۆکارە سەرەکیەکەی داگیرکەرانی کوردستانن. فێرگەکانی زمانی کوردی و مۆسیقاش بەستێنێکن بۆ بەرفراوانکردنی زمان و پەرەپێدان بە کەلتوورێک کە ڕۆژانە دەسەڵات پیلانی بۆی هەیە و بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو لە لایەن دوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییەوە کەوتۆتە بەر پەلاماری سڕینەوە و هاوشێوەسازی، بەڵام ئێستا ئەم ناوەندانە نە تەنیا میراتی کۆنیان ڕاگرتووە، بەڵکوو خەریکی گەشەی کەلتوور و زمانی کوردین و دەسەڵاتیان ناچار بە قەبووڵی واقعیەتی خۆیان کردوە.

پێشترلە خودی کۆمەڵگەی کوردستانیشدا گرینگییەکی وا بە پاراستنی ژینگە نەدەدرا و خەڵک کەمتەرخەم بوون بە نیسبەت ئەو ژینگەیەوە کە تێیدا دەژیان، بەڵام ئێستا لە سایەی هەوڵ و چالاکیی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و لە سایەی ئەو ڕەوشەنگەریەی کە ئەوان کردوویانە و دەیکەن،ڕوانگەی زۆربەی زۆری خەڵکی کۆمەڵگەی کوردستان بە نیسبەت ژینگەوە گۆڕدراوە و تەنانەت وەک بایەخێکی نەتەوەیی و جۆرێک لە کوردایەتی سەیر دەکرێ. تا ڕادەیەک لە هەموو شارەکانی کوردستاندا ڕێکخراوی تایبەت بە ژینگەپارێزی هەیە کە چالاکانی ژینگەپارێزی بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر، بیر لە چۆنیەتیی پاراستنی ژینگە و هاندانی خەڵک بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان دەکەنەوە. ئەوان نە تەنیا بە دەستی بەتاڵ و ئەوپەڕی بێ ئیمکاناتییەوە خەریکی پاراستنی ژینگەی کوردستانن، بەڵکوو بەرانبەر بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە ژینگە بەرەنگاری دەکەن.

خەڵک متمانە و ڕێزی زۆر بۆ ئەو کەس و کەسایەتییانە قایلە کە وەک ڕوخسار و سیمای جموجۆڵی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دەرکەوتوون، بەتایبەت کە زۆر لەوان باجی گەورەیان لە بواری ئاسایش و ئەمنییەتی گیان و ماڵی خۆیان داوە. بەڵام لەوانەیە بە دوو هۆکاری؛ ماهییەتی دیکتاتۆریی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان و، کەم ئەزموونیی کورد لەم بەستێنە لە خەبات، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا مابێتی کە بگاتە ئاستی چاوەڕوانییەکان. "نە

بەستێنەکە (کۆمەڵایەتی و سیاسی) لەبار بووە و نە چالاکانیش توانیویانە بە نەخشە ڕێگا و دوورەدیمەنێکی ئەوەندە ڕوون و بە ساز و کارێکی ئەوەندە کارا و هەمەلاگیردا بچنە پێش کە هیوایەکی ڕێکخەر لەنێو خەڵکدا درووست بکا، هیوایەک کە پەیوەستبوونی جەماوەریی مەیدانی، مەودادار و ئالەنگارساز بە هەوڵ و دەسپێشخەرییەکانی ئەو چالاکە مەدەنییانەی لێ بکەویتەوە."

ڕێکخراوەکان، لە نەبوونی بەرنامە، دەستکورتیی ئابووری و بە هۆکاری مەحفلیبوونیان کە نەیانتوانیوە لە پانتایی جەماوەری کۆمەڵگەدا خۆیان دەربخەن، نەشیانتوانیوە وەک دامەزراوە و ڕێکخراو خۆ ڕێکبخەن و کارەکانیان بۆ زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە نییە. جیا لە ڕێکخراوەکانی چالاکی بواری ژینگەپارێزی کە ئەوانیش زیاتری پێوەندییەکانیان لە گەڵ خەڵکدا سۆزدارییە، ڕێکخراوە مەدەنییەکانی دیکە لە بازنەیەکی بەرتەسک و مەحفلیدا کار دەکەن و هێشتا خۆیان بە جەماوەری نەکردوە.

بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ئەمری واقع، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات و زیاترمتمانەی جەماوەر بەدەست دێنێ. ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی نیمە ڕێکخراو کارەکانی لە هەموو بوارەکاندا ڕادەپەڕێنێت و سەدان ڕێکخراو و NGOی لە پشتە و بە هەزاران مرۆڤی دەروەست و ئاگا کاری بۆ دەکەن و پێوەی ماندوون. لە هەموو بوارەکاندا ئەزموونی باش بەدەست هاتوە و دەرفەتی گەشەسەندنی لە زیادبووندایە.

***

١- بەهۆی ڕوودانی بوومەلەرزەی ٧ ڕیشتەری لە ئەزگەلەی کرماشان لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی بە هۆی بوومەلەرزەیەکی ٧ ڕیشتەرییەوە لە ئەزگەلە هەڵکەوتوو لە پارێزگای کرماشان، زیاتر لە ١٠ هەزار کەس مردن و بریندار بوون و زیانێکی زۆری ماڵییش وە خەڵکی ناوچەکە کەوت.لەم پێوەندییەدا بە هەوڵ و هیممەتی چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شەپۆلێک لە کۆکردنەوەی یارمەتی و گەیاندنیان لە کورتترین ماوەدا بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە هەر لە شارەکانی ماکۆ و سەڵماسەوە تا خوارترین ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە ڕێ.

٢ -لە سەرەتای سەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی بە هۆی کەوتنەوەی لافاو لە ناوچەی کوهدەشتی لوڕستان زیانێکی قورسی ماددی وە خەڵکی ناوچەکە کەوت و جیا لە گیانلەدەستدانی ئافرەتێک بە دەیان کەس بریندار و بە هەزاران کەس بێ ماڵ و گوزەران بوون کە لە سەر داواکاریی چالاکانی مەدەنی خەڵکی کوردستان بە یارمەتییەکانیان بە هانایانەوە چوون و

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

پارمەتییان دان.

٣- یەکێک لە هەڵسووڕاوانی مەدەنیی کوردستان و چالاک لە بواری ژینگەپارێزی و ئەندامی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان کە هاوڕێ لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی ژینگەپارێزی (ئۆمید کۆنە پۆشی، محەممەد پەژووهی و ڕەحمەت حەکیمی نیا )، ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە حاڵێکدا خەریکی کووژاندنەوەی ئاوری دارستانەکانی مەریوان بوون، بە هۆی بەربڵاویی ئاورەکەوە گیانیان لەدەست دا.

٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# نێعمەتی شەڕ لای فاشیزمی مەزهەبیی ئێران



عەلی بداغی

٤٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران جیا لە نەگبەتیی شەڕ، ماڵوێرانی، هەژاری و داڕمانی ئابووری و بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان ئاکامێکی دیکەی نەبووە. لانیکەم دیکتاتۆر و فاشیستەکانی پێشووی وەک هیتلێر و مووسولینی بە پلانە ئابوورییەکانیان توانیبوویان پێداویستیی ژیانی شەرەفمەندانەی توێژەکانی خوارووی کۆمەڵگە دابین بکەن و ماشێنی نیزامی و شەڕی وڵاتەکەیان لەسەر پیشەسازی و ئابوورییەکی بەهێزی خۆوڵاتی بنیات بنێن. بەڵام خومەینی و میراتگری دواتری بە چەوساندنەوە و برسیکردنی خەڵکی وڵات، بە سەرکوتی خوێناوی هەرچەشنە بزووتنەوەیەکی مافخوازانە و ڕەوا لە کۆمەڵگەدا، و بە هەرزانفرۆشکردنی سەروەت و سامانی گشتیی وڵات بە وڵاتانی وەک چین و ڕووسیە، سوپای جەنگی و مووشەکەکانی لەسەر پێ ڕاگرتوە و ئاگری شەڕی لە ناوچەدا هەڵگیرساندوە.

با بۆ سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بگەڕێینەوە. دوای هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران و داگیرکردنی چەند شارێکی وەک خوڕەمشار، لە ماوەی چەند مانگدا و پاش شکاندنی گەمارۆی سەر ئابادان و وەرگرتنەوەی خوڕەمشار و پاشەکشەی سوپای سەدام دەکرا شەڕ کۆتایی بێت. بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکەش زۆر لایەنی ناوچەیی و نێودەوڵەتی کەوتنە خۆ، بەڵام

خومەینی بە دروشمی "شەڕ شەڕ هەتا سەرکەوتن" ئەم شەڕەی بۆ ماوەی حەوت ساڵی دیکە درێژ کردەوە. دواجار نەک هیچ سەرکەوتنێکی پێ نەبرا، بەڵکوو ناچار بوو جامە ژارەکەش فڕ کا، بەڵام ئەم شەڕخوازییەی کۆماری ئیسلامی چی بە سەر کۆمەڵگە و وڵاتی ئێران هێنابوو:

٢٢٦ هەزار کوژراو، ٥٧٥ هەزار بریندار، ٦٢٧ میلیارد دۆلار تێچووی شەڕ، ٦٤٤ میلیارد دۆلار زیان و خەساری ماددی و دارایی لە ژێرخانی ئابووریی وڵات، دابەزینی نەوت لە ٣٥ دۆلارەوە بۆ ١٠ دۆلار، وێرانیی ژینگە و فەوتان و تێداچوونی سەتا ٨٠ی نەخلستانەکانی باشووری ئێران، تەرتوتونابوونی ٧٣٥ تانک، ٣٩٧ فرۆکەی شەڕکەر و ٣٥٤ هێلیکۆپتەر؛ هەروەها بەجێمانی ١٦ میلیۆن مین لە خوزستان و کوردستان، کە پاش ٣٥ ساڵ لە کۆتایی ئەو شەڕە ئێستاش لەبن پێی خەڵکدا دەتەقێنەوە و کارەساتیان لێ دەکەوێتەوە.

خومەینی ساڵێک پێش ئەوەی فیتوای شەڕ دژی عێراق بدا و دروشمی "شەڕ نێعمەتی خواییە" بەرز بکاتەوە، لە نێوخۆی وڵاتیشدا فیتوای جیهاد و شەڕ لە دژی کوردەکانی دابوو، ئەو شەڕفرۆشی و تامەزرۆییەی کۆماری ئیسلامی بە وێرانی و خوێنڕشتن ئەگەرچی خەڵک و وڵاتی تووشی زۆر خەسار و قەیران کردوە، بەڵام بۆ ڕێژیم پڕ دەسکەوت بووە. لە سۆنگەی پێشتریتیی شەڕەوە هەموو جموجۆڵێکی مافخوازانە و ناڕەزایەتییەکی سەرکوت کراون، هەزاران چالاکیی سیاسیی لە زیندانەکاندا گوللەباران و لەدار دراون؛ دوایەش هێزە چەکدار و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بوون بە دەیان مافیا و کارتێلی ئابووری بۆ مژینی خوێنی خەڵک و بەتاڵانبردنی سامانی وڵات بۆ شەڕفرۆشییە ئایدۆلۆژییەکان و وەدیهێنانی هیلالی شیعە!

پەرەدان بە توندئاژۆیی ئایینی، تێرۆریزمی دەوڵەتی، دروستکردنی میلیشیا و پڕچەککردنیان بۆ شەڕی نیابەتی، قووڵایی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی بەرگێڕەوەی ڕێژیم هەتا ئێستا بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی گشتیی خەڵکی ئێرانی بۆ ئەم ستراتیژییە خەرج کرد، بەڵام بینیمان کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە فەلەستین، لوبنان، یەمەن و سووریە بوونە هەمووی بوونە تۆز و خۆڵ و ئاگر و چوونە ئاسمان!

لەلایەکی دیکە و لە تەنیشت بەفیڕۆدان و تێداچوونی دەیان میلیارد دۆلار لە سامانی خەڵکی ئێران کە خەرجی ماشێنی تێرۆر و شەڕانشۆیی کۆماری ئیسلامی کراوە، دەیان هەزار کەسیش لەو وڵاتە بەلاێدراوانەدا بوونەتە قوربانیی سیاسەتی شەڕهەڵایسنیی ڕێژیم کە بەشی زۆریان خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ بوون. بێگومان ویژدانی زیندوو و مرۆڤایەتی بە



سەرچاوە
Serchawe

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

کوژرانی خەڵکی بێتاوان لە غەززە و لوبنان و ئاوارەبوونی گیاندەربازکردووەکانی شەڕ لە ماڵ و حاڵیان نارەحەتە؛ بەڵام خامنەیی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نا! ئەوان شەڕەکەیان هەڵگیرساند چونکی بەرژەوەندیی خۆیانیان تێدا دەدی و دەیانەویست لەسەر حسێبی کوژران و ماڵوێرانیی ئەو خەڵکە، پڕۆژە و بەرنامە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانیان بەسەر کۆمەڵگەی جیهانیدا بسەپێنن.

لە ئێستادا سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ئێستادا بەرەورووی زۆرترین دژایەتی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بۆتەوە. هەروەها لە نێوخۆی ئێرانیشدا خەڵکی وڵات کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا زۆرترین خەساریان لە سیاسەت و قەیرانخوڵقێنییەکانی کۆماری ئیسلامی بەر کەوتوە، زۆر ڕاشکاوانە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم وەستاونەتەوە و ساڵ بە ساڵ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بە ئەکتی سیاسی سەلماندوویە کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار هیچ چەشنە شەرعییەت و ڕەواییەکی خەڵکیی نییە. پتر لە دوو دەیەشە بەئاشکرا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی "نە غەززە و نە لوبنان" و "دوژمنی مە لێرەیە" بەرپەرچی سیاسەتی نێوخۆیی، دەرەکی و ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامییان داوەتەوە. خەڵکی ئێران بە ئاشکرا دەڵێن ئەم شەڕەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خەریکە داوێنی ئێران دەگرێت، شەڕی خەڵکی ئێران نییە و شەڕی کۆماری ئیسلامییە. خامنەیی لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی ١٣ی ڕەزبەری حەوتووی پێشوودا جینایەتی سامناکی حەماس لە هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبری پارەکەی بە قانوونی، ڕەوا و مەنتیقی ناو برد و بە شان و باهۆ و سیاسەتی گرووپە نیابەتییەکانی هەڵاگوت کە بوونەتە هۆکاری کوژرانی دەیان هەزار کەس لە غەززە و لوبنان و لەبەریەکهەڵتەکانی ژێرخانی ئابووریی ئەو ناوچانە. خامنەیی هەروەها هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی بە شانازییەکی گەورە ناو برد و پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان پێداگریی لەسەر پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە کردەوە. بەڵام خەڵکی ئێران نەکهەر لەو ڕوانگە و سیاسەتەی نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیان بێبەرین، بەڵکوو بۆخۆیان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمەدان.

مێژوو پێمان دەڵێ هەموو نیزامە سیاسییە سەرکوتگەرەکان لە فاشیزمی ئیتالیاییەوە بگرە هەتا نازیسمی ئاڵمانی دوای شەڕهەڵایسینی و تێکشکان دارماون و هەرەسیان هێناوە، ئەمجارەشیان نۆرە گەیشتووەتە کۆماری ئیسلامی. بەتایبەت کە کەڵەکەبوونی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکان کە لە بەفرانباری ١٣٩٦ەوە تەقیونەتەوە و لە بزووتنەوەی ئێعترازیی ژن، ژیان، ئازادیدا گەیشتە ترۆپکی خۆی؛ زیاتر لە هەر کاتێک ڕێگای بۆ ڕووخانی ڕێژیم خۆش کردوە.

٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# مەیل و مەرامە شەڕاشۆییەکان، کۆماری ئیسلامی وەک ماکەی سەرەکی



**سمایل شەرەفی**

کیشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێوەندیدار بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ. لە تازەترین هێرشی مووشەکیی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ سەر پێگەیەکی سەربازیی ئیسرائیل لە بنیامینای نزیک شاری حیفا، چوار سەربازی ئیسرائیلی کوژران و نزیک بە شەشت سەربازی دیکە بریندار بوون. هێرشەکە بە چوار درۆنی شەڕکەر کراوە کە سێیان لە لایەن بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیلەوە پووچەڵ کراونەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ دوای هەوڵێکی زۆر بۆ وەرگرتنی چراسەوزی ئەمریکا بە مەبەستی وڵامدانەوە بە هێرشەکەی ١ی ئۆکتۆبری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وڵاتەکەی، سەرقاڵی خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنەوە سەر ئێرانە. هەرچەند وەک باس دەکرێ هێرشەکە چوارچێوە و مەرجی خۆی هەیە و ئیسرائیل دەبێ خۆی لە هێرشەکردنەسەر پێگە ئەتۆمی و نەوتییەکانی ئێران بپارێزێ.

کۆماری ئیسلامی کە لە وڵامدانەوەی ئیسرائیل هەم دڵنیایە و هەم ترسیشی ڕێنیشتووە، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە هێرشەکە

لەسەر خۆی سووک بکات، بۆیە دەستەوداوێنی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە بووە و بۆ ئەم مەبەستە وەزیری دەرەوەی ڕێژیم، عەبباسی عێراقچی لە جەولەیەکی دیپلۆماتیکدایە.

ئەمریکا کە لەسەر جۆری وڵامدانەوەی ئیسرائیل بە هێرشەکەی ١ی ئۆکتۆبری کۆماری ئیسلامی، گوشارێکی دیپلۆماتیکی خستووەتە سەر ناتانیاهۆ، دەستبەرداری پشتیوانییەکانی لە ئیسرائیل نیە و ناشبێت. بڵاوکراوەکانی ئەمریکا لەو چەند ڕۆژەدا باسیان لەوە کردوە ئەمریکا لە تەیارکردنی ئیسرائیل بە چەکی جۆراوجۆری دژە مووشەک، بەردەوام دەبێت. سیستەمی دژە مووشەکی "تاد" کە یەکێک لە دەسکەوتە هەرە پر بایەخ و وردئەنگێوەکانی ئەرتەشی ئەیالاتی یەکگرتووی ئەمریکایە، لەم ڕۆژانەدا دەدرێتە ئیسرائیل کە یەکێک لە گەورەترین مەئموورییەتەکانیشی ئەنگاوتنی مووشەکەکانی ئێران دەبێ.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە یەکجاری تووڕە و نیگەران کردوە، بە جۆرێک کە عەبباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران بە زمانێکی زبری تێکەڵ بە هەڕەشە گوتویەتی؛ ئەم کارەی ئەمریکا دەبێتە هۆی وەمەترسیکەوتنی گیانی سەربازەکانی.

ئادرەسی هەڕەشەکانی عێراقچی دیارە کوێیە. ئێران ڕاستەوخۆ خۆی لە ئەمریکا و هێزەکانی ناگەیەنێ؛ نە توانا و نە مەوقعییەتی ئەوەی هەیە، بەڵام وەک تا ئێستا نیشانی داوە لە ڕێگای هێزەکانی نزیک لە خۆیەوە لە عیراق، دەتوانێ دەست لە سەربازە ئەمریکاییەکان بوەشێنێ کە ئەو هەڵوێستانە وەک پێویست کار ناکەنەسەر پێوەندیی ئیستراتژیکی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و پشتیوانییەکانی واشنگتۆن بە تێلئاڤیو بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

هێرشی دوێنێ شەوی حیزبوڵڵا بۆ سەر ئیسرائیل کە خەساری بەرچاوی گیانی و سەربازیی بۆ ئەم وڵاتە بەدواوە بوو، بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخاتە مەوقییەتێکی دیکەوە. ناتانیاهۆ هەموو ئەم هێرشانە بۆ سەر وڵاتەکەی لە چاوی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەبینێ. بۆیە پێناچی هێرشە لەسەر ڕێککەوتووەکەی بۆ سەر ئێران، بەوجۆرە بێت کە ئەمریکا بۆی دیاری کردوە و وڵاتانی عەرەبییش لێیان خواستووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل دژ بە بەرنامەکانی ناتانیاهۆ و گەورەبوونەوەی کیشەکان و خەسارە گیانی و سەربازییەکان، لە زیادبووندان. دژبەرانی ناتانیاهۆ لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی وڵاتەکە، پێیان وایە زیادەڕەوییەک بە مەرامی سیاسی لە لایەن دەوڵەتی ناتانیاهۆوە لە ئارادایە کە خەریکە وڵاتەکەیان بەرەو مەترسییەکی گەورە دەبات. ئەو ناڕەزایەتییە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن کە خەریکە لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلدا پەرە دەستێنی، فاکتەرێکی کەم نییە و دەوڵەتی ناتانیاهۆیش ناتوانێ چاویان لەسەر دابخات.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام وەک هەمـوو لایەک بەباشـی لێـی ئاگـادارن و یەکێـک لە هۆکـارە بنەڕەتـی و سـەرەکییەکانی درێژەکێشـانی ئەم ئاڵۆزییـانەیە و لەوانەیە بەردەوامبـوونی ناتانیـاهۆ لە وڵامـدانەوە بەم شـەڕ و شـۆڕانەدا درێـژ بکـاتە و نەیارانیشـی بـۆ ماوەیەکی کاتی بەدوور لە ناڕەزایەتی ڕابگرێ، مەیلی شەڕئەنگێزانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی کە لە نێو خـۆی وڵاتەکەدا لەگەڵ نـاڕەزایەتییەکی بەربەرینـی کـۆمەڵانی خەڵـک بەرەوڕوویە و دەیـان قەیرانـی جۆراوجـۆر هەیە و تەنانەت توانای مودیرییەتی دیاردەیەک بە ناوی "ونبوونی و بێسەروشوێنبوونی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سپای قودس، ئیسماعیل قائانی"ی نییە، هەموو شانس و گرەوێکی لە سەر سیاسەتی شەڕاشۆیی خۆی و "نێعمەتی شەڕ"ە.

جیا لە کایە دیپلۆماتیک و بەرژەوەندییە دیارونادیارەکانی پشتی پەردەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزییـانە؛ ئەوەی دەیبینین یەکتر بەهێزکردنی مەیل و مەرامە شەڕئەنگێزەکانن کە کۆماری ئیسلامی ئێران ماکە و هۆکاریی سەرەکیی ئەم دۆخەیە.

٢٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# هەنار لە ئەدەبیاتی باوەڕیی کوردانی زاگرۆسدا



**سارۆ خوسرەوی**

هەر لە دێرزەمانەوە، هەنار لە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس، وەک میوەیەکی تامخۆش و هێمایەکی پیرۆز لەنێو ئایین و ئەفسانە کۆنەکاندا باسی لێوە کراوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی مرۆڤی کورد لەگەڵ ژینگە و سروشت و خۆشەویستیی لەڕادەبەدەریان بۆ دارودرەخت.

هەنار، لەبەر جوانی و زۆریی دانەکانی، لە کولتووری زاگرۆسدا، بە میوەیەکی پڕبەرەکەت ناوی ڕۆیشتوە. دەگێڕنەوە لە کولتووری کۆنی کوردەواریدا، هەرکات کۆرپەیەک هاتۆتە دنیا، بۆ ئەوەی هاڵ (دێوی کۆرپەکوژ) نەیبا، بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە بەردەم ئەو ماڵە تەلیسمێکیان لە دارهەنار هەڵواسیوە.

بەو جۆرەی کولتوورناسانی کورد باسیان لێوە کردوە، زەمانی زوو لەکاتی شایی و زەماوەندا، ئەم میوەیە لەلایەن زاواوە پێشکەش بە بووک کراوە، بۆ ئەوەی ئەو بووکە لە پرۆسەی ژیانی هاوسەرییدا وجاخ کوێر نەبێت و ببێتە خاوەن مناڵ، کە

دیاره هەنار لێرەدا بە هێمای زاوزێ و بەرەکەت و بەردەوامیی ژیان لێکدانەوەی بۆ کراوه. تەنانەت کاتی خۆی لە کوردەواریدا زۆر منداڵ کە لەدایک دەبوون، ناوی هاوشێوەی هەناریان لێ نراوه، وەک،

"هەنار، هەناره، نار، گوڵنار و ناریێ". هەروەها ناوی زۆرێک لە شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان لە هەنارەوه وەرگیراوه، لەوانە "هەناره، ئەنارکی لە شاری ئیلام، ئەنار لە سەرحەد و باخەهەناره لە گەرمیان".

لە تاتەقوڕینەکانی سۆمەریشدا، وێنە و شوێنەواری هەنار بەرچاو کەوتوه، کە وەک پیرۆزی و داری ژیان بینراوه.

هەروەها بەگوێرەی ئەفسانە یۆنانییەکان، ئافرۆدیتی خواوەندی ئەوین، دارەهەناری بە دەستی خۆی لەنێو دوورگەی قیبرس چاندوه و بە ڕژانی خوێنی دیونوسوس، هەنارەکە گەشەی کردووه.

یان وەک ئەوەی لە دەقە کۆنەکاندا ئاماژەی پێ کراوه، دەنکی هەنار هێمای زاوزێی ئاناهیتایە. گوڵەهەنار هێمای ئاگردانە. زەردەشتییەکان لە کاتی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانیان چڵە هەنارێک بە دەستەوه دەگرن و لەناو ئاتەشگە و مەزارگەکانیشیان داری هەنار دەچێنن.

لە شەوی چلەدا، کە درێژترین شەوی ساڵە و بە شەوی لەدایکبوونی خۆر ناوی دەرکردوه، کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خوانەکانیان بە هەنار دەڕازێنەوه و پێیان وایە، ڕەنگی سووری هەنار هێمایە بۆ خۆر و گەرما و نیشانەی بەڕێوەبوونی بەهار و ژیانێکی نوێیە.

لە فەرهەنگی ناوچەکانی هەورامان، هەنار لە ڕەگەزی مێیە. بە پێی باوەڕی خەڵکەکە، سووری ڕەنگی هەنار دەگەڕێننەوه بۆ خوداوەندیی میترا و هێمای پیرۆزیی ئاگر لە ئاتەشگە کۆنەکانی هەوراماندا. واتە، هەنار لە کولتوور و ئەفسانەی زۆربەی وڵاتاندا، هێمای زاوزێ و بەرەکەت و ئەویندارییە.

لە ئایینی میترا و کولتووری زاگرۆسدا، تاجی سەری پادشاکان لە گوڵی هەنارەوه وەرگیراوه و تا ئەوڕۆش وەک خۆی ماوەتەوه، ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ ئەو ڕیشە کۆنەی کە لە میزۆپۆتامیادا هەیە.

هەنار، لەبەر خۆشی و جوانی و گرینگیی لە کولتوور و ئەفسانەکاندا، زۆرتر لە هەر میوەیەکی تر لە کاتی گردبوونەوەی

کوردان لە ناوچەکانی هەورامان و دەڤەری گۆران لە کرماشان، وەک شەوچەرە ئامادە دەکرێت.

ئێستاش بەشێک لە دانیشتوانی ئیلام و لوڕستان وەک نەریتکی دێرینە لە ڕۆژی جەژنی نەورۆز، چەند هەنارێک دەخەنە نێو کاسەیەکی پڕ لە ئاو و وەک هێمای بەرەکەت و ڕووناکی لە بەردەم ماڵەکانیان دایدەنێن.

لە ڕووی ئایینییەوە، هەنار لە ئایینی یاریدا میوەیەکی تاڕادەیەک تایبەتە و بە هێمای پیرۆزی، یەکبوون و هەرمان چاوی لێ دەکەن. پیرۆزی ئەم میوەیە لە جەژنی سێ ڕۆژەی خاوەنکار یان جەژنی پادشایی یارساندا بە ڕوونی دەبینرێت. هەنار لە دەستپێک تا کۆتایی جەژنی خاوەنکار لە جەم و خەمخانەکانی یارسان وەک نیاز دوعای لەسەر دەخوێندرێت و لە نێوان جەمنشینان دابەش دەکرێت. هەموو یارسانییەک کە بەشە هەناری خۆی وەردەگرێت، لە پێشدا ماچی دەکات و پاشان دەیخوات. جگە لەوە، لای یارسانییەکان گونجاو نییە لە جەمدا هەنار لە نێوەڕاستڕا لەت بکرێت، بەڵکوو دەبێ بە شێوەیەک لەت بکرێت، دانەکانی کە نیشانەی بەرەکەت و یەکبوونە، زیانیان پێ نەگات. تەنانەت هەر لەبەر ئەم هۆکارە، زۆرجار یارسانییەکان لەباتی چەقۆ بە دەست هەنار لەت دەکەن.

لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕی یارساندا، هەنار چەتری یەکبوونە، وەک ئەوەی کە سەدان دانەی هەنار لەناو پێستێکدا یەکیان گرتوە. لەنێوان هەر ڕیزە هەنارێک پەردەیەکی سپی و ناسک هەیە کە ئەو پەردەیە سنووری نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، بەڵام لە گەوهەردا هەر هەموویان بەرهەمی یەک دارن و لە یەک سەرچاوە ئاویان خواردوەتەوە. ئەم بیرۆکەیە دیارە لە فەلسەفەی مرۆڤمەداریی ئایینی یاریدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها لە یارساندا، پیرۆزیی هەنار ڕیوایەتێکی ئەفسانەیی هەیە کە ئەویش پەیوەندی بە لەدایکبوونی "باوەیادگار"، یەکێک لە ڕێبەرانی یارسانەوە هەیە، کە گوایە "دادە سارا" پاکیزە کچی پیر میکائیل, لە ڕێگای خواردنی دەنکە هەنارێک لە جەمی یارساندا، دووگیان بووە و دوایی باوەیادگاری هێناوەتە دنیاوە. دیارە ئەمە تەنیا ئەفسانەیەکە لە ئەدەبیاتی باوەڕی یارساندا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هێمای پیرۆزیی هەنار لەگەڵ دۆنادوونبوونی مرۆڤ بە ڕووەک. مەبەست لەم ئەفسانەیە ئەوەیە کە مرۆڤ سروشت بە بەشێک لە خۆی بزانێت و ڕێزی لێ بگرێت.

لە چیرۆکی ئەفسانەیی (دەنکە هەنارە) دا ئەم میوەیە وەک هێمای زاوزێ و ڕەمزی خۆشەویستی نیشان دەدرێت. ئەم چیرۆکە زار بە زار لە باوانمانەوە پێمان گەیشتوە و پڕە لە ڕاز و نهێنی و ئەوینی مرۆڤی کورد بۆ دار هەنار و ژینگەدۆستیی مرۆڤ لەگەڵ ڕووەک و درەخت.



سەرچاوە
Serchawe

لە چیرۆکی ئەفسانەیی دەنکەهەناردا هاتووە: "کچێکی تەلیسمکراو لەناو هەنارێکدا دەژی. شازادەیەک کاتی ڕنینەوەی هەنار، دەیەوێ یەکێک لە هەنارەکان بشکێنێ، کە دەنگی کیژۆڵەیەک دەبیستێ. کیژۆڵە لەناو هەنارەکە دێتە دەر و هێدی هێدی گەورە دەبێ. لەگەڵ گەورە بوونی کیژۆڵە، شازادە عاشقی دەبێ.

دەنکە هەنارەکە گەورە دەبێ، بەڵام ڕووتە و شازادە دەچێ پۆشاکی بۆ بێنێ تا بتوانێ لەگەڵ خۆی بیباتەوە. شازادە ماڵاوایی لێ دەکات و بەرەو کۆشک دەکەوێتە ڕێ. کچە لە پاڵ دار هەنارەکە چاوەڕوانی گەڕانەوەی شازادە دەکات، کە لەلایەن دێوێکی ڕەشەوە دووبارە تەلیسم دەکرێ.

دێوەڕەش ملوانکەیەکی دەنکە هەنارەکە لە مل دەکا و چاوەڕوانی شازادە دەکات. شازادە دوای گەڕانەوەی بۆ لای دار هەنارەکە، لە تەشک و قۆڕەی دێوەڕەش دەحەپەسێ، بەڵام دێوەڕەش دەڵێت: ئەوە چاوەڕوانیی زۆر وای لێ کردووم و ئەگەر لەنێو کۆشک خۆم بشۆم، جوانییەکەی جارانم بۆ دەگەڕێتەوە.

شازادە دوای گەڕانەوەی بۆ کۆشک، لە دێوەڕەش بە گومان دەبێ و بۆ گەیشتن بە عەشقی ڕاستەقینە و دۆزینەوەی دەنکە هەنارەکە، چڵە هەنارێک لەنێو حەوشی کۆشک دەچێنێ و دواجار دەنکە هەنارەکە دەبێتە کۆترێک و خۆی دەگەیەنێتە لای شازادە".

لەبارەی دۆناودۆنبوونی مرۆڤ لەگەڵ دار و درەخت، ڕیوایەت و چیرۆکی پڕ لە ڕاز و ڕەمز هەن لە دنیا. وەک ئەوەی کە لە ئاوێستادا هاتووە، یەکەمین ژن و پیاو، واتا مەشی و مەشیانە، لەناو پەلکی ڕێواسێکەوە هاتوونەتە دنیا. جیا لە کورد، خەڵکی دیکە هەن کە پێیان وایە، یەکەمین مرۆڤ لە ڕووەکەوە هاتووەتە دنیا، بۆ نموونە خەڵکی مالیزیا پێیان وایە، یەکەمین مرۆڤ لەنێو درەختی بامبۆوە هاتووەتە دنیا.

جێگای باسە، هەتا ئێستا بەشێکی زۆر لە کوردانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت هەورامی و یارسانییەکان، کە باوەڕیان بە کولتووری کۆنی زاگرۆس و ئایینە کوردییەکان ماوە، ساڵانە و لە وەرزی پاییزدا، جەژنی هەنار بەڕێوە دەبەن.

ساڵانە فستیڤاڵی هەنار لە زۆربەی ناوچەکانی هەورامان وەک ڕێوڕەسمی شوکرانەبێژی بەڕێوە دەچێت. ئەم نەریتە لە نمایشکردن و فرۆشتنی هەنار، ئەوە دەردەخات کە ئەم میوەیە لە کولتووری خەڵکی ئەم ناوچانە لە ڕووی باوەڕییەوە،



سەرچاوە
Serchawe

خاوەن گرینگی تایبەت بە خۆی بووە.

لە ڕووی زانستییشەوە، هەنار یەکێکە لەو میوانەی کە بڕێکی زۆر ماددەی ئاسنی هەیە و دەبێتە هۆی فرەبوونی ڕێژەی خوێن لە جەستەدا.

***

**سەرچاوەکان:**


- هەنار، میوەی پیرۆزی ئایینە دێرینەکانی کوردستان - عەزیز موڕادی
- هەنار میوە پیرۆزەکەی کوردستان - جان دۆست، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: موسلیم ڕەسوڵ عەبدوڵڵا
- پێگەی میوەی هەنار لە ئەفسانە و باوەڕی کوردیدا - هەردی دولبەر
- کتاب "ناردانە، انار" - نوشتەی حسین نقدی


٢٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# کۆماری ئیسلامی فرچکی بە شەڕ و ئاژاوە گرتوە




**هەردی سەلیمی**

دەبێ لە قسەکانی "محەممەد مەهدی میرباقری"دا توخمی باوەڕەکانی کۆماری ئیسلامی ببینینەوە. میرباقری نوێنەری مەجلیسی بەناو خوبرەگانی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە حەوتووی ڕابردوو و لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی کەناڵی یەکی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا دەرکەوت. لەم وتووێژەدا ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرینگ کرد، کە بەڕواڵەت لەگەڵ کەشی فەرمیی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا ناتەبان. میرباقری ئاماژەی بە وتەی ئەو "گەڵاڵەی مەزنی خوا" کرد، کە هەمان شەڕی نێوان "باوەڕداران" و "بێباوەڕان"ـە کە ئەو پێیوایە ئەم شەڕە حەتمەن ڕوو دەدات و لە ئاکامیشدا باوەڕمەندان سەرکەوتوو دەبن. ئەو دەڵێ مەبەستی ئەم شەڕە نزیبوونەوە لە خوایە، جا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە "پیرۆز"ە گەر نیوەی خەڵکی جیهانیش تێدا بچن، هێشتا هەر بایەخی هەیە و کوژرانی ٤٢ هەزار فەلەستینی لەم پێناوەدا گرنگییەکی نییە.

ئەم ڕوانگەیە لەنێو ڕێبەرانی تری کۆماری ئیسلامییشدا بەهێزە، بەڕاستی ئەوانیش پێیانوایە دەبێ دنیا کاول بێ بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێ بۆ سەرهەڵدانی ئیمامی نادیار و غایبیان. لەم ڕووەوە بڕوانینە کردارەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە بڕێک



سەرچاوە
Serchawe

بۆمان ڕوون بێتەوە کە مەبەست و نییەتی ئەم دەسەڵاتە لەو ئاژاوەگێڕییانەی وا بەردەوام دەیکات، چییە؟ هەرچەند وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی پزشکیان بووەتە یەکێک لە هەڵسووڕترین وەزیرە دەرەوەکان و بەردەوام لە دەرگای وڵاتان دەکوتێ، بەڵام کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە ئۆلیگارشییە لە ناخیاندا باوەڕیان وایە ئەو شەڕە بەوتەی ئەوان نیهاییە بەڕێوەیە و ئەمانیش دەبێ بەشداریی تێدا بکەن.

ئەوان وا بیر دەکەنەوە دەبێ دژایەتیی سیستمی ئارایی جیهان کە دەوڵەت-میللەتی مۆدێرنە، لە ڕێگەی سیستمی ئۆممەت - ئیمامەتەوە بکرێ و هەموو وڵاتانی ئیسلامی بە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئامریکادا - وەک جەمسەری سەرەکیی ئەو سیستمە - ڕابوەستن. ئەمە ئەو ویستە بوو کە لە وتارە هەینییەکەی خامنەییشدا دەرکەوت و داوای لە وڵاتانی ئیسلامیی هاوسنووری ئیسرائیل کرد، کە هێرش و جیهاد بکەن. بەدوای کوژرانی "یەحیا سینوار"، ڕێبەری ڕێکخراوی "حەماس" زۆربەی وڵاتانی ڕۆژاوایی ئومێدەوار بوون بەوەی ئاگربەسێک بێتە ئاراوە، بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باسیان لە بەردەوامیی بەهێزتری بەوتەی ئەوان "موقاوەمەت" کرد؛ لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ هەتا زیاتر ناوچەکە ئاڵۆزتر و شەڕەنگێزتر بکەن، بە مەبەستەکەیان نزیکتر دەبنەوە.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە نیشان بدرێ کەوا ژیان و گیانی مرۆڤەکان و تەنانەت موسوڵمانان و غەززە و قودسیش بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ نییە و بە لەنێوچوونیان خەمبار نابێت کە هیچ، تەنانەت بە پێویستییەکیشی دەزانێ. جیاوازیی ئێستای خامنەیی لەگەڵ خومەینیدا لەوەدایە کە خومەینی پێیوابوو شەڕ بۆ ئەوان نێعمەت بوو، بەڵام خامنەیی پێیوایە شەڕێک کە لەوان دوور بێ نێعمەتە بۆیان، دەنا لەوەدا کە شەڕەکە ببێ جیاوازییەکیان نییە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شەڕێکدا بزانێ دەتوانێ لە ڕووی نیزامییەوە دەستی باڵای تێدا هەبێ بێئیستخارەکردن دەیکات، ئەم هەوڵانەی وەزیری دەرەوەیان بۆ ئەوەیە ترسی لەنێوچوونیان ڕێ نیشتووە.

ئێستا کە ڕووداوەکانی ناوچە دەبینین، شایەدی بێبەزەییی لەڕادەبەدەر لەم شەڕانەداین، سەیری کاولکاری و وێرانیی بێسنووری ئەم شەڕانە دەکەین، دەبێ لای خۆمان بەراوردێکی مێژوویی بکەین. حیزبی دێموکرات کە باوەڕێکی قووڵی بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران هەبووە و هەیە، لە یەکەم ڕۆژەکانەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئوسوول و ئامانجەکانی، نەیویست خەڵکی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمێک کە لە شەڕ دەگەڕا تووشی شەڕ بکات، ڕێژیمێک کە ئێستاش لە زاری بەرپرسانیەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی لای ئەوان بایەخی نەبێ ژیان و گیانی خەڵکە، ئەوەی بۆیان گرنگ نەبێ ئاوەدانی و ئازادی و خۆشبژیویی تەنانەت ئەو خەڵکەیە وا بەڕواڵەت پاڵپشتییان لێدەکەن، ڕێژیمێک کەوا بەردەوام لە تەپڵی ئاژاوە و ناسەقامگیری دەکوتێ، ڕێژیمێکی خوێنڕێژ کە گەر دەرفەتی وەچنگ کەوێ و خۆی بە باڵادەست بزانێ لە

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

ڕشتنی هیچ خوێنێک درێغی ناکات، وەک لە کوردستان کردوویەتی و دەیکات، وەک لەسەر شەقامەکانی ئێران کرد، وەک ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی وا کردی، وەک ئەو خوێنانەی لە سووریە و ئێراق و لوبنان ڕشتی؛ کۆماری ئیسلامی خووی بە خوێنڕشتنەوە گرتوە و هەوڵە دیپلۆماسییەکانیشی لە ترسە، نەک لە دژیشەڕبوونی .

٢٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# بن بەڕەی بەرەی مقاومەت



عەلی بداغی

"مقاومت" کلیلوشەی گەڕان بەدوای هۆکاری سەرەکیی قەیرانە سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای ئێرانە. دەمارگرژترین دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامییش نایشارنەوە کە ئێران نوقمی قەیرانە جۆراوجۆرەکانە، بەڵام ناکرێ لەو سۆنگەیەوە سیلە لە "مقاومت" بگیردرێ و ببردرێتە ژێرپرسیار، جا با پێداگری لەسەر ئەم دیسکۆرسە ڕووباری خوێنی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەڕێ خستبێ.

سیاسەتی بەرەی مقاومەت ڕوویەکی دیکەی ستراتیژیی "هەناردەی شۆڕش" بۆ وڵاتانی ئیسلامیی ناوچەیە کە لە یەکەم هەنگاودا ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێڕاقی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا سەپاند، شەڕێک کە زیان و تێچووە گیانی و ئابوورییە کارەسارتبارەکانی هەمووان دەیزانن و جێی باسی ئەم نووسینە نییە. بەڵام پێداگریی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی "بەرەی مقاومەت" و "مەیدان"داری بۆ پێکهێنانی چەند سوپایەکی گوێڕایەڵی هاوپەیمان لە وڵاتانی ناوچە و تەیارکردنیان بە چەکی پێشکەوتووی مووشەک و دڕۆن لەسەر حسێبی گیرفان و سامانی گشتیی خەڵکی ئێران خەریکە پەرە بە شەڕێکی بەربڵاوی ناوچەیی دەدات و ئاسۆیەکی ناڕوونی لە بەردەم داهاتووی وڵات داناوە.

نانەوەی بشێوی، وەڕێخستنی شەڕ، قەیرانی ئەمنییەتی و ناسەقامگیرکردنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەستترین دەرکەوتەکانی ئەندازیاریی سیاسەتی بەرەی مقاومەت لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە باجەکەی خەڵکی ئێران داویانە و دەیدەن. گەمارۆخستنەسەر ئێران لەلایەن ڕۆژئاوا، تەریککەوتنەوە لە بازاڕە جیهانی و نێونەتەوەییەکان و تێچووی ماددی شەڕهەڵایسێنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە پەرەی بە زۆر قەیرانی ئابووری، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی لە ئێران داوە. قووڵکردنەوەی پتری ناکۆکییە ئایینی و ئایینزاییەکان لە نێوخۆی وڵات و لە وڵاتانی ناوچەشدا و لاوازکردنی پێوەندییە دیپلۆماسی و شارستانییەکان لەسەر بنەمای پرەنسیپە جیهانییەکان بەشێکی دیکە لە لێکەوتەکانی ئەندازیاریی بەرەی مقاومەت بەهۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین. هەڵبەت لە تەنیشت ئەوە ناشکرێ ئەو زیانە گیانی و ماددییە زۆر و زەوەندە لەبەرچاو نەگرین کە لە سۆنگەی وێژمانی بەناو مقاومەتی ڕێژیمەوە بۆ نموونە تەنیا بەر خەڵک و ناوچەی غەززە کەوتوە. کوژرانی نیزیک بە ٤٥ هەزار کەس لە غەززە کە پتر لە نیوەیان خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵ بوون و کاولبوونی ئەو ناوچەیە کە تەنیا زیانە سەرەتایی و ڕاستەوخۆیەکانی بە سەروو ٣٥ میلیارد دۆلار قەبڵێندراوە، بەشێکی بچووک لە دەرەنجامی دیسکۆری بەرەی مقاومەت و ئەندازیاریکردنی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

**دیسکۆرسی شەڕخوازیی کۆماری ئیسلامی وەک ڕەگەزی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم کە خوڵقێنەری سەرەکیی قەیرانەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووە، چەند دەرکەوتەیەکی جێی باسی هەیە:**

**یەکەم،** وێناکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل وەک دوژمنێکی قەستەسەر بۆ سەر ئەمنییەتی نیشتمانیی ئێران کە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی دەیان‌ساڵەی ڕێژیم کۆمەڵگە و خەڵکی وڵات باوەڕیان پێی نییە، بەڵام کراوەتە بنەما بۆ ئەوەی سیاسەتە سەربازی و هێرشبەرانەکانی ڕێژیمی پێ پاساو بدرێتەوە.

**دووهەم،** پەرەدان بە هەژمۆنیی سیاسی و سەربازیی ئێران لەنێو وڵاتانی ناوچە بەتایبەت یەمەن، عێراق، سووریە، لوبنان و فەلەستین و گرتنەبەری سیاسەتی هەڵمەتبەرانە دژی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو. ئەمەش پەرەی بە ڕکەبەریی خۆپڕچەککردنی ئەو وڵاتانە بۆ بەرگری لە خۆیان لەهەمبەر کۆماری ئیسلامی داوە و لەو سۆنگەیەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووەتە عەمبارێکی پڕ لە باڕووت کە هەر ئانوساتێک مەترسیی تەقینەوەیەکی گەورەی لێدەکرێت.

**سێهەم،** وروژاندنی هەستی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی ئێرانییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەی دەرەکی و هەروەها پاساودانی بێتوانایی و ناکارامەیی لە ئیدارەدانی وڵات و کۆی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات.
وێژمانی بەرەی مقاومەت و شەڕخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی کە ئێستا لە ئاستی جیهانیدا خەریکە بەرەیەکی بەهێزی لەدژی ڕێکدەخرێت، لە نێوخۆی وڵاتیشدا گەورەترین بەرهەڵستی هەیە کە خەڵک و کۆمەڵگەن. خەڵکی ئێران کە نوقمی قەیرانە ئابوورییەکانن و بێکاری و گرانی و ئاوسان برستی لێ بڕیون؛ خەڵکی ئێران کە سەرەتاییترین ماف و ئازادییە

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێت؛ خەڵکی ئێران کە بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک و بێتوانایی ڕێژیم لە ئیدارەدانی کۆمەڵگە و سیاسەتی هەڵاواردن هەتا مل نوقمی قەیرانە جۆراوجۆر و فرەڕەهەندەکانن؛ خەڵکی ئێران کە دەیان ساڵە خۆیان لە ڕێژیمی دەسەڵاتدار و سیاسەتەکانی بێبەری کردوە؛ بەرەیەکی دیکەیان لەدژی ڕێژیم و دەسەڵاتە جەهەننەمییەکەی کردووەتەوە.

بەربەرەکانیی خەڵک و کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەدا کە کۆماری ئیسلامی لە بری ئاوڕدانەوە و بایەخدان بە پرسە نێوخۆییەکان، عەقڵییەتی بەڕێوەبەری و سامانی گشتیی وڵاتی بۆ دیسکۆرسی بەرەی مقاومەت بەفیڕۆ داوە، قۆناغی باشی بەرەوپێشێ بڕیوە. ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان بە تایبەت لە دوای بەفرانباری ٩٦ەوە کە لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە ١٤٠١دا گەیشتە ترۆپکی خۆی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرەوڕووی گەورەترین ئالەنگاریی بەردەم دەسەڵاتەکەی لە نێوخۆی وڵاتدا کردوە. هەروەها بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری و مەجلیسی چەند دەورەی ڕابردووی ڕێژیم لەلایەن خەڵکەوە هیچ شەرعییەتی سیاسی و خەڵکیی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی نەهێشتوە. شکاندنی تابۆکانی دەسەڵات و وەلانان و مەوداگرتنی زۆر لە بەها و بایەخە بەزۆرداسەپاوەکانی ڕێژیم بەسەر خەڵک لەلایەن هەر ئەو خەڵکە بەتایبەت نەوەی نوێی کۆمەڵگەوە مەیدانێکی هەراو و بەربڵاوتری لە خەبات و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتی ئەهریمەنیی ڕێژیم کردووەتەوە. سەرکوت و توندوتیژییەکانی دەسەڵاتیش نەک نەیتوانیوە پاشەکشە بە بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵک بکات و کەشی ترس و تۆقاندن بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت، بەڵکوو هەوێنی پەرەسەندنی مافویستی و ناڕەزایەتییەکان و خواست بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەدا بووە. ڕاسانی نەتەوەیی و کولتووری لەنێو نەتەوە بندەستەکان و هەوڵی بنگەیی و بەردەوامیان بۆ داشداری لە شوناس و پێناسیان سەرەڕای هەموو سەرکوت و کوشتوبڕەکان، هەروەها بەهێزبوونی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای هەموو سنووردانان و بەرتەسککردنەوەکان دۆخێکی خەباتگێڕیی نوێیان لە ئێراندا بەدژی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندوە؛ دۆخێک کە داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تێدا یەکلا دەکرێتەوە.


ململانێی توندی خەڵک و دەسەڵات سەرەڕای تێچووی زۆری بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم بۆ تاک و بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی ئێران دەربڕی خواست و ئیرادەی گشتی لەو وڵاتە بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتە. ڕەوتێک کە بە سەرنجدان بە مایەپووچیی دیسکۆرسی "بەرەی مقاومەت" و سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم لەلایەک و بەرینبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات بەرەو بەهێزتربوونی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی گشتی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و چێکردنی نیزامێکی سیاسیی نوێ و وەڵامدەر و بەرپرسیار دەچێت.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# پشەکە لە چوارپەلان گوێی ساغن




**دارسمە**

میژوو زۆر لەوە کۆنترە ئێمەی ژیانکورت بیری لێدەکەینەوە. بەڵام ئەگەر ئەم ژیانە کورتەمان دەرفەتی دیتنی ڕاستەوخۆی لێمان سەندبێتەوە، هەر هیچ نەبێت لە نێو کتێب و متێباندا دەکرێت بە دوای ڕووداوگەلی مێژووییدا بگەڕێین و سەرەداوێکمان لە ڕاستیی و دروستیی تۆڕی تێکتەندراوی شەڕەدرۆدا دەست بکەوێت. ئەگەر ئەم سەرەداوەشمان دەست کەوت، پێویست ناکات توند ڕایبکێشین و خوا بەو ڕۆژە نەکات لەنێو ڕایەڵەی تۆڕی درۆیاندا بپسێت و خۆشمان لە حەژمەت توند ڕاکێشانی ئەم سەرەداوە ڕاستییەی بە دەستمانەوە هاتوە، لەسەر تەختی پشت بکەوین و هەردوو قاچمان ڕەحەوا بکەوێت و بەزەحمەت بتوانین قاچان جووت بکەینەوە و هەستینەوە سەرپێ. ئەگەر هەستاینەوەش ناچارین لەنێو تۆڕی درۆیاندا بەوردی بە دوای سەرەداوە پساوەکەی ڕاستیدا بگەڕێین و ئەگەر نەماندۆزیەوە و لەجیات ئەو سەرەداوی ڕایەڵێکی پساوی درۆ بەدەستمانەوە هات، ئەوکات وەرنە سەیری خۆمان دەبینە چجۆرە درۆزنێک.

لەنێو ئەم هەموو درۆ و دەلەسەیەی بە ناوی مێژوو دەرخواردی ئێمەیان داوە، سەرەداوی ڕاستیان پێمان ئێژێت لەم ناوچەیە

ئیمپراتۆرییەتێکی کۆن هەبووە و هاوتەمەنی گەلێک لە ئیمپراتۆرییە گەورەکانی جیهان بووە. ئەوەندەی دەرکەوتوە ئەم ئیمپراتۆرییە بە ناوی "ماد" و "پارت" و "پارس" و شتی لەم بابەتە ناسراوە و ناوەندەکەی کەوتووەتە نێوان کەنداو و دەریای قەزوێن و لە هندستانەوە هەتا سەر دەریای نێوەڕاست و نزیک میسری ئێستا لە باکووریش لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست حوکماتی کردوە. پاشایانی ئەم وڵاتە پان و بەرینە سات بە سات و ڕۆژ بەڕۆژ و مانگ بەمانگ و ساڵ بەساڵ پاشەکشێیان کردوە و لە ئاکامدا لە سەردەمی بە دەستەڵات گەیشتنی بنەماڵەی پەهلەوی وڵاتەکە وەک پشیلەیەکی گەڕی نەخۆش ڕێکهاتووە و لەم کاتەدا بەتەواوی ناوی "ئێران"یان بەسەردا بڕاوە. ئەم پشیلە بێدەرەتانەش هەردوو چەنگی خستوونەتە ژێر سنگی و هەردوو پاشووشی لە لای قوونیەوە داوەتە بن کلکی و دەمیشی پێکەوەناوە.

بەمجۆرە "پشە"کە نە دەوێرێت ددانان گڕ بکاتەوە و نە دەخۆی ڕادەبینێت چەنگ و پاشووی دەرخات و نینۆکان پێشان بدات و دەترسێت بیانووی پێ بگرن و بە زەبری لێدان و کوتان وای بەسەر بێنن ئەوەندە جەندەکەشی نەمێنێت.

دوای ئەوەی حەمەڕەزای کوڕی ڕەزاشا پێی لەبەرەی پاشایاتیی خۆی زیاتر ڕاکێشا و بەتەمابوو گوێ نەداتە زلهێزان و دەیگوت من شتێکم، بیر لەوە کرایەوە بە زەبری هنێکی زۆر هین ولامی بدەنەوە. هەر لەبەر ئەمە بوو وایان کرد هین لە پاریسەوە بەکەیفی خۆی دەست بەقسەی هەللەق و مەللەق بکات و دوای ئەوەی دەنگی لە سەر کاسێتان تۆمارکرا و ناردیانەوە نێو خەڵکی ئێران. "هموطنان همیشە در صحنە"ش بە بیستنی دەنگی نێو ئەم کاسێتانە دەستیان بە سوێندخواردن کرد و گوتیان بە چاوی خۆمان ڕیشی کابرا لە نێو مانگدا دەبینین و پاشای خواڵێگۆڕیویش بە چەپڵەلێدان کرایە دەرەوە و ئەمجارە هین و کەسانێکی دیکە و هەر لە توخم و تۆرمەی پاشای ڕەپێنراو چوونە سەر تەختی دەستەڵات و سواری پشیلەی گۆڕین بوون.

ئەوانیش کاتێک دیتیان ئەم پشیلە ترسنۆکە هەر چوار پەلی خستووەتە ژێر خۆی و دەمی وەک تەڵەی تەقیوی لێهاتووە و مڕە و میاوەی لێ بڕاوە، کەوتنە بیری دروستکرنی خەرمانەیەک لە دەرەوەی تەرمی نیوە گیانی پشیلە و ڕێگە و بیانووی دیکەیان بۆ پاراستنی گرتەبەر. بەر لە هەموو شتێک سواری هەستی خەڵکی هەژاری دەرودراوسێ بوون بە زەبری تەماع، پشت لە پشیلە و ڕوو لە دەرەوە هانیان دان.

لە کۆتاییدا دیسان مەترسیی هەستانەوە و دەمشڕبوونی پشیلە هەستی پێکرایەوە و لەمدواییانەدا ڕووسیە و تورکیە لە سەرسنووری ئەرمەنستان و ئازەربایجان و بەمەبستی دروستکردنی دالانی "زەنگزۆر" و بەیکەوە لکاندنی ئازەربایجان و تورکیە، پێیان نایە سەر ملی پشیلە و لە خوارەوەش ئەم شیمانەیە هاتە پێش، ڕەنگە پشەکە پێی نابێتە نێو دەریا و سێ

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

جیگە جێ چڕنۆكی لەوێ جێ مابێت. ئێستا بە كۆی ئەم سێ شوێنە گوماناویە دەگوترێت"جزایر سەگانە."

لەم دواییانەشدا پاش كوژرانی یەک لە دوای یەکی ئەو کەسانەی خاوەنانی پیشلەكە بۆ پاراستنی خۆیان كۆک و تەیاریان كردبوون، نۆبە گەیشتووەتە ئەوەی ئەم سێ شوێنپەنجەیەی پشیلەكەش خاوەندارییەتیی میراتگرانی ئیمپراتۆرییە كۆنەكەیان پێوە نەمێنێت.

دوای ئەوەی دوژمن قەمچی لەسەر پشتی برادەران ڕاگرتوە و هەر جارەی گورزی لەلایەک دەوەشێنێت، ئەوەتا ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەر ئەندامانی یەكیەتیی ئورووپا و شورای هاوكاریی كەنداوی"همیشه فارس" لە كۆبوونەوەیەكدا لە شاری ژنێڤ دیسان گوتیان ئێران سێ دوورگەی "تونبی گەورە" و "تونبی بچووک" و "ئەبوومووسای" داگیركردوە و بەگوێرەی جاڕنامەی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دەستدرێژیی كردووەتە سەر خاكی ئیماراتی یەكگرتووی عەرەبی.

ئەمە دەردێكی گرانە. ئەوەتا پشیلەكە دەمی داخستوە و هەرچوار پەلی خستووەتە ژێر قنگ و سنگی و هاواری ئاشتیخوازی دەكات، ڕێک لەم دەموساتەدا خەریكن شوێنپەنجەی لەنێو ئاوی كەنداویشدا نەمێنێت. دیارە پشەكە لە چوارپەلان گوێی ساغن.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

# گەڵاڵە گەڵاڵە شکست



**ئاسۆ مینبەری**

کۆماری ئیسلامی لە کاتی هاتنەسەرکاریەوە هەتا ئەمڕۆ، ئەوەندەی جەخت لەسەر پرسی حیجابی زۆرەملێ کردووەتەوە و پارەی بۆ بەرەوپێشبردنی گەڵاڵەی جۆراوجۆری پێوەندیدار بەم بابەتە لە گیرفانی خودی خەڵک و لە سامانی گشتیی وڵات خەرج کردوە، دەیتوانی سەدان پرۆژەی جیاواز بۆ پێگەیاندنی ژنان و گەشەی کۆمەڵگە بەڕێوە ببات. بەڵام چەقبەستووبوونی ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی و پێناسەی ژنان وەک کۆیلە لە چوارچێوەی ئەم ئیدئۆلۆژییەدا قەت نەیهێشتوە کە کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بەتایبەتی، کەلک لە هیچ چەشنە دەرفەتێک وەربگرن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخیان خراپتر بووە.

هەرچەند کە پێداگریی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە دەستی پێ کرد، بەڵام گەڵاڵە جیاوازەکانی پێوەندیدار بەم پرسە مێژوویەکی زۆر دوور و درێژیان نییە. گەڵاڵەی گەشەدان بە پرسی حیجاب و عیفاف یەکەم جار لە ساڵی ١٣٨٢دا و لە سەردەمی سەرۆککۆماریی خاتەمیدا لەلایەن شۆرای باڵای ئینقلابی فەرهەنگیی ئێرانەوە پەسەند کرا و لە ساڵی ١٣٨٤ەوە چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و هەتا ئەمڕۆ و لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی پزشکییاندا، بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم پرسە هەر لە ڕۆژەڤدایە.

هەرچەند تێچووی ماددی بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵانە لەم ساڵانەدا بۆ ڕێژیم زۆر بووە بەڵام بە کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد و بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ، تێچووی ئەم گەڵاڵانە لە بواری مەعنەویشەوە بۆ ڕێژیم زیاتر بووە، تا جێگایەک کە پرسی حیجاب بوو بە یەکەم فاکتەری دەسپێکی شۆڕشێکی نوێ کە ئێران و کوردستانی گرتەوە و تەواویەتی ڕێژیمی کردە ئامانج. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ژینا، لە پرسێکی وەکوو حیجابدا بچووک بکرێتەوە، چونکە بە بەردەوامی باس کراوە کە لانیکەم دۆخی کوردستان لە ئاخێزگەی ئەم بزووتنەوەیە بوو زۆر جیاوازە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە، لە سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیەدا کاریگەر بوون، بەڵام بەم حاڵەشەوە کوژرانی ژینا لەسەر پرسی حیجاب بوو کە ستارتی بزووتنەوەکەی لێ دا.

لە دوای شەهیدبوونی ژیناوە، ڕێژیم ماوەیەک بە مەبەستی هێورکردنەوەی دۆخکە تەنانەت باسی لە ڕاگرتنی هێزەکانی گەشتی ئێرشادیش کرد، بەڵام بەپێی ماهییەتی خۆی نەیتوانی و نەیویست ئەم ڕاگرتنە درێژە بکێشی و جارێکی دیکە و ئەمجارە لە قاڵبی حیجاببان یان شتی دیکەی لەم چەشنەدا هێزی سەرکوتی ڕەوانەی شەقامەکان کرد. لەم دواییانەشدا جارێکی دیکە بە هێنانەئارای گەڵاڵەی نوور هەوڵی کۆنترۆڵی لانیکەم نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگە واتە ژنانی دا. هەر لەم پێوەندییەدا گەڵاڵە یاسای "پشتیوانی لە بنەماڵە بە سەرنجدان بە پەرەدان بە فەرهەنگی عیفاف و حیجاب" و ناسراو بە "حیجاب و عیفاف" لە ٢٧ی خەرمانانی ئەمساڵدا و لە بەرەبەری دووهەمین ساڵوەگەڕی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکی بزووتنەوەی ژینا، لەلایەن شورای نیگەهبانەوە پەسەند کرا و بڕیار وا بوو لە دەوڵەتی پزشکیاندا جێبەجێ بکرێت.

ئەم یاسایە ژمارەیەک سزای بۆ جێبەجێکردنی حیجابی زۆرەملێ هێناوەتە گۆڕێ کە بە دیاریکراوی لە ڕووی ڕەگەزییەوە دیاری کراون و بەم پێیە کۆمەڵێک سزا دیاری کراون کە پێبژاردنی نەختی و بەندکرانی درێژماوە، سنووردارکردنی سەفەر و هاتوچۆ و دەرفەتی کار و پەروەردەش لەخۆ دەگرێ. ئەم گەڵاڵەیە لە ٧١ برگە پێکهاتووە و دەستی وەزارەتی ئیتلاعات، سپای پاسداران، پۆلیس و هێزی بەناو دادوەری بۆ سزادانی ژنان ئاوەڵا دەکات. بەپێی ئەم یاسایە ئەو کاروبار و ناوەندانەش کە سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بکەن، هەڕەشەیان لێ دەکرێ یان دادەخرێن. هەروەها ئەم یاسایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیا لە بەهێزکردنەوەی گەشتی ئێرشاد، حیجاببانەکان و گەڵاڵەی نوور، گوشارەکان لەلایەن پیاوان و کۆمەڵگەی پیاوسالارەوە پەرە پێ دەدەن.

لەم چوارچێوەیەدا هەر کەس لە شوێنە گشتییەکاندا بەبێ پۆششی ئیسلامی ببینرێت، لە ٢ هەتا ٥٠ میلیۆن تمەن سزای نەختی دەدرێت و ئەگەر تاوانی بە ناو بەدحیجابی دووپات بکرێتەوە سزایەکی هەتا ١٥٠ میلیۆن تمەن، قەدەغەی چوونەدەرەوە هەتا دوو ساڵ، بێبەریکران لە چالاکیی ئۆنلاین هەتا دوو ساڵ و پێنج ساڵ بەندکران بەسەر کەسەکەدا

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

دەسە پێت. لەلایەکی تریشەوە و دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، سپای سمنان باسی لە جێبەجێکردنی گەڵاڵەیەکی تر لەژێر ناوی گەلاڵەی "تەراوەت" لە پێوەندی لەگەڵ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ کرد.

فەرماندەی سپای سمنان لە کۆبوونەوەیەکی شوڕای فەرهەنگیی پارێزگاکەدا لەمبارەوە ڕایگەیاندوە کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە کەڵک لە توانای دەزگای جێبەجێکار و کۆمەڵی خەڵک وەردەگرن. مەنسوور شەوقانی، هیچ ئاماژەیەکی بە وردەکارییەکانی ئەم گەڵاڵەیە نەکردووە و تەنیا ڕایگەیاندووە کە بەم زووانە و لە ڕاستای پەرەدان بە فەرهەنگی عیفاف و حیجاب ئەم گەڵاڵەیە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لە جێگیرکردن و بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە گەڵاڵانە لەلایەک تۆڵەکردنەوە لە ژنان و کچانی چالاک لە بزووتنەوەی ژینا و لەلایەکی ترەوە سەرکوتی بەردەوامی کۆمەڵگەیە و دەیەوێ خەڵک بە خەڵک سەرکوت بکات.

بەڵام خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە هیچ یەک لەم گەڵاڵانە تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە وەکوو ڕێگاچارەیەک بۆ کۆماری ئیسلامی، کارابیان هەبێت و سەرکەتوو بن.

سەرکەوتوونەبوونی ئەم گەلالانە ڕێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئاستی تێگەیشتن و خوێندەواری لە کۆمەڵگەدا بەرز بووەتەوە و پێوەرکانی ژیانی ئازاد وایان کردوە کە تاکەکان ئیزن بە دەسەڵات نەدەن کە سنوور بۆ ئازادییە تاکەکسییەکانیان دیاری بکات تەنانەت ئەگەر بە نرخی گیانیشیان بێت، هەر بۆیە ڕێژیم گەڵاڵە لە دوای گەڵاڵە شکست دەخوات و ناتوانێ بەرەنگاری هێزی گەل ببێتەوە.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## مستەفا مەولوودی: زۆر پرس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن، یەک لەوان مافی نەتەوایەتیی گەلە بندەستەکانە




**دیمانە: سابیر فەتاحی**

**ئاماژە:**

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی ڕەزبەر بە مەبەستی تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسیی ئێران و ناوچە و، هەروەها کاریگەریی ئەم دۆخە لەسەر خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا.

"کورد کاناڵ" لە دیمانەیەکی تایبەتدا بە بەشداریی کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزب تیشکی خستبووە سەر باس و لێکدانەوەکانی ئەم کۆبوونەوەیە و ئاکام و دەرەنجامەکانی. "کوردستان" ئەم دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**سابیر فەتاحی: کاک مستەفا تکایە لە سەرەتای باسەکەماندا ئەگەر دەکرێ تیشک بخەنە سەر خاڵە گرینگەکانی تازەترین کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە لەو ماوەیەدا گیرا.**

**مستەفا مەولوودی**: بەپێی ڕێوشوێنی تایبەت ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوە بە ماوە کۆبوونەوەی خۆی دەگرێ و لەو کۆبوونەوانەدا پرسە سیاسییە ڕۆژەڤ و بابەتە تەشکیلاتییەکان تاوتوێ دەکات. باسی سەرەکیی تازەترین کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات تاوتوێی شەڕی حەماس و حیزبوڵڵا لەگەڵ ئیسرائیل و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی حکوومەتی ئێران لەو شەڕەدا بوو. کۆبوونەوەکەش بە هەڵکەوت هاوکات بوو لەگەڵساڵرۆژی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوودا.

**سابیر فەتاحی**: خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزب لەو دۆخە چ بوو؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێبەریی حیزب لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەم شەڕە کە ئێران لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەڵیگیرساند و چاوەڕوانیی ئەو بەرینبوونەوەیەی نەدەکرد، بە زیانی خەڵکی فەلەستین، بە زیانی خەڵکی لوبنانە و هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە نەک قازانجیان تێدا نەکردوە بەڵکوو زۆر زەرەرمەند بوون. هەروەها لەوانەیە دەوڵەتی ئیسرائیلیش نەتوانێ بەو ئامانجانە بگات کە لەو شەڕەدا بۆخۆی دیاریی کردوە کە دیارە ئەوە پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمە پێمان وایە ئەم شەڕە لە ڕاستیدا ئەگەر لەسەر پاشخانی کێشەی ڕابرووی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان یا عەرەب و ئیسرائیلیش بووبێت، بێ لەو لایەنانە وەکوو حەماس لە غەززە و حیزبوڵڵا لە لوبنان لە ڕاستیدا دنەدان و دەستێوەردانەکانی ئێران ئەم شەڕەی چەندقات مەترسیدارتر کردوە. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێی‌وایە ئەو دەستێوەردانە ئەمنییەتی گیانیی خەڵکی ناوچەکەی زۆرتر خستووەتە مەترسییەوە کە ئاسەوارەکەی لەو یەک ساڵەدا دەبینین و لە ڕاستیدا دوورە دیمەنی سوڵح و ئاشتیشی زۆر دوورەدەست کردوە. هەر لەو پێوەندییەدا پێویستە تیشک بخەینە سەر ئەوەی خەڵکی ئێرانیش بەبێ ئەوەی ئیرادەی ئەوانی تێدا بێت، تێچوویەکی زۆر بۆ ئەو شەڕە دەدەن لە حاڵێکدا ئەوە شەڕی خەڵکی ئێران و لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان نییە.

**سابیر فەتاحی**: چۆن باس لە تێچووکانی ئەو شەڕە بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: جارێ لە پێشدا تێچووی ماددیی شەڕەکە زۆرە و ئێعتباری سیاسیی خەڵکی ئێران و وڵاتی ئێرانیش لەو شەڕەدا زۆر زەرەرمەند بووە. ئێستا ئەگەر دابنێین وڵاتی ئێران بەپێی ئەو هەڵکەوتە ژئۆپۆلیتیکەی هەیەتی دەبێ لە ناوچەکەدا ڕۆڵی مۆسبەتی هەبێ بۆ باسە ئەمنییەتی، ئابووری و پێوەندیی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی. بەڵام پێچەوانە کۆماری ئیسلامی خۆی هۆکاری سەرەکیی شەڕ و ناسەقامگیرییەکان لە ناوچەکەدا بووە کە ئەمە زەرەر و زیانەکەی بۆ ئێران زۆر قوورس دەبێت. واتە سیاسەتی شەڕئەنگێزی و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی هەم ناوچەکەی تووشی شەڕێکی قوورس

و درێژخایەن کردوە، هەم لەو سۆنگەیەوە پەرەی بە قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات داوە و ئەمەش تێچووەکەی خەڵکی ئێران دەیدەن.

**سابیر فەتاحی**: دوای ساڵێک لەو شەڕە ئێستا ئیدی باس لە شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەکرێ. لە ئەگەری ئەم شەڕە ڕاستەوخۆیەدا ناوچە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟ ئایا هەر لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا قەتیس دەمێنێتەوە یان ئەگەری پەلهاویشتنی دیکەش هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: جارێ پێش هەموو شتێک و بەرلە دروستبوونی ئەم شەڕەش، شەڕەکە زەمینەی پێشتری هەبوو. یانی بڵێی یەک ڕۆژە حەماس لە غەزە و یەکجێ بڕیاری دا بێت هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل و کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر بخوڵقێنێت کە ئەوکات لەڕاستیدا دنیای هەژاند و ئێستاش ئاسەوارەکەی دیارە. سروشتییە کە ڕەوتی مێژووی ناکۆکییەکان پێشتر زەمینەی بۆ ڕەخساندبوو، دەرەتان و ئیمکاناتی بۆ دەستەبەر کرابوو، پلان و بەرنامەی بۆ دارێژرابوو و گرینگتر لە هەموو ئەوانەش کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ئەم پلان و پێشهاتەدا دەور و نەخشی سەرەکیی بووە. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی دەسەڵات و هەژموونیی خۆی زیاتر پەرە پێبدات و بۆ ئەوەی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان زۆرتر کاتەوە، هاتووە میلیشیا و هێزە نیابەتییەکانی کە بۆ ئەو ڕۆژە پڕچەک و ئامادەی کردوون، لە غەزە، لوبنان، یەمەن، سووریە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە شەڕەکە دەگلێنێ. کەواتە بوار و بەستێنی دروستبونی ئەم شەڕە و تێوەردانی لایەنێکی زۆرتر لەلایەن ئێرانەوە پێش ئەو یەکساڵەش دروست بووە، بەڵام ئەم یەکساڵە ئاسەوار و دەرکەوتنەکەی پتر بەرچاو دەکەوێ. ئێستا دەبینین فەلەستینییەکان یا خەڵکی باشووری لوبنان کە زیاتر لەژێر دەسەڵاتی حیزبوڵڵادا بوو، ڕاستەخۆ بوونەتە ئامانجی ئەو شەڕە و لەو پێوەندییەشدا زۆر زەررمەند بوون. وڵاتیان وێران بووە و خەڵکێکی زۆریان لێ کوژراوە و تەنانەت هێزەکانیان هەڵتەکاون و زەبری قوورس و گورچوبڕیان لێ کەوتوە.

**سابیر فەتاحی**: چ دوورەدیمەنێک بۆ ئەم شەڕە وێنا دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: دوورەدیمەنی ئەوەیکە ئەم شەڕە بەرەو کوێ دەچێت و بە قازانجی کێ دەشکێتەوە برێک بەزەحمەتە. شەڕەکە هەڵگیرساوە و پێی وڵاتانی دیکەشی گرتۆتەوە، وەک حوسییەکان لە یەمەن و بە جۆرێک خەڵکی سووریە و هێندێک لایەنی دیکە لە وڵاتانی دراوسێی ئێران کە کاریگەریی کۆماری ئیسلامییان بەسەرەوەیە. ئەمە یانی ئەوەی شەڕەکە لەو کاتەوە و لەو شوێنەوە کە هەڵگیرسا زۆر بەولاوەتر چووە و ئەم ئەگەرەش هەیە کە لەوانەیە پتر لەوەندەش پەرە بستێنێت. کاتێک کۆماری ئیسلامی بەبێ ئیزنی ئەو وڵاتانە ئاسمان و زەوی و ڕێگا ئاوییەکانیان بۆ پڕچەککردنی

نەیارەکانی ئیسرائیل و هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئەم وڵاتە بەکار دێنێت، ئەویش نەک جارێک و دوو جار، ئەمە بەستێن بۆ تێوەگلاندنی پتری ئەو لایەن و وڵاتانە لەو شەڕەدا خۆش دەکات کە بێگومان بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و ئاشتی و ئارامیی جیهان مەترسیدارە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو بەرپرسایەتییە لە خۆیدا شک نابات بەشێک لە هۆکاری ئارامی و تەبایی بێت، پێچەوانە هۆکاری تێکدان و شەڕ و نائارامییەکانە.

**سابیر فەتاحی**: خوێندەوەی ڕێبەریی حیزب بۆ دەور و کاریگەریی وڵاتانی ناوچە لەسەر ئەم شەڕە چییە؟

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکرات پێیوایە زۆر کێشە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێن، پێش هەموو شتێک کێشەی دێموکراسی، کێشەی پابەندبوون بە هێندێک بنەما و پڕەنسیپی نێودەوڵەتی و بەڕەسمیناسینی مافی میللەتان؛ جا ئەو مافە مافی نەتەوەیی و سیاسی بێت یان مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و، هەموو ئەو مافانەی مرۆڤ پێویستە بۆی دابین و دەستەبەر بێت. ئەم ناوچەیە پڕە لەو کێشانە و چارەسەریش نەبوون کە بێگومان دەبێ چارەسەر بن. بەڵام لەو نێوەدا حکوومەتێک کە بەتەواوی هاتۆتە نێو قەیرانیەکە و لەباتی ئەوەیکە کۆمەک بە چارەسەری پرسەکان بکات، کەچی بووەتە سەبەبی شەڕ و ئاژاوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەشدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی قەیرانخوڵقێن و بەڵایە لە ناوچەکەدا و ئەگەر خەڵکی ئێران دەیهەوێ ئاسوودە بێ و دەسەڵاتێکی وڵامدەری هەبێت، دەبێ چارەنووسی خۆی دەگەڵ نیزامی سیاسیی وڵاتەکەیان، واتە کۆماری ئیسلامی ڕوون بکاتەوە. ئەوە وەکوو خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانیش وەکوو بەشێک لە پێکهاتەی جوغرافیای ئێران ئەو ئەرکەی لەسەر شانە و لەو پێوەندییەشدا لە ڕوانگەی ڕێبەریی حیزبەوە خەڵکی کوردستان بەگشتی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان باش و بەجێ جووڵاونەتەوە. یانێ دەگەڵ ڕەوتە سیاسییەکەی بۆ ناساندنی ماهییەتی حکوومەتەکە و بۆ دەستنیشانکردنی ئەرک و دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکان و خەڵک تێکۆشاون و ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن.

بەشی دووهەم وڵاتانی ناوچەکەن. وڵاتانی ناوچەکە یا هێزە سیاسییەکانی بەرپرسیاری ناوچەکە لەبری ئەوەی بە دوای سیاسەتی ئێراندا بڕۆن و لە ڕێگای سیاسەتی ئێرانەوە ئەو ئاڵۆزی و شەڕ و گرژییانە دروست بکەن، حەقە پێش بە دەستێوەردانەکانی ئێران بگرن. لەوەش گرینگتر لەوانەیە ئەو ئاڵۆزییانە لە جۆری خۆیدا بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی هێندێک وڵاتی زلهێزی بەرژەوەندیخواز بێت و بڵێ مادام کێشەیەک هەیە منیش لەو کێشەیەدا بەدوای قازانجی ئابووری و سیاسی و بەهێزکردنی جێپەنجەی خۆم دەکەمەوە. بەڵام ئەوان دەبێ بەوە گەیشتبن کە بێتوو بیر لە کۆنترۆڵکردنی حکوومەتی ئێران نەکەنەوە لەوانەیە وڵاتەکەیان تووشی ئاڵۆزیی زیاتر ببێت. بۆیە ئەوە هەم ئەرکی خەڵکی ئێران و هەم خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە و هەم وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی زلهێزە کە بە هەموویان دەست بدەنە دەست یەکتری و



سەرچاوە
Serchawe

بەرەنگاری هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە. ئەمەش تەنیا بە گۆڕینی ئەم نیزامە و دامەزراندنی نیزامێکی سیاسیی وڵامدەر لە ئێراندا دەتوانێ ئاکامی باش و شوێندانەری هەبێت.

**سابیر فەتاحی**: لە شۆڕشی ژینادا خەڵکی ئێران خۆیان تاقی کردەوە و کۆماری ئیسلامییان هەتا لێواری هەڵدێریش برد، بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی بەو شێوەیەی کە دەبوا و چاوەڕوان دەکرا پشتیوانی لەم ڕاپەڕینە نەکرد. پێتان وایە لەم قۆناغەدا خەڵکی ئێران جارێکی دیکە بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە بێتەوە سەر شەقامەکان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەر بێین پێناسەیەک لە نیزامی کۆمەڵایەتیی دونیا بکەین، دەبینین میللەتان و ئینسانەکان لە دونیای ئێستادا زۆر بە یەکەوە مەربووتن. یانی هەر بزووتنەوە و حەرەکەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەنانەت سروشتی لە شوێنێک دەتوانی کاریگەریی لەسەر مرۆڤایەتی لە شوێنەکانی دیکە هەبێت. بۆیە بەشەرییەت ناتوانێ بە نیسبەت پێویستی و نیازی ئینسانەکان لە هیچ قۆڕنەیەکی گۆی زەوی بێتەفاوت بێت، ئەو بەو مانایە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران پێویستیی بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی دیکەش هەیە. پێوەندیدار بە دۆخی ئێستاش ئەم شەڕە لە غەزە هەڵایسا، بەڵام ئێستا خەریکە بەشێکی زۆر و داوێنی خەڵکێکی زۆر و دونیایەکی پتر بگرێتەوە. لە هەموو شتێک گرینگتر ئەگەر پرسیار بکەین کە چۆن چارەسەری ئەو قەیرانە دەکرێ، مەعلوومە ئێستا بە پێناسەی سنووربەندیی دەوڵەتان کێشە و پرسی ئێرانییەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا و بە خۆیان چارەسەر دەبێت. بۆیە خەڵکی ئێران دەبێ بۆ خۆیان لە فکری لابردنی کۆماری ئیسلامی و دروستکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و وڵامدەردا بن. لەو پێوەندییەشدا زۆر سروشتییە چاوەڕوانییان لە خەڵکی دنیا هەبێت بۆوەی هاوکارییان بکەن، بەرهەڵستی سیاسەتی غەڵەتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و پشتی جووڵانەوەی خەڵک بگرن. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیکە تا ئێستاش دەوڵەتان کە نوێنەرایەتیی میللەتان دەکەن، پتر حیساب بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. ئەوەش شتێکی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا سروشتییە و لەوانەیە بە مەیلی خەڵکی ئێران یان مەیلی فڵان لایەن و نەتەوە نەبێت. دەوڵەتان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەگەڕێن و مادام لە بەرژەوەندیی خۆیان دەگەڕێن حیسابی قازانج و زەرەریان دەکەن.

شک و گومان لەوەدا نییە کە دونیا دەزانێ حکوومەتی ئێران لە ناوچەکەدا حکوومەتێکی نامەتلووبە، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەک بۆ لابردنی ئەم حکوومەتە لە دەسەڵات هەبێت، خۆ دەبێ لەوە دڵنیا بن کە لەبری کۆماری ئیسلامی چ نیزامێکی سیاسیی لەجێی دێتە دی هەتا ئیدارەی بکات و جێگرەوەکەی کێیە؟ ئەمن پێموایە ئەگەر ئێرانییەکان بەگشتی بۆ خۆیان لەسەر ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی ڕێک بکەون و ئەو ئالتێرناتیڤە لە ڕاستیدا ئالتێرناتیڤی کۆمەڵگەی ئێران و هەڵگری خواستەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بێت و بیر لە دروستکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و وڵامدەر لە ئێرانی

داهاتوودا بکەنەوە، دونیای دەرەوەش پشتیان دەگرێت و هاوکارییشیان دەکات. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێت ئەو نایا کۆمەک بکات بۆ ڕووخاندنی نیزامێک کە جێگرەوەکەی دیار نەبێت و لەوانەیە لەوسۆنگەیەوە بشێوییەکیش دروست بێت، ئەویش لە وڵاتێکی گرینگ و پڕحەشیمەت بە هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلۆتیکی وەکوو ئێراندا. دەمەوێ بڵێم دنیای دەرەوە لە خەبات و مافخوازی خەڵکی ئێران تێدەگا و دەنگی ئەو خەڵکەشی بیستوە، دەشزانێ کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی نابەرپرسیار و ئاژاوەخوڵقێنە. بەڵام وەختێک جێگرەوەیەکی دیاری نییە، ئیدی نایە خۆی تووشی کێشەیەک بکات کە ئاکامەکەی دیار نەبێت. لە کۆبوونەوەکەی ڕێبەریی حیزبیشدا باس لەوە کراوە خەڵکی ئێران بەگشتی دەبێ لە فکری ئاڵتێرناتیڤێکی دێموکراتیکی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بن و بۆ ئەوەش زۆر سروشتییە خوێندەوەی جیاواز هەیە، بەڵام لانیکەمەکەی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لەو پێوەندییەدا بەرچاوی ڕوونە کە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دەبێ چ جۆرە نیزامێک بێت.

**سابیر فەتاحی**: پێوەندیدار بە بزووتنەوەی ژینا و خەباتی مافخوازیی کورد باستان لەوە کرد کە هێزە کوردستانییەکان ئەرکی خۆیان بەباشی بردۆتە پێشێ. دەکرێ ئەم باسە تۆزێک زیاتر بکەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: **یەکەم**، هەر کە کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار و دەسەڵاتی خۆی سەپاند و دەستی بە جێخستنی نیزامی سیاسیی خۆی کرد، خەڵکی کورد و هێزە سیاسییەکان بەو قەناعەتە گەیشتن ئەو نیزامە نیزامی سیاسیی دڵخوازی کورد و ئێرانییەکان نییە. بۆیە لە بەرانبەر ئەو نیزامەدا وەستایەوە و بە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمەی بە دونیا ناساند.

**دووهەم**؛ لەگەڵ هەموو ئەمانە و لە هەمووی ئەم ماوەیەدا، یانی لەو زیاتر لە ٤٥ ساڵەدا خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر و کردەنی خەبات و بەربەرەکانیی خۆی بردووەتە پێشێ و لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەیدا تێچوویەکی زۆریشی داوە. هەر ئەوەی ئێستاش شەقامی کوردی لەسەرڕێ تر و لەسەر هەستترە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران، ئەمە لە نەخش و دەوری حیزبەکانەوە سەرچاوەی گرتوە، هەڵبەت نابێ ئازایەتی و ئەرکوەخۆگریی خەڵکیش نادیدە بگرێن.

**سابیر فەتاحی**: لە دوای ئەو یەک ساڵەی ئەم شەڕ لە ناوچەکەدا هەڵگیرساوە، ئایا ئەرکەکان بەباشی لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە ڕاپەڕیون، پێوەندیدار بە دۆخ و ئەگەرەکانی داهاتوو؟

**مستەفا مەولوودی**: لە ڕوانگەی منەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو ماوەیەشدا باش و دروستیان عەمەل کردوە. یەکەم

پێوەندیی زیندووی خۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆیان ڕاگرتوە و هاوکاری و هاوپێوەندییە ئۆرگانیکییەکەیان بردووەتە پێشێ. دووهەم لە ئامانجە سیاسییەکەی خۆیان پاشەکشەیان نەکردوە کە دەبێ ئەو نیزامە بڕوات و لە جێگای وی نیزامێکی دێموکراتیک فرەخواز و فیدراڵی دێموکراتیک دابمەزرێت. بەڵام زۆر سروشتییە لەوانەیە لە هێندێک زەرفییەت ئیستفادە نەکرابێت کە لە ڕوانگەی حیزبێکی مەسەلەن وەکوو حیزبی دێموکراتەوە ئێستاکانێ دەکرێ، یان نەخێر لەوانەیە لە ئێستادا کردەنی نەبێت. بەڵام لانیکەمەکەی دەتوانین بڵێین ئەگەر هەر هەلومەرج و بارودۆخێک بۆ ئێران بێتە پێشێ، کوردستان لەو ناوچانەیە کە زۆر ئاسان سازماندەیی و مۆدیرییەت دەکرێ و ئیستعدادی هەیە بۆ هەر پرۆژەیەکی سیاسی کە لە ئێراندا دێتە پێشێ. کوردستان حیزبی سیاسیی بەهێز و بەئەزموونی هەیە و ئەگەر ئەو نیزامە بڕوات و نیزامی دیکە جێی بگرێتەوە و مەجلسی مۆئەسسان دروست ببێت و هاوکێشەی نوێ بێتە ئاراوە، ئەم حیزبانە دەتوانن زۆر بەباشی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا نوێنەرایەتیی کورد بکەن.

**سابیر فەتاحی**: کاک مستەفا لە لێکدانەوە بۆ شەڕی ئیسرائیل و غەزە و بۆ شەڕی ئۆکراین و ڕووسەکانیش ئەم شەڕانە بە شەڕی جەمسەربەندییەکان ناو دەبەن. بەڵام دەبینین هەتا ئێستا ڕووسیە خۆی مات کردوە. ڕووسیە لە کوێی ئەم شەڕەدا جێی گرتووە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە ئەگەر هەر سوورەتی مەسەلەکە ببینین ڕووسیە خۆی تووشی شەڕێک کردوە بۆخۆی ئەوە زیاتر لە دوو ساڵە تێیدا چەقیوە و لێی دەرباز نابێت. پێشی وا نەبوو ئەو شەڕە ئاوا قورس دەبێ بۆی و پێی وابوو خولاسە بە ماوەیەکی کەم بەو ئامانجانەی بۆ خۆیی دانابوو پێی دەگات. بەڵام دەرکەوت کە ئەمە وا نەبوو. ئێستا ڕووسیە بۆ خۆی کێشەی زۆر گەورەی لەو شەڕە ڕاستەوخۆیەدا هەیە. ڕاستە ئەو شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکراینە، بەڵام پشتیوانی و ئیمکاناتی ئەمریکا و ئورووپا بۆ ئەو شەڕە ڕووسییەی لەو وڵاتەدا وەستاندوە و شانسی سەرکەوتنیشی زۆر زۆر کەمە. ئەمە سەبارەت بە ڕووسیە. دووهەم هەر ئێستا نەک لە بارەی ئەو شەڕەدا، ئەسڵەن لە بارەی سیاسەت و ئێستراتیژی ڕووسیە لە سەر ئێرانیش چاودێرانی سیاسیی ئێرانییش وەدەنگ هاتوون و پێیان وایە ڕووسیە ئێران تەنیا وەک کارت و ئامرازێک بەکار دێنێت و ئەوەی دۆڕاوە و دەیدۆڕێنێ هەر ئێرانە. بۆیە ئەمن پێموایە ڕووسیە بۆ خۆی لەوە زۆرتر کێشەی هەیە تا وەکوو بێت مەسەلەن یارمەتیی ئێران و ئەو هێزانە بدات کە قسە لە ئێران وەردەگرن.

**سابیر فەتاحی**: ئەدی ئەمریکا؟ ئەمریکا پتر لایەنێکی شەڕەکەیە یان نێوبژیوان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمریکا نەیشاردۆتەوە کە بە هەموو تواناوە پشتگیریی ئیسرائیل دەکات. بەڵام ئەمریکا لەوە نیگەرانە

مانگی ڕەزبەری ٢٧٢٤

گەورەبوون و بەرینبوونەوەی ئەو شەڕە یا تەنانەت درێژبوونەوەی ئەو شەڕە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەویش ڕاکێشێە نێو شەڕەکە و ئەمریکا لە ئێستادا ئەوە بە قازانجی خۆی نازانێ. وەک بۆخۆشیان دەڵێن ئەوان ئەزموونی زۆر دەستێوەردانی دەرەکی و، ئەزموونی شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراقیان لە دوای ٢٠٠٠ەوە هەیە و پێیان باش نییە لە ئێستادا تووشی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە ببن کە ئیدی ئاسان نەتوانن لێی دەرباز ببن. شەرت نییە پێچەوانەی خۆشبینیی هەندێک لایەن دەستوەردانی ئەمریکا ئاکامی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە، بۆیە ڕێبەرانی سیاسیی ئەمریکا بە هەستیارییەوە لەمبارەیەوە دەجووڵێنەوە.

**سابیر فەتاحی**: کاک مستەفا وەک دوا پرسیار. قازانج و زیانەکانی ئەو شەڕە دوای یەک ساڵ بۆ گەلی کورد چی بووە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەم شەڕە تا ئێستا بە مەلمووسی قازانجێکی بۆ خەڵکی کورد نەبووە، زیانیش ئەگەر بڵێی ڕاستەوخۆ کوردی تووشی ئەو شەڕە کردوە ئەم زیانەشی نەبووە. بەڵام زۆر تەبیعییە لە ناوچەیەکەدا کە تۆ تێیدای و وڵاتی تۆ و خاکی تۆیە، دروستبوونی شەڕ کاریگەری لەسەر پرسی تۆ دابنێت. پەندێکی پێشینیان هەیە دەڵێ ئینسان ئەگەر شەڕی لە دەوروبەر بوو حەتمەن پریشکێشی بەر دەکەوێت. درێژەکێشانی ئەم شەڕە هیچ سەیر نییە بە زیانی کورد بشکێتەوە و لەوانەشە دەرفەتیش بۆ کورد بڕەخسێنێ. وەک چۆن بینیمان لە شەڕی جیهانیی دووهەمدا دوای ئەوەی وڵات تووشی شەڕ بوو، و دوای ئەوەی حکوومەتەکان گۆڕان بەڵام دەرفەت بۆ کورد ڕەخسا و توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یا مەسەلەن لە شەڕی ئەمریکا و عێراقدا بینیمان هەرێمی کوردستان جێگەوپێگەیەکی سیاسی و دامەزراوەیی یاسایی دیکەی پێدرا. یان ئەوەی ئێستا لە سووریە دەیبینین و هەموو ئەو دۆخە نوێیانە لەو شەڕانەدا دروست بوون. بەڵام لە نەهایەتدا شەرت نییە شەڕ ئاکامەکەی بۆ خەباتی نەتەوەکان ئەرێنی و دڵخواز بێت، گرینگ ئەوەیە کورد ئامادەیی شوێندانانی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێت و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەل دروست بکا و بەستێن و زەرفییەتەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەزەڵوەری ٢٧٢٤ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

